# گزینگ ٣٣

گۆڤارێکی وەرزانەی فەرهەنگی ـ ئەدەبی یە، زستانی ٢٠٠٢ (٨١-١٣٨٠)


- نایپۆل وەرگری خەلاتی ئەدەبیی نۆبێل(٢٠٠١)
- نایپۆل و وازوازیبوونی تاراوگە
- ئالۆزیی تورکیا
- تێکۆشانی گەلی کوردستان و پارتی کرێکاران ـ PKK
- شەڕی نوێی دژی تێرۆریزم
- دەستەی قانوونی باڵا
- تۆیچ لە من بووگی بە نووسەر!
- «بروسکە چاندن» و چاوەڕوانیی خوێنەری شیعری پەشێو
- کەناڵە ئاسمانییە کوردییەکان و سەرنجێکی دڵسۆزانە
- رۆشنبیر لە تاراوگەدا، تەرەبووەکان و لە پەراوێزقەرارگرتووەکان
- بەیتی مام ڕێوی: تەنزێکی بەهێز و سەرکەوتووی ئەدەبی کوردی
- محەمەدی نانەوازادە.. تێکۆشەرێکی لەبیرکراو
- هەورامان لە بواری مێژوودا
- شێعر، کورتە چیرۆک، تەنز، ڕەخنەی ئەدەبی، ڕانانی کتێب، هەواڵی فەرهەنگی و چاپەمەنی...

به بۆنەی ٥٦ەمین ساڵیادی دامەزرانی کۆماری کوردستان (١٩٤٦)

## بەشێک لە نوتقی پێشەوا قازی محەمەد

«ئەڵبەتە هەمووتان ئاگادارن کە کورد لە ڕێگای ئازادیدا زۆری نێهـزەت کردووە و لە موقابیل ئیستیعمار و ئیستیسماردا ملە و موبارەزەی دەوام پێداوە و من نامەوێ ئێستا مێژووی نێهزەتی کوردانتان بۆ بگێڕمەوە چونکوو کورد میللەتێکە کە هیچ وەختێ لە بەربەرەکانی ئیستیعمار و فاشیستان دەستی نەگێڕاوەتەوە. بۆخۆتان دەزانن لە عێراق چیان بە سەر کوردان هێنا. هەرچەند تۆپ و تانکیان بە ڕووی کوردانەوە دەکارکرد نەیانتوانی هەستی ئازادیخوازی کوردان بکوژێننەوە و شاهیدم (ئیشارەی بە دەس کرد) جەنابی مەلا مستەفا و قەومە دلێرە بارزانییەکەیەتی کە لە سەر بیری پاکی ئازادیخوازی وازیان لە خاک و نیشتگای خۆیان هێناوە. دیسان لە عەمەلیاتی کێوییانەی تورکەکان ئاگادارن کە چیان بە سەر کوردان هێنا کە ئێستا ماوەم نییە فەجایعی گیانبرژێن و دڵقرچێنی ئەوانتان بۆ بگێڕمەوە. ئەو میللەتانە بە هۆی یارمەتی هێندێ لە میللەتانی بێگانەی دیکە دایمەن خەریکی شپرزەکردنی کوردان بوون، بەڵام میللەتی کوردی ئازا و نەبەز و شەڕکەر و تەجرەبەدیتوو ئەو هەموو دەرد و ناخۆشییانەی بە با زانی و ڕۆژ بە ڕۆژ پتر دەنگی خۆی بڵیند دەکاتەوە و لە میللەتانی دیکەی دەگەیێنێ کە حەقی ژیانی هەیە و تا مابێ لە ئازادی دەست ناکێشێتەوە...

برایانی خۆشەویست: ئەمن لە ئێوەم دەوێ کە تەنیا شەڕکەر نەبن بەشکوو چەکێکی وا هەڵگرن کە بتوانن بەرامبەری دەگەڵ لەشکری میللەتانی تر بکەن، ئەو چەکەش (عیلم و زانستە). مەرحەلەی شەڕ تەواو بوو نۆبەی هونەرە.. ئەمن لە ئێوەم دەوێ کە بە زانست بەربەرەکانی دوژمنان بکەن. "چەک بێ عەقڵ دوژمن نابڕێ"...

ئەی خۆشەویستەکانم وەختێ میللەتی کورد بەختیار دەبێ کە ئێمە واز لە مەنافیعی شەخسی بهێنین.. هەروەکوو کاری خۆمان جێبەجێ دەکەین کاری میللەتیش وا بخەینەڕێ، کاری شەخسی وە پێش کاری عموومی نەخەین. دروستکار ئەو کەسەیە کە پووڵ و مڵک و مەقامی مەنزوور نەبێ، جا تکام وایە کە چیدیکە چاوتان لە مەنافیعی شەخسی نەبێ، مەدرەسە لە دێهاتەکان بکەنەوە، بیمارستان دروست بکەن، یاریدەی هەژاران بدەن، کارخانە بکرن.. دنیا پێنج و دوو ڕۆژێکە، پووڵ نێوی ئینسان بڵیند ناکا بەڵکوو خزمەت بە میللەت و نیشتمان ئەستێرەی سەرشانی ئینسانە...»

ڕۆژنامەی کوردستان، ژمارە ٧٢، سێشەمۆ ٨ی گەلاوێژی ١٣٢٥ (نووتی ١٩٤٦)

# گزینگ ـ ژماره ۳۳

زستانی ۲۰۰۲ (۸۱-۱۳۸۰)

## نێوەرۆک

نایپۆل وەرگری خەلاتی ئەدەبیی نۆبێل(۲۰۰۱)........................ ٤
نایپۆل و وازوازیبوونی تاراوگە: ........................ ستورە لیننێر ٤
ئالۆزیی تورکیـا: ........................ وەرگێڕانەوە: ق. رەیانی ۷
تێکۆشانی گەلی کوردستان و پارتی کرێکاران ـ PKK: ... فاتح رەسووڵ ۹
شەڕی نوێی دژی تێرۆریزم: نوئام چامسکی ........ وەرگێڕانەوە: ق. رەیانی ۱۵
دەستەی قانوونی باڵا: ........................ د. نووری تاڵەبانی ۱۸
تۆیچ لە من بووگی بە نووسەر!: ................... حەمە سەعید حەسەن ۲۱
«بروسکە چاندن» و چاوەڕوانیی خوێنەری شیعری پەشێو: ... دارا مەحموود ۳۲
کەناڵە ئاسمانییە کوردییەکان و سەرنجێکی دڵسۆزانە: ....... مەهاباد کوردی ۳۸
ڕۆشنبیر لە تاراوگەدا، تەرەبووەکان و لە پەراوێزقەرارگرتووەکان: ........... ٤۰
........................................ ئیدوارد سەعید
بەیتی مام ڕێوی: تەنزێکی بەهێز و سەرکەوتووی ئەدەبی کوردی: .......... ٤۷
................ ئاساندن و لەسەر نووسین: سەید عەبدوڵڵای سەمەدی
کلاڤیای بەریەیان(شێعر): ........................ زمکان عەزیز ٥٦
چەند کورتە شێعر: ........................سەمیر دەسکۆ(سیان)
محەمەدی نانەوازادە.. تێکۆشەرێکی لەبیرکراو: ............... جووتیار ٥۷
نامەیەکی مامۆستا هێمن: ........................................ ٥۸
کورتە چیرۆک: خێسە ........................................ مەرزە ٥۹
شاهۆ و دارگوێزەکانی(چیرۆکی منداڵان): ............ حەمە فەریق حەسەن ٦۱
دەستنووسێکی ناکوردی و ڕاستکردنەوەی دوو هەڵە: ... ئەنوەری سوڵتانی ٦۲
دەنگێک لە کوردستانەوە: خالد القشطینی........ وەرگێڕانەوە: نەورۆز ٦۳
هەورامان لە بواری مێژوودا: ........................ ئەحمەد شەریفی ٦٤
نامەیەک بۆ کونگرەی نەتەوەیی کوردستان: ............ د. نووری تاڵەبانی ٦٦
حـــاپەمـــەنی: ........................................ ٦٦

**بەرێوەبەر و بەرپرس:**

سولەیمانی چیرە (هێرش)

**ناوونیشان:**

**GZING / S. Chireh**
Valstavägen 62 2tr
195 50 Märsta- Sweden

**Tel/Fax** +46 - 08 59 11 36 50
**Mobile**: 070-2359687

**ژمارەی پۆستگیرۆ:**

**Postgiro**: 443 5022-1

**• گزینگ، گۆڤارێکی وەرزانەی فەرهەنگی ـ ئەدەبی یە. هەموو بیروبۆچوونێک لە ڕێبازی بەرەوژووربردنی ئاستی نەتەوەیی ـ فەرهەنگی کورد بڵاودەکاتەوە.**

**• گزینگ، بە ئاگاداریی نووسەر، بۆی هەیە بە گوێرەی پێویست بە نووسراوەکاندا بێتەوە، بێ ئەوەی ناوەرۆکیان بگۆڕێ.**


**• هەر نووسەرێک بەرپرسی نووسینی خۆیەتی، بەڵام لە ئاست نووسراوەی بێ ئیمزادا گزینگ بەرپرسیارە.**

**• گزینگ، بۆ یەکدەست کردنی ڕێنووسێکی گشتی هەوڵدەدا.**

**• ئەو نووسراوانەی بە گزینگ دەگەن، بۆ خاوەنیان ناتێردرێنەوە.**

ISSN 1104 - 3473

چاپی سوید، ژانڤییەی ۲۰۰۲



**نایپۆل وەرگری خەڵاتی ئەدەبیی نۆبێل (۲۰۰۱)**

ئاکادێمی (فەرهەنگستان)ی سوێد، خەڵاتی ئەدەبیی نۆبیلی ۲۰۰۱ بە نایپۆل نووسەری ٦۹ساڵەی ترینیدادی بەخشی.

ئێوارەی دۆشەمۆی ڕۆژی ۲۰۰۱/۱۲/۱۰ لە میوانداریییەکی پڕشکۆ لە ژێر عینوانی (یوبێلی نۆبێل ـ سەدەمین ساڵی دامەزران) کە لە شاری ستۆکهۆڵم و بە حوزوری پادشای سوێد و گەلێک لە خەڵاتوەرگرانی ڕشتە جۆراوجۆرەکانی دیکە و، میوانانی بەشدار بەڕێوەچوو، ئەو خەڵاتە بە نووسەری ناوبراو پێشکێش کرا.

«و. س. نایپۆل» V(idiahar) S(uraiprasad) Naipaul لە ساڵی ۱۹۳۲ لە ترینیداد لە بنەماڵەیەکی بە ڕەچەڵەک هیندی لە دایک بووە. باوکی کرێکاری مەزرای قامیشەشەکر بووە و، پاشان دەبێتە ڕۆژنالیست و نووسەر. ئەو سەردەمە ترینیداد لە ژێر دەستی بریتانیا دابووە، کە نایپۆل لە تەمەنی ۱۸ ساڵییەوە چووەتە ئینگلستان و، لەوێ لە زانستگای ئاکسفۆرد دەستی بە دەرس خوێندن کردووە. ئەو، یەکەمین بەرهەمی خۆی لە ساڵی ۱۹۵۷دا بڵاوکردووەتەوە و، لەو کاتە بەدواوە وەک نووسەرێکی لێهاتوو، نێوی کەوتووەتە سەر زارانەوە و، بە کتێبی بەناوبانگی ««خانوویەک بۆ میستر بیسواس» (۱۹٦۱) زیاتر خۆی بە دنیای ئەدەب ناساندووە. لێرەدا بۆ ئەوەی خوێنەرەوان بە شێوازی نووسین و بیر و بۆچوون و بەرهەمەکانی نایپۆل ئاشنا بن، نووسراوەیەک لە ژێرعینوانی «نایپۆل و وازوازیبوونی تاراوگە» پێشکێش دەکرێ (هەروەها بۆ زانیاریی زیاتر، بڕوانە ل: ٤٠و٤١). گزینگ

# نایپۆل
# و
# وازوازیبوونی تاراوگە

و س نایپۆل ڕۆشنبیرێکی لادێیی پێش کۆلۆنیالیستی جیهانی سێ، بەڵام یەکێک لە سۆژە و بابەتە سەرەکییەکانی هەمیشە ئەوە بووە کە خۆی بێ

**ستوره لینێر**(Sture Linnér)
پرۆفیسۆر و نووسەر

وەک سەرەتایەک بۆ خۆئامادەکردنی گەشتێکی هیندی، بەوپەڕی خۆشییەوە دەمەوێ یەک یا چەند نووسراوەی نایپۆل بخوێنمەوە یان بەسەریاندا بێمەوە، کە بەشێکیان سەبارەت بە کۆمەڵگەی هیندیی (ترینیداد)ن کە ئەوی تێدا لەدایک بووە و پێگەیشتووە و، بەشێکیش سەبارەت بەخودی نیشتمانی هیندە. دیارە ئەوەی ئەمن مەبەستمە، ڕاستەوخۆ نایەتەدی. هەرچەند سیحری داستانبێژیی وی خۆڕانەگرانە بەرەو لای خۆییم دەکێشێ، بەڵام من لەو مەفهوومەدا سەرکەوتوو نەدەبووم، بەرلەوەی چاوم بە بیست کتێبی ویدا نەخشاندبایەوە. دوای ئەو تەجرەبە سەیروسەمەرەیە، متمانە و باوەڕی خۆم زیاتر هاتە سەر ئەوە کە ئەو لە نێوان نووسەرە پەخشاننووسەکاندا شتێکی دەگمەنە.

بابەتێکی سەرەکی لە نووسین و داهێناندا سۆژەی وازوازیبوونی تاراوگەیە. ئەو، بەگەلێک شێوەی جۆراوجۆر ئەوەی هەستپێکردووە: چ وەک هیندییەکانی دەریای کارائیب لەگەڵ مەزرای قامیشەشەکرەکانیان، کۆختەکان و منداڵە پێخاوسە برسییەکان، چ وەک هیندییەڕۆژئاواییەکی پلەبەرزی ئاکسفۆرد (لەوێ لە ساڵی ۱۹۵۰ و لە تەمەنی ۱۸ ساڵیدا) و لەندەن، وە دواتریش لە مەڵبەندی ڕۆژئاوای باشووی ئینگلستان؛ سەرئەنجام، چ وەک لادێییەکی ڕۆشنبیر لە وڵاتێکی کلۆنیالی پێشووی سەر بە جیهانی سێهەم.

ئەو دەنووسێ: «هەر نووسەرێک، بۆ ماوەیەکی درێژخایەن تەنیایە، بەڵام ئەوە دەبێتە دابونەریتێک. بۆ من زمانی ئینگلیسی گرینگ بوو، نەک دابونەریتی ئینگلیسی». لە سەر ئەو حاڵەش، توانایی و وزەی نووسینەکانیشی هەر لە تاراوگە هەڵقوڵاوە. نایپۆل بە چاوێکی بێلایەن وێڕای ڕوانگەیەک کە ئەغڵەب لە وردبوونەوەیەکی ماهیرانەوە مایە وەردەگرێ، دەنوارێتە جیهان و ژیان.

لە نێوان شاکارەکانیدا ئەمن تەنیا چەند نموونەی کەم وەک ڕەنگدەرەوەی گەلێک لایەنی تێکنیکی نووسین لە خوارەوە نێودێر دەکەم.

«پێچی ڕووبار» (۱۹۷۹)[1]سەبارەت بە وڵاتێکی نێونەهێنراوی ئەفریقایی کە سەربەخۆیی سیاسی بە دەستهێناوە، نووسراوە. ئێستا، ئەو وڵاتە لە

لایەن گـــەورەپیـــاوێک بەڕێوەدەچێ (دەغـــەڵکارێکی لەو چەشنە فەرمانڕەوایانە وەک عیدی ئەمین، مۆبوتوو، کابیلا، موگابە، یان فیدل کاسترۆ بۆچی نا). تاْم بە ڕەوانی قسان دەکا، هاووڵاتیان بە شێوەیەکی نانەجیبانە دەچەوسێنێتەوە، لە سەرانسەری وڵات خورافات و تێرۆر پەرە دەدرێ. ڕەشەکانی ناو کۆڵانان، هیندییەکانی قەراغ لەنگەرگاکان، بەڵێ تەنانەت ئەو پایتەختەش کە نوخبەکان ئیدارەی دەکەن، هەمووی بە هەواوهەوەسی دیکتـاتۆرەوە بەندن. کـۆمـەڵگایەک بەبێ تاقـمـێکی یەکگرتوو، وێڕای هاودەردییەکی نزم و لاواز، قەڵشتێکی گەورە لە نێوان دارا و هەژاران، بەبێ هیچ چینێکی ڕۆشنبیر ـ هەموو ڕێخۆشکەری ئەوەن کە ئەرتەش تەنیا هێزی دەسەڵاتە، هەمـووی لە ژێر فـەرمـانی ئەو گـەورە پیاوەدان. کاتێک کە ئەرتەش بیهەوێ خۆی بەهێز بکا و لە بەرەی خۆی زیاتر پێ ڕابکێشێ، بە یارمەتی تاقمێک سەربازی بەکرێگیراو دەیخاتە ژێرچاوەدێری و سەرکوتی دەکـا ـ وەزعـێکی وەها لە کـۆنگۆی پێشـووی بێلژیک ڕوویدا کە چۆن ئەو دیمەنە دڕەندەییـە سامناکانە ـ وەک تەواوی ژیانگە لە هەرشوێنێک ـ بە وردی بەرجەستەکراونەتەوە.

کتێبەکە پڕیەتی لە وشەی خەماوی کە بەهۆی دەسەڵاتدارێکی ناوچەیی بەیان دەکرێ. «ئێمـە هەمـوومـان دەچینە دۆزەخ، وە هەمـوو کـەس دەزانێ دەناخـیدا چ دەگـوزەرێ. ئێمـە هەمـوو دەفکری وەی داین چۆن گیـرفـانمان پڕکەین و دوایەش بۆی دەرچین. بەڵام بۆ کوێ؟[...] هیچ شوێنێک شک نابەین ڕووی تێکەین».

کاتێک نووسەرانی وەک داستایۆڤسکی و کنراد چەند لایەنێکی خەماوی لە ژیانی سیاسی شیدەکەنەوە، لە ڕوانگەی ڕەوشتی نەهاتییەوەش بێ دەتوانن تروسکاییەک لە هیوا و ئاوات بخەنەڕوو. نایپۆل لانیکەم لەو کـتـێبەدا، لەوان نزیک دەبێتـەوە بەڵام نەک بەوپەڕی ڕاستییـە تاڵ و نەهاتییەکانی خۆی.

هیچکەس وەک نایپۆل، پێشقەدەم نەبووە ئەو بوحران و بێڕەحمییەی کە بتـوانێ ڕەنگدەرەوەی باری سـیـاسی دەوڵەتە تازە سـەربەخـۆیییـە ئەفـریقـاییـەکـان بێ، شـیـبکاتەوە. پێـشـتـر، لە «وڵاتێکی ئازاد»[٢] (دوژمنەکەم نیشـان بدە، ١٩٧١)دا، کە بە نیـسبەت ئەو کتێبەی نێوم هێنا هەم کارێکی گونجاوتر و هەم وردترە، چیرۆکی خەماوی ژنێکی سپی و پیاوێکی سپی دەگێڕدرێتەوە کە دەیانەوێ بۆ وڵاتێکی ئاوا بە ماشێن سەفەربکەن. سەفەرێکی لەم چەشنە، کە بە مەرگێکی تاڵ و خێرا کۆتایی دێ لە «پارتیـزان»[٣](١٩٧٦)دا ڕوودەدا. ئەوە ڕاپۆرتـێکی چاپکـراوە سـەبارەت بە وڵاتێکی خـەیاڵیی کـارائیب، چارەنووسی شـوومی ئەو شۆڕشگێڕانەی کە لەگەڵ یەکتر بەشەڕدێن ـ ئەوە دەتوانێ وڵاتێکی وەک ئانگۆلا یا ڤێتنام یان کامبۆجیا بێ. ڕۆمانەکە دەبەرگری وزەیەکی خەیاڵی و وردەکارییەکی هونەریی چیرۆکبێژی یە، کە وشیارییەکی قووڵ سەبارەت بە جیهانی خەماوی دەهوروژێنێ. ئەو وڵاتانەی کە بە وڵاتانی لە حاڵی پێشرەفـتدا [جیـهانی سێـهەم/ وڵاتانی وەدواکەوتوو] نێودێردەکرێن، نایپۆل بەرلەهەرشت، وەزعی داوەشاوی ئابووری، چاوچنۆکی، بەخیلی و بێڕەحمییان دەخاتەڕوو؛ زەرد لە دژی قاوەیی[سوورپێست]، قاوەیی لە دژی ڕەش، ڕەش لە دژی سپی.

هەر ئەو سەداقەتە ئاشتینەخوازانەی کە بەرجەستەکراوەتەوە هەمووی سەبارەت بە جەزیرەکەی خۆی (شوێنی لەدایکبوونی) نووسراوە؛ بۆ نموونە پێشـتـر لە «دەنگدان لە ئەلویرا»[٤] (یان هەڵبـژاردن لە هیندی ڕۆژئاوا، ١٩٥٨). هەڵبـژاردنی ١٩٥٠ لە ژێر کارتێکەریی خورافـات و عـارەقی قامیشـەشەکر لە بەشێکی بەربڵاو بە بێ هیچ ناوەرۆکێک و سەرەنجام لەوپەڕی گەنیـویدا بەڕێوەدەچێ. هەم هیندووەکـان و مـوسـوڵـمانەکـان و هەمیش هەڵبژێرەرە ڕەشەکان سەرسام دەبن، وە کاتێکیش دوو ژنە یەهودی شـاهیـد لەپڕ بە دوو بایسـیکل(دووچەرخـە)ی سـوور دەردەکـەون دەنگدەرەکـان زیاتر گـێـژ و وڕ دەبن. شکڵ و شـەمـایلە وێنەچووەکـان و پێکەوەقسەکردنە دەگمەنەکان هاوکات لە کتێبێکی گونجاو و گرینگ، نیوڕوخسارەیەک لە سیاسەتی هیندی ڕۆژئاوا وێنەدەکێشێ؛ وێنەیەک کە هەم خاوەنهەستـە و هەم سەرنجڕاکێش، لە ڕادەبەدەر عـەنتیکە و زاڵم تەزێن.

نایپۆل سـەبارەت بە هیند و لەوانە «وڵاتێک لە تاریکیدا»[٥] (١٩٦٤)، «هیند: شارستـانیەتێکی بریندار»[٦] (١٩٧٧) و «هـیـنـد: ڤـین و شۆڕش»[٧] (١٩٩٠)ی نووسـیـوە. لە دوو کـتـێبی پێشـەوە ئەو وڵاتی بابوباپیرانی خۆی وەک قاڕەیەکی بێ مێژوو شەرحدەدا. کارەکانیان نیشان دەدا. ئەو نووسـەرانەی کـە خـەیاڵی بزووتنەوەی ڕزگـاریخـوازییـان لە سـەردابوو، نێـوی هیندوسـتـانی گـەورەی وان، کـە دەیتـوانی ئەوان بە شـارستـانیـەتێکی دێرین و ڕابردوویەکی زێڕین و کلاسیک پێوەند بدا. ئەوە وڵاتێک بوو کـە هیندییـەکـان لە زیندانی برسـێـتـیی ترینیـدادا دەیانەویست هێـمنایەتی و هەبووگ و ناسنامـەی نەژادیی خـۆیانی تێـدا بدۆزنەوە. بەڵام کاتێک نایپۆل لە ساڵی ١٩٦٢، یەکەمجار گەیشـتـە ئەوێ، سـەرنجی دا کـە ئەو هەبووگ و ناسنامـەیە لەوێ هیچ مـانایەک نابەخشێ. وڵاتێک بە ٨٠٠ میلیۆن نفووسـەوە، زیاتر لە دەیان زمـانی سەرەکی و سەدان دیالێکت، وێڕای ژمارەیەک ناکۆکی بیروباوەڕ و ژیانی کرم ئاسایی، وە هەر لایەکی پڕ لە هەرەج مەرەج کە باندەکـانی قـاڕەیی [بەڕێوەبەرانی سـەرانسـەری]ش شـتـێکیـان بۆ هێـمنایەتی و ئارامی لە دەست تایە. خـەڵک ناچارکـراون خـۆیان بە ئیـدەگـەلێکی زۆر دیاریکراو دەربارەی فـلانەکـەس و فـیـسـارە شت و ئەوەیکە لە کـوێ بیـانبیـننەوە بە توندی بیەستنەوە تا بتوانن سباتی خۆیان لە ناو گرووپی چکۆڵەی ناوچە، خزم و کەسوکار، تایفە و بنەماڵەدا بپارێزن. نووسـەر لەمەڕ فـەقیری و هەژاری لە شارەکان و لە دەرەوەی وڵات دەدوێ کە شـتێکە وەک هەتکی حورمەت، هەڕەشە و برینێکی دەم ئاواڵە.

لە سێهەمین کتێبی دەستنیشانکراودا، وزەی بینین بەرچاوترە و نووسەر

**ئەو نامۆبوونە عەسەبییەی کە نایپۆل دەرهەق بەوانەی ڕوو لە ئیـسـلام دەکـەن بە وتووێژ دەریبـڕیوە، بۆخـۆشی هەر بەهەمـان شـێـوەیە ـ [چونکە] ئەویش هاتووەتە سـەر ئیدەئۆلۆژیی عیلمانی وڵاتانی ڕۆژئاوایی.**

مـــۆدێلێک دەداتەدەست و ناوەرۆکی پارچەپارچەبوون دەخـــاتە ڕوو. لەودیدارەیدا کە لە دیسامبری ١٩٨٨دەستپێکرد تەواوی هیند گەڕا، لە بەمبەئی تا کەلکەتە، لە کەشمیری هەڵکەوتوو لە باکوور تا مەدرەس لە باشـــوور. ئەو، هەمـــوو ئەوانەی کـــە لە ســـەفـــەری پێشـــوو دیبـــوونی بەســـەریکردنەوە، گـــۆڕانکارییـــەکـــانی ژیان و شـــێـــوەی بۆچوونی وانی خستەوەبەرچاو، کە ئەوانەی لە مێشکی خۆیدا لێکدایەوە کاردانەوەکانی لەوبارەیەوە گۆڕدران. ئەو ژمارەیەکی بەرچاوتر لەو خەڵکانەی کە لانیکەم هیچ چەشنە گـــۆڕانێکیـــان بەســـەردا نەهاتووە دیســـان دەبینێـــتـــەوە: سەرکردەیەکی قاچاخچییـــان لە بەمبەئی، موسوڵمانە دەمارگیـــرەکان و هیندووە ئیـــفـــراتییـــەکـــان، چەکدارە مـــانۆنیـــســـتـــە دژە بەرەهمـــاییـــەکـــان و شکەنجـــەگـــەرەکـــانیـــان لە پۆلیـــســـخـــانەی مـــەدرەس. لەگـــەڵ ئەوەشـــدا ئەو، کـــارمـــەندانی دەوڵەتی، فـــیـــلمـــســـازان، دەڵاڵان و کـــۆمـــەڵێـــک ئینســـانی کامـــڵیشی چاوپێکەوت. زۆرکەس پێیان دەگوت کە ئارەزووی ڕۆژگاری خـــۆشی ڕابردوو دەکـــەنەوە، ڕۆژگـــاری پێش ئەو هیندوســـتـــانەی کـــە دوای سەربەخۆیی ساڵی ١٩٤٧ بە هۆی سیاسەتی جینایەتکارانە و ڕیشوە و بەرتیل ئابڕووی تکاوە. بەڵام پاشـــان لە زاتی خۆیدا خـــوێناویـــترین هەرەج مەرەجی لەگەڵ خۆی هێنا: کاتێک پاکستان بە سەربەخۆیی گەیشت و دە میـــلیـــۆن ئینسان لەو دوو وڵاتە [هیند و پاکستان]دەربەدەر کران لانیکەم نیـــو میـــلیـــۆن لەوان کوژران. نایپـــۆل ڕێزی ئەو شێوە تێگەیشتنە دەگرێ کە بەشێکی زۆر ئارەزووی جیـــهانێـــک دەکەن کە ڕۆژێک لە ڕۆژان بێ عـــەیب بووە. ئەوە لە زاتی خـــــۆیدا ناوەرۆک و پەیامی تەواوی ئەو ڕێبــــازە گـــــرینگەیە کــــە دەینووسێ. هەروەها ئەم دەســــتــــکەوتە زۆر بەرچاوە نەتەوەییـــیـــانەش کـــە لە مـــاوەی چل ســـاڵی دواییـــدا هۆی بەرەژوورچوونی ئامـــانج و باوەڕبەخـــۆبوونی مـــرۆڤـــەکـــانی پێکهـــێناوە دەســـتنیـــشـــان دەکـــا کە پێـــشـــتـــر بە قـــەزاوقـــەدەر و تەســـلیم[تەوەکـــول] دەســـپـــێـــردران. یەکـــێـــک لە ڕوانگەی ئەو باوەڕبەخۆبوونە تایبەتمەندییە نوێیـەکـان، هەبووگ و ناسنامـە تازەکان بوون کە لە وەختی خۆیدا بە شێوەیەکی ئاڵۆز دەهاتنەڕوو.

ئێـــســـتـــا پرۆســـەی ڕزگـــاری و ئازادســـازیی لە ژێر عـــینوانی «یەک مـــیلیـــۆن فـــیـــتنە و ســـەربزێوی»وەرێکەوتووە ــ ڕاپەڕینە ناوچەییـــەکـــانی ناو شـــۆڕش، جـــۆرە دەســـتـــپـــێـــکێـــک لە پێـــناو تێـــگەیشـــتـــنێـــکی قـــووڵ ســـەبارەت بەوە کـــە سەربەخۆیی لەڕاستیدا چ ناوەرۆکێکی هەیە، هەروەها ناسازگارییەکانی نێوان ئازادیخوازیی ڕەقەبەرانە و پاوانخوازی چییە. نایپۆل دەلاقەیەک لە شـــۆڕش دەکـــاتەوە: ئەو شـــتـــەی ئێـــســـتـــا هەیە ٢٠٠ ســـاڵ بەرلەوە نەبوو: هەڵبـــژاردنێـــکی ســـەرانســـەری(ناوەندی)، ئیـــدەیەکی نەتەوەیی، وە گـــەلێـــک لەو بزووتـــنەوە جـــەمـــاوەرییـــانەی کـــە وەک ســـەرچاوەیەکی قـــانوون دەوڵەتی هیند بەهێزتردەکەن، هەروەها عـــەقڵ و دڵزیندوویی و ژیانی ڕۆشنبیرانە. ســـەبارەت بەو بۆچوونە خـــۆشـــبـــینانەی کە خـــۆی بە بەرهەق دادەنێ بابزانین پاشـــان چ ڕوودەدا ــ شـــەڕ و پێـــکداداانی توندوتیـــژی ئەم دواییـــانەی نێـــوان هیندووەکان و مـــوســـوڵمـــانەکـــان هەتابڵـێـی خـۆشـتـر بووە. هەرچەند دەبێ چاوەڕێی داهاتووی هیند بین بەڵام لەگـــەڵ ئەوەشـــدا زۆر ئاشکرایە کـــە نایپـــۆل ئەو هەرەج مـــەرەجەی ئێـــســـتـــا کـــە چەشنی ئەڵمـــاس لە وەزعـــێـــکی ئاڵۆزدا بەرجەستەی دەکاتەوە، بەڕاستی شیاوی خوێندنەوەیە.

هەروەها لەسەر ئەو سێ کتێبەی لەمەڕ هیند نێویان هاتووە، ئەوەی دوایی سـەبارەت بە گـەڕانەوە، لانیـکەم وەک سـیلە نیگایەکی تیـژ و مـەند، هەر هەمان ئەو نووسین و شیـکردنەوانەی سـەفـەرەکانی ویش دەگرێتەوە کە بۆ ئێران، پاکسـتـان، مالێزیا و ئەندەنۆزیا کردبووی. سـاڵی ١٩٨١ کتێبی «لە نێـوان ئیـمـانـدارەکـان»[8] (ــ سـەفـەرێکی ئیـسـلامی)ی بڵاوکـردەوە؛ شـازدەسـاڵ دواتر دیسـان لە «ئەوپەڕی ئیـمـان»[9] (١٩٩٨) گـەڕایەوە سـەر ئەو سروشت و مرۆڤگەلەی کـە تێیـدا هەڵسـەنگێندراون. هەردوو کـتێب زۆر لە سەفـەرنامە گرینگترن، بەواتایەکی تر لێکدانەوەیەکی زۆر خورتە سەبارەت بە ئیدەئۆلۆژیی گرینگی ئیسلامی فۆندامەنتالیست. بە گوێرەی نایپـۆل، ئیـسـلام لە ئامـاڵ قـارەی هیندوسـتـان زۆرزۆر لە بریتـانیـاییـە کـۆڵۆنیـالیـسـتـەکـان تەفرەقـەخوازتر و گـێرەشـێوێنخوازترە. «ڕەنگە هیچ سـەرەڕۆخـوازی[پادشـایەتی]یەک لەچەشنی ئیـسـلام و عـەرەبان نموونەی نەبینرابێ. ئیسلام بەدوای ئەوەدایە[...] هەرچی ڕابردوویە بیسڕێتەوە، ئەو باوەڕانەی ئاخرسـەر ڕێز لە عـەرەبی ڕووت و عـوریان دەگـرن، ئەوان هیچیان نییە بۆی بگەڕێنەوە».

هەڵبـەت ئەو عـەقـیـدە و باوەڕەی کـە ئەو هەڕەشـەی دەکـاتەسـەر جگە لە فـۆندامـەنتـالیـسـتـەکـان، موفـەسـسیـرە گرینگەکانی قـورئان، ئەوانەی وەک ئەمانەتدار بە شێوەیەکی خراپ ئیسلام دەناسێنن شتێکی تر نییە. ئەو سـەبارەت بە «قـینی دژ بە ڕابردوو، دژ بە مێژوو»ی وان و «ئەوخەونانەی دەربارەی ئیـمـانێکی دروست کـە لە بۆشـاییی مـەعنەویدا گـەشـە بکا و وەدینەهاتوون» دەنووسێ. بێڕەحمیی ئەوان هەر درێژەی هەیە، مەبەستی وی ئەوەیە، کـە تەنیـا عـەرەبان خـاوەنی ئەو شـوێن و زیارتگە پیـرۆزانەن. موسوڵمانە[ناعەرەبە]کانی دیکە دەبێ هەر بەم شێوەیە پێوەندیی خۆیان لەگـەڵ ڕابردوو بپـچـڕن، دەیەوێ بڵێ ئەو دین و کـولتـوورانەی پێش پێکهاتنی کۆمەڵەی موسوڵمان هەبوون. «لەو شەرتومەرجانە جگە لەوەی هەموو شتێک دەبێ لە ژێر چاوەدێری ئیسلام دابێ، هیچ چاوەڕوانییەک ناکـرێ. ئەوە لانیکەم بۆخـۆی فـۆڕمـێکی نەگـۆڕە لە ئیـمـپـریالیـزم». ئیسلامشناسێکی وەک «Jan Hjärp» دەڵێ ئەو کتێبە لە هەموو کەس باشـتـر دەردوڕەنج، دڕدۆنگی و غـەزەبی دنیـای مـوسـوڵمـانەکـان لێکدەداتەوە، هەروەها خـەبات لە پێناو یەکـێتـی یان کـۆمـەڵگەیەکی خەیاڵی، وە دەردی هەموو دەردانیش ئەوکاتەیە کە ئەم کۆمەڵگە خیاڵییە لەرزۆکـە، خـۆی وەک خـەونێکی سـامناک دەربخـا. ئەوان هەڕەشـە لە جیـهانی ڕۆژئاوا دەکـەن و ناڕەزایەتی دەردەبڕن کـەچی هەر لە تێکنیک و پارەی ئەوان بۆ ناڕەزایەتییەکەیان کەڵک وەردەگرن.

ئەو نامـۆبوونە عـەسـەبییـەی کە نایپـۆل دەرهەق بەوانەی ڕوو لە ئیـسـلام دەکـەن بە وتووێژ دەربڕیوە، بۆخـۆشی هەر بەهەمـان شێوەیە ــ [چونکە] ئەویش هاتووەتە سەر ئیدەئۆلۆژیی عیلمانی وڵاتانی ڕۆژئاوایی.

تەواوی سەفەرەکانی نایپۆل بۆ دەوری دنیایە لەڕاستیدا گەڕانێک بووە کە بەرەو ناخی خـۆی کـردوویە، گـەڕان بە دوای ڕیشـە و ڕەچەڵەکی خـۆی، گەڕان بە دوای هەبووگ و ناسنامـەیەک. «بۆ نێـوەڕاستی جادە»[10] نێـوی کتێبێکی ئەوە لە ساڵی ١٩٨٤. کتێبەکە دوو چیرۆکی تێدایە، یەکەمیان سـەرەتایەکـە دەربارەی بیـۆگـرافی(ژیاننامـە)ی خـۆی، ئەوی دیکە سەفەرنامەیەکە لە ساحیلی ئێلفێنبێ. بە هەردووکیان شتێک کەمتر لە سەد لاپەڕە دەبن، بەڵام نووسەر ماوەی ١٥ ساڵ لە سەر کورتەچیرۆکی

دریژ کاری کردووه و بەرهەمەکەی تابلۆیی کارێکی بەیەکەوەگونجاوی هونەرمەندانەیە. لێرەدا و لەوانە سیمای پڕ لە خۆشەویستیی باوکی نایپۆل و ژیانی ناهومێدانەی وی وەک ژۆرنالیستێک لە ترینیداد بەدیدەکرێ. پێشتر، باوک[ی خۆی] لە کتێبی بەناوبانگی «خانوویەک بۆ میستر بیسواس»[11] (١٩٦١) نەخشی قارەمانی سەرەکی هەبوو. ئەو یەکەم کەس لەو خزمانە بوو کە پشت لە ژیانی وەرزێری و کرێکاری دەکا و دەبێتە ڕۆژنامەنووس، وە هەرچەند لەژیانیدا تووشی شکست و ناسەرکەوتوویی یەک لە دوای یەک دێ، لە زۆربارانەوە ڕۆڵەیەکی هەڵکەوتوو بوو. ئەو، بێگانە و زیدەی قارەمان بوو، لەگەڵ هێندێک ئاکاری سووکی پێکەنیناوی، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا، ئەو دەتوانێ سەربەخۆیی و کەسایەتی خۆی لە ئاست ئەو بنەماڵە تاجرە دەوڵەمەندەی کە ژنیان لێ دەخوازێ بپارێزێ، سەرەڕای ئەو کۆسپ و تەگەرەیەی کە دەوروپشتی دەتەنن. مێژووی دوورودرێژی بنەماڵە بە وردە بەسەرهاتەکانییەوە، لە ڕووی زۆروزەوەندی و خولقەوە دەتوانێ وەبیرهێنەرەوەی ڕۆمانێکی «دیکێنز» بێ. لێرەدا لانیکەم خەونەکانی نووسەر سەبارەت بە سەربەخۆیی بەرجەستە نابنەوە. بۆخۆی دەو بەرهەمەیدا جەخت لەسەر ئەوە دەکا کە «ئەوە پردێکی گەورە»یە لە نێوان فێربوونەوە بۆ پێگەیشتوویی. «ئینسان کە ئەو کتێبەی دەست پێدەکا زۆر جیاوازە لەگەڵ ئەوەی کە تەواوی دەکا» ئەو بۆخۆی وا دەڵێ و، ڕەنگە منیش ئەو ڕەغبەتەم هەبێ هەر ئەوەی بە خوێنەرەوان بڵێمەوە.

هەر یەک لەو کتێبانەی لە پێشدا ناویان هاتووە و، هەروەها ئەوانی دیکەی شیاوی سەرنجیش، هەڵدەگرن وتارێکی دوورودرێژیان لە سەر بنووسرێ. گرینگترین بابەتی نایپۆل ئەوەیە کە هەمیشە بۆخۆی بووە، وە باشترین کتێبەکانی ئەوانەن کە ڕاستەوخۆ سەبارەت بە شەخسی خۆی نووسیونی. ئەو یەکێکە لەوانەی بەڕاستی گەورەن، نەک بۆ نەسلی ئێمە بەڵکە سەرتریش بۆ ئەدەبیاتی مۆدێرن. ئەو هەڵسەنگاندنە هەم ناوەرۆک دەگرێتەوە و هەمیش فۆرم. ئەوە جێی خۆشحاڵی یە کە بەشی زۆری بەرهەمەکانی ـ بە تەرتیبێکی زۆر باش، بە هەڵسەنگاندنێکی نموونە ـ کراونەتە سوێدی، بەڵام نە هەر تەنیا ئەوانە بەڵکە وەرگێڕەکان دەتوانن گوڵبژێرێک لە کارەهونەرییەکانی بە بێلایەنی بناسێنن.

وەرگێڕانەوە: هێرش

ژێرنووسەکان:

1-"A Bend in the River" (1976, Vid flodens krök).
2- "In a Free State" (Visa mig min fiend, 1971).
3- "Guerilla" (1976).
4- "The Suffrage of Elvira" (1958, Röster i Elvira).
5- "An Area of Darkness" (1964, Ett lend i mörker).
6- "India, A Wounded Civilizatiob" (1977, Indien, en sårad civilisation).
7- "India, A Million Mutinies Now" (1990, Indien, Raseri och Revolt).
8- "Among the Belivers" (Bland de rättrogna) -1981.
9- "Beyond belief" (1998, Bortom tron).
10- "Finding the Center" (på väg mot mitten)-1984.
11- "A House for Mr Biswas" (1961, Ett hus åt Mr Biswas).

Svenska Dagbladet, Fredagen den 12 oktober 2001.

# ئاڵۆزیی تورکیا

وەرگێڕانەوە لە ئینگلیسییەوە: قاسم ڕەیانی

ئەوان دیانەوێ یان نایانەوێ؟ ئەوە پرسیارێکە واشینگتۆن دەیکا سەبارەت بە ڕەگەڵ کەوتنی نیزامیی تورکیا لە دژی عێراق. دوایین جار کە ئانکارا لە شەڕی کەنداودا تووشی مەترسییەکی ئاوا هات، بۆی گران تەواو بوو. ئابلۆقەکان بایی٤٠ میلیارد دۆلار زەرەری بازرگانییان لێدا. شەپۆلی پەنابەرانی کورد، شەڕی چریکییان بە هۆی پارتی کرێکارانی کوردی جیاوازیخواز یان پکک بەهێزتر کرد. سەددام شەڕەکەی دۆڕاند ــ بەڵام لە ڕوانگەی تورکانیشەوە، ئەوانیش شەڕەکەیان دۆڕاند. «سەبحەتین جاکماکئۆغلوو» وەزیری بەرگری تورکیا دەڵێ: "ئێمە نامانەوێ ئەو ئەزموونانە دووپات بکەینەوە."

لێرەدا لەوانەیە بۆرە دەرفەتێک هەبێ. ئەگەر ئەمریکا بە ڕاستی کردەوەیەک دژی سەددام حوسێن بەکاربێنێ، دەبێ سوود لە بنکەکانی هەوایی تورکیا وەرگرێ. تورکیا وەک ئەندامێکی ناتۆ (و جێنشینی ئابووریی لە IMF)، بەڵگەی زۆری بەدەستەوە نییە کە وەڵامی (نا) بداتەوە. بەڵام بۆ (ئا) گوتنەکەشی بەڵگەیەکی زۆرلێکردنی ئەوتۆ لە گۆڕێدا نییە. بە قسەی کاربەدەستێکی باڵای ناتۆ لە بروکسێل، ڕازیکردنی تورکیا بۆ هەر چەشنە یارمەتیکردنێکی دژی عێراق، تووشی موعامەلەیەکی ئەستەمی دەکا. دیارە، فشاریش لە گۆڕێدایە.

تورکیا سەبارەت بە کێشەیەکی دیکە[کێشەی کورد] لەگەڵ سەددام گەلێک ترسی هەیە. مەزنترینیان ئەوەیە کە لەوانەیە دۆخەکە بەرەو کوردستانێکی سەربەخۆ بڕوا. چ دیکتاتۆر بمێنێ یان بڕۆخێ، کوردە جیاوازیخوازەکان دەتوانن هان بدرێن. ئانکارا لە ساڵی ١٩٩٩، کاتێک عەبدوڵڵا ئوجەلان ڕێبەری تێرۆریست[!]گیرا، دەستێکی باڵای لە یارمەتی کوردستاندا هەبووە. بەکەڵک وەرگرتن لە تێکەڵاوێک لە دیپلۆماسی نەرم و هەروەها هاندان و فکری پرۆژەگەلێک وەک سازکردنی خوێندنگە و نەخۆشخانە، کە ئەوە پێوەندییەکی بەتینی لەگەڵ ئەو گرووپە کوردانەی باکووری عێراقیان[کوردستان] لە ژێر کۆنترۆڵ دایە پێکهێناوە ـ جێی سەرسووڕمانیشە کە ئاکامی باشیشی بەدەستهێناوە. مەسعوود بارزانی، سەرۆکی پارتی دیمۆکراتی کوردستان، یان پدک، تاکتیکی تێرۆریستیی پکک ی مەحکووم کردووە و دان بەوەدا دەنێ کە لە "چارەسەرییەکی فیدراڵی بۆ خەڵکی کوردستان لە نێو عێراقێکی دیمۆکراتیدا" زیاتری ناوێ.

## ئەمریکا لە شەڕی داهاتووی دژ بە عێراق لە هاوپەیمانێکی ستراتیژیک دەگەڕێ. ئایا ئانکارا دەتوانێ بڵێ «نا»؟ لەوانەیە وانەبێ. بەڵام گوتنی "ئا"ش هەروا هاسان نییە.

دروست لە حاڵەتێکی وادا، تورکیا بۆی هەیە ناوچەیەکی لەمپەر لە چەشنی ئیسرائیل[وەک باشووری لوبنان ـ و] بە مەبەستی راونانی پێشمەرگان(و پەنابەرێکی زۆرتر)راگرێ. ئەوە ئاشتییەکی ناپایەدارە، بەڵام ئەوە زیاتر بە گێرەشێوێنی دەکێشرێ کە شەڕی کەنداو لەگەڵ خۆی هێنا.

ئێستا ئەو دیمەنە وەدیهاتووە کە ئەمریکا لەوانەیە هەوڵبدا لە پێشمەرگەکانی کورد لە باکووری عێراق، هاوپەیمان لەگەڵ چریکەکانی شیعە لە باشوور، بۆ ڕووخاندنی سەددام سوود وەرگرێ، هەر ئەو ڕێگایەی کە ئەوان لە بەرەی باکووری ئەفغانستان (ئالیانس) بۆ سەرەونخونکردنی تاڵیبان کەڵکیان لێ وەرگرت. «نۆزدەم سانبیرک» بەرپرسی پێشووی ئەمنیی کاروباری دەرەوەی تورکیا دەڵێ: "ئەو کارە بەرەو ژێنۆسایید دەکێشرێ و هەموو ناوچەی دە کارەسات وەردەدا."

بەڕەسمی، وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا هیچ بڕیارێکی سەرووی سەبارەت بە پەلاماری دژی عێراق نەداوە. بە نارەسمیش، هێندێک دەنگۆی نیزامی و ئامادەکاریی سیاسی لە ئارادان. لەم حەوتووانەی دوای هەڵمەتی ١١ی سێپتامبر، هێزی هەوایی ئەمریکا، بۆ بەهێزکردنی ڕادارەکان و چۆنیەتی پێوەندیگرتنیان لە بنکەی هەوایی (ئینجیرلیک) لە ڕۆژهەڵاتی تورکیا، ئەو داوایەی تورکیای بەجێهێنا، لەو شوێنەی کە فڕۆکە گەشتییەکانی ناتۆ مافی فڕینیان بۆ سەر ئاسمانی باکووری عێراق نییە. وە لە کۆتایی مانگی ڕابردوودا، فڕۆکە هەڵمەتبەرەکانی (ئینجیرلیک) تا ئێستا هەر حەفتەی یەکیان لێ خراوەتەخوارەوە. بە گوێرەی لێکدانەوەی کارناسێکی نیزامی لە ئانکارا، هۆیەکەشی: "زانیاری بەدەست هێنانە لەسەر هەستان و فڕینی[فڕۆکە] عێراقییەکان". دەستەیەکی بچووکی ئەمریکایی لەو دواییانەدا لە ژێر سەرپەرستی یارمەتیدەری کاروباری دەرەوە «رایان کرۆکر» بە نهێنی سەریان لە باکوری عێراق داوە، ئەوە بە ڕواڵەت بە مەبەستی ئەزموونی هەوڵدان بۆ ڕێکخستن و ئاشتکردنەوەی گرووپەکانی کورد و، بەرنامەی یارمەتی نەوت ــ لە پێناو ــ خواردنەمەنی بووە. بەڵام ئەوان هەروەها خەریکی هەڵسەنگاندنی ئامادەیی کوردەکان بۆ عەمەلیاتی نیزامی بوون. بە گوێرەی سەرچاوەکانی ئاگادار لەو قسانە، هەم پدک و هەمیش دەستەکانی دیکەی کورد ئەوەیان بە «ئیحتیاتێکی جیددی» لەقەڵەمداوە.

سەرۆک وەزیر «بولەند ئەجەویت»، کە یەکێک لەو چەند ڕێبەرە جیهانییانەیە کە پێوەندیی تایبەتی لەگەڵ سەددام حوسێندا هەیە، بە زوویی بۆ "راوێژکارییەکی بەربڵاو"، دەچێتە واشینگتۆن. بازەکانی دامودەزگای بووش دەیانەوێ ئەوی وەک گوێزێکی کاغەزی بە هاسانی بشکێنن. ئەجەویت بە نیزامییە خاوەنهێزە سیاسییەکانی تورکیا بەستراوەتەوە و، دژی هەر چەشنە عەمەلیاتێکی نیزامی لە دەوروبەری خاکی تورکیایە. ئەجەویت هەروا یەکێک لە هەوەڵین سیاسەتمەداران بووە کە دوای شەڕی کەنداو چاوی بە سەددام کەوت. بە گوێرەی دیپلۆماتێکی ڕۆژئاوایی کە بە تێرو تەسەلی سەبارەت بە مەسەلەکە لەگەڵی دواوە، ئەو پێی وایە کە دەکرێ لە ڕێگەی دیپلۆماسی و بستنەوەی ئابوورییەوە بەسەر سەددام حوسێن دا زاڵ بی هەتا ئەوەیکە بە هێزی ڕووت و قووت.

ئەوە دروست شتێکە کە تورکان هەوڵیان داوە ئەنجامی بدەن. بازرگانی لەگەڵ عێراق، ساڵانە دەوری یەک میلیارد دۆلار بەراورد دەکرێ، بەشی زۆری ئەو موعامەلەیە، بازرگانی ناقانوونیی نەوت لەگەڵ گرووپەکانی کورد بووە. بەڵام بازرگانی ڕەسمی لەگەڵ بەغدا لە حاڵی گەشەکردن دایە. تورکیا لە مانگی جولای دا خەتی شەمەنەفەری بەغدایەی دیسان کردەوە و، مانگی رابوردو کۆمپانی"Turkish Oil Exploration Co" قەراردادێکی ئیمزا کرد کە دەست بە درێل لێدان لە ناوچەی کەرکووکی ژێر کۆنتڕۆڵی بەغدا بکا. دەستەیەکی بازرگانیی ١٤٨کەسی بە سەرۆکایەتی «کورساد توزمەن» جێگری وەزیری بازرگانیی تورکیا مانگی رابردوو بە مەبەستی دیتنەوەی ئیمکانی زۆرتری موعامەلە، سەردانی پایتەختی عێراقیان کرد.

ئاڵۆزیی تورکیا ئاوایە. بە دەلیلی پراگماتیکی و سیاسی، تورکیا بەرگری لە هەر چەشنە جوڵانەوەیەکی نیزامیی دژی بەغدا دەکا. لە لایەکی دیکەوە، ئەوەش بە توندی پێوەندی بە نێتی باشی ئەمریکا و ناتۆوە هەیە کە چۆن مەسەلەکە ڕاپەڕێنن. هەتا ئێستا، ڕێگایەکی چارەسەرکردن نەهاتۆتە پێش. دیپلۆماتێکی نزیک بە ئەجەویت دەڵێ: "تورکەکان هەموو هەر خەریکی تەفرە ڕوێشتنن." سناریۆیەکی دیکەی کە هەیە، تورکیا بە ئارامی دەیەوێ لە نێو ئەو ڕێبەرە ئورووپاییانەی نیگەرانی هەڵویستی شەڕخوازانەی ئامریکان، هاوپەیمان بدۆزێتەوە. شتێکی دیکەش بۆ ئانکارا ئەوەیە کە لە ئاست عێراق وەخت بکوژێ و هاوکات لەگەڵ ئەوەش لە شوێنێکی دیکە لە پشتیوان و یارمەتی بگەڕێ، بۆ وێنە بەدەست گرتنی سەرۆکایەتی هێزە نێونەتەوەییەکانی ئاشتی پارێز لە ئەفغانستان. بەڵام مەسەلە ئەوەیە کە ئامریکا ئەوەی پێ قەبوڵ ناکرێ. نە گوتنی "نا" و نە گوتنی "ئا" بە شێوەی تاکتیک ناتوانن وەک ئەو بڕیارەی بەڕێوەبەرایەتی ئەمریکا لێکدرێنەوە کە ئەگەر پێویست بێ ئەو ئەرکەی بە ئەنجام دەگەیێنێ. وە، بۆ تورکیاش، ئەوە دەتوانێ شەڕی کەنداوی دوو بە حیساب بێ.

Newsweek, December 31, 2001-January 7, 2002.

# تێکۆشانی گەلی کوردستان

# و

## پارتی کرێکارانی کوردستان ــ PKK

فاتح ڕەسووڵ

ماوەی بیست ساڵێکە باری تورکیا و گشت وڵاتانی ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست بە دەنگوباس و جموجووڵییەکانی پارتی کرێکارانی کوردستان (پ ک ک)ەوە خەریکە و ژمارەیەکی زۆر لە پارتی و کۆڕ و کۆمەڵە سیاسییەکانی کوردستان ناڕەزایی و نەیاری دژ بە (پ ک ک) ڕادەگەیەنن. بە هێزێکی چەواشە، تێکدەر، گومانلێکراو، نۆکەر و وابەستە بە داگیرکەرانی کوردستان، بکوژی ڕۆڵە کورد و تێرۆریست لە قەڵەمی دەدەن. هەندێ وڵاتای بیانی و ئامێر و دامودەستگا جاسووسییەکانی وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا، ئەڵمانیا و ئیسرائیل لە خانەی تێرۆریستیدا ڕیزبەندی دەکەن و لە زووەوە کەوتوونەتە دژایەتی و ڕیسواکردنی و پشتگیریکردنی ڕژێمی کەمالیستەکان لە تورکیا.

ئەوە چەند ساڵێکە حکوومەتی تورکیا، کە خاوەنی زلترین هێزی چەکداری یە لە پەیمانی ناتۆدا، لە هێرش و پەلاماردانی بەربڵاوی، لە ژێر پەردەی ڕاونانی (پ ک ک)دا، بۆ سەر گەلی کوردستان بەردەوامە. تەنانەت لە ڕاپۆرتێکی کۆمیتەی نەتەوە یەکگرتووەکانی ساڵی ۱۹۹۳دا هاتووە، کە تورکیا لە ماوەی ئەو ساڵەدا ئەوەندە تانک و زرێپۆشی لە وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا و ئەڵمانیا کڕیوە بەقەد هەموو چەکە قورسەکانی حکوومەتی بەریتانیایە و زۆرینەی چەکەکانیش دژی دانیشتووانی ڕۆژهەڵاتی ئەنادۆڵ بە کار هێنراون.[1]

بەرانبەر گشت ئەو هێرش و هەڵمەتانە و ئەستەنگە سەختانەی بۆ بزووتنەوەکانی (پ ک ک) دروستکراون، توانی لە ماوەیەکی زەمەنیی کورتدا ببێت بە هێزێکی جەماوەری بەتوانا، ڕەگوڕیشە و بناغەی ڕژێمی کەمالیستەکان بهێنێتە لەرزین، کە هەشتا ساڵە پیشە و کار و کردەوەی بەرانبەر بە گەلی کوردستان بریتی بوون لەوە کە کورد نەهێڵێت و ناسنامەی نەتەوەیی کورد لەسەر خاکی وڵاتەکەی بسڕێتەوە. بە پێچەوانەوە خەبات و قوربانییەکان و خۆڕاگریی گەلی کوردستانی باکوور، بە هیچ جۆرێک بواری ئەوەی نەدا و نەیهێشت ئەو خەون و خەیاڵانەی تۆرانیستە ڕەفتارفاشیستەکان بە پاکتاوکردن و نەمانی گەلی کورد دەیانبینی، بێتە دی!

لە کۆتایی سەدەی بیستەمدا دەنگی زوڵاڵی گەلەکەمان و مافە ڕەواکانی لە سەرتاپای دونیادا بڵاوبووەوە، لە گەلێک وڵات و شوێناندا، دەنگ بەرزبووەتەوە، کە پێویست دەکات چیتر سیاسەتی لەناوبردن و قڕکردن دژ بە گەلێکی مەزنی خاوەن وڵات و مێژوو پیادە نەکرێت. بە ڕێگای گفتوگۆی ئاشتییانە دان بە مافە ڕەواکانیدا بنرێت.

بۆ یەکەم جار لە مێژووی کۆماری تورکیادا، سەرۆککۆماری پێشووی تورکیا؛ تورکوت ئۆزال، لە سەرەتای نەوەدەکانی سەدەی پێشوودا، لە کۆبوونەوەیەکی تایبەتدا، بیرۆکەی بنیاتنانی دەوڵەتێکی فیدرالی لە تورکیادا دەخاتە بەر تیشکی باسکردن و لێدوان.[2] لە پایتەختی ئەمریکا؛ واشنتۆن، پسپۆڕ و هۆزان «غراهام فولر» کە کارگێڕێکی سەرەکی یە لە سازمانی «ڕاند» بۆ دەرسکردنی باری وڵاتانی دونیا، دەڵێت: "واشنتۆن لەگەڵ ئەوەدایە کە مافی فەرهەنگی بدرێت بە کورد، بنج و بنەمای ڕەگەزی نەتەوەییان بپارێزرێت. دەبێت دۆزی کورد لە تورکیادا، بە سازدانی سیستێمێکی فیدرالی یان ئۆتۆنۆمیکی فەرهەنگیی تەواو چارەسەر بکرێت."[3]

تا گەیشتە ئەوەی کە لە کۆتایی ساڵی ۱۹۹۹ سەرۆکی پێشووی وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا؛ کلنتۆن، چوو بۆ سەردانی تورکیا. وتارێکی گرینگی لە ئەنجوومەنی نیشتمانی گەورەدا (المجلس الوطنی الکبیر) پێشکەش کرد و گوتی: "پێویست دەکات دان بە مافی فەرهەنگی و کۆمەڵایەتیی گەلی کورددا بنرێت. فشار و ئازاردان و ئەشکەنجەیان لەسەر هەڵبگیرێت..." وتارەکە یەکجار نائارامی و بێزاری لە دڵ و دەروونی تۆرانیستەکاندا خوڵقاند، پەست و خەمگینی کردن! لە گشت پارچەکانی کوردستانیش دەنگ و ڕەنگێکی پۆزەتیڤی دایەوە.

ئەو گۆڕان و هەڵوێستە تازانەی لە وڵاتانی دونیادا بۆ بەرژەوەندیی ئایندەی گەلی کوردستان هاتوونەتە کایەوە و ڕەخساوە، ڕۆڵ و

شوێنی تێکۆشانی (پ ک ک)ی بە زەقی و ئاشکرا تێدا دیارە. کەس نییە بتوانێت نکۆڵی لە پێشڕەوایەتی و ڕێنمایی (پ ک ک) لە بزووتنەوەی ڕزگاریخوازانەی گەلی کوردستانی باکووردا بکات!

نووسینی بابەتییانە دەربارەی (پ ک ک) ئەرک و کارێکی سەخت و دژوارە، پشکنین و لێکدانەوەی قووڵی گەرەکە. کاروانی ڕەوتەکانی تەماوی و ئاڵۆز و چڕە! هاژوهوژی زۆری بە دواوەیە! ڕژێمی کەمالیستەکانی تورکیاش، کە بۆ بیست ساڵ دەچێت (پ ک ک) لە ڕوویدا هەڵساوەتەوە و ڕابووە، کەللەڕەقترین دوژمنی ڕەگەزپەرست و شۆڤێنیستە دژ بە گەلی کوردستان و وێنەی لەم جیهانەدا یەکجار کەم ماوە. ئەوجا پێویست دەکات بە عەقڵیەتێکی کراوەی ڕاستگۆوە، بە بۆچوون و هەڵسەنگاندنی زانستییانەوە ڕەفتار لەگەڵ لاپەڕە کۆن و تازەکانی مێژووی ڕووداوەکانی ئاسیای بچووکدا بکرێت.

بەپێی توانام تەقەلا دەدەم کە بتوانم بە چڕوپڕی شتێکی بەسوود دەربارەی ئەم پارتییە پێشکەش بکەم، بەرپرسیاریی مێژوویم نەکەوێتە ئەستۆ و بە گرانم لەسەر نەوەستێت و بە ڕێژەیەکی مەعقوولیش پەسند بکرێت.

یەکەم جار لە ساڵی ۱۹۸۰دا وشەکانی (ئاپۆچی، کوک و دەدەکەدە)م بەر گوێ کەوت. ئەوسا لە (ناوزەنگ) دەژیام، جارجار هەندێ سەرکردە، کادێر و پێشمەرگەی پارتی و گرووپ و کۆمەڵەکانی باکوور دەگەیشتنە ئەو ناوچەیە و لە دیدەنییەکاندا باس و ناوی گشت ئەو هێزانە دەکرا کە چالاکی و جموجووڵی سیاسییان لە کوردستانی باکوور هەبوو. لە کاتی ڕوودانی کارەساتەکانی ۱ی ئایاری ۱۹۸۳دا، شەڕەکانی پشتئاشان، لە نزیکەوە ناوی پارتیی کرێکارانی کوردستان (پ ک ک) و (ئاپۆچی)م کەوتەوە بەر گوێ، بەتایبەت ئەو کاتە دوو کادێری سەرەکیی پارتییەکە کە یەکێکیان ئەندامی کۆمیتەی مەرکەزیان بوو و بە نیازی کاری خێرخوازی و کوژاندنەوەی بڵێسەی ئاگری شەڕە ناڕەواکەی نێوان یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان و پارتی کۆمۆنیستی عیراق و بەرەی دیمۆکراتی نیشتمانی (جود) بە دەنگ ڕووداوەکانەوە هاتبوون و هەر کە گەیشتبوونە بناری شاخی قەندیل، چەکدارەکانی یەکێتیی نیشتمانیی شەهیدیان کردبوون.

کە بنکە و بارەگاکانیشمان لە پشتئاشان وێران کران و شوێنمان لێ تێکچوو، زستانی ۱۹۸٤، شوێنمان گواستەوە بۆ دۆڵی (دەراو)، ناوچەی برادۆست، ناحیەی سیتەکان، دیمان چەند سەد مەترێک لە دووری شوێنی سەرەکیی ڕێکخراوەکانی پارتیی کۆمۆنیستی عیراقەوە بنکەیەکی دیکە هەیە و هی پارتیی کرێکارانی کوردستانە و بە ئاگاداری و یارمەتیی پارتیی دیمۆکراتی کوردستان ـ عیراق بنیاتیان ناوە! زوو هەستمان کرد دراوسێیەکەمان گۆشەگیرن و هاتوچۆ و دیدەنی لەگەڵ ئێمە و لایەنەکانی تر ناکەن. کار و کردەوە و ڕێکخراوەکەیان یەکجار نهێنی و داخراوە! بە دیسپلین و ئەوەی بکەوێتە ڕیزی ڕێکخراوەکەیانەوە ماوەی دەرچوونی پێ نادرێت!

سەرەتای ۱۹۸٥ مەفرەزەیەکی (پ ک ک) لە سێ سووچی سنووری سووریا ـ عیراق ـ تورکیا، شاخی سەنات، کەوتنە شەڕکردن لەگەڵ ژمارەیەک لە پێشمەرگەکانی پارتیی کۆمۆنیستی عیراق و لە ئاکامدا شەهید و بریندار لە هەردوو لا هەبوون و شەڕ و ناکۆکییەکان زوو چارەسەر کران و درێژەیان نەکێشا.

ماوەی ئەو سێ ساڵەش، (۱۹۸٦-۱۹۸۹)، کە لە سووریا دەژیام، بە بڕیاری سەرکردایەتیی پارتیی کۆمۆنیستی عیراق لە بواری پەیوەندییە نیشتمانییەکاندا کارم دەکرد و پەیوەندیم لەگەڵ نوێنەرانی (پ ک ک)[٤] و ژمارەیەک لە پارتییەکانی کوردستانی باکوور و باشووری بچووک هەبوو، یەکجار ئارەزووم هەبوو زانیاریی تێروتەسەل لەسەر ڕێباز و پرۆگرام و هەڵسوکەوت و بیروبۆچوونەکانیان پەیدا بکەم. گشتیشیان خۆیان بە هێزی چەپی مارکسیست لە قەڵەم دەدا. ئەو نامیلکە و گۆڤار و بڵاوکراوانەش کە بڵاویان دەکردنەوە بە وردی و لەزوبەز دەمخوێندنەوە. ئەوەندەش قسەوقسەڵۆک و گوتەی توندوتیژی جیاجیای سەرسوورهێنەر گوێبیست دەبووم، بەتایبەت بەشێکیان ئەوەندە بە ڕق و کین دژی عەبدوڵڵا ئۆجەلان دەپەیڤین دووچاری نائارامی و سەرئێشە دەهاتم!

کە گەیشتمە سویدیش، لەسەر هەمان پیشەم بەردەوام بووم. چاوم بە هەر تێکۆشەرێکی کوردستانی باکوور، یان ڕۆشنبیر و خوێندەوارێکیان بکەوتایە، باسوخواسی (پ ک ک)م دەهێنایە پێشەوە و زێدەبەدەر مەبەستم بوو کە بە تێروتەسەلی بزانم ڕاوبۆچوونی برایانی کوردی باکوور لەسەر (پ ک ک) چییە. بەرگریکردن و ڕاوبۆچوونی لایەنگرانی پارتییەکە چییە بەرانبەر بەو ژمارە زۆرە لە تێکۆشەر و پارتی و کۆڕ و کۆمەڵانەی لەگەڵ ئەواندا نین و ناحەزییان دەکەن.

دوای ئەوە عەبدوڵڵا ئۆجەلانیش بە پیلانێکی نێودەوڵەتی کەوتە چنگ دامودەستگاکانی دەوڵەتی تورکیا، کۆمەڵێک گوتە و ڕاگەیاندن بە ناوی ئەوەوە بڵاوکرایەوە، بۆچوونی ناڕەوا و لاوازی تێدا بەدی دەکرا. گۆڕانی سەرەکی بەسەر هەڵوێست و ڕێبازی سیاسییدا هات. لەگەڵ ئەمانەشدا لە سەرانسەری کوردستان و گشت ئەو وڵات و شوێنانەی کورد تێیاندا دەژین، دەنگ و ڕاپەڕین دژی تاوانی دەستگیرکردنی ئۆجەلان بە جۆش و گەرموگوڕی بەرز کرایەوە. خۆپێشاندان، مانگرتن و نانەخواردن، کۆبوونەوەی جەماوەری هەموو هەرێم و ناوچەی شوێنێک کە کورد تێیاندا دەژی، گرتەوە. تەنانەت ژمارەیەک لە ڕۆڵەی کوردی پاک و خوێنگەرم و دڵسۆز بۆ کوردایەتی، خۆیان لەپێناو ژیانی ئۆجەلان سووتاند و گیانیان لە دەست دا. ناوی کورد و کوردستان، بەتایبەت لێدوان لە دۆزی کوردستانی باکوور، بوو بە یەکێک لەو ڕووداوە گرینگانەی کە بە سەدان گوتار، نووسین و ڕاگەیاندنی دەربارە بڵاوکرایەوە. ژمارەیەکی زۆریش لە برایانی کوردستانی باکوور، هێرش و ڕەخنە و لۆمەیان لەسەر کەسی ئۆجەلان زێدەتر کرد. ڕووداوەکانیان بە هەل قۆستەوە، تەقەلایان دەدا کە جۆرەها بەڵگەی کۆنیش زیندوو بکەنەوە و بیخەنە تەک بڵاوکراوەکان و ڕۆڵ و بەرپرسیاریی ئۆجەلانی پێ ڕیسوا بکەن.

لە ئەنجامی لێکدانەوە و هەڵسەنگاندنی تایبەتم، گەیشتمە ئەو بڕوایەی کە پێویستە، بەپێی توانام، کورتەیەک لەسەر ڕۆڵی (پ ک ک)

**ڕژێمی کەمالیستەکانی تورکیاش، کە بۆ بیست ساڵ دەچێت (پ ک ک) لە ڕوویدا هەڵساوەتەوە و ڕابووە، کەللەڕەقترین دوژمنی ڕەگەزپەرست و شۆڤێنیستە دژ بە گەلی کوردستان و وێنەی لەم جیهانەدا یەکجار کەم ماوە.**

لە مێژووی کوردستاندا، بەتایبەت کوردستانی باکوور، بنووسم. چونکە گوێنەدان یاخود دوورکەوتنەوە لە باسکردنی، بە خۆدزینەوە و کورتبینی لەسەرم دەژمێردرێت! خوێنەرانی کورد و مێژوونووسانیش لێمی قبووڵ ناکەن.

عەبدوڵڵا ئۆجەلان لە خێزانێکی کوردی هەژار هاتووەتە دونیاوە، چاوی بە تاوان و ستەمکارییەکانی دەوڵەتی تورکیا کراوەتەوە. وەک هەر منداڵێکی کورد لە سەرەتای تەمەنیدا هەستی بەوە کردووە کە ڕۆڵەیەکی کوردە، بەڵام نابێت بە کوردی بخوێنێت و بنووسێت، نابێت جلوبەرگی کوردی لەبەر بکات، نابێت لە قوتابخانە بە زمانی کوردی بپەیڤێت و ناسنامەی کوردی نییە و... تاد.

لە کۆتایی حەفتاکانی سەدەی پێشوودا دەگاتە زانکۆی ئەنقەرە، لە کۆلێژی زانیاریی سیاسی، دەبێتە ئەندام لە کۆمەڵەیەکی زانستیدا کە بیروبڕوای زۆربەی ئەندامەکانی چەپی مارکسیست بوون. پەیوەندیی بەهێز و ئاشنایەتی لەگەڵ دوو هەڤاڵی خوێندکار؛ کەمال پیر و حەقی قرار، پەیدا دەکات کە هیچیان بە ڕەچەڵەک کورد نەبوون. یەکێکیان تورک و ئەوی تر لە نەتەوەی بچووکی (لازە)[5] بوو. هەر سێ هاوڕێ لەسەر ئەوە ڕێک دەکەون کە بکەونە تێکۆشان لەپێناو ڕزگارکردنی گەلی کوردستان لە ژێر فشار و ستەمکاریی کەمالیستەکان. تا ١٩٧٦ هاوکاری و پەیوەندی نێوانیان بەردەوام بوو.[6] هەر لە سەرەتاوە سێ هەڤاڵەکە کەوتنە سەر ئەو بڕوایە کە گەلی کورد و جەماوەری تورکیا بە ڕێبازی سۆسیالیست نەبێت لە چەوسانەوە و شۆڤێنیزمی تۆرانییەکان ڕزگاریان نابێت.[7]

بە هۆی ئەوەی لە گەلێک لایەنی سیاسی و سەرچاوەوە پەنجەی گومانلێکردن بۆ سەرەتای ژیانی تێکۆشانی ئۆجەلان درێژ دەکرێت، جمعە؛ نووسەری کتێبی «مێژووی پارتیی کرێکارانی کوردستان» لە چەند شوێندا بەرگری لە «ئاپۆ» و پارتییەکە دەکات و ئەو تاوان و گوتانەی خراونەتە پاڵ ئۆجەلان ڕەد دەکاتەوە، بەتایبەتی ئەوەی کە پەیوەندی بە کیژێکی تورک فاتمە، کە ناوی نهێنی «کەسیرە»یە و ماوەیەکیش هاوسەری ئاپۆ بووە. لە چەند شوێن لە کتێبەکەدا، لە لاپەڕەکانی ٩٢ تا ٩٤ باسی ئەو ئافرەتە تورکە هاتووە کە چۆن ئۆجەلان لە ڕێگای «نەجاتی کایە»وە پەیوەندی بە «کەسیرە» و کیژێکی تر بە ناوی «نادیرە»وە پەیدا دەکات. بەڕاشکاویش وەک نووسەر نووسیویەتی زانیویانە هەردوو ئافرەت شوێنی گومانلێکردنن. باوکی کەسیرەش کەسایەتییەکی ناسراوی تورک و فەرمانبەرێکی زل بووە لە دامودەستگای «میت»ی جاسووسی لە تورکیا.

لە کتێبی «ملحمە الانبعاث»دا ئۆجەلان دەڵێت: "نەجاتی کایە «پیلۆت» فڕۆکەوانێکی بەهێز و توانا بوو لە هێزی ئاسمانیی تورکیادا، خۆی وا نیشان دەدا کە لەسەر کار دەرکراوە، بەڵام گومانی ئەوەمان لێ دەکرد کە دامودەستگای جاسووسی و موخابەراتی تورک بۆ نێو ئەوانی ناردووە، تەنانەت کە لە ڕۆژی ١٩٧٧/١/١ کۆبوونەوەیەکمان لە ماڵی پیلۆت (نەجاتی کایە) ڕێکخست و مەترسیی ئەوەشمان هەبوو کە بە دەستی ژاندرمەکانی تورکیامان بدات».[8]

لە شوێنێکی تردا ئۆجەلان دەڵێت: "لە ١٩٧٧/٦/٣دا، ماوەی شەش مانگ تا ساڵێک، زانیاریی چەوت و ناڕاستم بە «پیلوت» دەدا بەو مەبەستەی ڕێگای لێ ون بکەم."[9] ساڵی ١٩٧٩ کادیرێکی ئێمە «دوغان» لە لایەن میتی تورکیاوە دەستگیر دەکرێت. ئەوکات ئۆجەلان لە تورکیا ڕای کردبوو و گەیشتبووە سوریا. لەو کاتەی پۆلیس لێکۆڵینەوەی لەگەڵدا دەکەن، لێکۆڵەرەوەکان دەڵێن: "ئۆجەلان لەبەر دەستی ئێمەدا بوو، نازانین چۆن لە ژێر چنگمان دەرباز بوو."[10]

نووسەری کتێبی «مێژووی (پ ک ک)» ڕەدی ئەو هێرش و پەلاماردانەی دەکرێتە سەر پارتییەکەیان و ئۆباڵ و بەرپرسیاریی هەڵگیرساندنی شەڕی کورد کوردکوژی دەخرێتە پاڵ، دەداتەوە و بەتوندی بەرگری لە ڕێبازی خۆیان دەکات و دەڵێت: "کاتێک ئاپۆ چاوی بە «سراج بیلیگین»[11] نوێنەری حدک ـ تورکیا کەوتبوو، سراج پێی گوتبوو: "ئەوەی بێتە کوردستان قاچی دەشکێنین." لە هەمان لاپەڕەدا هاتووە: "ئەو شوێنەی پارتیی دیمۆکراتی کوردستانی تورکیای لێ بووایە، کەس نەیدەتوانی خەباتی تێدا بکات. ماوەی پێ نەدەدرا، بەربەرەکانی دەکرا."[12]

گورجوگۆڵی و چالاکییەکانی پارتیی کرێکارانی کوردستان یەکجار بە خێرایی پەرەیان دەستاند. لە دوای تێپەڕبوونی ساڵێک بەسەر ڕاگەیاندنی شەڕی پارتیزانیدا، لە مانگی ئاداری ١٩٨٥، بڕیاری دامەزراندنی بەرەی ڕزگاریخوازیی نیشتمانیی کوردستان «ئەرنەکە»ی دا و پرۆگرامێکی تێروتەسەلی بۆ داڕشت و بڵاوکرایەوە. ئامانجە سەرەکییەکانی گەلی کوردستانی تێدا دەستنیشان کرا.

لە کتێبی «دۆزی ڕزگاریخوازیی نیشتمانی و ڕێگای چارەکردن» هاتووە، کە لە سەرەهەڵدانی (پ ک ک)دا ڕۆڵی پێشڕەویکردنی ئایدیۆلۆژیای سیاسیی پرۆلیتاریا بەدی دەکرێت. ئەوەش وایکرد کە پارتییەکە بە پشتبەستن بە پرۆلیتاریای کوردستان تێ بکۆشێت، لەسەر ڕۆشنایی و خۆپابەندکردن بە مارکسیزم لینینزمەوە و ئایدیۆلۆژیایەکی سەربەخۆ هەڵبژێرێت."[13]

لە هەمان کتێبدا بەرگری لە هەڵوێست و ڕێبازی خۆیان دەکات و ئۆباڵی شەڕ و پێکدادانەکانیان لەگەڵ پارتی و کۆڕ و کۆمەڵەکانی تردا، دەخاتە ئەستۆی «ڕێکخراوی ڕزگاریخوازیی کوردستان (کوک)» و «ڕێگای ئازادی» و «دەدەکەدە»، کە ئەوان ساڵی ١٩٧٩ هێرشیان بردووەتە سەر (پ ک ک) و دەڵێت: "بەرامبەر بەم گۆڕانکارییانەی هاتنە کایەوە پارتیی کرێکارانی کوردستان خۆی ڕەگاژۆ کرد و

شوێنی لە ڕیزی جەماوەردا چەسپاند، هێزەکانی بۆرژوای بچووک و ڕیفۆرمیست، کە لەساڵی ١٩٦٥ەوە تەیارێکی ئایدیۆلۆژیا و سیاسیان دروست کردبوو، کە بینیان دواکەوتوون و لە توانیاندا نەماوە لەگەڵ شەپۆلی پێشکەوتن و گۆڕانکاریدا ڕێ بکەن، ساڵی ١٩٧٩ یەکبوونیان ساز کرد و بە جۆرەها شێوە کەوتنە هێرش بردن بۆ سەر (پ ک ک)". [14]

لە پرۆگرامی «ئەرنەکە»دا چەند خاڵێکی سەرنجڕاکێش بەدی دەکرێن و ئەمەش ناوەڕۆکیانە:

**یەکەم**

ئا. تێکۆشان لەپێناو گۆڕینی ڕووی کۆمەڵگای کوردستانی باکوور و ڕۆژئاوای ئەنادۆڵ بۆ کۆمەڵگایەکی ئازاد و دیمۆکراسی و نیشتمانی.

ب. دامەزراندنی یەکێتیی کرێکاران، جووتیاران، لاوان، ئافرەتان.

**دووەم**

ئا. سازکردنی میلیشیای چەکداری و ڕاگەیاندنی شەڕی پارتیزانی و دروستکردنی سوپایەکی میللی.

ب. لەبەینبردنی هەموو جۆرە چەوسانەوە و داگیرکردنێکی کۆلۆنیالی تورکی، کە ئیمپریالیزمی جیهان پشتی گرتووە.

ج. پێنج خاڵیان تایبەتن بە تورکیاوە و لە خاڵی پێنجەمدا نووسراوە: "داننان بە مافی چارەی خۆنووسین بۆ ئەو گەلانەی لە سنووری ئەنادۆڵدا دەژین، سەربەخۆییان مسۆگەر بکرێت."

نووسەری کتێبی مێژووی (پ ک ک) کارێکی باشی کردووە کە هەندێ لە نهێنییەکانی پارتییەکە و ئۆجەلانی بڵاو کردووەتەوە و خستوونیەتە بەر تیشکی هەڵسەنگاندن و تۆژینەوەی خوێنەران و مێژوونووسان. بڵاوکردنەوەی ئەم جۆرە نهێنییانە و داماڵینی پەردە لە ڕوویاندا، بۆ ئایندەی نەتەوەی کورد یەکجار بەسوودە. پەند و دەرسی زۆری لێ وەردەگیرێت. خۆزیا سەرکردەی پارتییە سەرەکییەکانی کوردستان و ئەو کادیرە بەتەمەن و سەرەکییانەی لە ژیاندا ماون، قۆڵیان لێ هەڵدەکرد و بوێرانە ئەو پەیوەندی و نهێنییە گرینگانەی لایان هەیە، بڵاویان دەکردەوە و لەگەڵ خۆیاندا نەیاندەبردە ژێر خاک و گەلی کوردستانی مافخوراویان پێ هۆشیار دەکردەوە. ئەو نهێنی و پەیوەندییانە چەند زووتر ئاشکرا بکرێن، ئەوەندە زیاتر بە قازانجی داهاتووی بزووتنەوەی ئازادیخوازی گەلی کوردستان دەگەڕێتەوە. [15] بڕیاروەرگرتنی کۆتاییش لەسەر کردەوە و پەیوەندییەکان بە دوژمنانی کورد و کوردستان و وڵاتانی بیانی لە سنووری عەقڵیەتی دەروێش و پارتیایەتی تەسک و ناوچەگەرێتی دەرچێت. بەرژەوەندیی گەلەکەمان لە سەرەوەی هەموو بەرژەوەندییەکەوە دابنرێت.

لە مێژووی خەباتی گەلانی دونیا و خەباتی دوورونزیکی گەلی کوردستانیشدا نموونە لەم جۆرە پەیوەندی و سازشکارییانە بە کوردایەتیی پیرۆز فرە هەن و تا ڕۆژگاری ئەمڕۆکەش بەردەوامن. تاوتوێکردن و لێکۆڵینەوە و پشکنینی ورد لەسەر پەیوەندییە ئاشکرا و نهێنییەکانی سەرکردایەتیی گشت پارتی و کۆڕ و کۆمەڵ و کەسایەتییەکی ناسراوی کورد، ئەرک و کارێکی ڕاست و ڕەوا و پیرۆزە و دەبێت پێڕەو بکرێت. پێویست دەکات بە کێش و پێوانەیەکی دادپەروەرانە پەیوەندییەکان هەڵبسەنگێنرێن و ئاکامەکەش بەوەوە بەند بێت ئایا بۆ قازانج و بەرژەوەندیی گەلی کوردستان بووە، یان بۆ سوودی داگیرکەرانی نیشتمانەکەمان گەڕاوەتەوە!

هەر لە دوای شەڕی عیراق ـ کوەیت گۆڕانکارییەکی چۆنێتی بەسەر باری ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاستدا هات. ڕاپەڕینە پیرۆزەکەی خەڵکی کوردستانی باشوور، مانگی مارتی ١٩٩١، هەرێمەکەی گرتەوە و دەستەڵات کەوتە دەست هێزەکانی بەرەی کوردستانی. ئامێر و دامودەستگا سەرکوتکەرەکانی ڕژێمی بەعسی عیراق خۆیان پێڕانەگیرا و پارێزگاکانی هەولێر، سلێمانی و دهۆک و بەشێک لە پارێزگای کەرکووک و خانەقینی جێهێشت. وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا و چەند وڵاتێکی تری ئەورووپا، پاراستنی هەرێمەکەیان لە پەلاماردانی عیراق خستە ئەستۆی خۆیان.

پارتی کرێکارانی کوردستان (پ ک ک) کەوتە جموجووڵ و بزووتنەوە و بە پەلە توانی لە ماوەیەکی کورتدا بە سەدان چەکهەڵگر و چەکی زۆر و پارەو پووڵ و کادێری خۆی بگەیەنێتە کوردستانی باشوور. هەر لە سەرەتاوە هەڵوێست و ڕێبازی دووربینانە لەم جموجووڵەیدا بەدی نەدەکرا و دوچاری سەرلێشێوان و لەخۆبایبوون بوو و کەوتە تەقەلا و کۆشش بە مەبەستی ئەوەی دەست بەسەر هەرێمەکەدا بگرێت. پارتییەکی کارتۆنی بە ناوی پارتی ئازادیی کوردستان (پاک) پێکهێنا و هەر کە حکوومەتی هەرێم لە هەولێر ڕاگەیەنرا (پ ک ک) بە توندی کەوتە دژایەتیکردنی، جۆرەها کۆسپ و تەگەرەی نایەوە، بارێکی ناهەمواری دروست کرد و کەوتە داگیرکردنی گوندەکانی سەر سنوور. شەڕ و ئاژاوەی هەڵگیرساند، کەوتە تیرۆرکردنی پێشمەرگە و دانیشتووانی گوندەکان. ئەگەر هەر لە سەرەتاوە بە گفتگۆ و ئاشتییانە لەگەڵ حکوومەتی هەرێمدا ڕێک بکەوتایە و داوای یارمەتی و وەرگرتنی شوێنی بکردایە بۆ بریندار و نەخۆش و خێزانە ڕاکردووەکانی کوردستانی باکوور، شیمای ئەوە هەبوو ئەوەی ڕوویدا، ڕوو نەدات و خەڵک دوچاری ئەو هەموو گیرگرفتانە نەبووایە و نائارامی و ناجۆریی نەکەوتایەتە هەرێمەکەوە. بێجگە لەمانەش ئەو هەموو زەرەر و زیانەش لە گەلی کوردستان نەکەوتایە، تا بۆ داگیرکەرانی وڵاتەکەش، لە سەرووی هەموویانەوە تورکیای تۆرانیست، ببێت بە هەلی زێڕین بۆ بەدیهێنانی مەرامەکانیان.

سەرسووڕمان و سەیر لەوەدایە کە لە هەمان کات و دەوردا سەرکردایەتیی (پ ک ک) و بە دەنگی عەبدوڵڵا ئۆجەلان خۆی چەند جار لە یەکلاییەوە شەڕی دژی تورکیا دەوەستاند و کاربەدەستانی تورکیاش هیچ وەڵامێکیان نەدەدایەوە و شێتگیرتر دەبوون لەسەر ڕاونان و بەربەرەکانیکردنی پێشمەرگەکانی (پ ک ک) و گەلی کوردستانی باکوور، کەچی بە پێچەوانەوە ئەوپەڕی هەڵوێستی ناڕەوا و توندوتیژی و نەیاری بەرانبەر بە حکوومەتی هەرێم دەنواند و ڕووی ئاشنایی تێدا بەدی نەدەکرا.

ئۆجەلان لە چاوپێکەوتنێکیدا لەگەڵ نووسەری تورک یالچین کوچوک دەڵێت: "ساڵی ١٩٩٣ دەبێت بە ساڵی شەڕ و پێکدادانی فراوان، لەڕاستیدا ئێمە ئارەزوومەندی ئەم شەڕ و کوشتوبڕییە نین، بەڵام کە

**(پ ک ک) له درێژایی خەبات و تەقەلا سەخت و دژوارەکەیدا بە گەلێک هەڵەی زل و زیانبەخش هەڵساوە، ئاسەواری نارەوا و ناهەمواری کردووەتە سەر کاروانی تێکۆشان. زیانی بە خۆیان و بە گشت بزووتنەوەی رزگاریخوازیی کوردستان گەیاندووە.**

دەوڵەت دژی چارەکردنی سیاسی بێت، کە بە بەرزترین شێوازی مرۆڤایەتی و نیشتمانی دەژمێردرێت. پێویست دەکات لەسەر ئەم رێگایە برۆین، کەچی وەڵامی پێشنیارەکانی ئێمە و داوا رەواکانمان نادەنەوە. تاوانی تێرۆریستی، جیاوازخوازیمان دەخەنە پاڵ، هەمیشە ئێمە سوورین لەسەر چارەکردنی ئاشتییانە. ئەگەر برایەتیی گەلی کوردیان دەوێت، با برایەتییەکی نموونەیی و پتەو بنیات بنێن. ئەگەر ئاواتیانە تورک بەهێز بێت، با رێگای راست و رەوا و ژیرانە بگرنە بەر. دڵ و دەروونمان بۆ ئەوە کراوەتەوە.[16]

پێش ئەم دیدمنییەش ساڵی ١٩٨٩ ئۆجەلان بە سەرنووسەری گۆڤاری «بەرەو دووهەزار»ی تورکی گوتبوو: "وەرە با پێکەوە شانبەشانی یەک بوەستین. خۆمان لە یەکتر جیا نەکەینەوە، جیاوازی نەکەوێتە نێوانمان، سیاسەتی هاوکاری و دۆستایەتی سەردەکەوێت، نابێت ببین بە نۆکەری ئیمپریالیزم. با پێکەوە سۆسیالیزمی تورکیا پێڕەو بکەین. بە بنیاتنانی سیستێمی سۆسیالیستی، کوردەکان بە ئاوات دەگەن."[17] کەچی لە هەمان کاتدا هەڵوێستی بەرامبەر بە باری سیاسیی کوردستانی باشوور لە ئەوپەڕی توندوتیژی و دژایەتیکردن و ناحەزی و هەڕەشە و شەڕپێفرۆشتندا بووە. پەنجە بۆ کاروباری هەرێمەکە درێژ دەکەن، بە زەقی هاوار دەکەن و خوازیارن دەستەڵاتی هەرێمەکە بکەوێتە ژێر چنگیان، دەنا دەبێت ئەم دامودەستگایە تێکوپێک بدرێت!

دەمێک ساڵە، ژمارەیەک لە پارتی و گرووپ و کەسایەتییەکانی کوردستان، یەکجار بە رەشبینییەوە تەماشای (پ ک ک) دەکەن. لە خانەی دوژمنی سەرەکیی داهاتووی کورد و کوردستاندا دایدەنێن. پێیان وایە کە بروای پێ ناکرێت و شیاوی دۆستایەتی نییە!

(پ ک ک) لە درێژایی خەبات و تەقەلا سەخت و دژوارەکەیدا بە گەلێک هەڵەی زل و زیانبەخش هەڵساوە، ئاسەواری نارەوا و ناهەمواری کردووەتە سەر کاروانی تێکۆشان. زیانی بە خۆیان و بە گشت بزووتنەوەی رزگاریخوازیی کوردستان گەیاندووە. تا لەسەر هەمان رێبازیش سوور بن و بەردەوام بن، مەترسی زیاتر لەسەر دۆزی گەلی کوردستان پەیدا دەبێت. بۆیەکا پێداویستییەکی مێژوویان کەوتووەتە ئەستۆ، کە بەبێ وەخراندن بکەونە رەخنەگرتن لە کردەوەکانیان و دەست بە پێداچوونەوەیەکی زانستییانە بەسەر رێباز و هەڵوێستەکانیان بکەن. بە کردەوەش هەنگاوی تازە بنێن بۆ رەخساندنی کەشوهەوایەکی ئیجابی لەگەڵ گشت هێز و پارتییە کوردستانییەکان و بە گیانێکی دیمۆکراتیانەش رەفتار لەگەڵ رووداوەکان و واقیعی کوردستاندا بکەن. گومان لەوەدا نییە کە ئەوکات، هێدی هێدی، بەستەڵەکی رق و کینە و ناحەزییەکان دەشکێت، زەمینەیەکی تر دەخوڵقێت و رەوت و پەیوەندی و دۆستایەتی گەشە دەکات و سەرتاپای هێزە کوردستانییەکان و هۆش و هەستی خەڵکەکەش دەکەوێتە بارێکی ترەوە، ئاسۆیەکی گەش و رووناک دەردەکەوێت.

ئۆردووگا و بلۆکی هێزەکانی چەپ یەکجار بەربڵاو و فراوانە. ژمارەیەکی زۆر لە پارتی و کۆڕ و کۆمەڵ و گرووپ و کەسایەتی دەگرێتەوە. بە ڕا و بۆچوون و قەناعەتم (پ ک ک) پارتییەکی کوردیی چەپە، جەماوەرێکی یەکجار زۆری لەگەڵدایە، رۆڵێکی دیاری لە گەشەپێدان و جۆش و گۆشکردنی بزووتنەوەی کوردایەتی، بەتایبەت لە کوردستانی باکووردا، بینیوە. کەس نییە بتوانێت نکۆڵی لەوە بکات کە (پ ک ک) پلەی کێشەی کوردی بەرزتر کردەوە و ناسنامەی کوردی لە فەوتان و لەناوچوون رزگار کرد، دەنگی خەبات و قوربانیدانەکانی کوردی فراوانتر بە دونیا ناساند. ژمارەیەک پرۆژە و کاری بەهاداری ئەنجام دا و سوودی بە داهاتووی چل ملیۆن کورد گەیاند، وەک بڵاوکردنەوەی چەندین گۆڤار و رۆژنامە لە تورکیا و وڵاتانی بیانیدا، بایەخدان بە ئافرەتی کورد و لاوان، بە کەمایەتییە ئایینییەکان. دامەزراندنی یەکەم ساتەلایتی تەلەفزیۆن «مەد تیڤی» و پەخشکردن بە چەند زمان و زاراوە، بە هەنگاوی پیرۆزی شۆڕشگێڕیی مێژووی لە قەڵەم دەدرێت. لە رووی فەرهەنگ، مۆسیقا و گۆرانی، وێژە و نەریت و کولتووری نەتەوەییەوە، هەموو گەلی کوردستانی گەورەی لە یەکتر نزیک کردەوە و بە یەکتری ناساندن. پیادەکردنی ئەم جۆرە کار و ئەرکانە بۆ گەلێکی بێ دەوڵەت، ژێردەست و دوژمن زۆر، لە جیهاندا وێنەی کەمە. ژیرانەش توانیویەتی شەڕی شاخ و پارتیزانی بە راپەڕین و بزووتنەوەی جەماوەری ناو شارەکانی کوردستانی باکوور و تورکیا بە یەکترییەوە گرێ بدات و دەوڵەتی تورکیا بخاتە قەیرانێکەوە کە بە سانایی لێی دەرباز نەبێت.

وەک لە چەند شوێندا هاتووە، لە ساڵی ١٩٩٣ەوە (پ ک ک) داوای چارەکردنی ئاشتییانەی کێشەی کورد و ئەنجامدانی مافە رەواکانی گەلی کوردستانی باکوور دەکات. لە دوای زیندانیکردنی عەبدوڵڵا ئۆجەلانەوە داواکە مەودای پانوپۆڕتر بووە و گرینگی زیاتری پێدراوە، بەڵام رژێمی تورکیای کەمالیست سوورە لەسەر هەمان پرۆگرام و یاساکانی ١٩٢٥ کە مستەفا کەمال دایرشتوون، کە ئەمەش دژی گۆڕان و پێشکەوتن و مێژووە.

بۆ ئەوەی کاروانی پیرۆزی تێکۆشانی نەتەوەی کورد بە تەواوی و رێکوپێک بۆ پێشەوە بڕوات و سەرکەوتن مسۆگەر بکات، لە ئەرکی (پ ک ک)دایە کە بوێرانە ئەم هەنگاوانەی خوارەوە بگرێتە بەر و پێڕەویان بکات:

١- سیاسەت و هەڵوێستی نەیاریی و دوژمنایەتیکردنی بەرامبەر بە حکوومەتی هەرێم و کوردستانی باشوور بگۆڕێت، هێزی چەکداری

خۆی لە هەرێمەکە بکشێنێتەوە. ئەگەر بیەوێت و ئارەزوومەندی ئەوە بێت، لە ڕووی کۆمەڵایەتی و نەتەوەییەوە سوود لە بار و خاکی هەرێمەکە وەربگرێت، بکەوێتە گفتگۆکردنی ئاشتییانە لەگەڵ یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان و پارتیی دیمۆکراتی کوردستانی عیراق و تەقەلا بدرێت لەسەر باشترین شێوەی هاوکاری و هاریکاریی برایانە ڕێک بکەون بۆ ڕەچاوکردنی بەرژەوەندیی نەتەوایەتی.

٢- بە بوێری و ئازایانە بکەوێتە پێداچوونەوە لەسەر گشت کردەوە ڕابوردوو و کۆنەکانی و ڕەخنەی توند لە هەڵەکانی بگرێت. بەڵێن و پەیمانی خۆڕزگارکردن لە سیاسەتی کۆنی ڕابگەیەنێت. بەم هەنگاوەش قازانج و خزمەتی گەورە بە خۆیان و سەرلەبەر گەلی کوردستان دەگەیەنێت. بەرە لە ژێر پێی ناحەز و دوژمنانی گەلی کورد دەردەهێنێت و بەمەش سەردەمێکی نوێ لە مێژووی خەباتی نەتەوەییماندا دەست پێ دەکات.

٣- پەیوەندیی سیاسی، فیکری و کۆمەڵایەتی لەگەڵ جەماوەری کوردی ئەنادۆڵ پتەوتر بکات. بایەخ بە گرفتەکانی بژێویی ڕۆژانە، ئابووری، فەرهەنگی، تەندرووستی بدات. تێ بکۆشێت داوای ڕۆژانەی گەل و تەوەرە جیاجیاکان بە ڕەوتی خەبات و ئامانجە ستراتیژییەکانی گەلی کوردستانەوە ببەستێتەوە و بە یەکترەوە گرێیان بدات. چەند لەم تاکتیکانەدا سەرکەوتن بە دەست بهێنێت، ئەوەندە ڕۆڵی لە پانتایی ئاسیای بچووکدا کاریگەرتر دەبێت. دوژمن هەراسان دەکات، هەزارویەک حسێبی بۆ دەکرێت و دوژمنان ناچار دەکرێن بە چۆکدا بێن.

٤- پرۆژەی بەرەیەکی نەتەوەیی دیمۆکراتی وەک پێشنیار و بانگەواز ئاراستەی سەرتاپای پارتی و گرووپ و هێز و کەسایەتییە ناودارەکانی کوردستانی باکوور بکات و بە پشووی درێژ و عەقڵیەتێکی کراوە و هۆشیارەوە بە گفتوگۆی برایانەی یەکسان دەرس بکرێت. بە کردەوەش لە سەرکردایەتی و ڕێکخراو و بنکەکانیاندا پێشان بدات کە گۆڕاوە و دڵسۆزانە تەقەلا دەدات لەسەر ڕێبازی پێشووی خۆ ڕزگار بکات. بەم هەنگاوانە زەمینەی لەبار و بڕوابەیەکترکردن لە ڕیزی هێزەکانی چەپ و پێشکەوتووخوازدا سەرهەڵدەداتەوە.

٥- تورکیا لە قەیرانێکی سیاسی، ئابووری و کۆمەڵایەتیی یەکجار قووڵ و دژواردا دەژیت، ئایدیۆلۆژیای کەمالیزم کەوتووەتە دووڕێیانێکەوە، لە ئەرکی (پ ک ک) و سەرتاپای هێز و پارتییەکانی کوردستانی باکووردایە، کە نەهێڵن لێی دەرباز ببێت. بە کورجوکۆڵی و چالاکانەتر تەقەلا بدات پەیوەندیی سیاسی و پرۆگرامی لەگەڵ هەموو هێزە چەپەکانی تورک و کەمەنەتەوەکان وەک لازە، عەرەب، سریان و ئەرمەن پتەوتر بکات و فراوانتر پەرە بە خەباتی جۆراوجۆر و هاوبەشیان بدەن. ڕەگوڕیشەی ڕژێمی کەمالیستەکان لە کۆنەڵدا هەڵبکێشن.

لە ڕۆژگاری ئەمڕۆدا ئەرکێکی مێژوویی گرینگ دەکەوێتە ئەستۆی گشت ئەو هێز و پارتی و کۆڕ و کۆمەڵانەی لە بەرەی دژایەتیکردنی (پ ک ک)دا دەجەنگن، لەپێناو بەرژەوەندیی داهاتووی چل ملیۆن کوردی بێ ماف و بێ دەوڵەتدا، هەرلایە و لە لایەن خۆیەوە بکەوێتە پێداچوونەوەی بابەتییانە لەسەر کارەکانی ڕابوردوو و ئێستایان. بە دڵسۆزی و بەجەرگانە قۆڵی لێ هەڵماڵن و لاپەڕەیەکی نوێ لەنێو خۆیاندا بکەنەوە و کورد گوتەنی: چەپڵە بە دەستێک لێ نادرێت!" با سەرجەم گەلی کوردیش، وەک گەلانی تری ئەم دونیایە، بە یەکگرتوویی تێ بکۆشن و کاروانی پیرۆزی بزووتنەوەی ڕزگاریخوازیی نەتەوەکە لە تەنگوچەڵەمەی نێوخۆ ڕزگار بکرێت، سوود لە سیماکانی شارستانییەت، پێشکەوتنی مرۆڤایەتی، مافی ڕەوای یەکسانی بۆ گشت گەلان، گەورە و بچووک، پاراستنی مافی مرۆڤ و سروشت وەربگرن.

ئەو خوێنەی کە بۆ دووسەد ساڵ دەچێت لەپێناو کوردایەتیدا دەڕژێت با بە فیڕۆ نەچێت. دەرس و پەند لە گشت شۆڕش و قوربانییەکان وەربگیرێت. ئەزموون و تاقیکردنەوەی تێکۆشانی هەموو گەلانی جیهان پێشانی داوە کە بە یەکێتی و یەکبوونی ڕیزەکانی گەل نەبێت مەحاڵە سەرکەوتن بە دەست بهێنرێت.

**تێبینی نووسەر**

ئەم گوتارە بەشێکی کەمە لە وانەیەکی دووردرێژ، کە دەربارەی بیرۆکەی چەپ و ڕاپەڕینەکانی شۆڕشگێڕی کوردستان لە کتێبێکی قەوارە گەورەدا نووسیومە و بەم زووانە دەکەوێتە بەر دەستی خوێنەرانی کوردی ئازیز و توێژینەرانەوە. خوازیارم شیاوی سەرنجدانیان بێت.

**سەرچاوە و پەراوێزەکان**

١- ترکیا فی الزمن المتحول، محمد نورالدین، ص ١٠.
٢- هەمان سەرچاوە، ص٤٧.
٣- هەمان سەرچاوە، ص٤٨.
٤- دوو نوێنەری (پ ک ک)م دەبینی، لای من ناویان عەباس و هەمزە بوو، لە سوید زانیم کە یەکێکیان شەهید کراوە.
٥- لازە، کەمە نەتەوەیەکی بچووکە لە باکووری ئەنادۆڵ، لێواری دەریای ڕەش و ناوچەکانی سامسون و تەرابزوندا دەژین.
٦- ملحمه الانبعاث، من منشورات پ ک ک، ص٨٩.
٧- هەمان سەرچاوە، ص٩٢.
٨- هەمان سەرچاوە، ص٩٤.
٩و ١٠- مێژووی پارتی کرێکارانی کوردستان pkk، جمعه، ص١٣٨.
١١- د. سراج بیلیگین: چەند ساڵە لە سوید، شاری ئوپسالا، دەژی. دکتۆرای لە بەشی مێژووی زمانزانیدا هەیە. لایەنگری (پ ک ک)یە و لە هەموو هەڵسوکەوتیدا لە دوای دەنگی ئەوانەوەیە.
١٢- قضیته التحرر الوطنی فی کردستان و طریقه العمل، منشورات پ ک ک، ص١٣٢.
١٣- هەمان سەرچاوە، ص١٣٧.
١٤- هەمان سەرچاوە، ص١٣٧.
١٥- لە دوای ساڵی ١٩٩١ەوە ژمارەیەک یاداشت و بڵاوکراوە لە لایەن ژمارەیەک لە برایانی خەباتگێر بڵاوکراونەتەوە، کۆمەڵێ نهێنییان تێدا هەیە، وەلێ کەمن و بنەڕەتییە هەرە سەرەکییەکان نین.
١٦- قضیته التحرر...، ص٢٢٣-٢٢٠.
١٧- ملحمه الانبعاث، ص٣٥١.

# شەڕی نوێی دژ بە تێرۆریزم

نوئام چامسکی (Noam Chomsky)

مامۆستای زمانناسی ئەنستیتووی تێکنۆلۆژیی دانیشگای ماساچوسێت ـ ئەمریکا

وەرگێرانی: قاسم رەیانی

ئەمن لەو باسەدا دوو فەرزان لە بەر چاو دەگەرم. یەکەمیان ئەوەیە کە رووداوەکان لە رووی فاکتەکانی سەلماو چاو لێدەکەم. رووداوی ۱۱ی سێپتامبر جینایەتێک بوو کە ڕەنگەلە مێژوودا بوو بێتە هۆی دەستبەجێی مەزنتەرین ژمارەی کوژراوان، ئەگەر شەڕی لێدەرباوێین.

فەرزی دووەم دەگەڕێتەوە سەر هەدەف. ئەگەر ئەوەی قەبوڵ بکەین، ئەوسا ریزە پرسیارێک دێنەگۆڕێ کە لە پێوەندی نزیک دان. پرسیاری هەرە گرینگ ئەوەیە: ئێستا چ ڕوودەدا؟ وە دوای ئەوە پرسیارێکی دیکەش دەسبەجێ دێتەگۆڕێ: ئێمە دەتوانین چ دەگەڵ ئەوە بکەین؟

پرسیاری دووەم پێوەندی بەو فەرزەوە هەیە کە ئەوەی رۆژی ۱۱ی سێپتامبرڕوویدا شتێکی مێژوویی بوو و لە داهاتوودا مێژووش دەگۆڕێ. من ئەوەم پێ راستە. ئەوە ڕووداوێکی مێژوویی بوو و، ئەو پرسیارەی ئێمە دەبێ لە خۆمانی بکەین ئەوەیە: بە وردی بۆچی ئەوە شتێکی مێژوویی بوو؟

سێهەمین پرسیار مەسەلەی "شەڕی نوێی دژی تێرۆریزم"ە. بە وردی ئەوە بە چ مانایەکە؟ وە پرسیارێکی دیکەش کە پێوەندی نەپچڕاوی لەگەڵ ئەوەدا هەیە دێتەگۆڕێ ئەویش ئەوەیە: تێرۆریزم چییە؟

چوارەمین پرسیار کە زۆرتر بەرتەنگترە بەڵام گرینگە، لە ئاست ئەو هۆیەیە کە لە پشت جینایەتی ۱۱ی سێپتامبرەوە بوو.

پێنجەمین مەسەلەش کە من باسی لە سەر دەکەم شتێکە کە چ ڕێبازێکی سیاسی دەتوانرێ هەبێ بۆ ئەوەی شەڕی دژی تێرۆریزم وەڕێخرێ.

## ۱) ئێستا چ ڕوودەدا؟

من لە بابەت ئەفغانستانەوە دەدوێم. لەو پێوەندییەدا خۆم بە تەواوی بە سەرچاوەی بێ قرەی وەک نیویۆرک تایمز دەبەستمەوە. بە گوێرەی نیویۆرک تایمز، لە نێوان ۷ هەتا ۸ میلیۆن کەس لە ئەفغانستاندا برسێتی هەڕەشەیان لێدەکا. ئەو فاکتە لە راستیدا پێش ۱۱ی سێپتامبرە. رۆژی ۱٦ی سێپتامبر نیویۆرک تایمز راپۆرتی دا کە دەوڵەتی ئەمریکا ویستوویەتی لە پاکستان پێش بەو لۆری و ماشێنە بارییانەی کە خواردەمەنی و یارمەتی دیکە بە خەڵکی ئاسایی ئەفغانستان دەگەیەنن، بگرێ. هەتا ئەو جێگایەی من ئاگادارم هیچ دژکردەوەیەک لە ئەمریکا یان ئورووپا سەبارەت بەو مەسەلەیە نەکرا.

هەڕەشەی هێرشی نیزامی لە سێپتامبردا کرێکارانی یارمەتیدەری نێونەتەوەیی ناچارکرد وڵات بەجێبێڵن، کە ئەوەش یارمەتییەکانی سەقەت کرد. کرێکارێکی یارمەتیدەری گواستراوە لە نیویۆرک تایمزدا دەڵێ: ئەو وڵاتە خۆی بە بەندێکی باریکی ژیانەوە بەستۆتەوە و، ئێمەش راست ئەو بەندەمان هەڵبڕیوە. وەکی نیویۆرک تایمز دەنووسێ، بە گوێرەی لێکدانەوەکانی رێکخراوی نەتەوە یەکگرتووکان، بە زوویی ۷/٥ میلیۆن ئەفغانی نیازی دەسبەجێیان بە تەنیا کوتە نانێک هەیە و، ئەوەش لە حاڵێکدایە کە تەنیا چەند حەوتووی بۆ زستانی سەخت ماوە و گەیاندنی یارمەتی لە چەندین ناوچەدا بە تەواوی نامومکین دەکا، بەڵام لە بەر بۆمبارانەکان یارمەتییەکان بە قەوارەی نیوەی خۆیان گەیشتوون. ئەوە بە ئێمە دەڵێ کە شارشتانیەتی رۆژئاوا ــ بۆخۆتان حیسابی کەن، نزیک بە ۳ تا ٤ میلیۆن خەڵک یان شتێکی ئاوا قەسابی دەکا. هەمان رۆژ سەرکردەکانی شارستانیەتی رۆژئاوا پێشنیاری وتووێژ سەبارەت بە هەدەفی دیاریکراو، ئوسامە بن لادین و، داوای نیشاندانی فۆڕمێک لە بەڵگە و سەنەدیان ڕەتکردەوە. هەر لە هەمان رۆژدا نوێنەری تایبەتی بەرپرسی یارمەتییەکانی ئەمریکا سەر بە رێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان، داوای کرد کە بۆمباردومانەکان بە مەبەستی رزگارکردنی گیانی بە میلیۆن قوربانی، ڕابگیرێ. هەتا ئەو جێگەیەی من دەزانم ئەوە راپۆرت نەکرا. بێ هیچ لەمپەرێک پیاو دەتوانێ بە هێنانەوەی وێنەی زۆری دیکە درێژە بدا، بەڵام تەواوی ئەوانە لەپێش هەموو شتێکدا ئەوە بە ئێمە نیشان دەدەن کە چ شتێک دێ و ڕوودەدا. ئەوە وەک ئەوە دەچێ کە ئەوەی ڕوودەدا چەشنێک کوشتاری بەکۆمەڵ کە لە بێدەنگیدا دەقەومێ.

### ٢) بۆچی ڕووداوێکی مێژوویی بوو؟

له وانەیە ژمارەی کوژرانی دەستبەجێ بوو، کە جینایەتێکی ئەوتۆی هەتا ئێستا وەدیهێناوە. ڕووداوێکی مێژوویی بوو چونکە شتێک گۆڕدرا. ئەوەیکە هاتە گۆڕان، ڕەوتی سیلەی تفەنگەکە بوو کە نیشانەگیرا. ئەوە تازەیە، شتێکی لەبنەڕەتەوە تازەیە.

دوایین جار کە خاکی ئەمریکا هێرشی کرایە سەر،ساڵی ١٨١٤ بوو کە بریتانییەکان شاری واشینگتۆنیان سوتاند. لە ماوەی ٢٠٠ ساڵی ڕابردوودا ئێمە، واتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا، بە میلیۆن خەڵکی ئەسڵی ئەو سەرزەمینەمان وەدەر ناوە و، بە لانی زۆرەوە لە ناومان بردوون. نیوەی خاکی (مەکزیک)مان داگیر کرد، لە سەرانسەری ناوچەدا عەمەلیاتمان بەڕێوە برد، لە کارائیب و ئەمریکای ناوەندی. ئێمە هاوایی و وڵاتی (فیلیپین)مان داگیر کرد کە بە سەدان هەزار خەڵکمان کوشت. لە شەڕی دووی دنیاگرەوە هەتا ئێستا، ئەمریکا مەیدانی مانۆڕی لە دەوروبەری جیهاندا پەرە پێداوە بە شێوەیەک کە هەر حەوجێ بەوە ناکا من ئیشارەیان پێبکەم. بەڵام هەمیشە مەسەلەکە لە بابەت کوشتنی خەڵکی دیکە بووە، شەڕەکان بردراونە شوێنێکی تر، ئەوە خەڵکی دیکە بوو کە قەڵاچۆکران.

لە بابەت ئورووپاوە گۆڕانکارییەکە لەوە زیاتر دراماتیکتر بووە، لەبەر ئەوە کە مێژووی قارەی ئورووپا لە هی ئێمەش پتر ترسێنەرترە. لە ماوەی سەدان ساڵ ئورووپا بێ هیچ لەمپەرێک لە سەرانسەری جیهاندا خەڵکی قەسابی کردووە. بەو جۆرە بوو کە ئەوان دنیایان داگیرکرد نەک لە ڕێگای نوقڵ دابەشکردن لە نێوان منداڵاندا. کۆنگۆ هێرشی نەبردە سەر وڵاتی بێلژیک، هیندوستان هورووژمی نەبردە سەر ئینگلیس، ئەلجەزایر هێرشی نەکردە سەر فەڕەنسا.

دیسانیش دەگمەنێکی خراپتر پەیدابووە، بەڵام لە پلەیەکی بچووکتردا. ئەوە یەکەمین گۆڕانکاریی یە، یەکەمین جارە کە تفەنگەکە بەرەو لایەکی تر سیلەی لێ گیراوە.

### ٣) شەڕی دژی تێرۆریزم بە چ مانایەکە؟

شەڕی دژی تێرۆریزم لە پلەی بەرزدا وەک خەبات دژی تاعوونێک لە قەڵەمدراوە کە بە هۆی بەربەران، "دژکارانی سوننەتی شارستانیەت" بڵاو دەکرێتەوە. ئەوە شتێکە کە منیش دەگەڵی هەم. ئەو ڕستەیەی من هێناومەتەوە ماوەی بیست ساڵ لەوەپێش لە لایەن پرێزیدێنت ڕێگان و وەزیری کاروباری دەرەوەی وی، ڕاگەیێندرا. بەڕێوەبەرایەتی ڕیگان، لە ڕێگای دامەزراندنی تۆڕێکی بێهاوتای تێرۆریزمی نێونەتەوەیی وەڵامی ئەو تاعوونەی دایەوە، کە لە هەموو کاتێک مەزنتر بوو و، ژمارەیەک کارەساتی لە ڕادەبەدەر بێڕەحمانەیان لە سەرانسەری جیهاندا خوڵقاند. من تەنیا باسی ونەیەک دەکەم. ئەویش لەمەڕ تێرۆریزم کە پتر لە ڕووداوەکانی ١١ی سێپتامبر توندتر بوو. من قسە لە شەڕی ریگان و ئەمریکا دژی نیکاراگوا دەکەم. نیکاراگوا وەڵامی بەوە نەداوە کە لە واشینگتۆن بۆمب بتەقێنێتەوە. ئەوان مەسەلەکەیان بە بردنی بابەتەکە بۆ دادگای نێونەتەوەیی وەڵامداوە. دادگای نێونەتەوەیی بە سوودی ئەوان دەنگی دا و ئەمریکای مەحکووم کرد. ئەو حوکمە بە نێوی "زۆرداریی ناقانوونی" دەرکرا کە ئەوەش وشەیەکی دیکەیە بۆ تێرۆریزمی نێونەتەوەیی و، بە ئەمریکا ئەمر کرا کە کاری ناقانوونی خۆی کۆتایی پێبێنێ و کلوورێکیش پارە وەک جەزا بدا بە نیکاراگوا. بەڵام ئەمریکا بە تەواوی حوکمی دادگای بە سووکێتی ڕەتکردەوە و ڕایگەیاند کە لەوە بە دوا ئەمریکا مافی حقووقی ئەو دادگایە ناسەلمێنێ. ئەوسا دەوڵەتی نیکاراگوا ڕووی لە شۆڕای ئەمنیەتی ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان کرد کە ئەویش باسی بڕیارێکی دەکرد کە داوای لە گشت وڵاتانی ئەندام کرد کە قانوونەکانی نێونەتەوەیی بەجێبگەیەنن، بەڵام ئەمریکا ئەو بڕیارەی ڤێتۆ کرد. نیکاراگوا ئەو جار ڕووی لە شۆڕای گشتی کرد کە بە ڕەسمی مافی ڤێتۆکردنی تێدا نییە، بەڵام لەوێ دەنگێکی "نا"ی ئەمریکا لە کردەوەدا بە مانای ڤێتۆیە. شۆڕای گشتیش هەر بڕیارێکی وەک شورای ئەمنیەتی دەرکرد بەڵام تەنیا ئەمریکا و ئیسرائیل و ئێلسالڤادۆر دەنگی دژیان دا.

ئەمریکا دەستبەجێ وەڵامی دادگا و شۆڕای گشتی بە ڕاگەیاندنی شەڕ داوە. بۆ یەکەمین جار بە ئەرتەشی تایبەتی تێرۆریزم دەستوور درا هێرش بکردرێتە سەر "هەدەفی نەرم"، کە بە مانای خەڵکی بێدیفاعی ئاسایی یە و، هەروەها دووریکردن لە پێکدادان دەگەڵ ئەرتەشی نیکاراگوا. ئەوە لە پێش هەموو شتێکدا نیشاندەدا کە تێرۆریزم وەگەڕدەکەوێ، زەبروزەنگ ئەغڵەب کاری خۆی دەکا. ئاوایە مێژووی جیهان.

بۆ وێنە نازیستەکان چاولێکە. ئەوان تێرۆریزمیان لەو وڵاتانەی داگیریان کردبوو بە کار نەدەهێنا. ئەوان خەڵکی ئەوێندەرێیان دژی تێرۆریزمی پارتیزانەکان دەپاراست. نازیستەکان سیاسەتی ئانتی تێرۆریزمیان بەکاردەهێنا. ئەمریکاش بە تەواوی مانا لەگەڵ ئەو ڕێبازە بوو. پاش تەواو بوونی شەڕ ئەرتەشی ئەمریکا ئانتی تێرۆریزمی نازیستەکانی ئورووپای بە وردی خستە بەر لێکۆڵینەوە. دەبێ بڵێم کە ئەمریکا لە پێشدا خۆی دەستی بەوە کرد عەملیاتەکان ئەنجام بدا، زۆربەی جار دژی هەمان هەدەفی دیاریکراو بوو، واتە دژی بزووتنەوە بەرهەڵستکارییەکانی پێشوو. ئەو مێتۆدانە هاوڕێ دەگەڵ پەندەکانی وێرماخی ئەفسەر کە هێنرایە ئێرە، بوو بە کتێبی ڕێنوێنی بۆ خەبات دژی شۆڕش، دژی تێرۆر و کێشە درێژخایەنەکان.

ئەودەوڵەتەی کە زۆرترین مافەکانی مرۆڤی لە دەیەکانی ٩٠ لە ژێر پێ ناوە، کلۆمبیایە. ئەو دەوڵەتە هەروەها وەرگری گەورەترین یارمەتی نیزامی ئەمریکا لە ناوچەدا بووە لە ماوەی دەیەکانی ٩٠دا، کە زەبری تێرۆری دەکار هێناوە و مافەکانی مرۆڤی پێشێل کردووە. ساڵی ١٩٩٩ کلۆمبیا جێگەی تورکیای وەک مەزنترین وەرگری یارمەتی نیزامی ئەمریکا لە سەرانسەری جیهاندا، گرتەوە، هەڵبەت بێجگە لە ئیسرائیل و میسر کە ئەوانە بابەتێکی جیاواز پێکدێنن.

بەڵام بۆچی تورکیا ئاوا بە لێشاو ئەو گشت چەکەی ئەمریکای وەرگرت؟ تورکیا هەمیشە ژمارەیەکی زۆری چەکی ئەمریکای وەرگرتووە. تورکیا لە شوێنێکی ستراتێژیک هەڵکەوتووە و ئەندامی ناتۆیە و هتد. بەڵام ناردنی چەک لە ساڵی ١٩٨٤وە ڕووی لە زۆر بوون

کرد. ئەوە هیچ پێوەندییەکی بە شەڕی ساردەوە نەبوو. سۆڤیەت کە وا خەریکی رووخان بوو. ناردنی چەکوچۆڵ لە ساڵی ١٩٨٤ەتا ١٩٩٩وە یەکجار ڕوو بە زۆری چوو، کاتێکیش ناردنی چەکوچۆڵ کەم بۆوە کلۆمبیا جێگەی تورکیای گرتەوە وەک سەرۆکی وەرگری چەکەکان. لە نێوان ساڵەکانی ٨٤ تا ٩٩ چ روویدا؟ بەڵێ، تورکیا لە ساڵی ١٩٨٤ دەستی بە تێرۆرێکی بەربڵاو بە دژی کوردەکان لە باشوری رۆژهەلاتی تورکیا کرد. لەو کاتەوە بوو کە یارمەتی نیزامی ئەمریکا رووی لە زۆربوون کرد. ئەوەش قسەی دەمانچان نەبوو، بەڵکوو قسە لە سەر فڕۆکەی جێت، تانک، فێربوونی نیزامی و هتد.. بوو.

یارمەتی نیزامی هەر بەرەو زیاد بوون دەچوو لە حاڵێکدا بێرەحمییەکانیش هەر زۆرتر دەبوون. یارمەتییە نیزامییەکان دەست لە دەستی بێرەحمییەکان دەڕۆیشتن. شەڕی تێرۆر لە ساڵی ١٩٩٧ گەیشتە پلەی بەرزی خۆی. یارمەتییەکانی ئەمریکا بە تورکیا لە ماوەی ساڵی ١٩٩٧دا لە هەموو یارمەتییەکانی قۆناخەکانی ١٩٥٠ تا ١٩٨٣گەورەتر بوو، واتە لەمەودای شەڕی ساردا. وە ئاکامەکەی بوو بە ئاوارەبوونی ٢ تا ٣ میلیۆن کەس، کە یەکێک لە گڵاوترین ڕاماڵینی رەگەزی بوو لە دەیەکانی ٩٠دا. بە دەیان هەزار لە خەڵک کوژران، ٣٥٠٠ گوندو شار وێران بوو، زۆر پتر لە کۆسۆڤۆ لە ماوەی بۆمباردومانەکانی ناتۆدا. ولاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا هێندەی ٨٠٪ گەیاندنی ئەو چەکانەی لە سەر شان بوو کە شان بە شانی جینایەتەکان زۆرتر و خراپتر دەبوو کە ساڵی ١٩٩٧ گەیشتە رادەی هەرە بەرزی خۆی. ئەو یارمەتییانە لە ساڵی ١٩٩٩وە کەم بۆوە چونکە جارێکی دیکە تێرۆریزم کاری خۆی کردبوو.

تورکیا بەو بۆنەوە زۆریش منەتبار بوو. چەند رۆژ لەوە پێش سەرۆک وەزیر بولەند ئەجەویت زۆر بە ئیشتیاوە رایگەیاند کە تورکیا دەیەوێ بچێتە نێو ڕیزی یەکیەتیی دژی تێرۆریزم. ئەو هەروەها رایگەیاند کە تورکیا دەیەوێ بە ناردنی هێزی نیزامی یارمەتی خۆی بکا، ئەوەش کارێکە کە ولاتانی دیکە نەیناویستووە بیکەن. ئەو هۆیەکەشی گوت: ئێمە خۆمان بە منەتباری ئەمریکا دەزانین،لەبەر ئەوەی ئەمریکا تەنیا ولاتێک بوو کە ویستی بە لێشاو یارمەتیمان بکا و، بە قسەی ئەو شەڕی "ئانتی تێرۆریست"، واتا داپڵۆسینی رەگەزی، بێرەحمی و تێرۆر.

### ٤) زەمینەی جینایەتی ١١ی سێپتامبر چ بوو؟

ئەوەیکە پێوەندی بە تاوانبارەکانەوە هەیە، جارێ هێشتاش بە تەواوی روون نییە ئەوانە کێ بوون. دەوڵەتی ئەمریکا یان دە توانایدا نییە یان نایەوێ چەندین بەڵگەی بەکەڵک پێشکەش بکا. لێگەرێ فەرز کەین ــ ئەوە لە رۆژی هەوەڵەوە روویدا ــ کە تاوانبارەکانی ئەسڵی سەر بە تۆڕی ئیسلامیستە رادیکاڵەکانن، کە فۆندامەنتالیستیان پێگوتوون و، بەشی پێوەندی بن لادین بێگومان بەشێکی گرینگە. ئایا ئەوان دەستیان تێدا بووە یان نا، هیچکەس نازانێ. لە راستیدا زۆریش گرینگ نییە.

**ئەمریکا و بریتانیای مەزن هەمیشە پشتگیری سەدام حوسێن بوون، لە کاتێکدا ئەو خەریکی دڵڕەقترین ئاکار بوو، ئەوەشی دەگەڵ بێ کە کوردەکانی گازکوژ دەکرد.**

**بەڵێ، تورکیا لە ساڵی ١٩٨٤ دەستی بە تێرۆرێکی بەربڵاو بە دژی کوردەکان لە باشوری رۆژهەلاتی تورکیا کرد. لەو کاتەوە بوو کە یارمەتی نیزامی ئەمریکا رووی لە زۆربوون کرد.**

ئەوان خەڵکی کوێن؟ کەس لە سیا(CIA) زیاتر نازانێ، چونکە سیا لە ماوەیەکی دوورودرێژدا رێکیخستن و پشتی گرتن. ئەوان لە راستیدا لە ٨٠ کاندا بە هۆی سیا و هاوپەیمانەکانی پاکستان، بریتانیای مەزن، فەرەنسا، سعوودی، میسرو چین، تێکخرانەوە و بە یەک گەیشتن. فکرەکە ئەوە بوو کە ئەوان تێکۆشن سەروەختی رووسەکان واتە دوژمنی هاوبەش بن. بە گوتەی برژینیسکی راوێژکاری پرێزیدێنت کارتێر، ئەمریکا لە نێوەڕاستی ساڵی ١٩٧٩دا تێکەڵاوی مەسەلەکە بوو. وەکی دەزانن سۆڤیەت لە دیسەمبەری ١٩٧٩ دا ئەفغانستانی داگیر کرد. بە گوتەی برژینیسکی، پشتیوانی ئەمریکا لە موجاهیدین کە بە دژی دەوڵەتی کات خەباتی دەکرد، شەش مانگ دوایە دەستیپێکرد. ئەو بەوە زۆر شانازی دەکا و دەڵێ بە قسەی خۆی ئێمە لە ڕێگای ئەوەوە کە پشتگری موجاهیدەکانمان کرد، رووسەکانمان فریو دا بۆ کەوتن لە نێو تەڵەیەکی ئەفغانی، ئێمە لە تەڵەمان هاویشتن. بەو جورە ئێمە توانیمان ئەو لێگۆ ئەرتەشەی کە باشترین قاتڵانێک کە دەمانتوانی ببینەوە، لێک کۆکەینەوە. توانیان رادیکاڵە ئیسلامییەکان لە باکووری ئەفریقا و عەرەبستانی سعوودی و هەر شوێنێکی دیکە ببیننەوە.

ئەو دەستە تێرۆریستانەی کە سیا رێکیدەخستن و چەکداری دەکردن و لە فێرگەدا فێری دەکردن، لە یەکەم رۆژەوە وەدوای دەستووری کاری خۆیان دەکەوتن. یەکێک لە هەوڵێن کارەکانیان کوشتنی سەرۆک کۆماری میسر بوو لە ساڵی ١٩٧٩دا. لە ساڵی ١٩٨٣دا خۆکوژییەک بە بۆمبەوە ئەرتەشی ئەمریکای لە لوبنان وەدەر نا، هەڵبەت ئەوە هێندێک ناروونە کە ئەوان بوون یان نا، کەس نازانێ. ئەمریکا بە دڵ پێی خۆشبوو کە بۆ مەبەستی خۆی ئەوان لێرە و لەوێ بگوێزێتەوە، بەڵام ئەوان بە درێژەی ئەو ماوەیە خەریکی بەرنامەی خۆیان بوون. ئەوان لەو مەبەستەدا زۆر ڕوون بوون. کاتێک رووسەکان هێزەکانی خۆیان لەوێ کێشاوە دواوە ئەوانیش زۆر بە هاسانی چوونە شوێنێکی تر. پاش ئەوە، ئەوان لە چیچێن، رۆژئاوای چین، بۆسنی، کەشمیر، باشووری رۆژهەلاتی ئاسیا و باکووری ئەفریقا و گشت شوێنی گونجاو شەڕیان کردووە. سەرەکیترین

دوژمنی ئەوان ئەو ڕێژیمانەی جیهانی عەرەبن کە ئەوان پیان دەڵێن، گەندەڵترین و زاڵمترین و تاوانبارترین ڕێژیمەکان.
ئەدی بۆچی پشتیان لە ئەمریکا کرد؟ ئەوەش بە قسەی ئەوان، دەگەڕێتەوە بۆ داگیرکردنی عەرەبستانی سعوودی لە لایەن ئەمریکاوە. لە ساڵی ١٩٩٠وە ئەمریکا بنکەکانی نیزامی هەمیشەیی خۆی لە سعوودی دامەزراند کە ئەوەش بە گوێرەی دیتنی ئەوان وەک داگیرکردنی ئەفغانستان لە لایەن سۆفیەتەوە وایە، بەو جیاوازییە گرینگە کە ئەوێندەرێ پیرۆزترین شوێنی ئیسلامی لێ هەڵکەوتووە. ئەوان بە بۆنەی پشتیوانی ئەمریکا لەو ڕێژیمە تاوانبار و دیکتاتۆرانە، دەستێوەردان لە کاروباری وڵاتان بە مەبەستی بەربەستکردنی پەرەسەندنی دێمۆکراسی و ئابووری، یەکجار زۆر لە ئەمریکا تووڕەن. سیاسەتی ئەمریکا خەریکە شارستانیەت لە عێراق لە ناو بەرێ و هاوکاتیش سەدام حوسێن بە هێز دەکا. ئەمریکا و بریتانیای مەزن هەمیشە پشتگیری سەدام حوسێن بوون، لە کاتێکدا ئەو خەریکی دڵڕەقترین ئاکار بوو، ئەوەشی دەگەڵ بێ کە کوردەکانی گازکوژ دەکرد. هەڵبەت پشتیوانی ئەمریکا لە داگیرکردنی فەلەستین کە زۆر تاوانبارانەیە، ئاشکرایە.

### ٥) چ ڕێبازێکی سیاسی هەیە؟

هەڵبەت ئێمە دەمانەوێ لە بەربڵاویی تێرۆریزم کەم بێتەوە، نەک بەرەو پەرەسەندنی دووبارە بڕوا. ڕێگەیەک هەیە کە دەکرێ بە هاسانی ئەنجامی دەی کە قەت باسی لێنەکراوە. بەو مانایە کە بەشداری لەودا کۆتایی پێبێ. ئەوە بە شێوەی ئۆتۆماتیک لە بەربڵاوی تێرۆریزم بە ئەندازەیەکی زۆر کەم دەکاتەوە. پیاو ناتوانێ لەسەر ئەوەی باس و لێکۆڵینەوە بکا، بەڵام دەبێ ئەوکارەی وا لێبکەین کە باسی لێ بکەین. بێجگە لەوەی دەبێ سیاسەتی فێرکردن و ڕێکخستنی تێرۆریزم چاوی بەسەردا بخشێنرێتەوە و، ئەفغانستان تەنیا وێنەش نییە. ئەو سیاسەتە ئاکامی خۆی هەیە. هێندێک لەو ئاکامانە هەر ئێستا دەبینین. ١١ی سێپتامبر یەکێک لەو ئاکامانەیە. چاو بەو سیاسەتەیدا بخشێننەوە.
ئەو سیاسەتەی کە پشتیوانی لە تێرۆریزم دەخولقێنێ بگۆڕن. ئەوە دەگونجێ، ئەو سیاسەتە تەنیا بۆ جارێکیش بووبێ دیاری نەکراوە. لە ماوەی چەند حەوتووی ڕابردوودا دیتنەوەی کەلێنیکی ڕوون زەحمەت بوو، بەڵام لەو نێوەدا چەشنێک کراوەیی پەیدا بووە. تەنانەت لە نێو نوخبەکان و لە ڕادەی هەرە بەرزیشدا لە نێو خەڵکی ئاساییدا، هێندێک مەسەلە بۆ باس و لێدوان ئاواڵەیە کە چەند حەوتوو لە وەی پێش ئەوە نەدەکرا. ئەوە گۆڕانییەکی مەزنە. من پێم وایە لە نێو خەڵکدا مەیل و ئاواڵاییەکی زۆرتر هەیە بیر لەو مەسەلانەی کە پێشوو دەیانشاردنەوە بکەنەوە.

**سەرچاوە:** ئەو نووسراوەیە لە گۆڤاری ORDFRONT (ژمارە ١٢ی دیسامبری ٢٠٠١) وەرگیراوە و بە هۆی درێژبوونیەوە کورت کراوەتەوە ـ وەرگێڕ.

# «دەستەی قانوونی باڵا»

## دامەزراندن و ئەرک و چالاکییەکانی و، هۆی نەمانی

د. نووری تاڵەبانی

«دەستەی قانوونی باڵا» یەکێکە لە دەزگا سەرەکییەکانی کوردستانی عێراق کە زۆر لە هاووڵاتیان نازانن چۆن دامەزراوە و ئەنجامی کار و چالاکییەکانی چی بووە و پاشان لەبەر چ هۆیەک هەڵوەشاوەتەوە، یان لە کارکردن کەوتووە. لێرەدا دەمەوێ بەڕاشکاوی هەندێ ڕووناکی بخەمە سەر ئەو دەزگا «نەناسراوە»ی کوردستان.
لە پاش هەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستان و پێش دروستبوونی حکوومەتی هەرێم، لە دوکتۆر «فوئاد مەعسووم» داواکرا کە کابینەی یەکەم دابمەزرێنێ. ئێوارەیەکیان ئەو و دوکتۆر «کەمال فوئاد» لەماڵەکەم لە هەولێر سەردانیان کردم. دۆستایەتیم لەگەڵ دوکتۆر فوئاد مەعسووم کۆنە و دەگەڕێتەوە بۆ ساڵی ١٩٦٩ لە شاری بەسرە، چونکە هەردووکمان مامۆستا بووین لە زانکۆی ئەو شارەدا. ئەو لەو سەردەمەدا، ئەندامی پارتی دێمۆکراتی کوردستان بوو و پاشانیش لە ساڵی ١٩٧٠وە کرایە لێپرسراوی پارتی لە بەسرە. لەو سەردانەیاندا لیستەی ناوی وەزارەتەکانیان پیشاندام و داوایان لێکردم ڕای خۆم سەبارەت بە پێویستییان و ئەو شێوەی پێشنیازکرابوون، دەرببڕم. لە ناو لیستەی ئەو وەزارەتانەدا، سێ وەزارەت هەبوو کە بە لای منەوە لەو سەردەمەدا پێویست بە بوونیان نەبوو. لە وەڵامدا گوتم کە وەزارەتی نەخشەکێشان(تخطیط) و خوێندنی باڵا (تعليم عالى) پێویست ناکا لەم سەردەمەدا هەبن، وەزارەتی (ئیسکان) و (ئیعمار)یش هەر پێویست بە یەکێکیان دەکا، چونکە ئەرکەکانیان نزیکن لە یەکەوە. دوکتۆر ف. مەعسووم گوتی: خوێندنی باڵامان بۆ تۆ داناوە، منیش بە پێکەنینەوە گوتم ئەوجا هەر نەبێ چاکترە و بیر لە دامەزراندنی مەکەنەوە. لە ڕاستیدا لەو سەردەمەدا تەنیا زانکۆی سەلاحەدین لە هەولێر هەبوو. جاری زانکۆکانی سلێمانی و دهۆک دانەمەزرابوون. کە هاتینە سەر وەزارەتی داد، پێشنیازم کرد ناوی لێ بنێ وەزارەتی داد و مافی مرۆڤ، بەڵام گوتم ئەمڕۆکە پێویستیمان بە دەزگایەکی قانوونی هەیە کە پڕۆژەی هەموو ئەو قانوون و بڕیارانە ئامادە بکا وا دەچنە بەردەم پەرلەمان و ئەنجومەنی وەزیرانەوە. هەر لەو دانیشتنەکەماندا، ئامادەیی تەواوم دەربڕی بۆ بەشداریکردن لەو دەزگایەدا. دوکتۆر فوئاد پێشنیازەکەی پەسندکرد و داوای لێکردم پڕۆژەیەک ئامادە بکەم سەبارەت بە ناو و ئەرکەکانی ئەو دەزگایە، لەگەڵ پێشنیازکردنی چەند ناوێک لە کەسانی شارەزا لە بواری قانووندا. پاش چەند ڕۆژێک لەگەڵ دوکتۆر فوئاد چاومان بە یەکتر کەوتەوە و پێشنیازەکەم بۆ ڕوونکردەوە کە تیایدا نووسیبووم ئەو دەزگایە

**سەرئەنجام هەواڵی ئەو پرۆژەیەم لە د. فوئاد پرسییەوە کە بۆچی وا وەدواکەوتووە.**

**لە وەڵامدا گوتی: د. ڕۆژ دەڵێ دەبێ دەسەڵاتەکانی ئەویش وەکوو هەمان دەسەڵاتەکانی سەرۆک وەزیران بێ! وەڵامی دەستەکە ئەوەبوو کە ناکرێ لە هیچ دەزگایەکدا دەسەڵاتەکانی سەرۆک و جێگرەکەی وەکوو یەک بن و، بە ڕاشکاوی بۆمان ڕوونکردەوە کە ئێمە ناتوانین هەمان دەسەڵات بە هەردووکیان بدەین لە هەمان قانووندا.**

ناوی «دەستەی قانوونی باڵا» بێت (وشەی (یاسا)م بەکارنەهێنا کە ئێستا خەریکە بچەسپێ لە کوردستاندا، چونکە وشەیەکی تورکیی مەغۆلی یە؛ کەچی وشەی «قانوون» لە «کانینیمۆس»ی یۆنانییەوە کەوتووەتە ناو زمانی عەرەبی). ئەرکەکانی ئەم دەزگایەش دەبێ بریتی بێ لە ئامادەکردنی پرۆژەی ئەو قانوونانەی وا دەچنە بەردەم پەرلەمان، لەگەڵ ئامادەکردنی پرۆژەی ئەو بڕیار و ڕاگەیاندنانە وا ئەنجومەنی وەزیران بڕیاری لە سەردەدات. لە هەمان کاتدا، دەبێ خەریکی چاوگێڕانەوە بێت بەو هەموو قانوون و بڕیارانەی کە حکوومەت و دەزگاکانی عێراقی دەری کردوون و، دادگا و دەزگاکانی تری هەرێم ناچارن پەیڕەوی بکەن. ئەوانەش کە ناگونجێن، بڕیاری لابردنیان بۆ دەربکرێ و، بەشێکی تریان دەستکاری بکرێن یان هەروەکوو خۆیان بمێننەوە. هەروەها پێشنیازی ئەوەشم کرد کە دەزگاکە پێوەندی ڕاستەوخۆی بە ئەنجومەنی وەزیرانەوە هەبێت، نەک بە وەزارەتی داد یان لایەن و کەسێکی تر. بۆ ناوی ئەو کەسانەش پێنج ناوم خستەبەرچاو کە هەموویان کەسانی شارەزا و ڕابردووپاک و بێلایەن بوون: کاک ڕەشید عەبدولقادر (سەرۆکی ئێستای دادگای تەمییز)، د. عەبدولڕەحمان ڕەحیم مامۆستا لە کۆلێجی قانوون لە زانکۆی سەلاحەدین، کاک موستەفا عەسکەری، کاک محەمەد عومەر مەلوود و خۆیشم. ئەوەی لێرەدا پێویستە بگوترێ ئەوەیە کە دوکتۆر فوئاد هەموو پێشنیازەکانی قەبوڵ کرد بە ناوەکانیشەوە. بەڵام گوتی دەبێ لەگەڵ د. ڕۆژ نووری شاوەیس ــ جێگرەکەی ــ قسەبکات و ڕای ئەویش وەرگرێ. لە پاش چەند ڕۆژێکی تر پێوەندی پێوەکردم و گوتی د. ڕۆژ، هەمان بۆچوونی منی هەیە، بەڵام لە سەر ناوی کاک موستەفا و کاک محەمەد عومەر ڕەخنەی هەیە. هەرچەند دەمزانی کە ئەرکەکانی ئەو دەزگا قانوونییە زۆر قورستر لەوەیە کە بە سێ ئەندام جێبەجێ بکرێ، بەڵام لەگەڵ کاک ڕەشید و د. عەبدولڕەحمان قەبوڵمان کرد بەمەرجێ بەوناوە بێت و یەکسەرە پێوەندیداریش بێ بە ئەنجومەنی وەزیرانەوە. لەبەر ئەوەی جێگامان نەبوو، پێشنیازم کرد با جارێ ماڵی ئێمە ببێ بە بارەگای ئەو دەزگایە. چەند ڕۆژێکی پێنەچوو، لە ڕۆژنامەی (پەرلەمان، ژمارە ٢ی تەشرینی یەکەمی ١٩٩٢)دا (کە سەرۆکی ئەنجومەنی نیشتمانی، بەپێچەوانەی پرنسیپەکانی قانوون بڵاوی دەکردەوە، ئەوەش بڵێم کە (ڕۆژنامەی ڕەسمی) دەبێ وەزارەتی داد سەرپەرشتی بکا) فەرمانێک بە ئیمزای سەرۆکی ئەو ئەنجومەنە کاک جەوهەر نامیق بڵاوکرایەوە. بەڵێ، بەپێی ئەو فەرمانە، ئێمە هەرسێکمان کرابووین بە ڕاوێژکاری قانوونی لە ئەنجومەنی وەزیراندا. کاک ڕەشید و دکتۆر عەبدولڕەحمان زۆر پەست بوون وگوتیان ئێمە بەم شێوە و ناوە کار ناکەین. پاشان کە پێوەندیم بە دوکتۆر فوئادەوە کرد، گوتی کاک جەوهەر لە خۆیەوە ئەو فەرمانەی بەو شێوەیە بڵاوکردووەتەوە ــ کە فەرمانی پەرلەمانیش بوو. داوای لێبووردنی لێکردین و گوتی پاشان کە قانوونی ئەنجومەنی وەزیرانی تازە دەردەچێت، ئەو هەڵەیە چاک دەکەین. بەهەرحاڵ، هەرچەند لەو کەین و بەینەی نێوان سەرۆکی حکوومەت و سەرۆکی پەرلەمان هیچ ڕاستییەکمان بۆ دەرنەکەوت، قەناعەتم بە هەردوو ئەندامانی «دەستەی قانوونی باڵا» هێنا کە دەست بە کارەکانمان بکەین تاکوو قانوونی ئەنجومەنی وەزیرانی تازە دەردەچێ. هەموو ڕۆژێک کاک ڕەشید و دوکتۆر عەبدولڕەحمان لە سەعات ٨ی بەیانییەوە دەهاتنە ماڵی ئێمە و، تا سەعات ٢ی پاش نیوەڕۆ کارمان دەکرد، دیارە من و کاک ڕەشید بە نان و بەرگی خۆمان، چونکە هەردووکمان لە سەردەمی حوکمی بەعسدا خانەنشین کرابووین، د. عەبدولڕەحمانیش مووچانەی خۆی لە زانکۆی سەلاحەدین وەردەگرت. لە ماوەی سێ مانگدا زۆر بە بێدەنگی پرۆژەی قانوونی بەشی زۆری وەزارەتخانەکانمان ئامادەکرد، لەگەڵ (نیزامی) وەزارەتخانەکاندا. بەڵام زۆر جاران بۆ وەزارەتێک، دوو یان سێ پرۆژەی قانوونی ترمان ئامادەدەکرد. بۆ نموونە بۆ وەزارەتی پێشمەرگە، پێنج پرۆژە و بۆ وەزارەتی شارەوانی چوار پرۆژەی قانوونیمان دانا. قانوونی هەڵبژاردنی شارەوانی و هەروەها پرۆژەیەک بۆ دروستکردنی کۆمپانیایەکی تێکەڵ (مختلط) بۆ گەشەپێدانی گەشت و گوزار، دەستەی قانوونی باڵا ئامادەی کرد. بۆ ئامادەکردنی قانوونی هەر وەزارەتێک ــ وەکوو دەمڕاستی دەستەکە ــ پێوەندیم دەکرد بە وەزیر یان جێگری وەزیر تاکوو شتێک ئامادە بکەن بۆ ئەو دەزگایانەی کە دەیانەوێ لە وەزارەتەکەیاندا هەیانبێ. بەڵام زۆرجاران ئەو کەسانەی کە بەشدارییان دەکرد دەهاتنە ماڵمان و بە دوو سێ جار دانیشتن دەکەوتینە ڕێکەوتن. جاروباریش ڕێک نەدەکەوتین. چونکە هەندێک وەزارەت داوای دامەزراندنی چەند دەزگایەکی دەکرد کە نەدەکرا لەو سەردەمەدا دابمەزرێ. بەتایبەتی ئێمە لەگەڵ ئەو بۆچوونەدا بووین کە لە وەزارەتەکاندا بەڕێوەبەرایەتی گشتی زۆر دروست نەکرێن. بۆ نموونە کاک کەمال موفتی کە وەزیری پێشمەرگە بوو سێ چوار جار سەردانی کردین بۆ هاوکاریکردن و ئامادەکردنی پرۆژەی قانوونی و نیزامی وەزارەتەکەی، لەگەڵ پرۆژەیەک بۆ خانەنشینکردنی پێشمەرگە و، پرۆژەیەکی تر بۆ دادگای پێشمەرگە بە هەموو پلەکانیەوە و یەکیش بۆ نیشان و میدالیای تایبەت بە پێشمەرگە. ئەوەی لەبیرم بێ تەنیا وەزارەتی ناوخۆ و وەزارەتی هاتوچۆکردن پێوەندییان پێوەنەکردین، پرۆژەی قانوونی ئەوانی تر هەموو لە لایەن «دەستەی قانوونی باڵا» ئامادەکران. هەر لەوماوەدا، پێشنیازی چەند گۆڕانکارییەکی بە پەلەمان کرد لە سەر هەندێ قانوونی عێراقی. جاروباریش سەرۆک وەزیران داوای ڕاوبۆچوونی دەستەکەی دەکرد و دەینووسی دەستەی قانوونی باڵا تکایە ڕاوبۆچوونی خۆتان دەربڕن. ئەو پرۆژانەی وا ئامادەمان دەکرد بە زمانی عەرەبی بە دەستخەتی خۆم دەمنووسیەوە و جارێکی تر دەمخوێندەوە و بڕیارمان لە سەر دەدا، پاشان تەلەفۆنم بۆ دوکتۆر فوئاد دەکرد و ئەویش یەکێک لە هاوکارەکانی لە

ئەنجومەنی وەزیران دەنارد بۆ وەرگرتنی. لەبەر ئەوەی هیچ بودجەیەکمان بۆ تەرخان نەکرابوو، نەماندەتوانی لە سەر ئەرکی خۆمان فۆتۆکۆپی ئەو تەنیا نوسخەیە هەڵبگرین کە دەمانناردە بۆ ئەنجومەنی وەزیران. هەر ڕەشنووس(مسوەد)ەکان لە لای خۆمان دەمانەوە.

بەشێک لە وەزارەتەکان داوای دەستکاریکردنی پرۆژەکەیان دەکرد، چونکە هەروەک لە سەرەوە ئاماژەم بۆ کردووە، دەیانویست دەزگاکانیان زیاتر بێ. بەهەرحاڵ، لەو هەموو پرۆژانەی وا ئامادەمان دەکرد هیچ جۆرە کێشەیەک پەیدا نەبوو. بەڵام کە پرۆژەی قانوونی ئەنجومەنی وەزیرانمان ئامادەکرد، کێشە پەیدا بوو. لە ڕاستیدا، ئێمە پرۆژەی ئەنجومەنی وەزیرانمان لە سەرەتای دامەزراندنیەوە ئامادە کرد و ناردمان بۆ سەرۆک وەزیران. لە پرۆژەکەدا، دەسەڵاتەکانی ئەنجومەن بە جیا و دەسەڵاتەکانی سەرۆکەکەی ـ کە زۆر کەمتر بوون ـ بە لاوە دەستنیشان کرابوون. هیچ پرۆژەیەک لە هەفتەیەک زیاتر لە وەزارەتی پێوەندیداردا نەدەمایەوە، بەڵام ــ وەک دوکتۆر فوئاد بە تەلەفۆن ئاگاداری دەکردم و دەیگوت پرۆژەکە لە بەردەم ئەنجومەنی وەزیران دایە و پاشان دەینێرن بۆ سەرۆکایەتی پەرلەمان ـ پرۆژەی قانوونی ئەنجومەنی وەزیران کە لە پێش هەموویاندا ئامادەکرابوو، هیچ سۆراغێکی نەبوو. لە وەڵامی پرسیارەکاندا دوکتۆر فوئاد دەیگوت لای دوکتۆر ڕۆژ ە و دەیەوێ بە وردی تەماشای بکا. بۆ ماوەی سێ مانگ ئەو پرۆژەیە لای د. ڕۆژ مایەوە. سەرئەنجام هەواڵی ئەو پرۆژەیەم لە د. فوئاد پرسییەوە کە بۆچی وا وەدواکەوتووە. چونکە مانەوەی دەستەکەمان بەو پرۆژەوە بەسترابووەوە. لە وەڵامدا گوتی: د. ڕۆژ دەڵێ دەبێ دەسەڵاتەکانی ئەویش وەکوو هەمان دەسەڵاتەکانی سەرۆک وەزیران بێ! وەڵامی دەستەکە ئەوەبوو کە ناکرێ لە هیچ دەزگایەکدا دەسەڵاتەکانی سەرۆک و جێگرەکەی وەکوو یەک بن و، بە ڕاشکاوی بۆمان ڕوونکردەوە کە ئێمە ناتوانین هەمان دەسەڵات بە هەردووکیان بدەین لە هەمان قانووندا. من خۆم پێشنیازی ئەوەم بە د. فوئاد وەک سەرۆک وەزیران کرد کە دەتوانێ بە ڕێکەوتنی نێوان هەردووکیان، بەشێک لە دەسەڵاتەکانی خۆی بدات بە جێگرەکەی. لەوە دەچێ لە سەر ئەوەش ڕێک نەکەوتبوون، بۆیە جارێکیان کە تەلەفۆنم بۆ کرد، نازەنین خان کە ئەمینداری گشتی دیوانی ئەنجومەنی وەزیران بوو پێی گوتم کە د. فوئاد لەگەڵ وەزیرەکاندا لە کۆبوونەوەی هەفتانەیە کە زۆر دەخایێنێ. بەڵام پێی ڕاگەیاندووە کە د. ڕۆژ نووری شاوەیس پێی گوتووە بەو پێشنیازەش ڕازی نییە، تەنانەت (دەستەکەش) مانەوەی پێویست ناکا... لە ڕاستیدا ئێمە وەکوو ئەرکێکی نیشتمانی بەوکارە هەڵدەستاین. زۆرجاران شەوان تاکوو دەرنگان خەریکی دیراسەکردنی ئەو پرۆژانە دەبووم پاش تەواوبوونی دەوامی هەردوو ئەندامەکەی تر. چەند جارێکیش داوامان کرد کە جێگا و شوێنێکمان بۆ تەرخان بکەن لەگەل ناولێنانی چەند فەرمانبەرێکیش تا یارمەتیمان بدەن. داواکانمان هیچیان جێبەجێ نەکران. هەروا چەند جار داوام لە د. فوئاد کرد کە مانگانە (٢٠٠) دینار بدەن بە مامۆستایەکی کوردیزان ــ کە کاک عەزیز گەردی بوو ــ تا پرۆژەکان لە عەرەبییەوە بکاتە کوردی. ئەو(٢٠٠) دینارەش هەر بۆ هەقی بەنزینی هاتوچۆی ئۆتۆمبیلەکەی بوو، چونکە ئەویش وەک من وکاک ڕەشید بێ مووچە بوو. کەچی ئەویش نەکرا.

لە دانیشتنێکدا کە پاشان کاک موستەفا عەسکەری بەشداری تێدا کرد(چونکە بە سەردان هاتبوە لامان لە سلێمانییەوە)، بڕیارمان دا نامەیەک بۆ سەرۆک وەزیران بنووسین. لەو نامەیەدا ــ کە وێنەیەکی لام ماوە ـ ئاماژەمان بۆ چۆنیەتی دروستبوونی دەستەی قانوونی باڵا کرد، هەروەها تیایدا نووسیبوومان بە هیچ شێوەیەک ناتوانین ــ وەکوو قانووناس ـ پێشنیازی ئەوە بکەین کە دەسەڵاتەکانی سەرۆک وەزیران و جێگرەکەی وەکوو یەک بن. ئەگەر نارازیشن لە کارەکانمان، ئەوا ئێمە واز لە کارەکانمان دێنین تاکوو کەسانێکی تر دابنێن کە بە گوێرەی قسەی ئەوان هەڵسوکەوت بکەن. نامەکەم بە دەستی خۆم دایە دەستی نازەنین خان. چونکە د. فوئاد و هاواڵەکانی لە کۆبوونەوەی ئەنجومەنەکەیاندا بۆ ڕۆژی پاشتریش هەر لێ نەبووبوونەوە. هەتا چەند ڕۆژێکی تریش چاوەڕێمان کرد، بەڵام بە تەلەفۆنیش، نە د. فوئاد و، نە کەسێکی تر پێوەندیان پێوە نەکردین.

هەر بۆ ئەوەی پاشەڕۆژ گلەییمان لێ نەکەن، وێنەی ئەو نامەمان بە دەستی کەسانی باوەڕپێکراوی خۆمان نارد بۆ سەرۆکی هەردوو حیزبە حوکمڕانەکەی کوردستان. تا لە کوردستان مابووم کەسێکی ڕەسمی یان لێپرسراوێکی حیزبی ـ لە هەردوولایان ـ پێوەندیان پێوەنەکردین. کە هەستم کرد لە وڵات کاریان بە من نەماوە و تازەیش بە شێوەیەکی تراجیدیایی یەکێکمان لێ کوژرابوو، بە ناچاری ڕوومکردە ئەوروپا بۆ لای منداڵەکانم کە چەند مانگێ بوون لەوێ گیرسابوونەوە.

لە مانگی تەموزی ساڵی ٢٠٠١دا، وەفدێک لە کۆنگرەی نەتەوەیی لە ئەمریکا چووبوونە سەردانی کوردستان. لەپاش گەڕانەوەیان، یەکێک لە ئەندامی ئەو وەفدە پێوەندی پێوەکردم و ئاگاداری کردم کە لە دیدەنی سەرانی هەردوو حیزبە سەرەکییەی کوردستان ناوی منیان هێناوە بۆ یارمەتیدانیان بۆ یەکخستنەوەی قانوونەکانی هەردوو ئیدارەکە. منیش سوپاسم کردن و ئاگادارم کرد کە ئەو (دەستە قانوونییە) هەرماوە و بە بڕیارێکی ڕەسمی هەڵنەوەشاوەتەوە، بۆیە دەکرێ زیندوو بکرێتەوە بە مەرجێ جگە لە سێ ئەندامەکەی جارانی، کاک موستەفا عەسکەری و کاک محەممەد عومەر مەولوود( کە ئێستا بووە بە دوکتۆر)ـ ببن بە ئەندام (وەکوو لە تەموزی ٩٢دا پێشنیازم کردبوو). دەکرێ لە جیاتی کاک ڕەشید عەبدولقادر کە ئێستا سەرۆک دادگای تەمییزە قانووناسێکی تر بێتە ناو دەستەکەوە. بەڵام دەبێ هەردوو ئیدارەکە بەڕەسمی داوامان بکەن و هەردوو لا گوێڕایەڵی بڕیارەکانی ئەو دەستە قانوونییە بن سەبارەت بەو هەموو قانوونانەی وا هەردوو ئیدارەکە دایانناوە. ئەم دەزگا قانوونییە دەبێ ڕێگا خۆش بکا بۆ یەکخستنەوەی هەموو قانوونەکانی هەردوولا لە ماوەیەکی دیاریکراودا. بۆ داهاتووش دەبێ هەردوولا بە هاوکاریی ئەم دەستە قانوونییە پرۆژەی قانوونەکان ئامادە بکەن. بەم شێوەیە زیندووکردنەوەی «دەستەی قانوونی باڵا» دەبێتە سەرەتایەک بۆ یەکخستنەوەی دەزگاکانی هەردوو ئیدارەکە.

پرسیاری هەموو کوردێکی دڵسۆز ئەوەیە ئایا حیزبایەتی تەسک ڕێگا دەدا کە هەنگاوێکی ڕاست و دروستی وا بنێن لە پێناوی یەکخستنەوەی هەردوو ئیدارەکەدا؟

لەندەن ٢٠٠٢/١/٧

# تۆیچ لە من بووگی بە نووسەر!

که کۆک بین، تەنیا لایەنە گەشەکانی یەکتری دەبینین،
که ناکۆک بین، تەنیا لایەنە ڕەشەکانی یەکتری دەبینین.

سێ نووسینی: حەمەسەعید حەسەن

## ١) تۆیچ لە من بووگی بە نووسەر!

درێوترین جنێوم ئاڕاستە بکرێ و قسەم پێ نەبێ کە شیاوی گوتن بێ، بێدەنگ دەبم. بیرم لای تۆڵەسەندنەوە نییە، ئەوەم بە لاوە گرنگە شتێکی جوان و نوێ بنووسم، شتێ خوێنەر چێژی لێ وەربگرێ. شێخ ڕەزا کە بەرهەمی بە نەمری ماوەتەوە، لەبەر ئەوە نییە کە لە ڕێی بەخشینەوەی جنێوەوە، سەرقاڵی تۆڵەسەندنەوە بووە، لە سۆنگەی ئەوەوەیە کە شیعری جوانی نووسیوە. شیعر لای ئەو ئامانج بووە، نەک تۆڵە.

«بێرتراند ڕاسڵ» دەڵێ: «تۆزێ شتی باش بکەی، چاکترە لەوەی زۆر شتی خراپ بکەی.» ئێوە دەتوانن دەیان لاپەڕە جنێوی پیس بە کوردییەکی پۆخڵ بنووسن، لێ توانای نووسینی ڕستەیەکی جوانتان، کە بکەوێتە خانەی ئەدەبەوە، نییە.

گاندی دەڵێ: «بە چەند دڵۆپێ ئاوی پیس، زەریا پیس نابێ.» ئێوە ئەگەر پاک بوونایە، دەمتان پیس نەدەبوو. من چونکە خوێنەرانم پشتگیریم لێ دەکەن، بڵند دەفڕم، ئێوە چونکە تاق و تەنیان، هەر بە خشۆکی دەمێننەوە. بەم ئاخری پیرییەوە بە هۆی جنێو دابەشکردنەوە، ئێویانگ پەیدا ناکەن، بەدناوی مسۆگەر دەکەن. نووسەری چاک ئەوەیە خوێنەری چاکی هەبێ، بە چاوپۆشین لەوەی هەندێ داخ لە دڵی بێسەواد، ح دەبێژن.

ئەبراهام ل(ینک)ۆڵن دەبێژێ: «باشتر وایە کڕ بیت و خەڵکی وا زەن بکەن گێلی، نەک بێیتە قسە و تەمی گومانیان بڕەوێنیتەوە.» زیرەکی سنووری هەیە، ئەوە گەوجێتی یە، کە مەرز ناناسێ، ئێوە بەو نووسینانەتان، هەموو سنوورێکتان بەزاند. هەر شتێ زادەی خۆشەویستی بێ، جوانە. ئێوە کە ڕق دەتانبزوێنێ، شتی جوانتان پێ ناگوترێ.

«باشتر منداڵانی چاخی بەردین، گوێڕایەڵی دایک و باوکیان نەبوون، دەنا ئێستاش هەر لە چاخی بەردیندا دەژیاین. من بە هۆشیارییەوە بتی ئەو دابونەریت و کولتوورەی ئەنگۆ دەیپەرستن، دەشکێنم و هەرگیز گوێ لە پێشنیار و مۆچیاریتان ناگرم. ئەوی بە منداڵی گەوجێتی نەنواندبێ، بە پیری دەینوێنێ. پێ دەچێ ئێوە تۆڵەی گوێڕایەڵی و ژیریی سەردەمی منداڵیتان، لە من بکەنەوە.

ئێوە ئەگەر ڕابردووپیس و ترسنۆک نین، کە ڕەخنە لە من دەگرن، بۆچی ناوی خۆتان ئاشکرا ناکەن؟ من بە ناوی خۆمەوە ڕەخنە لە ئیسلام (کە ملیارێ هەواداری هەیە)، بەعس، پەکەکە، پارتی و یەکێتی دەگرم، کەچی ئێوە ناوێرن بە ناوی ڕاستەقینەی خۆتانەوە، ڕەخنە لە من کە چەکم تەنیا قەڵەمەکەمە، بگرن! من ململانێ لەگەڵ ترسنۆکاندا ناکەم. قەت هەڵۆتان دیوە، سەنگەری لە شەمشەمەکوێرە گرتبێ! بە تۆڕی جاڵجاڵۆکەوە، هاتوون نەهەنگی هەڵوێستی من ڕاو بکەن!

هەموو ئەوانەی نزمن، دەتوانن جنێو بەم یان بەو ڕووناکبیر بدەن، لێ تەنیا ئەوانەی بەرزن، دەتوانن ڕەخنە لەم یان لەو ڕووناکبیر بگرن. شێخ ڕەزا گوتەنی، باشتان کرد، هەر چی لە زکتاندا بوو بە جارێ ڕۆتان کرد.

هەندێ لەو ڕەخنانەی لە (پارتی)م گرتوون، ڕێکخستنەکانی (ینک) هێندە پێیان سەرسام بوون، سەر لە نوێ بڵاویان کردوونەوە. پێ دەچێ ئێوە لەوان جەلالیتر بن. هەموو پارتییەک شانازی بە (مەلایی)بوونی خۆیەوە دەکا، هیچ (یەکێتی)یەک شانازیی بە (جەلالی)بوونی خۆیەوە ناکا. ئەم بێ سیمبۆلییە گرێییەکی دەروونی لای زۆربەی یەکێتییەکان دروست کردووە، هەر بۆیە بەردەوام جنێو بە بارزانی دەدەن. بە میلیۆنان کورد هەن، پارتی نین، وەلێ بارزانی بە سیمبۆلی نەتەوەی کورد و بە باوکی گیانی خۆیان دەزانن. کەس ناس دەکەن یەکێتی نەبێ و بە جەلال تاڵەبانی سەرسام بێ؟

«بۆق بۆ ئەوەی گەورە بنوێنێ، فوو دەکاتە خۆی، بەڵام دەشێ بتەقێ. ڕێ دەکەوێ کەسێکی عەلاجەوی، واتا: سەیر، لەناکاو بۆقێکت، واتا پاڵێکت، پێوە دەنێ. قارەمانی ساتیر هەمیشە دەبێ کەسێکی عەلاجەوی بێ، لە چەشنی ئەوانەی ڕاوی مێشوولەیەکیان پێ ناکرێ و خۆیان لێ دەبێتە شێرکوژ.

دوای ئاداری ١٩٧٠ کە «فاخیر مێرگەسووری» دێتە سلێمانی و پرسیاری ناوی ئەندامانی کۆمیتەی پیاوکوژان دەکا، پێی دەڵێن، ئەمانەن: کەمال ددانسەگ، کەمال ڕێوی، کەمالی قالە بەراز و،کەمالی

عەزە بۆق. ئەویش دەبێژێ: جا ئەوە کۆمیتەی پیاوکوژانە، یان باخچەی ئاژەڵان؟

وەک بەو دێڕانەدا دیارە، من ویستم لە ساتیرێکدا ڕۆڵێکی لاوەکیتان بدەمێ، لێ ڕەحمانی قارەمانی هونەری ڕاوەژن، گوتی: کوردییەکەیان لاوازە و بە ڕادیۆ، دەڵێن: ڕادوێ، نەکەی.

گەشترین لاپەڕە، لە ژیانی ئێوەدا، کە شیاوی ئەوە بێ شانازیی پێوە بکەن، ڕۆڵی لاوەکیتانە لە دامەزراندنی(ڕادیۆی دەنگی دواوە)دا، ئەم نقە نقەی ئێستاتان، درێژە پێدانی ئەو ڕابردووە، ڕۆشنەتانە. ئێوە نووسیوتانە: «زۆر زەحمەتە ئەو دارەی خۆمان لە خۆمانمان بڕیبێت، بە ئاسانی و بێ نقە لە خۆمانی دەربهێنینەوە.» من دەپرسم: ئایا — دوور لە ئێوە — شەللاتی هەیە پێستی ڕووی هێندە قایش بێ، بە سەرخۆشیش قسەی وا دزێو بکا؟

من (ینک) لە نزیکەوە دەناسم، ئەو لایەنە هەمیشە دوژمنێکی زانای لە دۆستێکی نەزان، پێ باشتر بووە. بۆیە با کەس بیری بۆ ئەوە نەڕوا، یەکێتی ئەو ئاستنزمانەی لە من هان دابێ. (ینک) هێجگار هێندە «غەشیم» نییە، هانا بۆ هەموو «یاغنیش»ێ ببا.

من لەو نووسەرانە نیم، حیزب لە بەرژەوندیی خۆی دەیانخاتە گەڕ، لەوانەم دەشێ حیزب لە بەرژەوندیی خۆیان بخەنە گەڕ. گەلێ حیزب هەوڵی کڕینی قەڵەمەکەمیان داوە، هیچیان لەو هەوڵەیاندا سەرکەوتوو نەبوون، بەڵام ئێوە هیچ حیزبێ هەوڵی کڕینی قەڵەمتانی نەداوە، ئاخر ئێوە خاوەنی قەڵەم نین، چیتان لێ بکڕن!

جارێکیان «بارزانی» سەردانی «قانع» دەکات و دەیەوێ هەزار دیناری بە دیاری بداتێ، هەوڵێکی زۆر دەدا، لێی وەرناگرێ. ئیدی پارەکەی بە نهێنی بۆ جێدەهێڵێ و دەڕوا. ئەو سەروەختە قانع خاوەنی یەک دینار دەبێ، کە هەزار دینارە دەبینێ، خێرا پیاوێ بە نیو دینار بە کرێ دەگرێ و پارەکە بۆ بارزانی دەنێرێتەوە و بۆی دەنووسێ: «سەرۆکی بەڕێز جەنابی بارزانی، ئەوە چ کارێ بوو لەگەڵ قانعت کرد؟ دینارێکی هەبوو، ئەویشت کرد بە نیو.»[1] ئەوانەی ئەگەر کڕیاریان هەبێ، هەمیشە ئامادەی خۆفرۆشتنن، زەحمەتە، لەم نەفس بڵندییەی شاعیر تێبگەن. لەو کەم مالانە وایە، پارە ئامانجی هەموو «کەم مال»ێکە.[2]

هاوینی ۱۹۸۳ کە «مام جەلال»م بینی، ویستی دەمانچەکەی قەدی خۆیم بداتێ، سوپاسم کرد و لێم وەرنەگرت. هەوڵی دا لە ڕووی داراییەوە یارمەتیم بدات، سوپاسم کرد و نەمویست. گوتی باشە لە شار یارمەتی خێزانەکەت دەدەین، سوپاسم کرد و نەمهێشت. دواتر بە سەری سووڕماوەوە بە «یوسف زۆزانی» و «ئەرسەلان بایز»ی گوتبوو: نووسەرێک هاتووەتە دەرەوە، نە چەکی دەوێ، نە پارە. ئەو کاتە من خاوەنی پێنج دینار بووم، کەچی ئێستا کە ڕەوشی داراییم بێ خەوشە، کەسانێکی بێویژدان، دەڵێن: حەمەسەعید حەسەن قەڵەمەکەی فرۆشتووە. ئەوانەی پارە ئامانجیان بێ و ئامادەی خۆ فرۆشتن بن، وای بۆ دەچن، مەعدەنی هەموو کەس هەر تەنەکەی ژەنگنە. کە پێویستم بە پارە بوو، خۆم چاوشۆڕی حیزب ناکەم، ژیانی ئێوە دەکەم بە کەرەسەی ساتیر و های لایف دەژیم.

ئەگەر لایەنێکی کوردی هەر جۆرە یارمەتییەکی هەر ڕووناکبیرێ بدا، لێی دەکا بە قاو. کە (پارتی) بە پاسپۆرت و چەند سەد دۆلارێ کۆمەکی «عەبدوڵلا سەراج» و «شێرزاد حەسەن»ی کرد، وەزیری ڕۆشنبیری ئەو هەواڵەی لە ئۆرگانی (پدک)دا بڵاو کردەوە. کە (ینک) دوو سەد دیناری یاریدەی نووسەرانی سلێمانیی دەدا، لە تیڤییەوە دەیان جار دەینەڕاند: «با نووسەران بۆ وەرگرتنی یارمەتییەکان بێن».

فرانسیس بیکۆن دەڵێ: «سروشتی خۆپەرستان وایە، بۆ ئەوەی هێلکەوڕۆنی بۆ خۆیان چێ بکەن، ئاگر لە ماڵێک بەردەدەن.» ئێوە کە ڕەخنە لە ۳۱ی ئاب دەگرن، منی بۆ پێوە دەسووتێنن! کە ڕەخنەتان لە من هەیە، ئاگر لە مێژووی «بارزانی» بۆ بەردەدەن! هەموو بەدکارێ ترسنۆکە. ئێوە ئەگەر ڕەوتارتان جوان با، دەتانوێرا ناوی ڕاستەقینەی خۆتان ئاشکرا بکەن.

کە دژی ۳۱ی ئاب دەنووسن، هەقی منتان چییە؟ خۆ لەبەر ڕۆشنایی نامەی مندا، سەددام پەلاماری هەولێری نەدا! ئەو هەموو نووسەر و ڕووناکبیرە کوردە بە ئەورووپادا بڵاو بوونەتەوە و زۆربەیان هیچیان دژی ۳۱ی ئاب نەگوتووە، بۆچی هەر گەڕتان لە من ئاڵاندووە؟ گێلترین کەس دەزانێ مەسەلە ۳۱ی ئاب نییە، شتی تایبەتیتان هەیە و جێیەکی ترتان دێشێ.

«بارزانی ناردی بە دوای پیاوکوژەکانی کانیی ماسیدا و وەک دەستخۆشانە سەرو کڵاش(ینک)ۆفی خەڵات کردن.»[3] ئەم زانیارییەتان لە نووسینێکی منەوە خواستووە، «سەرچاوەکەشتان دەستنیشان کردووە» و وەک ڕەخنە ئاراستەی «بارزانی»تان کردووە، کەچی هێندە بلیمەتن، نووسیوتانە: «حەمەسەعید حەسەن ڕەخنە لە پارتی و بارزانی ناگرێ!» جا توخوا ناهەقمە ئەگەر پێتان بڵێم: ئێوە هی ئەوە نین، دیالۆگ یان ململانێی فیکریتان لەگەڵدا بکەم، ئێوە بۆ شەڕەجڕت باشن، لێ لەو بوارەدا دەست و پێ سپیم ئەز. ئەم وەڵامەشم بۆیە بۆ نووسیون، تا ئەو قسە نەستەقەتان بیر بهێنمەوە کە دەڵێ: بۆ مێشوولە وا باشترە، توخنی قوللەی قاف نەکەوێ.

نووسیوتانە: «ئیسلامەکانی تاران کچانیان پێش لە سێدارەدان، دەکرد بە ژن.»

ئەو زانیارییەشتان لە نووسینێکی منەوە هێناوە، بێ ئەوەی ئاماژە بۆ ژێدەرەکەی بکەن! ئاخر لە (کتێبێکی بە خوێن نووسراو)دا، گوتوومە: «دەسەڵاتدارانی ئێران ژنانی نەیار، پێشەکی ئیغتیساب، ئینجا ئیعدام دەکەن.»[4]

ئێوە تۆزێ لە کۆمپیوتەر دەزانن و دەشێ لە کوردستان بکرێن بە تایپیست، «بە مەرجێ هەڵەبڕێک لای کەم دوو جار، بە هەر دێڕێکدا کە تایپی دەکەن، بچێتەوە»، ئیدی بۆچی خۆتان لێ بووە بە موتەرجیم و تەنانەت بە موحەڕیریش![5] ئەوە بۆچی کە ئەسپ ناڵ دەکرێ، بۆقیش لاق هەڵدەبڕێ! خەڵکی مافی خۆیانە، سەبارەت بە مەسەلە گرنگەکان، داوای هەڵوێست لە نووسەران بکەن، لێ کەس ئێوەی بە نووسەر زانیوە، تا داوای هەڵوێستتان لێ بکا!

لە ماڵپەڕی کوردستانبرێسدا ناو بە ناو هەواڵێکی دوو سێ دێڕیتان

له عەرەبییەوە، کە سەر و گوێلاکی دەشکێنن، دەکردە کوردییەکی بێفەڕ و لە ژێریدا ناوی سێ قۆلی خۆتان دەنووسی. ڕێ دەکەوت ناوەکەتان لە هەواڵەکە درێژتر دەبوو! ئێوە یەکەم (ڕۆژنامەنووس!) بوون، مۆری خۆتان لە هەواڵی وەرگێردراو بدەن، ئەگەرچی هەواڵ بە ئۆرگینالیش ناوی کەسی پێوە نییە! بەڵێن بێ، ئەگەر مێژووی ڕۆژنامەگەریی کوردیم نووسییەوە، ئەو داهێنان و ڕچەشکاندنە، بە ناوی ئێوەوە تۆمار بکەم.

مادام دڵتان هێندە فراوانە، لە «شێرکۆ بێکەس» گەرچی شیعری بۆ «بارزانی»ش گوتووە، خۆش بوون، دەستم داوێنتان لە منیش ببوورن. سەددام بەو دڕندەییەی خۆیەوە، ناو بە ناو لێبووردن دەردەکا، بریا ئێوەش بە بۆنەی جەژنی لە دایکبوونتانەوە، کە یەکی حەوتە، کەشکی دڵتان دەخووسا و ئەمنستیتان بۆ نووسەران و ڕووناکبیران، ئەو کومڕێیانەیەی جنێو نابەخشنەوە، دەردەکرد.[٦]

ئایا ناپاکیی سەرانی کورد لە ٣١ی ئابی ١٩٩٦ەوە دەست پێ دەکا؟ ئەدی لە ٣٠ی تەمووزی هەمان ساڵدا هێزەکانی (ینک) بۆ لێدانی حیزبی دێمۆکراتی کوردستانی ئێران، لە باشماخەوە تا کۆیە، کە نزیکەی ٢٠٠ کیلۆمەترە، پێش پاسداران نەکەوتن؟ ئایا ساڵانی ١٩٦٦ ـ ١٩٧٠ باڵێکی بزووتنەوەی کوردایەتی، کە (ینک)ی لێ کەوتەوە، بۆ کاولکردنی کوردستان، پێش لەشکری عێراق نەدەکەوت؟ یان شەڕ دەفرۆشن و گەرەکتانە بتانکەم بە قارەمانی ساتیر و بەو جۆرە ناوبانگ و نەمری مسۆگەر بکەن؟

دەبێ فێر بن قسەی لە قەوارەی خۆتان زلتر نەکەن. یەکەمین دەرسی ژیان کە پێویستە فێری ببن، خۆ ناسینە. تەمەنتان لە خەزانی تێپەڕاندووە و هێشتا خۆتان نەناسیوە. ئێوە کە تا هەنووکە هیچتان نەکردووە بەهیچ، تازە درەنگە. بە داخەوە لە کن ئێوە درۆ نووسین لە پێناوی قازانجی تایبەتیدا، کارێکی ڕەوایە.

گەلێ جار نائومێد دەبم و بە خۆم دەڵێم، واز لە نووسین بهێنە! بۆ هێندە خۆت ماندوو دەکەی؟ بەڵام کە دەبینم، نووسینم هێندە کاریگەرە، ڕستەیەکم کەسێک وا هەراسان دەکا، بەشێکی گرنگی ژیانی بۆ دژایەتیکردنی من تەرخان بکا، پاشگەز دەبمەوە و چالاکانەتر دەنووسم. ئەوی بە ڕستەیەکم باڵی لێ پەیدا دەبێ، پێویستە وەک هەر جەنتڵمانێ، دەست هەڵبڕێ و جاڕی شکستی خۆی بدا، نەک وەک گایەکی هار شەڕەشۆق لەتەک چیادا بکا. هەندێ جار کە بەزەییم بە قوربانییەکانمدا دێتەوە و ویژدانم ئازارم دەدا، دڵخۆشی خۆم بەوە دەدەمەوە، هەمیشە ئەوان دەستپێشکەرییان کردووە و بە ناڕەوا پەلاماریان داوم.

هەولێر لە ژێر دەستی پارتیدا بێ، یان یەکێتی، داهاتی (ئیبراهیم خەلیل) وەک برا بەش بکەن، یان ئەمیان بەشی ئەویانی لێ نەدا، من نە لەنگەری خۆم تێک دەدەم، نە سەنگەری خۆم بەردەدەم. جیهانی من لە جیهانی (ینک) و پدک بەرینترە. کە دەنووسم ڕاستی ڕەچاو دەکەم، بێ گوێدانە ئەوەی کامیانم زێتر لێ زیز دەبێ. ئێوە گەرەکتانە فیفتی فیفتی، هەر پەنجا گرام ڕەخنەم لە (ینک) گرت، خێرا هێندەش لە پدک بگرم!

**ئێوە دەڵێن، حەمەسەعید حەسەن هیچی پێ نییە و هەر وڕێنە و درۆی شاخدار بڵاو دەکاتەوە. کە وایە ئەدی بۆچی خۆتان سەغڵەت و سەرقاڵ کردووە و بەردەوام لە سەرم دەنووسن؟**

چونکە درۆتان پێ هونەرە، دەنووسن: «بارزانی مەلا ئاوارەی شەهید کرد.» ئاخر مەلا ئاوارە لە گوندی «گلێنان»ی ناوچەی «ئالان»ی سەردەشت، لە ماڵی «کوێخا ڕەسووڵ»دا، جەندرمە هاتنە سەری، دەستگیریان کرد و دواتر لە سێدارە درا. دوو برای ئەو شەهیدە هەنووکە لە ئەورووپان. مەلا محەمەدی شەڵماشی لە فینلاندە و مستەفا شەڵماشی لە هۆلاند.

بە درێژایی دەسەڵاتی بارزانی، لە ئەیلوولی ١٩٦١ەوە تا نسکۆی ١٩٧٥ پێنج شەش کوردێکی ئێرانی لە قەڵەمڕەوی (پدک)دا «مەلا ئاوارە یەکێک نەبوو لەوانە،» تیرۆر کراون، «لە دوای ڕاپەڕینەوە تا ١٩٩٨ نزیکەی سەد و حەفتا کوردی ئێران، لە دەڤەرەکانی ژێر دەسەڵاتی (ینک)دا تیرۆر کراون.»[٧]

من، بارزانی لە سەروو ڕەخنەوە نابینم و، لە سەروەختی دەسەڵاتیدا شیعرم بە باڵایدا هەڵنەگوتووە، بەڵام پێم وایە بە درێژایی مێژووی بزووتنەوەی کوردایەتی، کورد پیاوی لەو گەورەتری تێدا هەڵنەکەوتووە. دەستی هیچ کام لەو سەرکردانەی ئێوە هەنووکە زوڕنایان بۆ لێ دەدەن، ناگاتە داوێنی ئەو.

ئێمە پێمان خۆش بێ، یان نا، ناوی بارزانی لەتەک ناوی ل(ینک)ۆڵن، گاندی، دیگۆڵ، مارتن لۆتەر کینگ، هۆشی مین، نیلسۆن ماندێلا، گیڤارا و ناسردا دێت. ئێوە بنێشتی نەوشیروان مستەفا، دەجوونەوە و دەنووسن: «بارزانی گوتوویەتی: ئامادەم ببمە سەرۆکی سوزانیان، بەڵام نابمە سەرۆکی پارتی». ئەمە زادەی گەورەیی بارزانی یە، ئاخر نموونەی باڵای ئێوە، بۆ ئەوەی ببێ بە سەرۆک، تەپکەی خوێناوی دەنێتەوە، سەری یارانی درووێنە دەکا، تاقم دوای خۆی دەخات و حیزب کەرت دەکا، بەڵام ئەو چونکە لە حیزب مەزنترە، دەیکەن بە سەرۆک، نایکا. جارێکیان فەرەنسۆ هەریری گوتی: «مەسعوود بارزانی زۆر لەوە پایەبەرزترە، دابەزێتە ئاستی سەرۆکایەتیکردنی پەرلەمانەوە.» (ینک) چونکە هەندێ جار درەنگ لە ڕاستییەکان تێدەگا، زۆر بە توندی وەڵامی ئەو تێزەی دایەوە. بە پێچەوانەی بارزانییەوە، جەلال تاڵەبانی، خۆی گوتەنی: «ئەگەر سکرتێری (ینک) نەبێ، پارێزەرێکی ئاساییە و پۆلیسێک دەتوانێ ئۆفیسەکەی پێ دابخات و لە زیندانی توند بکا.»

خۆتان بە جنێودان بە بارزانییەوە، ماندوو مەکەن، ئێوە با کۆمیتەی باڵای جنێوفرۆشانیش بن، لێ لەو بوارەدا، سەرتان ناگاتە قولەپێی

«فازیل بەراک» و دەستتان ناکاتە ئەژنۆی «نەوشیروان مستەفا».
کەلێ کەس پێش ئەنگۆ، تا گەروویان نووسا، جنێویان بە بارزانی دا، وەلێ ئاخرییەکەی سەری کزیان لە کەناری پارتیدا لەنگەری گرتەوە. بڕۆن چاوێ بە بەڵگەنامەکانی دادگاییکردنی قازی محەمەددا بگێڕن، بزانن «پێشەوا» چەند بە بارزانی سەرسام بووە. ئێوە چین کە بە ناوی نهێنییەوە بارزانی دەخەنە ژێر پرسیارەوە؟
ئایا ئێوە ڕقی چیتان لە بارزانی یە؟ ئەگەر لە سۆنگەی ئەوەوەیە کە شۆڕشی ئەیلوولی تووشی نسکۆ کردووە، ئەدی بۆچی لە گەرمەی شۆڕشەکەدا لەگەڵ «عەبدوڵلا عەباس»ی هاوڕێتاندا، سەرقاڵی بەڕێوەبردنی (ئێسگەی دەنگی دواوە)[٨] بوون؟
(ینک) عەبایەکی بە شانی داداوە، زۆر فشوفۆڵە بە بەری، بانگەشە بۆ زۆر شت دەکا و یەکە یەکە لێیان پاشگەز دەبێتەوە. (پارتی) نە بەرز دەفڕێ، نە دەست دەداتە گاشەبەرد و نە شەیدای ڕستەی شۆڕشگێڕانەیە. لایەنێکە پێ هێندەی بەڕەکەی خۆی ڕادەکیشێ، هێندێ جار کەمتریش. هەر بۆیە ڕەخنەی کەمتر لە (ینک) لێ دەگیرێ. ئایاری ١٩٨٣ (ینک) شیوعییەکانی بۆیە بە دیلی دەکوشت، چونکە تەحریفی بوون، ئەو مارکسیستە توندڕۆیانە، هەنووکە کاڵتەیان بە شۆڕشی پرۆلیتاریا و کۆمۆنیزم دێ و خەریکی جۆشدانی خزمانی یەناخی، کۆکۆیی، شەمێرانی و تاوەگۆزین!
وێڕای ئەمانە، من خەڵکی دەفەری ژێر کۆنترۆڵی (ینک)م و ڕەخنە لە (ینک) گرتن، بواری شارەزاییمە و دەستم پێی ڕاهاتووە. ئێوەش تا شل دەبن، ڕەخنە لە (پدک) بگرن، خۆ دەستم نەگرتوون. من هەرگیز بە کەسم نەگوتووە: ئەوە بۆچی ڕەخنە لە پدک دەگری و لە ئاستی تاوانەکانی (ینک)دا بێدەنگی؟ من هەرگیز بە ڕستەیەکیش داکۆکیم لە (پدک) نەکردووە. من خەو بە کوردستانێکی بێ بەعسی و بێ ئیسلامی و بێ (ینک) و بێ پدکەوە دەبینم. من هەرگیز (پدک)م بە شەراب نەزانیوە، تا لە نسکۆی ١٩٧٥دا یان لە ٣١ی ئابدا، لێم بوویێ، بە سرکە. من کەسێکی ئازادم و بە وریاییەوە دژی حیزبم و ئێوەش تازە لەوە پیرترن، لە مانای ئازادی تێبگەن، بێهێزترن لەوەی قەفەزی حیزب بشکێنن، بێ تواناترن لەوەی بە ئاوەزی خۆتان بیر بکەنەوە و بچووکترن لەوەی دەست لە بەرژەوندیی خۆتان هەڵبگرن. ئێوە کە خوازیارن لایەک بە خولام ڕاتانبگرێ، قەت بڕوا ناکەن کەسێ هەبێ، حیزب بە خولام ڕانەگرێ. من لە مێژە سەنگەری بێدەسەڵاتانم هەڵبژاردووە، تا دەستیشم قەڵەم بگرێ، هەر لە بەرژەوەندیی ئەوان و لە دژی دەسەڵاتداران دەنووسم.
شەیتان، سەرەتا فریشتە بوو، کە خودا فەرمانی پێ کرد، کڕنووش بۆ ئادەم ببا، سەرپێچی فەرمانی خودای کرد و گوتی: من لە ڕووناکی خوڵقاوم و ئادەم لە گڵ، بێجگە لە خودا سوجدە بۆ کەسی دیکە نابەم. ئیدی خودا نەفرەتی لێ کرد. من پاساوەکەی شەیتانم پێ دروستە و لەو کێشەیەدا خۆم لە سەنگەری ویدا دەبینمەوە، بۆیە هیچ پێویست بەو ئەرکە ناکا، زنجیرەیەک سەقەتەگوتار بنووسن، تا بیسەلمێنن، ئەز ئەهریمەنم. ئەوی لە دوای ئەو زنجیرە «گوتار»ەوەیە، هێندە بلیمەتە، سەرانی کورد ڕاوێژی پێ بکەن، هێند نابا، دەبینە خاوەنی کوردستانێکی یەککگرتووی سەربەخۆ. ئەو بیرەوانە تا ئێستا خۆی لە کام «بیر»ی قووڵدا حەشار دابوو!
«جەزا چنگیانی»، پێشانگایەکی فۆتۆگراف لە سلێمانی دەکاتەوە، یەکێ لە وێنەکان، وێنەی نووسەری ئەم دێڕانە دەبێ، کە لەژێریدا نووسیبووی: حەمەسەعید حەسەن، چاوێکی تیژ و قەڵەمێکی جەربەزە. ڕۆژانی ٢٣ تا ٢٥ی ئابی ٢٠٠١ لە هۆڵی هونەرمەندان، وێنەکان پیشان دەدرێن، وەلێ هەر لە سەرەتاوە سانسۆری سلێمانی ڕێگە لە نیشاندانی وێنەکەی من دەگرێ. سوپاس بۆ ئەو نووسەرەی زەنگی لێدا و گوتی: «ئێرەییت پێ دەبەم. (ینک) تەنانەت لە وێنەکەشت دەترسێ.» مایەی شانازیمە سەرەتای سالانی هەشتا ناوم لە لیستی ڕەشی بەعسدا بوو، هەنووکەش ناو و وێنەم لە لیستی ڕەشی (یەکێتی)دایە. دەشێ ئەوسا بەعس پێی وا بووبێ یەکێتیم! ئاخر جارێکیان چونکە باسی چیرۆکی «بلە»م کردبوو، بۆ ئاسایش ڕاپێچ کرام.
ئێوە دەڵێن، حەمەسەعید حەسەن هیچی پێ نییە و هەر وڕێنە و درۆی شاخدار بڵاو دەکاتەوە. کە وایە ئەدی بۆچی خۆتان سەغڵەت و سەرقاڵ کردووە و بەردەوام لە سەرم دەنووسن؟ هەر لەم چەند ساڵەی ڕابردوودا، بە چاک و بە خراپ، بە گوتار و بە نامیلکە و بە کتێب، بە کوردی، عەرەبی، فارسی، سویدی و ئەڵمانی، دەیان نووسەری باش و مامناوەندی و خراپ لە سەریان نووسیوم، بۆ نموونە: ئاسۆ، ئەحمەد ڕەجەب، ئەکبەر ئەحمەد، پەخشان سابیر، جەمال کۆشش، حەمید تەیموور، خەلیل دەهۆکی، ڕۆستەم باجەلان، ڕێبوار سیوەیلی، ڕێبین ڕەسووڵ ئیسماعیل، ڕەفیق سابیر، ڕەهبەر جەلال، س. زرووەیی، سەعید سەقزی، فەرهاد سەنگاوی، فەخرەدین تایەر، فەهد گردەوانی، فەرهاد پیربال، عادل باخەوان، عەبدوڵلا عەباس، عەتا قەرەداغی، عەلی کیتابی، فەتاح خەتاب، کاکەوەیس، کاوە ئەمین، کەریم دانشیار، گۆران قەرەداغی، موحسین جوامێر، مەحموود حسێنپوور، مەریوان ڕەووف، مەلا ڕەوف، ناسر باباخانی، نەوزاد وەلی، نیاز لاجانی، هاشمی ئەحمەدزادە، هۆشیار ئەحمەد ئەسوەد، هەژار مەعرووف، یاسین حەسەن و گەلێ کەسی دیکە کە بە ناوی نهێنییەوە لەسەریان نووسیوم و شیاوی ئەوە نین، ناویان بهێنم. ئەمە وێڕای ئەوەی دەیان نووسەری دیکە لە باسەکانیاندا کە تایبەت نەبوون بە من، کەم و زۆر ئاوڕیان لە بەرهەم و بۆچوونەکانم داوەتەوە. بێجگە لە «عەبدوڵلا عەباس» کە بەعسی یە، ڕێزم بۆ هەموو ئەوانە هەیە کە بە چاک، یان بە خراپ بە ناوی خۆیانەوە لەسەریان نووسیوم.[٩] گرنگیدانی وان بە نووسینەکانم، بێ خۆهەڵکێشان، سەلماندنی بوونی منە وەک نووسەرێکی چالاکی جێدەست دیار. بۆ نووسەر گەورەترین کارەسات ئەوەیە، کەس ئاوڕ لە بەرهەمی نەداتەوە.

٢٠٠١/٩/٢٤

١– بارزانی نەمر و قانعی شاعیر، *مەهاباد*، ژمارە ٣ (ل١٤)، جۆزەردانی ١٣٨٠.
٢– کەم پارە.

٣- **حەمەسەعید حەسەن**، کانیی ماسی هەواری کەنار شاری بکوژان، پەیام، ژمارە ٣٢ ئاداری ٢٠٠١ لەندەن، لاپەڕە٢٤.

٤- **حەمەسەعید حەسەن**، شیعر و تەور (ل ٨٤)، چاپخانەی ئاپێک ١٩٨٨ ستۆکهۆڵم.

٥- وەرگێڕ و بنووس.

٦- جارێکیان گۆڤاری سروە، تکای لە حەمەی مام ئەوڕەحمان کردبوو، «عەفووی عام»ێ بۆ نووسەران دەربکا.

٧- ماڵپەڕی حدکا/ دۆکومێنت/ لیستی ناوی تیرۆرکراوەکان.

٨- بۆ زانیاریی سەبارەت بەو ئێسگەیە، بڕوانە: یەکێتیی نووسەرانی کورد چی بەسەر هات؟ حەمەسەعید حەسەن (ل٧٢)، چاپی دووەم، چاپخانەی ئاپێک ١٩٩٤ ستۆکهۆڵم.

٩- ئەوانەی بە ناوی خۆیانەوە، ڕەخنەیان لێ گرتووم و ناویانم نەهێناوە، با دڵنیا بن، وەبیر هاتنەوە، بە هانامەوە نەهاتووە و هیچی دیکە.

**٢) کوانەڕەشە**

لەم نووسنیەدا بە کورتی وەڵامی «ڕێبوار ئەحمەد»[1] و بە برووسکەیی بەرسڤی «شەماڵ عەلی»[2] دەدەمەوە، کە هەردووکیان لەبەر ئەوەی سووکەڕەخنەیەکم لە مەنسووری حیکمەت گرتبوو، ماڵپەڕی کوردستان نێتیان لێ گرتم.

(لە جەدەلی سیاسی دا جنێودان نیشانەی ئیفلاسی یە.) ئەوە ناونیشانی باسەکەی ڕێبوار ئەحمەدە کە ئەم هەڵانەی تێدایە:

ــ دەبوو (دا) کە، بە سیاسییەکەوە بلکێنێ(سیاسیدا).

ــ ئیفلاسی یە، وەک ڕێزمان هەڵەیە، ئیفلاسە، ڕاستە.

ـ ڕستە کوردییەکە! لە پێنج وشە پێکهاتووە، سێیان عەرەبین.

ــ نەک تەنیا لە جەدەلی سیاسیدا، لە جەدەلی ئەدەبی، هونەری و فیکریشدا جنێودان هەر نیشانەی مایەپووچی یە.

ــ سەرکردەیەکی پرۆلیتاری! کە نەتوانێ بینای ڕستەیەک بکا، ئایا دەکارێ قەڵای سۆسیالیزم ڕۆ بنێ؟

ئەوی ئێوە پێوەی خەریکن، کاریکاتێری خەباتی چینایەتی یە، ئەو زمانەشی پێی دەنووسن، بێ ئەوەی مەبەستتان بێ، هەر ڕستەیەکی تەنزێکە. لە ڕوانگەی مارکسییەکانەوە زمان ڕەنگدانەوەی هۆشیاریی تاکە، کەواتە هۆشیاریی ئێوە لە ئاستی زمانەکەتاندایە. ئاخر زمانێکی نزم، توانای دەربڕینی هۆشیارییەکی بەرزی نییە و کەسانی خاوەنی هۆشیاریی بالا، زمانیان هێندە نزم نابێ.

«جان کۆهن» دەڵێ: «زمان پۆشاکی بیر نییە، جەستەیەتی، چونکە بیر بێ زمان، بوونی نییە.» ئایا جەستەیەکی مێشکنەخۆش، دەتوانێ هەڵگری بیرێکی ساغ بێ؟ ئایا کەسانێ ئاستی ڕۆشنبیرییان هێندە نزم بێ، توانای نووسینی ڕستەیەکی دروستیان، بە زمانی خۆیان نەبێ، ئەوەیان لە باردایە، بەرچاوی پرۆلیتاریا ڕۆشن بکەنەوە؟ ئەگەرنا، پێویستە بە ڕێزەوە گوێ بۆ کەسانی لە خۆیان هۆشیارتر شل بکەن. سەر بۆ دەسەلاتی مەعریفە نەویکردن، نیشانەی زیرەکی یە.

**«ژاک درێدا، پێی وایە بەشێکی گرنگی بەرپرسێتی هێرشەکانی ١١ی سێپتێمبەر دەکەوێتە سەر ئەستۆی سیاسەتی چەوتی ئەمریکا.**

بە «شەماڵ عەلی»ش دەڵێم: عیلمانییەت هەڵەیە، عەلمانییەت ڕاستە کە لە عالەمەوە هاتووە، نەک لە عیلمەوە وەک ئێوە بۆی چوون. دەشێ ئینسان بێسەواد بێت و عەلمانی بێ، یان مامۆستای زانکۆ بێت و ئوسوولی بێت. عەلمانییەت بە ئینگلیزی secularism ە، کە (دنیایی) دەگرێتەوە، عەلمانیش secular ە، نەک سێکولاریست، ئاخر سێکولار ئاوەڵناوە. تکایە پێش ئەوەی وشەیەک بخەنە ڕستەوە، پێشەکی فێری چۆنێتی گوتن و ماناکەی بن. بەوەدا نووسیوتانە حەمەسەعید خوێندنەوەی پۆرنۆگرافییانە و ناموسپەرستانەی بۆ ڕووداوەکانی دنیا هەیە، دیارە لە مانای (پۆرنۆگرافی)ش بەد حاڵی بوون، ئاخر ناموسپەرست و پۆرنۆگرافی کوجا مەرحەبا! por-nography کە ئەدەب و هونەری ڕووهەڵماڵراو، فیلم و وێنەی ڕووت دەگرێتەوە، ناوە، دەبوو pornographic پۆرنۆگرافیک کە ئاوەڵناوە، بنووسن.

کە «مەنسوور حیکمەت» دەڵێ: «کۆتایی بە تیرۆریزم هێنان کاری ئێمەیە» و ئێوەش متمانەی پێ دەکەن، بڕوا بکەن خەڵکی ئەوی وەک «دۆنکیخۆت» و ئێوەشی وەک «سانچۆ» دێتە بەر چاو. وەلێ من پێتان پێناکەنم، لە قووڵایی دڵمەوە بەزەییم پێتاندا دێتەوە، کە خۆتان دەکەن بە کەرەسەی پێکەنین. لێنین درۆی بۆ پرۆلیتاریا نەدەکرد، (هەموو دەسەڵاتەکان، بۆ شووراکان،) ئەم دروشمە کە لە ئەپریلی ١٩١٧ دا بڵندی کردەوە، لە ئوکتۆبەری هەمان ساڵدا جێبەجێی کرد. کە بنبڕکردنی تیرۆر ئەرکی ئێوەیە، ئەدی بۆچی کە دە دوازدە نوێژکەرێ لە سلێمانی دێنە سەر بارەگا تاقە ژوورییەکەی (بۆ پێشەوە)ی ئۆرگانی (حککع)، هانا بۆ ئاسایشی سەر بە (ینک) دەبەن! بە پشتی ئاسایش کە دەزگایەکی تۆقێنەرە، تیرۆریستانی ئیسلامی لە نێو دەبەن! ئەو گەشبینییە بێ بناغەیەی مەنسوور ئەگەر لە ناهۆشیارییەوە سەرچاوەی نەگرتبێ، ئەوا زادەی ستراتیژێکی فریودەرانەیە، کە بە وریاییەوە مژدەی درۆ دەبەخشێتەوە و تۆوی هیوای ساختە لە دڵی چەوساوەکاندا دەچێنێ.

«مەنسوور حیکمەت»ی ئاگرخۆشکەری شەڕی پۆخڵی نێوان (دێمۆکرات) و (کۆمەڵە)، کە هەنووکە لە کوردستان کەس بە دەهۆڵی دەستەسڕ با نادا، لایەنی جەنگی ئەمریکا دژی ئەفغانستان دەگرێ و ڕاشکاوانە دەنووسێ: «شەڕی ئەمریکا لە دژی تالیبان نابێ مەحکووم بکرێ»، ئەگەرچی لەو شەڕەدا ئەمریکا بە بۆمبی هێشوویی لە گوند و

گەڕەکە هەژارنشینەکانی شارەکانی ئەفغانستان دەدا.

لە نێوان سالانی ١٩١٧ - ١٩٤٥ دا، لە لە سۆڤیەت ٣٢ میلیۆن ئینسان قەلاچۆ کراون. ئەمە قسەی «ئەلێکساندەر جاکۆڤلیف»ە کە سەرۆکی کۆمیتەی ساغکردنەوەی قوربانییەکانی سەردەمی ستالینە. ١٣ میلیۆن لەو ٣٢ میلیۆنە لە شەڕی نێوخۆی سالانی ١٩١٨ - ١٩٢٢ دا گیانیان لە دەست داوە. کە ئەمە نامەی ڕەوتاری ستالین بووبێ، ئیدی دەبێ چاوەڕێی چی لە شاگردانی بکەین؟

بە پێی گوتەی «دۆناڵد ڕامسفیلد»ی وەزیری جەنگی ئەمریکا، «ڕاوێژکارانی ئەمریکایی و ئێرانی پێکەوە هاوکاریی لەگەڵ ئۆپۆزیسیۆنی ئەفغانیدا بۆ ڕووخاندنی تالیبان دەکەن.» ئایا ئەم هاوسەنگەرییەی مەنسوور لەگەڵ ئەمریکا و تەنانەت ئێرانیشدا، هیچ پرسیارێ لای دەروێشانی ناورووژێنێ؟ ئەوپەڕی ڕاست و چەپی توندڕۆ، ئەگەرچی لە دوو سەرچاوەی تەواو جیاوازەوە هەڵدەقوڵێن، لێ هەمیشە لە کۆتاییدا دەڕژێنە هەمان ئاوەڕۆوە.

«ژاک درێدا» پێی وایە بەشێکی گرنگی بەرپرسێتی هێرشەکانی ١١ی سێپتێمبەر دەکەوێتە سەر ئەستۆی سیاسەتی چەوتی ئەمریکا. «گۆنتەر گراس» دەڵێ: «هێرشە سەربازییەکانی ئەمریکا بۆ سەر ئەفغانستان، نە مەدەنین، نە شارستانی، ئێمە دەبێ بەردەوام ڕەخنە لە سیاسەتی ئەمریکا کە سەروەختێک کۆمەکی بە «بن لادن» دەکرد، بگرین».

«نوام چۆمسکی» دەبێژێ: «ئەگەر ئەمریکا هەڵگری بیروباوەڕێکی ئینسانی با، هانای بۆ شەڕ نەدەبرد. ئەگەر قەرارە ئەمریکا هەموو ئەو وڵاتانەی داڵدەی تیرۆریستانیان داوە، بۆردوومان بکا، ئەوا من وڵاتم پێ شک نایە، داڵدەی تیرۆریستانی نەدابێ». «نەجیب مەحفووز» کە هێندەی نەمابوو، بە دەستی ئیسلامییە تیرۆریستەکان بکوژرێ، بە توندی دژی هێرشی ئەمریکا بۆ سەر ئەفغانستان وەستایەوە و گوتی: «جەنگیش وەک هێرشەکانی ١١ی ئەیلوول تیرۆرە، ئاخر دەشێ میلیۆنێ بێتاوانی تێدا بکوژرێ». «هابرماس»یش هەر هەمان هەڵوێستی هەبوو.

لە سەرانسەری ئەورووپادا میلیۆنان خەڵکی ئینساندۆست دژی هێرشی ئەمریکا بۆ سەر ئەفغانستان ڕژانە سەر شەقامەکان. تەنانەت بەشێکی گرنگی خەڵکی ئەمریکاش دژی ئەو جەنگەن؛ ئایا جێی گومان نییە کە «میم حیکمەت» لە یانکی، ئەمریکاییترە؟ کە شیوەن بۆ کارمەندانی پێنتاگۆن دەگێڕێت و دڵی بە منداڵانی کابول ناسووتێ؟ لە ڕوانگەی ڕێبوارەوە کە توانای نووسینی ڕستەیەکی دروستی بەزمانی زگماکی نییە، ئەو هەموو خەڵکە بەو نووسەرە مەزن و بیرمەندە گەورانەشەوە، چونکە جەنگ بە تیرۆر دەزانن، ساویلکەن!

ئایا لە نێو جەرگەی ئەورووپای خۆرئاواوە، مرۆڤدۆست، چەپ، سەوز و ئەنارشیستەکان لە سەنگەری شەرقگەراییەوە، دژی ئەمریکا دەنگ هەڵدەبڕن؟ من کە بە ناوی خۆمەوە بە ڕاشکاوی دژی ئیسلامییەکانی کوردستان هەڵوێستم نواندووە، دەکرێ بە لایەنگری تالیبان نێوزەد بکرێم؟ ڕێبوار ڕوانینی هێندە کورتبڕ، بیری هێندە تەنک و ئاستی ڕۆشنبیریی هێندە نزمە، دەڵێ: «ئەگەر جەنگ تیرۆر بێ، کەواتە شۆڕشگێڕانیش کە دژی ڕژێمە کۆنەپەرستەکان جەنگیون، تیرۆریستن!»[3] وەک ئێمە گوتبێتمان: جەنگ بە شێوەیەکی گشتی، بە چاوپۆشین لەوەی جەنگاوەران کێن، هەر تیرۆرە.

بە داخەوە ئەم ڕێبەرە ئاستی وتووێژەکەی هێندە دابەزاندووە، ناچاری کردووم، بنووسم: شەڕی کۆیلە دژی خاوەنکۆیلە، شەڕی جووتیار دژی فیودال، جەنگی گەلانی بندەست بۆ سەربەخۆیی، جەنگی پرۆلیتاریا لە پێناوی بنیاتنانی جیهانێکی ناچینایەتیدا، جەنگی عەلمانییەکان دژی ئیسلامییەکان، جەنگی پێشکەوتنخوازان دژی کۆنەپارێزان، جەنگی بێدەسەڵاتان دژی دەسەڵاتداران، جەنگی کۆمارییەکان دژی شاپەرستان و جەنگی دێمۆکراتیخوازان دژی دیکتاتۆران، هەموویان پیرۆزن؛ لێ جەنگی ئەمریکا لە ئەفغانستان تیرۆرە.

زۆرن ئەوانەی بە ڕاشکاوی لایەنی ئەمریکایان گرتووە، کەم نین ئەوانەی بە ئاشکرا سەنگەری «بن لادن»یان هەڵبژاردووە. ئێوە لایەنی ئەمریکاتان گرتووە، منیش هاوزەمان دژی هەردوو لایانم و لەگەڵ چەوساوەکانی ئەفغانستاندام. من داکۆکی لە ئیسلامی سیاسی ناکەم، ئەگەر وا لە نووسینێکم تێگەیشتوون، ئەوە هەڵەی منە، دیارە نەمتوانیوە، جوان بیری خۆم دەرببڕم. هیوادارم ئێوەش توانای دەربڕین بە هاناتانەوە نەهاتبێ، نەک بە هۆشیارییەوە لەو جەنگە پۆخڵەدا، لایەنی ئەمریکاتان گرتبێ. ئێوە بۆ مەرگی لە ناوەختی کارمەندانی پێنتاگۆن هێندە نیگەرانن، بە هەق شیاوی ئەوەن، دۆستانتان پرسەنامەتان بۆ ڕەوانە بکەن و سەرەخۆشیتان لێ بکەن.

-

لە دیدی مەنسوورەوە هیچ بۆمبێکی ئەمریکا هەڵە ناکات و هەمیشە نیشانە: تالیبان یان قاعیدە دەپێکێ. لە ڕوانگەی ڕێبواریشەوە، مەنسوور لە هیچ بۆچوونێکیدا بە هەڵەدا ناچێت و هەرگیز گاڵ ناهێنێ. ڕێبوار مانی لە بیرکردنەوە گرتووە و مەنسوورێ لە جێی ئەو بیر دەکاتەوە، کە هێندە دەست و پێ سپی یە، ئەوە بۆ «ئەحمەد شاملوو» بە کەمایەسی تۆمار دەکا، کە شیعری لە دژی حەساری سەر عێراق نەگوتووە! لێنینیش دەیگوت: حەیفە ماکسیم گۆرگی کاتی بەنرخی خۆی بە نووسینی بابەتی سیاسییەوە بەفێڕۆ بدا، دەبێ ئەو هەر خۆی بۆ ئەدەب تەرخان بکا.

ئەوە بۆ من جێگەی گومانە کە «میم حیکمەت» هێندە شێلگیرانە داوای هەڵگرتنی ئابلووقە لەسەر عێراق دەکات و هیچ دڵی بە خەڵکی کوبا، لیبیا، سوودان و سۆماڵ ناسووتێ، ئاخر ئەوانیش لەمێژە ئەمبارگۆیان لەسەرە. ئێوە لە کرۆکدا هیچ جیاوازییەکتان لەتەک ئیسلامە فوندەمەنتالیستەکاندا نییە، وەلێ لە توێکڵدا، ئەوان گوتەکانی محەمەد بە پیرۆز دەزانن و ئێوەش فەرموودەکانی مەنسوور. ئێوە هەرچی ڕەخنەی لە مەنسوور هەبێ بە سەرلێشێواوی نێوزەد دەکەن و ئەوانیش بە نەیارانی محەمەد دەڵێن کافر.

من چونکە خاوەنی سەری خۆمم، دەشێ هەندێ جار سەرم لێ بشێوێ، لێ ڕێبوار هەرگیز سەری لێ ناشێوێ، ئاخر خاوەنی سەری

خۆی نییە و لەمێژە بە مەنسووری سپاردووە. من دەشێ هەندێ جار ڕێ هەڵە بکەم، لێ ئەو لە (توونی بابا[٤])دا گیری خواردووە.
ئەوانەی گومان لە مەنسوور دەکەن، کەسانی ناسراوی ڕابردووخاوێنی لە بابەتی: «عەبدوڵلا بابان»، «ڕەحیمی ئەمینی» و «حامیدی سەعاتی»ن. تەمی ئەو گومانە بەوە نارەوێتەوە کە ناتۆرە بخەنە دوای ئەم و ئەو. ئێوە کە خوازیاری ئەوەن کەس گومان نەخاتە سەر مەنسوور، نەدەبوو هەرچی گومانی خستە سەر ناوبراو، گومانی لێ بکەن و بیخەنە خانەی شاپەرستان، یان دەزگای زانیارییەوە. ئەگەر گومان لەم و لەو کردن بە چەکێکی پۆخڵ دەزانن، نەدەبوو هانای بۆ ببەن.
(حککا) بۆ دوا کۆنگرەیان داوەتنامەیان بۆ سەدان کەس هەناردبوو. یەکێکیان: ڕێبەری مانگرتنی کرێکارانی نەوتی باشووری ئێران، «یەدوڵلا خوسرەوشاهی» بوو، کە لە ١٠ی ئوکتۆبەری ٢٠٠٠دا بە نامەیەک پێی گوتن: «بۆ کۆڕێک نایەم، کەسانێ ئامادەی ببن، کە هێشتا شوێنەواری ئەشکەنجەیان بە جەستەمەوە دیارە.» ئاخر هەر بۆ هەمان کۆنگرە «مەسعوود ڕەجەوی» و «ڕەزا پەهلەوی»ش بانگهێشت کرابوون. لەو سەدان کەسەی داوەتنامەیان پێ گەیشتبوو، تەنیا «ئەمیر مومبینی» کە یەکێکە لە سەرانی (فیدائیانی ئەکسەرییەت) چوو بوو، ئەویش کە خواستبووی دوو دەقیقە قسە بکا، مۆڵەتیان نەدابوو!
کە دەنووسم هەموو وشەیەکم بە تەرازووی زێڕ دەکێشم و تەنانەت بیر لە ڕیتمەکەشی دەکەمەوە، دڵداری لەگەڵ هەموو ڕستەیەکەمدا دەکەم و بە دەست داهێنانی هەر پەرەگرافێکەوە، هێندە ماندوو دەبم، مەگەر دایک سەروەختی منداڵبوون، زێتر ژان بچێژێ. ئێوەش بێباکانە قسە فڕێ دەدەن. بە داخەوە ئێوە هەندێ قسە دەدەنە پاڵ من، کە نەمگوتوون، هەندێ قسەی دیکەم دەشێوێنن و بۆ مەبەستی خۆتان کە خاوێن نییە، کلک و گوێیان دەکەن. ئایا ئەمە جۆرێک نییە لە تیرۆر؟
من نووسیومە: (ینک) بە تەرمی نەیارەکانی دەبێژێ: کەلاک، کەچی ئێوە دەڵێن: حەمەسەعید بە تەرم دەڵێ: کەلاک! من نووسیومە: «ئێمە پێمان خۆش بێ، یان نا، ناوی بارزانی لەتەک ناوی گیڤارا»دا دێت، کەچی ئێوە دەڵێن: «حەمەسەعید، بارزانی کە پێوەندیشی بە ئیسرائیلەوە هەبووە، دەباتە ئاستی گیڤارا». «جەمال غیتانی» (کە چیرۆکنووسێکی چەپی میسری یە و، «بن لادن» بە تیرۆریست دەزانێ) دەڵێ: «لە ویژدانی بیروڕای گشتیی عەرەبیدا، ئوسامەش وەک گیڤارا سیمبۆلی بە گژ ئیمپریالیزمی ئەمریکادا چوونەوەیە». منیش بارزانیم بە گیڤارا نەچوواندووە، وەلێ بەشێکی گرنگی کورد، وای دەبینن.
لە ڕوانگەی «ئیرەجی ئازەری» و «ڕەزای موقەدەم»ەوە (کە لەگەڵ مەنسووردا بە سێقۆڵی ناوکی دامەزراندنی حیزبی کۆمۆنیستی کارگەری بوون و لەمێژە لەو حیزبە جیا بوونەتەوە)، لە پرۆگرامی (حککا)دا بۆیە نووسراوە: «پێوەندیی لەگەڵ دەوڵەتێ کە لەسەر بناغەی ئیسلام دامەزرابێ، ناگرین،» تا دەست کراوە بن، بۆ

**ئێوە ئەگەر کەسێ ئێسکی مارکس لە گۆڕەکەی دەربهێنێ و بیخاتە بەر سەگ، لێی دەبوورن، لێ هەر کەس ڕەخنەی لە مەنسوور گرت، دەیدەنە بەر ڕێژنەی جنێو.**
**هەموو جەنەراڵێک دەتوانێ سەربازەکانی بە کوشت بدا، لێ هونەر ئەوەیە بەرەو ڕووی شەڕی خۆپسێنیان نەکاتەوە.**

پێوەندیی لەگەڵ ئیسرائیل بەستندا، ئەگەر نا دەنووسرا: پێوەندیی لەگەڵ دەوڵەتێ ناگرین کە لەسەر بناغەی ئایین دامەزرابێ.
من (ڕەخنە)ی سیاسیم نووسیوە، (جنێو)م بە کەس نەداوە، دیارە ئێوەش وەک (مام)تان، کە سەردەمێکی دوور و درێژ دراوی سەخت و چەکی سووکی پێ دەبەخشین، ڕەخنەتان پێ جنێوە. ئەگەرنا تاقە جنێوێکی نێو نووسینێکی منتان بە نموونە دەهێنایەوە و سەرچاوەکەیتان دەستنیشان دەکرد. کێ دەڵێ ئەوسا پاشگەز نەدەبوومەوە و داوای لێبووردنیشم نەدەکرد؟
کە «سەلام عەبدوڵلا»، (حەماقەت) دەداتە پاڵ «میم حیکمەت»، ڕێبوار ئەوەی بۆ بە جنێو دەقەبڵێنێ، وەلێ خۆی بە مەلا محەمەد شارەزووری دەڵێ: (ئەحمەق) و منیش چونکە گوتوومە تیرۆر و جەنگ دوو ڕووی دراوێکن، بە (ساویلکە)م لە قەڵەم دەدا؛ کەچی ئاستی وتووێژی هێندە بەرزە، دەنووسێ: «دیقیش بکەن وەڵامی جنێوێکیان نادەمەوە». ئایا سەرکردەیەکی پرۆلیتاری بە شێوازی ئاوا نزم، دیالۆگ دەکا؟ ئایا دەشێ حەماقەت جوێن و ئەحمەق (جەدەلی سیاسی) بێ؟ کەس ناس دەکەن، هونەرەکەی هێندە سووک کردبێ؟
ئەم ڕێبوارە زارپاکژە (کە ئەویش وەک سەددام دەبێ وێنەی خۆی گا بە ڕەش و سپی، گا بە ڕەنگاوڕەنگی بە لاپەڕەی یەکەمی بڵاوکراوەی حیزبەوە بێ)[٥]، بە ئیسلام دەڵێ: بێشەرمی؛ بە هەرچی مەلای دنیا هەیە، کە لە میلیۆن زیاترن، دەبێژێ: «دەلاڵی دەکەن و هەقی دەلاڵیش وەردەگرن». تەنانەت ئەوە بە خۆی ڕەوا دەبینێ بە پەیامبەری ئیسلام کە ملیارێ ئینسان تۆزی ژێر پێڵاویشی بە پیرۆز دەزانن، کە سالانە زێتر لە میلیۆنێ ئینسان بە دەوری مەزاریدا دەخولێنەوە، بڵێ (بێ شعوور)[٦]، کەچی ئەوە بە خەڵکی ڕەوا نابینێ، بە مەنسوور کە لە هەموو دەقەری ژێر دەسەلاتی (ینک)دا، ٢٢٨ کەس و، لە سەرجەمی دنیاشدا ئەوپەڕی هەر هێندەی دیکەی دەستخەڕۆ کردووە، بڵێن: بێ حیکمەت!
ئەگەر دەلاڵ ئەو کەسە بێ کە ژنی لەشفرۆش بۆ پیاوی لەشکڕ پەیدا دەکا، ئەوا مەلا ئەو کارە ناکا، ئاخر ژن و پیاو بە ویستی خۆیان بۆ مارەبڕین دەچنە کنی. ڕێبوار بەوەی بۆ دژایەتیکردنی ئیسلام هانا بۆ درۆ و جنێو دەبا، دۆست بۆ ئیسلام زیاد دەکا، نەک دوژمن. سیاسەتی هەرزەکارانەی چەوتی (حککع)یش بەرانبەر ئیسلام، وەک شەڕی ناوخۆ، ڕۆڵێکی گرنگی لە گەشەسەندنی بزووتنەوەی ئیسلامی

له کوردستاندا بینیوه.

من نەک هەرگیز بە خراپ ناوی ڕێبوارم نەهێناوە، بەڵکوو بە نووسین[٧] و لە ڕادیۆی دەنگی ئەمریکاشەوە (ئەو سەردەمەی کە لەسەر جنێو بە پەیامبەری ئیسلام دان، فەتوای کوشتنی درابوو)، داکۆکیم لێ کردووە، کەچی ئەوەتا بە (ساویلکە) پاداشتم دەداتەوە، لە خۆڕا ناتۆرەی جنێوفرۆشم دەداتە پاڵ و بە مەلاکەی شارەزوورم دەچوێنێ. ڕێبوار دەنووسێ: «لە سەرەتای هەشتاکاندا مەلایەک هەبوو بە تەرازوویەکی شڕەوە..» ئەو مەلا موحەمەد شارەزوورییەی کە تازەکی ئەو باسی دەکات، نووسەری ئەم باسە لە <u>حەفتاکاندا</u> (١٩٧٧) ڕەخنەی لە کتێبێکی کە نێوی (سروشت *لە تەرازووی ژیریدا*) بوو، گرتووە.[٨]

مێژووی (حککع) بریتی یە لە نووچدان و تێکشکان، کەچی لەبری ئەوەی دوای هەر شکستێ بە خۆیدا بچێتەوە، بە ئاشکرا ڕەخنە لە خۆی بگرێ و هەوڵی گۆڕینی خۆی بدا، پاساو بۆ نسکۆ یەک لە دوای یەکەکانی دەهێنێتەوە. سەرنجی سەددام بدەن، دوای هەموو ئەو تێکشکانانە، هەر خاوەنی هەمان گوتارە، هیچ لە نسکۆکانییەوە فێر نەبووە، هەر هەمان بالۆرە لێ دەدا.

ــ ڕێبوار وتارێکی پڕ جنێو دژی ئیسلام دەنووسێ، کە دەبێتە هۆی هەڵاتنی خۆی و داخستنی ئۆرگانی حیزب.

ــ ئیسلامییەکان دوو کادیری چالاکی (حککع) لە هەولێر تیرۆر دەکەن، بێ ئەوەی حیزب هیچ پەرچەکردارێکی هەبێ.

ــ لە هەڵبژاردنی شارەوانییەکانی سلێمانیدا (حککع) شکستێکی ئابڕووبەرانە دەخوا.

ــ(حککع) لەبری پاشەکشێی ڕێکوپێک، لە ئەنجامی کەللەڕەقییەکی ساویلکانەوە، لە ٢٠٠١/٧/١٤ پێنج ئەندامی خۆی بە خۆڕایی بە کوشت دەدا.

ــ دواتر لەژێر گوشاردا هەر وەک چۆن «مەلا بەختیار» بە کیراوی پاکانەی بۆ (ینک) کرد، سەرانی (حککع)یش دەڕووخێن و سەر بۆ مەرجە دژوارەکانی (ینک) شۆڕ دەکەن.

هەموو جەنەراڵێک دەتوانێ سەربازەکانی بە کوشت بدا، لێ هونەر ئەوەیە بەرەو ڕووی شەڕی خۆپسێنیان نەکاتەوە. کە داوای بەرەنگاربوونەوەی لە جەنگاوەرەکانی کرد، نابێ خۆی هەڵێ، یان هیچ نەبێ، کە بە کوشتی دان، نابێ سەر بۆ بکوژانیان نەوی بکا. بۆرژوا خوازیارن، پرۆلیتاریا بێئەوەی خۆی بۆ ئامادە کردبێ، بچێتە شەڕەوە، لێ لاقی پرۆلیتاریا نابێ بەو داوەوە ببێ. دەبێ خۆی شوێن و سەعاتی سفری شەڕ دیاری بکا. ڕێبوار دەبوو دوای ئەو هەڵە و نسکۆ و ملکەچکردنانە، پۆستی ڕێبەرایەتیکردنی حیزبی جێ هێشتبا.

ئێوە هاوینی ٢٠٠٠ کە هەر ملتان بۆ مەرجە سەختەکانی (ینک) کەچ دەکرد، پێش بە کوشتدانی پێنج هاوڕێکەتان سازشتان کردبا، باشتر نەبوو؟ ئەوە من بووم لە ئەورووپا بکوژی «ئەبوبەکر عەلی»م کە سەر بەئێوە بوو، ڕیسوا کرد. کە بکوژەکەی هاتە سوید، من ئامادەبووم شایەتی لە دژی بدەم، ئێوە لە ترسی ئەوەی کەسوکارتان لە کوردستانە، قایل نەبوون، داوای لەسەر تۆمار بکەن. ئێوە لە خوێنی هاوڕێیانتان خۆش دەبن، لێ لە کەسی قبووڵ ناکەن، سووکەڕەخنەیەک لە «میم حیکمەت» بگرێ.

ئێوە ئەگەر کەسێ ئێسکی مارکس لە گۆڕەکەی دەربهێنێ و بیخاتە بەر سەگ، لێی دەبوورن، لێ هەر کەس ڕەخنەی لە مەنسوور گرت، دەیدەنە بەر ڕێژنەی جنێو. پێتان وایە خەڵکی لە بیری دەچێتەوە، لە سایتی (روزنە)وە بە ڕێژنەی جنێو جەستەی «هادی خورسەندی»ی تەنزنووستان، کرد بە بێژنگ! دەیان خوێندنەوەی نوێ بۆ مارکس کراوە و سەدان ڕەخنە لە تێزەکانی گیراوە، ئایا مەنسوور لەسەروو ڕەخنەوەیە و هیچ لێکدانەوەیەکی قابیلی بەرپەرچدانەوە نییە؟ کە ئێوە بە خۆتانی ڕەوا دەبینن، ڕەخنە لە دەقی قورئان بگرن، ئەدی خەڵکی بۆچی مافی ئەوەیان نەبێ، ڕەخنە لە دەقی ئەو بگرن؟ بۆ ئەوەی هەست بە هەڵەی خۆمان بکەین، دەبێ هەندێ جار گوێ لە کەسانی دەرەوەی گرووپی خۆمان بگرین. نابێ هەر قسە بۆ خەڵکی بکەین، دەبێ گوێشیان بۆ ڕادێرین. دیکتاتۆر تەنیا گوێ لەو شایەرانە دەگرێ، کە بە باڵایدا هەڵدەڵێن.

ئێوە منتان بە شتێکەوە سەرقاڵ کردووە کە بوونی نییە و زادەی خەیاڵی ناساغ، یان درشت سەرنجدانی خۆتانە. ئێوە ئازادن وەختی خۆتان چۆن دەکوژن، لێ مافی ئەوەتان نییە، کاتی خەڵکی بە فیڕۆ بدەن. ئەگەر وەک بانگەشەی بۆ دەکەن، نووسەری ئەم دێڕانە ساویلکە و جنێوفرۆشە، ئەدی بۆچی وا مەحکەم سەنگەرتان لێ گرتووە؟ کەستان ماوە، قەڵەم بگێڕێ و شتێکی لەسەر من نەنووسیبێ؟ جا قسەی کەسانی ساویلکە و جنێوفرۆش ئەوە دەهێنێ، ئێوەی بلیمەت و زارپاکژ، کاتی زێدە بەنرخی خۆتانی بۆ تەرخان بکەن؟ دەبوو ئێوە بۆ ئەوەی دەمتان هەر پاک بێ، خۆ لە دەم خستنە نێو دەمی زارپیسانەوە بە دوور بگرن.

ئێوە چونکە هیچ شک نابەن تا بترسن لە کیستان بچێ، چەکی درۆتان کردووەتە شان، چونکە ڕێز لە خوێنەر ناگرن، سەرچاوە دەستنیشان ناکەن، چونکە سەرقاڵی سیاسەتن نەک خەبات، سڵ لە هانابردنە بەر پۆخڵترین ڕێ، ناکەنەوە. ئێوە هەنووکە دابەزیونەتە ئاستێکی نزم، ئاخر ئەوەتا هەم جنێو دەبەخشنەوە و هەم درۆش دەهۆننەوە. ئێوە سەر بە حیزبێکن کە دەبوو وەک هەر شتێکی دیکەی دێرین و عەنتیکە لە مۆزەخانەدا بێ. من دەسەڵاتم بە دەستەوە با، حیزبی ئێوەم بە هەر نرخێک بووە، دەپاراست. ئاخر زۆر ترسی ئەوەم هەیە، وەک پاندا هێدی هێدی قڕتان تێ بکەوێ.

یەکێک لە ئەرکەسەرەکییەکانی ڕۆماننووس بەرجەستەکردنی ژیانی کارەکتەرەکانێتی لە گۆڕاندا. ئێوە کە بانگەشە بۆ ئەوە دەکەن، لە پەنجەرەی دیالێکتیکەوە سەرنجی دیاردەکان دەدەن و واقیع لە گۆڕاندا دەبینن، نەدەبوو وشەیەکی زبر، کە دەشێ دە ساڵ بەر لە ئێستا، پەڕیبێتە ڕستەیەکمەوە، هێندە زوو زوو وەبیر خەڵکی بهێننەوە. ئەگەر کێشەی ئێوە لەگەڵ جنێوفرۆشانە، دەبوو سەنگەر لە «ڕەفیق سابیر» بگرن، ئاخر ئەو تەنیا لە دوا لاپەڕەی (*ڕابوون*)ی ژمارە ٢٤دا، (٤٧) جنێوی دابوو. یان «کەمال میراودەلی» بکەنە

نیشانە، کە مانگنامەی (*هەتاو*)ی بۆ جنێوبەخشینەوە تەرخان کردبوو.

بە لای ئەم (کۆمۆنیستانەوە) کە زێتر لە ئەهلی ئەشکەوت دەچن وەک لە ئەهلی قەڵەم، کە توانای نووسینی ناوی سەرچاوەیەکیان بە دروستی نییە، پاژنەی ئاخیلی من پشتکردنە بەڵگە هێنانەوەیە، ئەگەرچی خەسڵەتی هەرە دیاری توێژینەوەکانم، بە ددان پێدانانی دۆست و دوژمن، پشت بە دۆکۆمێنت و سەرچاوە بەستنە.

زۆر گرنگە ئینسان بوێرێ ئەوانە بڵێ و بنووسێ کە هەستیان پێ دەکات و بیریان لێ دەکاتەوە. من یەکێکم لەوانەی بێ گوێدانە بەرژەوندی و بەربەست، هەست و بیری خۆیان لە وشەدا بەرجەستە دەکەن. نووسین بە لای منەوە ستراتیژە، دەنووسم و گوێ نادەمە دڵی کۆنەپارێزان، ڕادیکالان، ناسیۆنالیستان و خۆ بە کۆمۆنیست زانان. لە پێناوی نووسینی دێڕێکی جواندا، ئەوی سڵی لێ ناکەمەوە، دوژمن پەیداکردنە؛ خۆ من نیازی ئەوەم نییە، خۆم بۆ ئەنجوومەنی شارەوانی بکاندیدێنم. من وەک چۆن بۆ دژایەتیکردنی کۆنخوازان پێویستم بە پشتگیریی چەپی ساختە نەبووە، بۆ نابووتکردنی چەپی ساختەش پێویستم بە چەپڵەی ڕاستڕەوان نابێ. پێش ئەوەی (حککع) سەری لە هێلکە جووقابێ، من نووسەر بووم و نەک حیزبۆکە، پێویستم بە پشتگیریی هیچ حیزبێکیش نەبووە و نابێ.

حیزبەکانی کوردستان هەر لە (ینک) و (پدک) و (پکک)ەوە، تا (حشع) و (حسک) و (کار) هەموویان بە ڕەخنەی من ڕاهاتوون، بەو هیوایەی هێدی هێدی ئێوەش ڕابێن و لە ئاوێنەی بۆچوونەکانمدا وێنەی ڕاستەقینەی خۆتان بە ڕوونی ببینن و ئاسایی و عەقڵانی ڕەخنەکانم وەربگرن. هیوادارم ئەو کاتەی بە وەڵامدانەوەی ئێوەم بەخشی، بە فیڕۆ نەچێت و بە ئەفسوونی کۆمەکی ئەم نووسینە، ددان بە هەڵە، ئاستنزمی، هەژارخەیاڵی، دەست و زارپیسی و پاشکۆیەتی خۆتاندا بنێن. هیچ وەختێ بۆ بە خۆداچوونەوە درەنگ نییە.

بەوەندە لێتان دەگەڕێم و دەتانبەخشم بە کەسانێکی نێو (حککع) کە خۆشم دەوێن، بەو هیوایەی لە داهاتوودا بە ئاستێکەوە کە ڕووی نێو کۆمەڵی هەبێ و بە زمانێکەوە کە کەڵکی نووسینی پێوە بێ، بێنەوە نێو گۆڕەپانی وتووێژەوە و دەستبەرداری چەلەحانێ بن، ئاخر وەختی ئەو خەڵکە بەستەزمانە هێندە بێ بایەخ نییە، تا بۆ خوێندنەوە و وەڵامدانەوەی ئەو قسە بێ کاکڵانەی ئێوەی تەرخان بکەن، بە تایبەتی کە بەو زمانە سەقەتە دەریان دەپەڕێن.

٢٠٠١/١١/١٩

١- **ڕێبوار ئەحمەد**، "*لە جەدەلی سیاسی دا جنێودان نیشانەی ئیفلاسی یە*". ماڵپەڕی کوردستان نێت ٢٠٠١/١١/١١.

٢- **شەماڵ عەلی**، "*بانێک و دوو هەوا لە هەڵوێست بەرامبەر تیرۆریزمی ئیسلامی*"، ماڵپەڕی کوردستان نێت ٢٠٠١/١١/١٠

٣- ڕستەکانم بۆ ڕێبوار و شەماڵ ڕاست کردوونەوە.

٤- لەبری مەتاهە: Labyrinth م بەکار هێناوە.

٥- سەرنجی ژمارەکانی (ئۆکتۆبەر) کە یەکێکە لە بڵاوکراوەکانی (حککع) و خودی ڕێبوار سەرنووسەرێتی، بدەن.

**لە کۆڕی ئێوە بترازێ، لە هیچ گوندێکی دنیادا کەس بەو زمانە عەنتیکەیە ناپەیڤێ. ئێوە کە دێنە ئەورووپاش لە بری ئینگلیزی، یان ئەڵمانی، فێری فارسی دەبن!**

٦- **ڕێبوار ئەحمەد**، "*ئیسلامییەکان پەیامی کۆیلایەتی و ئیغتیسابی ژنان ڕادەگەیەنن*". بۆ پێشەوە، ژمارە٢٢، ٢٧ی سێپتێمبەری ١٩٩٥ سلێمانی.

٧- **حەمەسەعید حەسەن**، شیعر و تەور (ل ٦٧ و ل ١٠٢)، چاپخانەی ئاپێک ١٩٩٨ ستۆکهۆڵم.

٨- **حەمەسەعید حەسەن**، *وشەکان دەگەڕێنەوە مەداری خۆیان*، گوتاری سروشت لە تەرازووی ژیریدا(ل٧٨)، چاپخانەی عەلا ١٩٧٩ بەغدا. هەمان نووسین ١٩٧٧ لە هەفتەنامەی (*بیری نوێ*)دا بڵاو کراوەتەوە.

## ٣) پرژەی ئاوی فێنک

هەمیشە بە دەوری نووسیندا دەخولێمەوە، وەک سووڕانەوەی تاوانبار بە دەوری شوێنی تاوانەکەیدا. خەو بەوەوە دەبینم، نووسینم لە شەوی نووتەکی هەژاراندا، ڕۆڵی ئەستێرەیەکی گەش، یان هیچ نەبێ کز ببینێ. دۆکتۆر مەحموود عوسمان نیم ئامۆژگاریی حیزب بکەم، لە هەوڵی ئارایشتکردنی ڕووخساری حیزبدا نیم، سەرقاڵی نیشاندانی سیمای دزێوی ڕاستەقینەی حیزبم.

ئاسۆ[1] گیان تۆ دڵت سپی بوو وەک لۆکە، توونی گەرماوی حیزب ڕەشی کرد. حیزب دڵی پڕ کردی لە ترس، سەری پڕ کردی لە تاڵی سپی، گەرووی پڕ کردی لە هەنسک، جامی پڕ کردی لە ڕۆندک، سنگی پڕ کردی لە کۆکە، شەوی پڕ کردی لە بێداری، خەونی پڕ کردی لە مۆتەکە. حیزب توانای بیرکردنەوە، هێزی نووسین، حەوسەڵەی گوێگرتن، تاقەتی دیالۆگ، باڵی فڕین، خاوێنیی منداڵی و تامەزرۆیی بۆ نیشتمانی لێ زەوت کردی.

حیزب لە بری چەکی ڕاستەقینە، شمشێرێکی دارینەی پێ بەخشیت. هێندە لە حیزب دەترسی، دەستت دەلەرزێ، ئەوی دەستی بلەرزێ، نیشانە ناپێکێ. حیزب ئازادیی لێ زەوت کردی و لە زیندانێکی تاکەکەسیدا بەندی کردی، ئەوەتا ئاگات لە هاوزیندانەکانیشت نییە. حیزب هەر تێکشکانێک و میدالیایەکی پێ بەخشیت. حیزب هیچ نەبوو، دروشم نەبێ. حیزب گۆشتی بردی و ئێسکی بۆ جێهێشتی. حیزب هەموو شتێکی بۆ خۆی برد و ڕزگارکردنی هەموو دنیاشی بە تۆ سپارد. لە بیابانی ژیانی تۆدا، حیزب بوو بە سەراب. هەر خەریکی بەرپەچدانەوەی ڕەخنەکانی نەیارانی حیزبی! هەر خەریکی

خاوێنکردنەوەی فایلی ناوبانگی زڕاوی حیزبی!

موسوڵمان پێی وایە بێجگە لە خوا، هەمووان، بە پەیامبەرانیشەوە، دەشێ هەڵە بکەن، مەنسوور حیکمەت خوای تۆیە و هەرگیز ناکەوێتە گۆمی هەڵەوە. حیزب زەڕنەقووتەیە، تۆ تووکی لەشی و پەڕی باڵی بە! تۆ شاعیری، چاوەڕێ بووم ڕاستگۆیی تاقە خەوشت بێ. ئینسان ئەگەر ڕاستگۆ نەبێ، ناتوانێ شتی جوان بنووسێ. جێی داخە تۆ هەندێ جار وەک سیاسەتبازەکان ڕاهاتوون، پەنات بۆ ناڕاستی بردووە.

نووسیوتە لە ڕوانگەی حەمەسەعیدەوە: (تالیبانەکان نوێنەری بزووتنەوەی چەوساوەکانی دنیان.) یان: (حەمەسەعید شەڕ دژی تیرۆر بە کێشەی نێوان چەوساوەکان و ئیمپریالیزم لێک دەداتەوە.) یان: (حەمەسەعید دەڵێ: ئەوی وەک من بیر نەکاتەوە، پێوەندیی گومان لێکراوی هەیە.) یان: (حەمەسەعید ڕەخنەی ئەوەی لە شێرکۆ هەیە کە شیعری بۆ بارزانی گوتووە، بەڵام خۆشی هەر هەمان کار دەکا.) یان: (حەمەسەعید قسەکانی قەڵەم بە دەستانی کوردستانی نوێ دەنووسێتەوە.)

دەشێ بە هانابردن بۆ ئەو شێوازە هەرزانە، هەندێ خوێنەر فریو بدەی، وەلێ خەمی گەورەی من ئەوەیە: ویژدانت چۆن ڕێگەی پێ داوی ئەو قسانە کە دڵنیای ڕاست نین و لە هەڵبەستراوەکانی خۆتن، بنووسی! من کە درۆ نانووسم، بە پلەی یەکەم لەبەر ئەوەیە شەرم لە خودی خۆم دەکەم، ئاخر ئەوی درۆ لەگەڵ خودی خۆیدا بکا، لەگەڵ هەموو دنیاشیدا دەکا. هەموو هەڵبەستراوەکانت بە سنگێکی فراوانەوە لێ وەردەگرم و لێت دەپرسم: ئاخۆ هیچ نەبێ لە خودی خۆت تووڕە نابی؟ قسەیەکی زبر بە خۆت ناڵێی؟ ئایا ئەو ڕەوتارە شوێنپێکەوتنی ستالین نییە؟ من هەڵوێستێکی وا بنوێنم، قێز لە خۆم دەکەمەوە.

حیزب شتێکی پیسە، گەر بە تەنگ پاراستنی خاوێنیی خۆمانەوە بین، دەبێ لێی دوور بین. حیزب دەتکا بە دوژمنی ئازیزترین کەست. حیزب تەنیاییت پێ دەبەخشێ. دەترسم بمریت و بە هۆی بۆنی تەرمەکەتەوە حیزب هەواڵی مەرگت بزانێ. حیزب چەند وەفای بۆ ئەبوبەکر عەلی هەبوو، هەر هێندەشی بۆ تۆ دەبێ. سبەی ئەگەر لەسەر ناکۆکی فیکریی دەستبەرداری حیزب ببی، هاوڕێکانت، ئەوانەی هەنووکە هێندە شێلگیرانە داکۆکییان لێ دەکەی، ئەگەر زۆر ڕێزت لێ بگرن، دەڵێن: پارەی حیزبی دزیبوو، دەرکرا.

سەرنجی ئەم جنێوانە بدە کە دەروێشانی مەنسوور حیکمەت لە ماڵپەڕی (ڕوزنە)ی سەر بە (حککا)وە، بە هاوڕێیانی دێرینی خۆیانی دەدەن. محەمەد فەتاحی دەڵێ: (وازمان لێ نەهێنان، تا پێمان خستە سەر کلکیان.) یان: (ئاواتە خوازم کاتێک بە شەق لەو (خوێڕی)یانە هەڵدەدرێ، بە کامیرا دیمەنەکە وێنە بگیرێ.) کۆڕشی مودەریسی بە کۆمەڵە دەڵێ: (ڕێکخراوی چەقۆکێشان) و بە ڕێبەرەکانیشیان دەڵێ: ڕەزیل، (خوێڕی) کەسیف، (چەپەڵ) سەخیف (پرووپووچ.) عەبدوڵڵا سەید مورادی، بە هاوڕێ دێرینەکانی دەڵێ: (تف لە ڕووتان، سەرخۆشانی چەقۆکێش.) ئایا ئەم جنێوفرۆشانە دەستیان بڕوا، لە ستالین دڕندەتر نابن؟ حەمید تەقوایی لە نووسینێکدا بە نێوی: (بمرێ حیزب، بژی خۆم ١١/٧/١٩٩٩) بە ئیرەج ئازەرین و ڕەزا موقەدەم، (هەردووکیان لە دامەزرێنەرانی کۆمۆنیزمی کارگەری بوون و لێی جیابوونەوە،) دەڵێ: (نازانم ئێوە چ جیاوازییەکتان لەگەڵ (حزب الله)دا هەیە، مەبەستم لەم قسەیە بەرزکردنەوەی ئێوەیە، نەک شکاندنتان.)

دروشمەکانی حیزب زۆر جوانن، ئەگەر دروشم ڕۆڵی کاربڕی گێڕابا، هەنووکە سوودان لە هەموو بوارێکدا پێشی سویدی دابووەوە. ئاخر ئەو دروشمانەی لەوێ بڵند کراونەتەوە، گەلێ لەو دروشمانە جوانترن، کە لە سوید بەرز دەکرێنەوە. جەنەڕاڵ دیگۆل فەرەنسای ڕزگار کرد، جەنەڕاڵ (جیاب)یش ڤێتنام، دەشێ جەنەڕاڵ پاییز[2] کوردستان ڕزگار بکا، وەلێ جەنەڕاڵ مەنسوور، بستێ لە خاکی ئێرانی پێ ئازاد ناکرێ، ئیللا مەگەر دەست بە داوێنی (جەنەڕاڵ مۆتۆرز)ەوە بگرێ![3]

ئیرەج ئازەرین دەڵێ: (مەنسوور حیکمەت لە نووسینێکیدا خۆی بە پاڵەوان نێوزەد کردووە، ئەوانەی بە خۆیان دەڵێن پاڵەوان، فشەپاڵەوانن. فشەپاڵەوان کەسێکی گاڵتەجاڕە لە ڕێی لاساییکردنەوەی پاڵەوانانەوە، لە مەیدانێکدا خەڵکی دەهێنێتە پێکەنین. ئەو فشەپاڵەوانە چ داماوە کە خۆی لێ گۆڕابێ و پێی وابێ، پاڵەوانێکی ڕاستەقینەیە.)[4] ئاسۆ بە قسەم بکە، دێرە، شەقێ لە حیزب هەڵبدە، سەرت بە شەقی شیعر بسپێرە!

هەر وەک چۆن دەروێش لەژێر ئەفیوونی ئەوینی شێخەکەیدا حاڵی لێ دێ، زەرگ لە خۆی دەدات و پێوەندیی بە دەوروبەرەوە نامێنێ، پەیمانەکانی مەنسووریش بە هەمان شێوە تۆیان بەنگ کردووە. لێنین کە شۆڕشی ئوکتۆبەری هەڵگیرساند، ڕێبەری بزووتنەوەیەکی کۆمەڵایەتی و پێشەوای پرۆلیتاریای ڕووسیا بوو، ئەندامانی حیزبەکەی هیچی وای لە چارەکە میلیۆنێ کۆمۆنیست کەمتر نەبوو. پێم ناڵێی جەنەڕاڵە بێ لەشکرەکەی تۆ، بە کام هێزەوە (کۆماری ئیسلامیی ئێران دەڕووخێنێ؟) بەنگ بەرت بدات و قسەی وات لێ ببیستم، بە وڕێنەی سەرەمەرگی تێدەگەم. کە خومەینی مرد، یازدە میلیۆن کەس دوای تەرمەکەی کەوتن، تۆ بڵێی مەنسوور لە تاراندا یازدە دۆستی هەبێ! بڕوا ناکەم سەرقاڵی لەخشتەبردنی خەڵکی بی، ئەوەیان زێتر ڕێی تێ دەچی، بەنگ کرابی، خوازیارم پرژەی ئاوی فێنک و نەرمەزڵەی دۆستانەی ئەم نووسینە ڕاتبچڵەکێنن. جێی داخە حیزبەکەت کارگەی بەرهەمهێنانی ئینسانی گوێڕایەڵە، ئینسانێ توانای پرسیار کردن و گومان ورووژاندنی لێ زەوت کرابێ.

من گوتبووم: (لە ئەورووپای هەواری دیمۆکراتی و مرۆڤایەتیدا، مامۆستایانی پرۆلیتاریا، شاسوارانی بواری قەلاچۆکردنی ئینسان بوون، ئاخۆ ئەگەر کەسێکی وەک مەنسوور حیکمەتی پەروەردەی ئاسیای مەڵبەندی دڕندایەتی، دەستی لە دەوڵەت گیر ببێ، ڕووخساری چاوچیسکۆ سپی ناکاتەوە؟)[5]

هاوڕێیەکەت کە ڕەخنەی لەو (کوفر)ەم گرتبوو،[6] ئەگەرچی تەنانەت لە ڕوانگەی ئیسلامیشەوە، نەقڵی کوفر، کوفر نییە، وەلێ بەستەزمانە کە ئەو پەرەگرافەی نووسیبووەوە، بازی بەسەر ناوی ڕێبەری پیرۆز:

مەنسوور حیکمەتدا دابوو، وای بۆ چووبوو، ئەگەر ناوەکەی لەو ڕستانەدا بنووسێتەوە، با خۆی خاوەنی قسەکانیش نەبێ، هەر پێی کافر دەبێ!

زمان مەرجی هەبوونی فیکرە، ئاخر بیر ناتوانێ لە دەرەوەی زماندا هەبێ[7] و ئەگەر زمان نەبوایە، فیکریش نەدەبوو، بۆیە کەسی خاوەن فیکر ناچارە گرنگی بە زمان بدات و پوخت بنووسێ. ملنەدان لە بواری زماندا، ڕەنگدانەوەی نەزانییە و تاکە دەسەڵاتێکی فاشست کە دەبێ هەمووومان بە ڕێزەوە سەری بۆ نەوی بکەین، زمانە. بەوەی باشە زمان توانای خۆ خاوێنکردنەوەی هەیە، دەنا لە ئەنجامی هەوڵی ناپیرۆزی زمانسەقەتانەوە، هەنووکە گۆلی ڕوونی زمانی کوردی، زەلکاوێکی لێڵ دەبوو. زمان بەردەوام گەشە دەکات و جوانتر دەبێت و ئەوە زمانی جوانیشە بەرگەی زەمان دەگرێ.

ئێستا بۆ شێوەزاری کرمانجی خواروو ستاندارد پەیدا بووە و دەبێ ڕەچاو بکرێ. لە باخی زمانی کوردیدا، نووسینی ئێوە گیاکەڵەیە، دەبێ بژار بکرێ. وەختم کەمە، دەنا بە تاوانی پیسکردنی ژینگەی زمانی کوردی، داوام لەسەر تۆمار دەکردن. ئێوە بە زمانێ دەنووسن، کە بێ ئەوەی مەبەستتان بێ، سەربەقوڕ دەهێننە قاقای پێکەنین. نووسینتان پڕە لە وشەی (جالیب) لە بابەتی: (بوحران، جونبوش، جەرەیان، خەفەقان، دەخالەت، سوننەتی، گەرایش، موشەخەس، مەترەح، مەراسیم و نەزەر.) زمان کە ڕووداوێکی کۆمەڵایەتی یە، لە کۆڕی ئێوە بترازێ، لە هیچ گوندێکی دنیادا کەس بەو زمانە عەنتیکەیە ناپەیڤێ. ئێوە کە دێنە ئەورووپاش لە بری ئینگلیزی، یان ئەڵمانی، فێری فارسی دەبن!

ئاسۆ گیان: من بە هاوڕێکانتم گوت: کە مانای وشەیەک نازانن، مەیخەنە ڕستەوە، کەچی تۆش هەمان هەڵەت کردووە، ئاخر کە نازانی مەبەست لە پاژنەی ئاخیل چییە، خۆ زۆریان لێ نەکردووی، مەیخە ڕستەوە! ڕێز لە خوێنەر دەگرم و چیرۆکی ئاخیل و پاژنەی تەڕنەبوویت بۆ ناگێڕمەوە، تەنیا ئەوەندەت پێ دەڵێم: پاژنەی ئاخیل بە مانای لایەنی لاواز دێ، نەک لایەنی بەهێز، وەک تۆ بەد لێی حاڵی بووی. کاکە تۆ مانای (شیعار)یشت خراپ لێک داوەتەوە. دروشم پێوەندیی بە تاکتیکەوە هەیە، شیعاری ستراتیژی تەنیا لە خەیاڵی تۆدا هەیە، ئاخر کە مەسەلەکە بوو بە ستراتیژ، ئەوە ئامانجی دوورە، نەک دروشم. کارەسات ئەوەیە ئەم تێنەگەیشتنەی خۆت، بە درشتبینی بۆ من لە قەڵەم دەدەی!

ڕەخنە لە مەنسوور حیکمەت و ڕێبوار ئەحمەد گرتن، ڕەخنە لە کۆمۆنیزمی کرێکاری گرتن نییە، ئاخر ئەوان لە ڕوانگەی منەوە، هێندەی پێیان کرابێ، خوێنی کۆمۆنیزمیان تاڵ و ئێسکی کرێکارانیان گران کردووە. من گەلێ ڕەخنەی ڕاستەقینەم لە ئێوە گرتبوو، تۆ توخنی وەڵامدانەوەی هیچ سەرنجێکم نەکەوتبووی. وەختی خۆشی کە بە نامیلکەیەک ڕەخنەت لە شیعرەکانم گرتبوو، بە تاقە ڕستەیەکیش باسی شیعرت نەکردبوو. ئەوی ئاوڕت لێ نەدابووەوە، هونەری شیعر بوو! ناونیشانی باسەکەت (ناسیۆنالیزم لە بەرگی کۆمۆنیزمدا!) و سەرچاوەکانیشت بڵاوکراوە سیاسییەکان بوون! لە (کوانەڕەشەی ڕۆشنبیری)یشدا، ئەوە بۆ من جێی سەرنج بوو، لە نووسینێکی درێژی شاعیرێکدا، ڕستەیەک نەبێ، لە بەرهەمی خامەی شاعیر بچێ، نەخاسمە ئەگەر وەڵامی کەسێکیشی دابێتەوە، ژیانی بە ئەدەب بەخشی بێ! کاکە ئاسۆ گیان: (سەرئەنجامی ڕەچاوکردنی سیاسەتێکی ڕاست، مەرج نییە هەمیشە هەر سەرکەوتن بێ، وەلێ داهاتووی ڕەچاوکردنی سیاسەتێکی چەوت، هەمیشە هەر ژێرکەوتنە.) ئەمە قسەی ئایزنهاوەرە، وەلێ ڕاستە. مەرج نییە هەرچی لە سەنگەری ئێمەدا نەبوو، هیچی ڕاستی پێ نەبێ.

٢٠٠١/١٢/١٢

١- مەبەست لە **بەکر ئەحمەد**ە، کە بە (کوانەڕەشەی ڕۆشنبیری) وەڵامی (کوانەڕەشە)ی دامەوە.

٢- شیعرێکی جوانی «محەمەد عومەر عوسمان»ە.

٣- **محمد الماغوط**، *سیاف الزهور*، دار المدى ٢٠٠١_دمشق. (لە گەلێ جێگەی دیکەشدا سوودم لەو کتێبە وەرگرتووە).

٤- **ایرج انرین**، در *دفاع از مارکسیسم*، ١٩٩٩، انتشارات رودبار.

٥-) **حەمەسەعید حەسەن**، *نامەی ئەعمالی مامۆستایانی پرۆلیتاریا*، **پەیام**، ژمارە ٢٩ و ٣٠ لەندەن دێسەمبەری ٢٠٠٠.

٦- **مەریوان ڕەووف**، لە دووی ڕاستی گەڕان یان شێواندنی چەمکە زانستییەکان؟ **پەیام**، ژمارە ٣٢، ل٣٤، مارسی ٢٠٠١.

٧- **کاترین بیلسی**، *الممارسە النقدیە*، ترجمە: سعید الغانمی، دار المدى ٢٠٠١ دمشق.

**سەرنج**: ناونیشانی نووسراوەکە (سێ نووسین) بوو، گزینگ خۆی ئەو عینوانەی بۆ داناوە.

**ڕاستکردنەوەی هەڵە لە گزینگی ژمارە ٣٢**

**١) لاپەڕەی ٦١، ستوونی١، دێڕی دووهەم، «ڕۆژی یەکشەمۆ» هەڵەیە و «ڕۆژی شەمۆ» دروستە.**

**٢) لاپەڕەی ٦٩، ئەو بڕگەیەی کە لە سەرووی لاپەڕەکە گەورە کراوەتەوە، گوتەی شاعیری ئێرانی «فروغ فەڕوخزاد»ە.**

**زمان مەرجی هەبوونی فیکرە، ئاخر بیر ناتوانێ لە دەرەوەی زماندا هەبێ و ئەگەر زمان نەبوایە، فیکریش نەدەبوو، بۆیە کەسی خاوەن فیکر ناچارە گرنگی بە زمان بدات و پوخت بنووسێ.**

# «بروسکەچاندن» و چاوەڕوانیی خوێنەری شیعری پەشێو

دارا مەحموود

دوای ســـالانێکی دووردرێژ لە بێـــدەنگی و دوورکـــەوتنەوە لە بەرهەمهێنانی شیعردا، سەرەنجام شاعیری گەورەی کورد «عەبدوڵڵا پەشێو»، دوایی بە چاوەڕوانی خوێنەرانی شیعر هێنا و کۆمەڵە هۆنراوەی (بروسکەچاندن)ی خستە بەردەست ئەویندارانی خۆی.

خوێنەرانی شیعری پەشێو کە بە هۆنراوەکانی وەک: (دوانزە وانە بۆ منداڵان) و، (سەرباز ی ون..)ی سالانی حەفتا ئەویان ناسی و لە لووتکەی شیعری کوردییان دانا، بە چاوڕوانییەکی زۆرەوە لە پێشوازی ئەم کۆمەڵە هۆنراوەیەدابوون. بەڵام ئایا (برووسکە چاندن) لە ئاستی ئەم چاوەڕوانییەدا بوو؟

کەرچی ئەم کۆمەڵە هۆنراوەیە ساڵی ٢٠٠٠ چاپکراوە و لە ٢٠٠١دا بە دەست خوێنەرانی گەیشت، کەچی تەنیا ئەو هۆنراوانە لە خۆ دەگرێت کە لە نێوان سالانی ١٩٧٣–١٩٨٨دا نووسراون و خوێنەر یەکسەر ئەم پرسانەی بە بیردا دێت کە چما تا ساڵی ١٩٨٨؟ ئایا پەشێو دوای ئەم مێژوویە ئیتر شیعری نەنووسیوە؟ ئەگەر نووسیویەتی بۆ لەم دیوانەدا نییە؟ یان تۆ بڵێی دیوانێکی تریش بەڕێوەبێت؟ بۆچی پەشێو ئێستا هۆنراوەکانی سالانی حەفتا و هەشتا چاپدەکات؟...

ئەگەر ئەم هۆنراوانە، لە ڕووی فۆڕم و داڕشتنەوە یان ڕەچاوکردنی زمان و بنەماکانی شیعر و سەلیقەی هونەرییەوە هەڵسەنگێنین، دەبینین لە هەمان ئاستی شیعرە هەرە کۆنەکانیدا و بگرە لە هەندێک ڕووەوە خوارتریشن.

پەشێو نەک هەر وەک بۆخۆی لە پێشەکی (بروسکەچاندن)دا دەڵێت: «بیست ساڵێک دەبێت هیچ دیوانێکم چاپ نەکراوە» بەڵکوو لە دەرەوەی ئەو کاروچالاکییانەشدا بووە کە شاعیرانی تری هاوشانی سالانی حەفتاکانی لە سازکردنی کۆڕەشیعر، بڵاوکردنەوەی بەرهەمی نوێی شیعری لە گۆڤار و بڵاوکراوە کوردییەکانی ناوەوە و دەرەوەی کوردستان.. ئەنجامی داوە و، تەنانەت لەو کۆڕەشیعرییەشدا کە دوابەدوای شەڕ و پێکدادانەکانی ناوخۆی باشووری کوردستانی ساڵی ١٩٩٤ لە هەولێر بۆی سازکرا دەڵێت، کە ئەمانە زۆرتر هەڵوێستن تا شیعر. بەڵام بۆ دەبێ هەڵوێست بن و شیعر نەبن؟

ئایا ئەگەر پەشێو شاعیرە، کە بێگومان هەر واشە، باشتر و ڕاستتر نییە ئەو شتانەی بە ناوی شیعرەوە دەریاندەبڕێت شیعری تەواو بن؟ نەک بە بەهانەی هەڵوێست وەرگـــرتن لە ڕووداو یان دیاردەیەکی دیاریکراوەوە خۆی لە بەرپرسیارێتی بەرانبەر قەڵەم خستنە سەر کاغەز بە ناوی شیعرنووسینەوە بدزێتەوە؟ دەنا بۆ لە چوارچێوەی شیعردا دەریاندەبڕێت؟ ئایا دەیەوێ شتێکمان دەرخوارد بدات هەم شیعر بێت و هەم شیعریش نەبێت؟ یان چی؟...

گـــەرچی پەشـــێـو لە بواری تردا زۆر چالاکـــە و بەردەوام بە دوای ڕووداوەکـــانەوەیە و، زووزوو لە کـــەناڵە تەلەفـــزیۆنییـــە کـــوردییـــە جۆربەجۆرەکانەوە دەیبینین، یان گوێمان لە دەنگی دەبێت؛ بەڵام لە بواری شیعردا، ئەوە پەشێوی شاعیر نییە، بەڵکوو پەشێوی سیاسی، خەمخۆر و پەرۆش و خاوەن هەڵوێستی بەرزی کوردایەتی، پەشێوی دڵبریندار و هەڵگری ئێش و ئازاری نەتەوەکەی و، پەشێوی شاگرد و قووتابیی ڕاستگۆ و نەترسی بیروباوەڕی حاجی قادری کۆیی یە...

## شیعر و درۆشم

گەرچی یەکێک لە بنەما هەرە سەرەکییەکانی شیعر زمانەکەیەتی و، پەشێویش بە گرنگیدان بەو زمانە دەستی بە شیعرنووسین کرد، بەڵام زمانی شیعری ئەمڕۆ لەوەی بیست ساڵ لەمەوبەر جیاوازە. ئەوەی ئەمڕۆ بە پلەی یەکەم بە ئەرکی زمان لە شیعردا دەزانرێت، بەخشینی ئەو خەسڵەتەیە بە شیعر کە لە دەربڕینی یەک واتا دەرباز بێت و ئەو بوارەش لە بەردەم خـــوێنەردا بکاتەوە کـــە واتای تریان بۆ دروست بکات و لە بەتەنیا وەرگر (خوێنەر)ێکەوە ببێتە بیرکەرەوە، لێکدەرەوە و بەرهەمهێنەری دووەم. بەڵام پەشێو لە (بروسکەچاندن)دا ئەم بوارە ناداتە خوێنەر و، شیعرەکانی زۆرتر زمانی دروشمیان بە خۆوە گرتووە تا زمانی شیعر:

من نەفرەت لە جەنگێک دەکەم
بۆ ئەوەبێ
دنیا وەک پێش جەنگی لێ بێ... (کەڕەنای جەنگ، ل٢٨)

... ژنێک، له خاکی پڕ مەرگی مندا
پێ له جەرگی خۆی بنێت و ببێت به داک،
له بەر پێیدا کڕنۆش دەبەم،
ناوچەوانم دەسووم له خاک! (دایک، ل٣١)

نیشتمانم!
تۆ وەک تانەی لە سەر چاوم
تۆ وەک تەمی،
له گشت لاوه دەورەت داوم... (شەونوێژی نامۆیان، ل٤٢)

هەستن، هەڵۆی شاخان هەستن!
له هەستاندا ئێوه زۆرن:
چل ملیۆن چاو،
چل ملیۆن قاچ
چل ملیۆن مەچەک ودەستن
هەستن هەڵۆی شاخان، هەستن! (ئێمه درەختی...، ل٦٤)

دەبینین ئەم هۆنراوانه و دەیانی تری لەمجۆره، ئەو هۆنراوە سادانەن کە خوێنەر لە یەکەم سەرنجدا تێیاندەگات و بە ئاسانی لە بەریاندەکات و یان دەیانکات بە گۆرانی.
له ڕاستیدا ناوەرۆک بۆ شیعر به پلەی یەکەم نایەت بەڵکوو پلەی یەکەم بۆ ئەو شکڵەیە که ئەم ناوەرۆکه له خۆیدەگرێت. جیاوازی له نێوان شیعری کۆن و نوێ، یان هەر دەق و بەرهەمێکی ئەدەبیی کۆن ونوێ نێوەرۆکەکەی نییە بەڵکوو قالبی زمانه. «تۆدۆرۆف» دەڵێت:

«بەرهەمی هونەری لە بەرهەمە هونەرییەکانی پێشین و لە پەیوەندی لەگەڵ ئەواندا پەیدا دەبێت. شکڵی هەر بەرهەمێکی هونەری لە ڕێگای پەیوەندی بەو بەرهەمە هونەرییانەی پێشتر هەبوون پێناسه دەکرێت و دادەنرێت... ئامانجی شکڵی تازە ئەمە نییە نێوەرۆکێکی تازە دەربڕێت، بەڵکوو شکڵی تازە دێت تا جێگای شکڵی کۆن بگرێتەوه که بایەخ و توانای جوانناسیی خۆیان لە دەستداوه».[1]

کەواتە ئەوەی کە بۆ شاعیر بە داهێنان و خوڵقاندن دادەنرێت، ئەمە نییە کە چی دەڵێت بەڵکوو ئەمەیە کە چۆنی دەڵێت.

## شیعر و وشەی نوێ

زمانی فەرهەنگیی پەشێو دەوڵەمەند و بەهێزه و له دیتنەوه و نوێکردنەوەی وشەی کۆنی کوردی یان وشەگەلی زاراوه کوردییەکانی تر دەستڕەنگینه.
ئەمه یەکێک لەو بوارانەیه که له پەیوەندی لەگەڵ شیعر و نووسیندا پەشێو تا ڕادەیەک تیایدا سەرکەوتوویە: ئەلها، ئەنگورە، بژوێن، بنەوشیله، پەتۆ، خەرمەند، زەندۆڵ، قاشۆ، کاژەڵە، کۆڤان، هەڕمێن، هەوینگ، ڕەهەندە... ئەو وشانەن که له سەر ئاستی زمانی ڕۆژانەدا بەکارنایەت، یانیش ناوچەیین و له سەر ئاستێکی بەرتەسکدا بەکاردێن. یەکێک لە ئەرکەکانی شیعر، زیندووکردنەوەی ئەم وشانه و پەرەپێدانی زمانه. بەڵام پەشێو، لەوەی له بروسکەچاندن)دا هەمیشه ئەم وشانه له جێگای گونجاوی خۆیان دانێت،سەرکەوتوو نەبووە:

بزەیەک بوو لەتی دەکەم
لەتێک بۆخۆم، لەتێک پۆتۆ
خەفەتێک بوو، بەشت نادەم،
هەڵیدەمژم وەک دوا پەتۆ!... (گەر سێوێک بوو، ل١٤٩)

هۆڵی یەکەم ناو لێ دەنێم
هۆڵی چاخی بەر لە دیرۆک
هۆڵەکانی تر هەموویان
هۆڵی سونگی و کەڵبه و ڕنۆک... (موزێ، ل١٧٨)

چییه دیسان
ئەو مووچرکە کارەباییەی
له سەراپای بەدەنمدا هاتوچۆدەکا
چییه دیسان
ئەو گورگه برسی و بێشەرمەی
له هوندورما دەلووڕێنێ و مڵومۆدەکا!... (پیاو، ل١٣٥)

لەم نموونانەدا دەبینین وشەکانی وەک: پەتۆ، ڕنۆک، مڵومۆ تەنێ بەو مەبەستە بەکارهاتوون تا سەروایان لێ دروست بکات و لەگەڵ وشەکانی بۆتۆ، دیرۆک و هاتوچۆ ڕێکبێنەوه. کە ئەمە نەک هەر پێویست نییە بەڵکوو له جیاتی ئەوەی شیعر جوان بکات، ناشیرینی دەکات. خۆ ئەگەر بۆ نموونه وشەی ملومۆدەکا له شیعرەکە دەرهاوێژین و هەر بە یەکجاری ڕەشیکەینەوە دەبینین نە واتای شیعرەکە دەگۆڕێت و نە ئاستی هونەریشی دێتەخوارێ، بەپێچەوانەوە لە وشەیەکی زیاد ڕزگارمان دەبێت.

## کێش و سەروا

گرنگیدانی زۆرتر له پێویستی پەشێو بە کێش و سەروا لە سەرتاپای هۆنراوەکانیا (بروسکەچاندن)دا هێنده زەقه، که بۆته پینەیەکی دیار به شیعرەکانەوه. له ڕووی سەرواوە ئەمانەی خوارەوه تەنیا چەند نموونەن:

هەستن/ مەبەستن ...(ئێمه درەختی، ل٦٢)
جەنگاڵ/ گەندەڵ، خەزەڵ/ چەپەڵ...(تەنیایی، ل٧١)
دەستبەتاڵم/ سەرقاڵم...(بێدەنگی، ل٧٨)
کارەبا/ دەیدەمەبا/ بۆکێی دەبا...(خوو، ل٨١)
ئەلبوومی دەنگانه/ زەماوەندی ڕەنگانه...(بۆ شڤان، ل٩٠)
کڵاو/ پێکراو/ پێڵاو/ بەرچاو...(پێڵاو، ل١٢٦)
کاسم/ نایناسم...(کەڵکەڵه، ل١٣٨)
تاڵتر/ زاڵتر...(تا چرای ئێمه نەسووتێ، ل١٤٢)
دەبەنگییه/ فەرمەنگییە...(ئۆتۆنۆمی، ل١٥٦)

هەش زۆر بووە/ گەش زۆر بووە...(موفاوەزات، ل١٦٦)
کپ و مۆن/ میکرۆفۆن...(کۆنگرەی شووشان، ل١٧١)
ئایدز/ گێبلز...(بۆ هونەرمەندێک، ل١٧٩)

دەبینین لەم سەروایانەدا ئەگەر چاو لە هەموو لایەنە نێگەتیڤەکانیشی بپۆشین و حیساب بۆ کۆنی و هاوچەرخیی شیعریش نەکەین و هەروەک سەروا مامەڵەیان لە گەڵدا بکەین، دیسان ناتوانین پەسندیان بکەین.

چونکە ئەو سەروا زەحمەت و دەگمەنانەنین کە مرۆڤ هەست بە ماندووبوون و مێشک گوشینی دانەرەکەیان و جوانکاری بکات. هەروەها خوێنەر پێشتر لە چەندان شیعری تر، لێرەولەوێ بەرچاوی کەوتوون و، خوێنەری شیعر بە کەمێک سەلیقەی زمانەوانییەوە دەتوانێ چەندین سەروای تر بخاتە سەر ئەمانە و پاشان شیعریان لێ دروست بکات. بۆ نموونە لەگەڵ سەرواکانی کاسم/ نایناسم.. دەتوانین بڵێین: کەساسم، هەراسم، میرخاسم... یان لەگەڵ سەرواکانی تاڵتر/ زاڵتر دەڵێین: قاڵتر، بێ حاڵتر، کاڵتر و بەتاڵتر... من لێرەدا ناخوازم بڵێم کە شیعرەکانی پەشێو لە ئاستێکدان کە هەرکەس دەتوانێ شتێکی وا بڵێ، بەڵکوو تەنیا لە بواری سەروادا دەڵێمکە ڕێکخستنی سەروا بەم شێوازە کارێکی زەحمەت نییە و، هونەر و جوانکاریشی تێدا بەدیناکرێت و، پەشێو بەمکارەی، جوانی و زمانی شیعریی قوربانی ئەم سەروا لاوازانە کردووە.

خۆ ئەگەر لە ڕووی کێشەوە شیعرەکانی بخوێنینەوە دەبینین لە گەلێک جێگادا تەنیا لە ڕووی شێوازی نووسینەوەیان بە شیعری نوێ دەچن و ئەگەر هەوڵبدەین جارێکی تر بە شێوازی کۆن یان کلاسیک بیانووسینەوە، لە چوارچێوەی شیعری هاوچەرخ دەردەچن و دەبنەوە شیعری پێش حەفتاکان.

بەری دەستم کەس تێی ناگا،
نهێنییەکەی هەر لای خۆمە
ناو لەپ نییە
نەخشەیەکی پڕنەوال و چیا و چۆمە... (بۆ قەرەجێک، ل٥٩)

نووسینەوەی بە شێوازی کۆن (شانزە بڕگەیی):

بەری دەستم کەس تێی ناگا، نهێنییەکەی هەر لای خۆمە
ناو لەپ نییە، نەخشەیەکی پڕنەوال و چیا و چۆمە

دەپێم بڵێ:
لە کوێ فێربووی
هۆنراوە بکەیتە پەخشان؟
لەر کوێ فێربووی
دەریای یاخی
ئارام بکەی وەکوو ئاسمان؟...(نهێنی، ل٦٠)

نووسینەوەی بە شێوازی کۆن (شانزە بڕگەیی):

دەپێم بڵێ: لە کوێ فێربووی هۆنراوە بکەیتە پەخشان؟
لەر کوێ فێربووی دەریای یاخی ئارام بکەی وەکوو ئاسمان؟

**دەسترەنگینی و خەیاڵپەردازی و توانای شیعریی شاعیر لەو جێیانەدا دەردەکەوێت کە پرسیارەکانی بۆ خوێنەر، توانای خوڵقاندنی جیهانێکی نوێیان تێدابێت و هاندەرێکیش بێت تا خوێنەر بۆخۆی بە دوای وەڵامەکاندا بگەڕێت.**

**لە هۆنراوەکانی ناو (بروسکەچاندن)دا پرسیار ڕووبەرێکی فراوانی لە سەر کاغەز و تەسکی لە خەیاڵدا داگیرکردووە.**

کە سەیرت دەکەم:
هەردوو گلێنەم
دەبنە کانیلەی سایەی کەپری مێو
کە ماچت دەکەم:
وەکوو دڵۆپێک خوناوی شاخان
دەتکێتە سەرلێو... (داگیرسان، ل١٠٤)

نووسینەوەی بە شێوازی کۆن (دەبڕگەیی):

کە سەیرت دەکەم: هەردوو گلێنەم
دەبنە کانیلەی سایەی کەپری مێو

کە ماچت دەکەم: وەکوو دڵۆپێک
خوناوی شاخان دەتکێتە سەرلێو...

## پرسیار لە شیعری پەشێودا

زۆرجار لە شیعردا، پرسیار و شێوازی داڕشتنی ئەو پرسیارە بە زمانی شیعر، دەکرێ خۆی لە خۆیدا ببێتە جۆرێک لە هونەر و خوڵقاندن و، شاعیر بەو پرسیارانەی خوێنەر بخاتە ناو جیهانێک کە سنوورەکانی بێکۆتایی بەرفرە دەبنەوە. دەسترەنگینی و خەیاڵپەردازی و توانای شیعریی شاعیر لەو جێیانەدا دەردەکەوێت کە پرسیارەکانی بۆ خوێنەر، توانای خوڵقاندنی جیهانێکی نوێیان تێدابێت و هاندەرێکیش بێت تا خوێنەر بۆخۆی بە دوای وەڵامەکاندا بگەڕێت.

لە هۆنراوەکانی ناو (بروسکەچاندن)دا پرسیار ڕووبەرێکی فراوانی لە سەر کاغەز و تەسکی لە خەیاڵدا داگیرکردووە. باپێکەوە بزانین پەشێو تا چ ئاستێک لە داڕشتن و هەڵبژاردنی بیری پرسیارەکاندا سەرکەوتوویە:

ها گوڵلە، لێی بپرسن،
پاش ئەوەی ئاگر دەدرێ
قەت ئاوڕ دەداتەوە؟... (تا نیوەی ڕێگە هاتووین، ل٥٤)

خەنجەر هەیە زام تیمارکا؟
ڕاوچی هەیە نێچیر نەخوا؟ (سەدان ساڵە، ل١١٥)

ئەمانە ئەو پرسیارانەن کە مەودای خەیاڵ لە وێدا بەرتەسک و بچووکە و مرۆڤ پێویست نییە بۆ وەڵامدانەوەیان بیربکاتەوە و خەیاڵی بخاتە کار و هەمیشە دەکرێ دەیانی لەم پرسیارانەی وەک: ئایا فیل بە کونی دەرزیدا دەچێ؟ ئایا ماسی بە بێ ئاو دەژی؟ دەنکە جۆ بە دیوار هەڵدەگەڕێ؟... بەبیری هەرکەسێکدا بێت.

یان دەڵێت:

تۆ دەزانی
چۆن هەتاوم هاتە بەرچاو؟
وەک کیژێکی
کەزی زەردی گەردنبڕاو... (ڕامانێک، ل١٠٠)

شاعیر لە بەرانبەر ئەم جۆرە پرسیارانەشدا خۆی وەڵامەکە دەداتەوە و زەحمەت لە سەر خوێنەر کەمدەکات و تەنانەت ئەو بوارەشی بۆ ناهێڵێتەوە کە ناچار بێت زۆرتر لە جارێک ئەم شیعرانە بخوێنێتەوە و لێرەدا پرسیار ڕۆڵی خۆی لە دەستدەدات و، ئەگەر بیرەکە لە چوارچێوەی پرسیاریشدا نەبێت شیعرەکە چۆنە هەر ئەمەیە و گۆڕانێکی بە سەردا نایەت. واتا هەر دەکرێ بڵێ: من هەتاوم وەک کیژێکی کەزی زەردی گەردنبڕاو هاتە بەرچاو. ئیتر کاتێک پرسیار ڕۆڵێکی هونەری و جوانکاری نەنوێنێ بۆچی دەبێ هەبێت؟

هەروا دەڵێت:

لە دنیادا،
چ کانیاوێ زوڵاڵترە لە دەنگی تۆ؟
کێ زمانی ڕۆح دەزانێ،
وەکو چاوی سەد ڕەنگی تۆ؟
لەم شارەدا
گەردەنکێل و
گوڵبەژنێکی وەک تۆ کوانێ؟... (پیاو، ل١٣٤)

لێرەشدا گەرچی شاعیر وەڵامی ئەم پرسیارانەی نەداوەتەوە بەڵام لە یەک وەڵامیش بەولاوەتری لە بەر دەمی خوێنەردا نەهێشتۆتەوە. لە وەڵامی پرسیاری: چ کانیاوێ زوڵاڵترە لە دەنگی تۆ؟ خوێنەر ناچارە بڵێت: هیچ! کێ زمانی ڕۆح دەزانێ، وەکو چاوی سەد ڕەنگی تۆ؟ کەس! لەم شارەدا گەردەنکێل وگوڵبەژنێکی وەک تۆ کوانێ؟ نییە!...
بەڵام با ئەمەش بڵێین کە پەشێو لە هەندێک شوێنی تردا تا ڕادەیەک سەرکەوتووترە و پرسیارەکانی لە قاڵبێکی شیعری و زمانێکی شاعیرانەتردا دادەڕێژێت کە مرۆڤ ناتوانێ بێ ئەوەی تاوێک (کورت یان درێژ) بیربکاتەوە وەڵامێکی بێتە دەست و، یانیش ڕەنگە ئەو وەڵامە هەر بەدەست نەیەت:

تۆ پێم ناڵێی،
کێ نهێنی ئەم ژوانەی درکاندووە؟
چ دەستێک بەم نیوە شەوە
بنەشەوبۆی ئەم هەواڵەی تەکاندووە؟... (ژوان، ل١٠٦)
تۆ چەکەرەی چەمەنزاری،
من درەختێکی ڕەهەندە
چۆن تێک بگەین؟!... (دیوار، ل١٦٨)

### وێکچواندن

لە شیعری هاوچەرخدا، وێکچواندن ڕۆڵی سەرەکی لە جوانکردنی شیعر لە لایەکەوە ئاڵۆزکردنیشی لە لایەکی ترەوە دەگێڕێت و، بە یەکێک لە کۆڵەکە هەرە بنەڕەتییەکانی دەژمێردرێت. بەڵام ئیتر ئەمەش وەک هەر لایەن و بوارێکی تر لە شیعردا، پەیوەستی توانای شاعیر لە خوڵقاندنی وێنەشیعرییەکان و زاڵبوونی بە سەر زماندایە:

دنیای کری وەک گۆڕستان! ... (فوتبۆڵ، ل١١)
دڵم تاریکە وەک تونێل... (دڵدانەوە، ل١٤)
سووتان وەک مۆم،
درەوشانەوە وەک چرا... (مۆسکۆ، ل٢٣)
تۆ وەک تانەی لە سەر چاوم
تۆ وەک تەمی،
لە گشت لاوە دەورەت داوم... (شەونوێژی نامۆیان، ل٤٢)
کاتێ من، وەکوو
پاسارییەکی ڕاوکراوی تۆ،
لەرزەلەرزم بوو...(بۆ ڕۆزە، ل٦٧)
وەک پلوورەی هەنگەسەرم، ... (بێدەنگی، ل٧٨)
گۆشتمان بخۆن، وەک قەل و داڵ... (تا چرای ئێمە نەسووتێ، ل١٤٤)

بەداخەوە لێرەشدا شاعیر هیچی بۆ خوێنەر نەهێشتۆتەوە و هەموو ئەو شتانەی ئەو بە یەکی چواندوون، بە واژەی (وەک) پێکیەوە بەستوونەوە و، ئەمانەش گشت ئەو شتانەن کە لە زمانی ئاخاوتنیشدا دەگوترێن و لەمەش بەولاوەتر ئەمانە: پرچی وەک ڕەشمار، باڵای وەک چنار، ئازای وەک شێر و... هیتری لەم جۆرەمان وەبیر دەهێنێتەوە، کە لە ڕاستیدا وێکچواندنەکانی پەشێو بە شێوازێکی تر هەر دووبارەکردنەوەی ئەمانەیە. دەنا سووتانی وەک مۆم و درەوشانەوەی وەک چرا، دەبێ چ هاوچەرخییەک و نوێکارییەکی تێدابێت.

### شیعر و واقیعگەرایی

پەشێو مرۆڤێکی واقیعگەرایە و، ئەمە بەو پەڕی ئاشکراییەوە لە شیعرەکانیدا ڕەنگیداوەتەوە. گەرچی واقیعگەرایی، بەشێوەیەکی گشتی و، لە بوارە جۆربەجۆرەکاندا وەک شتێکی باش هەڵدەسەنگێنرێت، بەڵام لە بواری شیعردا ڕۆڵێکی نێگەتیڤ دەگێڕێت. واقیعگەرایی تەمەنی شیعر کورت دەکاتەوە و شیعر دەکات بە ئاوێنە. دیاردە و، ڕووداو و، دیمەنەکان بەو جۆرەی هەن جارێکی

تر نیشاندەداتەوە. مردوو و، زیندوو گۆڕانیان بەسەر دانایەت و چۆنن هەروا دەمێننەوە. ڕۆڵی خەیاڵ و فەنتازیا کەمدەبێتەوە و شیعر دەکات بە وتار.

واژەکانی وەک: ئاوێنە، زەنگ، مۆم، گوڵ، بەفر، شۆوشە، کتێب، قەڵەم، جیهان، ئاگر... کە لە هۆنراوەکانی (بروسکەچاندن)دا هاتوون جگە لە واتا فەرهەنگییەکەیان هیچ واتایەکی ئیستیعارەییان نییە و، ئەو واژە مردوو و ساردوسڕانەن کە تەنیا شیعر دەتوانێ گیانیان بە بەردابکات و، وەکوو زیندوو خۆبنوێنن و، بەداخەوە پەشێو بەلای کارێکی وادا نەچووە:

تۆ مشووری ئاگر مەخۆ
سەرت لە سەر سنگم دانێ،
بزانە کڵپە و نێڵەی گڕ
چ دەکا بۆ ئەم نەورۆزە!... (نەورۆزی ١٩٧٧، ل١٦)

ئاونیشانی ئەم هۆنراوەیە (نەورۆزی ١٩٧٧)ە. واتا بە بۆنەیەکەوە نووسراوە کە ئاشکرایە نەورۆزە. نەورۆز و ئاگریش پێکەوە بێن هیچ نامۆییەکی تێدا نییە و بەلای هەر کامێکمانەوە شتێکی ئاسایی یە. گەرچی پاشان هەوڵیش بدات ئەم ئاگرە بەو ئاگرە بچوێنێ کە لە سنگی یان لە ناخیدا کڵپەدەستێنێ. تازە ناتوانێ هەستی خوێنەر بەرانبەر گەرمیی ئەو ئاگرە ببزوێنێ و شیعر لە شیعرەوە دەکات بە وتەی ئاسایی دەربارەی واقیعێک و جگە لە چوارچێوەی شیعریش مرۆڤ دەتوانێ بە چەندین شێوازی تر هەمان مەبەست و، بە هەمان واژەکان، یان لانیکەم بەشێکیان دەربڕێتەوە.

بۆ نموونە، دەتوانین بە زمانێکی ئاسایی بڵێین: «چی لە ئاگرکردنەوە بۆ نەورۆز بکەم؟ سینگی خۆم لە تینا دەڵێی ئاگردانە»، یان: «من ئاگری نەورۆزم لە سینگدا کردۆتەوە»... کە مامەڵەیەکی ئاوا لەگەڵ هەر شیعرێکدا لە توانادا نییە.

با بۆ نموونە پێکەوە کۆپڵەیەک لە شیعری (وتەیەک نییە)ی «ئەحمەدی شاملوو» بخوێنینەوە:

چ بڵێم؟ وتەیەک نییە
هیوای شەماڵێک لە سەردا هەڵدەکات،
بەلام، بۆ وەی زەمزەمەیەک بەرپا بکات
لە سەرتاپای خەڵوەتی بیاباندا
نارونێکی[٧] لە سەر ڕێ نییە

لە مامەڵە لەگەڵ شیعرێکی ئاوادا خوێنەر ڕووبەڕووی کۆمەڵێک واژەی ئیستیعارەیی دەبێتەوە و بۆ وەی لە واتای شیعرەکە بگات یان واتایەکی بۆ بخولقێنێت دەبێ ئەم واژە ئیستیعارەییانە و پەیوەندیی لۆژیکی نێوانیان ببینێتەوە و لێکیداتەوە:

چی بڵێم؟ وتەیەک نییە، واتاکەی دیارە لێکدانەوەی ناوێ. بەلام پاشان ناچارین بە دوای ئەو هۆیانەدا بگەڕێین کە چما وتەیەک نییە؟ چونکە کاتێک شەماڵێک هەڵدەکات چاوەڕوانی زەمزەمەیەکی لێدەکرێت. بەلام لە بیابانێکی چۆڵدا کە تەنانەت درەختێکی نارونی تێدا نییە بۆ گوتن. چونکە گوتن مۆتیڤ و هەلومەرجی گونجاوی

**لە مامەڵە لەگەڵ شیعرێکی ئاوادا خوێنەر ڕووبەڕووی کۆمەڵێک واژەی ئیستیعارەیی دەبێتەوە و بۆ وەی لە واتای شیعرەکە بگات یان واتایەکی بۆ بخولقێنێت دەبێ ئەم واژە ئیستیعارەییانە و پەیوەندیی لۆژیکی نێوانیان ببینێتەوە و لێکیداتەوە:**

خۆی دەخوازێت کە دیارە ئەم هەلومەرجە لە بەر ترس و سانسۆر لە ئارادا نییە.[٣]

لە ڕاستیدا ئەرکی شیعر ئەو دەربڕینەیە کە لە توانای زمانی ئاخاوتندا نییە. دەنا ئەگەر هەر لە یەک بچن، دیارە ئێمە هەموومان شاعیرین.

«ئێمە تەنیا لەگەڵ دەقە ئەدەبییەکاندا دەتوانین تەسەوری ئەو شتانە بکەین کە نین. بەشە نووسراوەکەی دەق مەعریفەمان پێدەبەخشێ. بەلام ئەوەی هەلی تەسەورکردنی شتمان پێدەبەخشێ بەشە نەنووسراوەکەی دەقە. ئێمە بەبێ بوونی فاکتەرێکی ئاڵۆز ناتوانین خەیاڵمان بەکاربهێنین».[٤]

جگە لە مانە واقیعگەرایی لە شیعردا هەمیشە ئەو مەترسییەی پێوەیە کە دوچاری یەکشێوازیی دێت، یەکجۆر بیرکردنەوە و یەکجۆر حوکمدانمان بکات. وامان لێبکات پێمانوابێ ئەو شتانەی ئێمە مامەڵەیان لە گەڵدا دەکەین ڕەها و بێ چەند وچۆنن. فلۆبێر دەڵێت: «شتی واقیعی بوونی نییە، ئەوەی هەیە شێوازی دیتنە».[٥]

### کاریگەرییەکانی دەوروبەر

پەشێو لە هۆنراوەی (تا چرای ئێمە نەسووتێ)دا دەڵێت:

قرمان دەکەن؟
قورتان بە سەر!
دوای مردنیش، لێ ناگەڕێین
نیشتمانمان بکەن بە ماڵ

«نزار قەبانی» لە هۆنراوەیەکیدا بە ناوی (منشورات فدائیە علی جدران اسرائیل)[٦] دەڵێت:

قوتار نابن
قوتار نابن
لە کەناری نیلەوە تا فورات
هەر ماڵەی تفەنگێکی تێدایە

پەشێو دەڵێت:
شەوان دەبین بە تارمایی و مێردەزمە،
کەلاناسا دادەومرین.
نزار قەبانی دەڵێت:
لە ناو قامیشی دارستانەوە
وەک جندۆکە لە بەر دەمتان هەڵدەتۆقین..
پەشێو دەڵێت:
دەبینە خاڵۆزەی بێستان
زیوانی ناو دەغڵ و دانتان
دەبینە لم
دەچینە ناوی پارووی نانتان
...
دەبینە ژان
لە سەد لاوە تێیان وەردێین
دەبینە زێرووی هەزار پێ،
دەم گیر دەکەین لە گەرووتان

نزار قەبانی دەڵێت:
ئاگادار بن..
ئاگادار بن..
ستوونەکانی رووناکی نینۆک و
پەنجەرەکان دەچاویان هەیە
لە رووخساری هەر ڕێبوارێک
هەر سەرنجێک
لە هەر پشتێندێکدا[7]
مردن چاوەڕێتانە..

ئێمە لێرەدا ناڵێین پەشێو بە زانابوون بیرۆکە و شێوازی دارشتنی ئەم هۆنراوەی لە نزار قەبانیەوە وەرگرتووە. بەڵکوو من پێموایە ڕۆژێک لە ڕۆژان بەرچاوی کەوتووە و لە بیریدا جێگیر بووە و پاشان وایزانیوە زادەی بیری خۆیەتی. شتی وا ڕوودەدات. بەلام دیسانیش پەشێو لە بەر پرسیاریی ڕزگاری نابێت. چونکە شاعیر لە لایەکەوە دەبێ بە باشی ئاگاداری دەوروبەری خۆی بێت بەتایبەتی کە شاعیرێکی وەک نزار قەبانی و بەرهەمەکانی بۆ شاعیران و خوێنەرانی کورد نامۆ نین. لەلایەکی تریشەوە پەشێو ساڵی ١٩٨٣ هۆنراوەکەی خۆی نووسیوە واتا سەرەتای شیعرنووسینی نەبووە، بۆیە کاریگەرییەکان لەسەری دەبێ سنووریان هەبێت.

نوێترین هۆنراوەی ناو ئەم دیوانە مێژووی ١٩٨٨/٧/١١ی پێوەیە کە ماوەیەکی وا بۆ شیعر و ئەدەبیات کە هەمیشە لە پەرەسەندندایە زۆرە. واتا دەکرێ مرۆڤ پێشبینییەکی وا بکات کە ئەم هۆنراوانە بە بیر و بۆچوون و توانا و سەلیقەی ١٥-٢٠ساڵ لەمەوبەر نووسراون و ڕەنگە زۆر لە جێگای خۆیدا نەبێت پەشێوی ڕابردوو بە چاوی ئەمڕۆ بخوێنینەوە. بەلام لە لایکەوە پەشێو لە هیچ شوێنێکدا نەیگوتووە کە دید و خوێندنەوەی ئەمڕۆی ئەو بۆ هونەری شیعر لە گەڵ هۆنراوەکانی ئەم دیوانەدا جیاوازە. لە لایەکی تریشەوە جیاوازی ئاستی بەرزی و نزمی هۆنراوەکانی ناو (بروسکەچاندن) هیچ پەیوەندییەکیان بە ڕەوتی کاتەوە نییە و، بگرە ئاستی هۆنراوەکان هێندە لە یەک نزیکن کە دەڵێی هەر هەموویان لە ڕۆژێکدا نووسراون. لەمانەش بترازێت تا ئێستا هیچ بەرهەمێکی تری پەشێومان نەدیوە کە ڕاستیی ئەم بۆچوونەی سەرەوە هەڵگێڕێتەوە یان بە درۆی بخاتەوە.

پەشێو، بەر لە هەر شت وەک شاعیر ناسراوە نەک سیاسەتمەدار، زمانناس یان شتێکی تر... گەرچی شاعیر مرۆڤە و دەکرێ سیاسەتمەداریش بێت. یان لە هەر بوارێکی تردا توانایی خۆی بخاتەکار و داهێنان بخوڵقێنێت. بەلام وا دیارە ئەمڕۆ پەشێو پلەی یەکەمی نەداوە بە شیعر و شاعیرێتی. گەرچی پەشێوی مرۆڤ، پەشێوی خاوەن هەڵوێست، کەسێکی یاخی و ڕەخنەگر و مۆدێرنە. کەچی پەشێوی شاعیر بەپێچەوانەوە کەسێکی خۆ بەدەستەوەدەرە و، جیهانی داهێنانی بەرتەسکە.

پەشێو بە شیعر گەورە بوو، بە کوردایەتی و هەڵوێستی نەترسانەی لە گەورەییدا بەردەوامبوو. بەلام ئەو، هەرچییەک بێت، خوێنەرانی بەر لە هەر شت وەک شاعیرێک دەیناسن و دەشخوازن وەک شاعیر بمێنێتەوە و، لە گەورەییدا بەردەوام بێت کە بەردەوامیشە. هەر بۆیەش ئێمەی خوێنەرانخۆشەماندەوێت و، ڕەخنە و سەرنجەکانیشمان هەر لە خۆشەویستییەوە سەرچاوە دەگرن.

## پەراوێزەکان

١- **بابک احمدی**، *ساختار و تأویل* متن، نشر مرکز، چاپ چهارم، تهران ١٣٧٨، لاپەڕەی ٥٨.

٢- ناروەن: جۆرە درەختێکە، دارەڕەش، دارتۆقانە، بناو، بناڤیشی پێدەگوترێت.

٣- بۆ زۆرتر زانیاری دەربارەی لێکدانەوەی ئەم شیعرە بڕوانە: **محمد حقوقی**، شعر *زمان ما*، انتشارات نگاه ـ تهران، ١٣٦٨، لاپەڕەی ٣٠٢.

٤- بابک احمدی...، لاپەڕەی ١٢١.

٥- فولبابخ إیزر، عملیات القرائه مقاربه ظاهراتیه، ترجمه علی عفیفی، فصول العدد رابع، المجلد اسادس عشر، ربیع ١٩٩٨، القاهره.

٦- بڕوانە: الاداب، العدد العاشر، تشرین الاول، السنه السابعه عشره، ١٩٦٩، بیروت، لبنان.

٧- شاعیر لێرەدا وشەی (خصر)ی بەکارهێناوە کە کوردییەکەی دەبێتە کەمەر، کە من پێموایە سەمبولێکە بۆ وەبیرهێنانەوەی ڕەخت و فیشەکدان و دەمانچە و خەنجەر... کە بە کەمەرەوە دەکرێن. بۆ ئەوەی زۆرتر لە کوردییەوە نزیک بێت کردوومەتە پشتێند. بە هەرحاڵ، لێرەدا مەبەستمان وەرگێران نییە بەڵکوو بەدەستخستنی پەیام وواتا گشتییەکەیەتی، تا بتوانین لەگەڵ هۆنراوەکەی پەشێودا بەراوردی بکەین.

# کەناڵە ئاسمانییە کوردییەکان
# و
# سەرنجێکی دڵسۆزانە

مەهاباد کوردی

با هەر لە سەرەتادا ئەوە بڵێم مەبەستی من لە خستنەرووی وەها باسێک تەنیا لە پێناو بەرەو پێشەوەبردن و زیاتر گەشانەوەی کەناڵە ئاسمانییە کوردییەکانە، نەک شتێکی دیکە. نابێ ئەوەشمان لە یاد بچێت هەر کەناڵە ئاسمانییە کوردییەکانن سەرەڕای هەموو کەموکوڕییەکیشیان، شەوانە دەبنە چرای هەڵگیرساوی نێو ماڵەکانمان و، لەم دوورەوڵاتی و غوربەتییەدا بەسەرمان دەکەنەوە. گومانیش لەوەدا نییە هەبوونی ئەم کەناڵانە، بە تایبەت بۆ ئێمەی کوردی هەندەران و ماڵ و منداڵ و ئەندامانی خێزانەکانمان لە ئەوروپادا، تاکە پردی بەیەکەوە گرێدان و لەیەک نزیککردنەوەمانە دەگەڵ نەتەوە و نیشتمانماندا. ڕاستە لە جیهانی پێشکەوتووی ئەوڕۆدا، بەهۆی تەکنۆلۆژیای نوێ و مۆدێرن، هەر بۆ نموونە لە ڕێگای تۆڕی ئینتەرنێتەوە خەڵک دەتوانن لەگەڵ یەکتری پەیوەندی دابنێن و، ئاگاشیان لە زۆر گۆڕانکاری و ڕووداوەکانی نێوخۆی وڵات و دنیاش بێت. لێ بەڵێ، بە لەبەرچاوگرتنی ڕەوشی هەنووکەی کوردستان و گەلێ هۆکاری تریش، پێم وایە هەر دەزگای تەلەفزیۆنە کە دەکرێ ڕۆڵی سەرەکی بگێڕێت لە وەها بارێکدا. لە کوردستانێک کە هێشتا خەڵک لە زۆر شوێن هەر خەون بە کارەباوە دەبینن، داخوا دەبێ لەمەڕ ئینتەرنێت و تەکنۆلۆژیای سەردەم چ زانیارییەکیان هەبێت؟! هەر لەبەر هەندێ دیسانیش هەر تەلەفزیۆنە ئەگەر بتوانێ، کەم تا زۆرێ و بە گوێرەی هەڵکەوتوویی ناوچەکانیش، ڕۆڵێ لەم بوارەدا ببینێ کە پێشتر ئاماژەمان پێ کرد.

شتێکی ئاشکرایە دەرکەوتنی کەناڵە ئاسمانییە کوردییەکان، بۆ ئێمەی کوردی بێ دەوڵەت و قەوارەی نەتەوەیی، مژدەیەکی خۆش و جۆرە سەرکەوتنێکیش بوو. هەر لەگەڵ پەیدابوونی یەکەم کەناڵی ئاسمانیی کوردی و درەوشانەوەی ئەستێرەی مەد ـ تیڤی لە ئاسمانی کوردستاندا، ئاهێک بەبەر ڕۆڵەکانی گەلی کوردماندا هات و بە زۆر شێوانیش هەر لە دەستپێکدا پشتیوانیی خۆیانیان بۆ کەناڵی تەلەفزیۆنیی ناوبراو ڕاگەیاندووە. دیارە ئێمە زۆربەمان گەواهیدەری ئەم شتەین و پێویستیش بە بەڵگە هێنانەوە ناکات. دوا بە دوای مەد ـ تیڤی، کوردستان ـ تیڤی و ئینجا کوردساتیش هاتنە مەیدانەوە. لەبەر هۆکاری سیاسیش زۆر جاران مەد ـ تیڤی دووچاری داخستن و ناوگۆڕین و گێچەڵ پێکردنیش هاتووە، بەڵام لە هەمووی گرنگتر تا ئێستا لەسەر کار و خەباتی خۆی بەردەوامە. بێگومان هەریەک لەم کەناڵە تەلەفزیۆنییە کوردییانە، وێڕای وابەستەبوونیشیان بە هێزە دەستڕۆیشتووەکانی کوردستان، لێ دیسانیش بە ئەرک و ڕۆڵی خۆیان هەستاون و ئاشکرێ هەروا بە ئاسانی هێڵی ڕاست و چەپیان بەسەردا بێنین. ڕاستە و زۆر ڕاستیشە کەناڵە ئاسمانییە کوردییەکان لە سەداسەد ئامانجە نەتەوەییەکانی خۆیانیان نەپێکاوە. ئەمە شتێک نییە کە بشاردرێتەوە یان خۆی لێ ببوێردرێت. خۆ ئەگەر قسەیەکیش بۆ دز بکەین، ئەوا ناچارین بڵێین، لە نێوان ململانێ و کێشمەکێش و ناکۆکیی حیزب و ڕێکخستنە کوردییەکاندا، هەر باشە کەناڵە ئاسمانییە کوردییەکان توانیویەتیان ئەوەندەش ئەنجام بدەن، کە ئێمەمانان بکارین خۆمانیان پێ هەڵکێشین و بشڵێین ئێمەش کەناڵی ئاسمانیی کوردی شک دەبەین!

من خۆم بە بەردەوامی سەیری کەناڵە تەلەفزیۆنییە ئاسمانییە کوردییەکان دەکەم، بەڵام زیاتر گوێ لە بەرنامەکانی دەنگوباس و هەواڵەکانیان دەگرم. بە تایبەتی ئەو بەرنامە و دەنگوباسانەی کە لەسەر کوردستان پێشکەش دەکرێن. هەروەها بەگوێرەی کاتیش هەندێ جار سەیری بەرنامە جۆراوجۆرەکانی تریشیان دەکەم. دیارە لەدایکبوونی خودی ئەم بابەتەش هەر لە میانەی تەماشاکردنی دوو بەرنامەی تەلەفزیۆنی هاتە ئاراوە، کە لە هەردوو کەناڵی میدیا ـ تیڤی و کوردستان ـ تیڤی پێشکەش کران. من هێنانەوەی ئەم دوو بەرنامەیە، تەنیا وەک نموونەیەک، دەخەمە بەر دیدەی خوێنەرەوانی هێژا. بێگومان گەلێ نموونەی تریش هەن، نەک هەر تەنیا لە هەردوو کەناڵی تەلەفزیۆنیی ناوهاتوو، بگرە لە کوردسات و کەناڵە تەلەفزیۆنییە ناوخۆییەکانی دیکەی کوردستانیش.

جارێکیان هەروا بە ڕێکەوت چاوم بە بەرنامەی (باخچێ گوڵان)ی هونەرمەند گوڵستان پەروەر کەوت، کە هەر پازدە ڕۆژ جارێک لە میدیا ـ تیڤی پێشکەش دەکرێت. من لێرەدا چ قسەیەکم سەبارەت بە ئاستی هونەری و مۆسیقایی بەرنامەکە نییە. دیارە ئەمە کاری منیش نییە، چونکە بابایەکی وەکو من نە هونەرمەندە و نە مۆسیقاژەن تا بتوانێ خۆ لە شتی وا هەڵقورتێنێت. ئەوەی کە زیاتر هەستی منی، وەک بینەرێک بریندار کرد، شێوەی کاردانەوەی خوشکە گوڵستان پەروەر بوو، سەبارەت بە تەلەفۆنکردنی بینەرێکی بەجەرگ و ئازا، کە لەناو جەرگەی ئەستەمبوڵ تەلەفۆنی بۆ بەرنامەکە کرد. برای بینەر بە ڕێزێکی زۆرەوە دەمی کردەوە و پرسیارێکی لەمەڕ دیارنەبوونی هونەرمەند شڤان پەروەر لە پێشکەشکەری بەرنامەکە، واتا گوڵستان پەروەر، کرد. کابرا کە لە ئەستەمبوڵەوە پێ لە جەرگی خۆی دەنێت و تەلەفۆن بۆ میدیا ـ تیڤی دەکات، گەر پرسیارێکی هاکەزایی و لابەلاش بکات، نابێ دەمکوت بکرێت و تەنانەت تەلەفۆنەکەشی، بە دەستی ئەنقەست، لێ بقوتێنرێت یان دابخرێت. من کەمێ تێگەیشتنم بۆ خوشکە گوڵستان هەیە و تێشگەیشتم کە وەها پرسیارێک ناوبراوی چەند بێزار و نارەحەت کرد. لێ بەڵێ، تۆ بڵێی پێشکەشکەری بەرنامەیەک بەهۆی شتێکی ئاوەها ئاسایی، توورە بێ و تەنانەت بشڵێ: ئەم پرسیارە لە خۆی بکەن، واتا لە شڤان بپرسن؟ هەر کەسێکیش دڵی بەم بەرنامەیەی من ناکرێتەوە یان حەزی لێ ناکات، با تەلەفزیۆنەکەی خۆی داخات! دیارە وەها قسەیەک لە دوو جاریش زیاتر، وەک من ئاگادارم، لە لایەن گوڵستان پەروەر دووپات کراوەتەوە. من پێموایە کەسێ کە دەبێتە پێشکەشکەری بەرنامەیەک، بەر لەوەی بەناوی

**بێگومان هەر کەسێ کە سەیری ئەم پڕۆگرامەی کردبێ، یەکسەر تێدەگا، مەبەست لە قوتکردنی پەیوەندییە تەلەفۆنییەکە پێشگرتن بوو لە برای بینەر تا چیدی هێرش نەکاتە سەر ڕژێمی ڕەگەزپەرست و کوردکوژی بەغدا! هەڵبەت قسەکانی کاک ئەمیری فندی، لە دوای پچڕاندنی تەلەفۆنەکە، بەڵگەیەکی ڕوونی بۆچوونەکەی بەندەیە.**

خۆیەوە قسان بکات، پێی زانیبێ یان نا، ئەو کەسە بە شێوەیەکی ئۆتۆماتیکی بووەتە دەمڕاست و قسەکەر بە ناوی گەل و نەتەوە و بێگومان بینەران و تەماشاکەرانیش. جا کەواتە پێشکەشکەری هەر بەرنامەیەک نابێ بە مووش لە پرەنسیپەکانی دیموکراتی و بیرورا دەربڕین و ئازادیی قسەکردن لا بدات. گەر بەهەڵەشدا نەچووبم بینەران مافی تەواوی خۆیانە، بە تایبەتیش ئەگەر لە وڵاتەوە یان لە شوێنێکی وەک ئەستەمبوڵەوە تەلەفۆن بکەن، شتەکانی خۆیان بێننە زمان و پرسیارەکانیشیان ئاراستەی پێشکەشکەر و هەڵسووڕێنەری بەرنامەکان بکەن. خۆ ئەگەر هەر هەمان بینەر سڵاو و ڕێزی بۆ ( سەرۆکی ئەتەوی و گەریلایێن سەرێ چیا ) بناردبا، ئەوا ماڵم قەبرە حیسابێکی تری بۆ دەکرا و، جا ئەوەدەم گوڵستان بێزار بووبا یان نا، پەیوەندییە تەلەفۆنییەکەی بینەرەکە قوت نەدەکرا. بە دەیان نموونەی وەهامان بینیوە و تا ئێستاشی لەگەڵدا بێ میدیا ـ تێڤێ چارەیەکی بۆ ئەم دەردە نەدۆزیوەتەوە. لەوەش گەڕێ لە بەرنامەیەکی بەناو سیاسیدا، کەسێکی درێژدادڕ، جاری وا هەیە زیاتر لە سەعاتێک درێژەی دەداتێ، بێ ئەوەی تەنیا دەرفەتێکی یەک دەقیقەییش بۆ کەسانی دیکە بهێڵێتەوە. هەڵبەت کەسە درێژدادڕەکە ئەندامی سەرکردایەتی حیزبە و بینەرە ئاساییەکەی ئەستەمبوڵیش ئەندامی ناسەرکردایەتی نەتەوەیەکە! دەبێ لێرەدا جەخت لەوەش بکەم، هێنانەوەی ئەم نموونەیە، بە چ جۆرێک مانای داکۆکیکردن لە شڤان پەروەری هونەرمەند و ئەم و ئەو نابەخشێت.

کوردستان ـ تێڤێ هەر لە سەرەتای دەرکەوتنییەوە، هەندێ پڕۆگرامی ڕۆژانی بەرایی لێ دەرچێت، هەوڵی داوە شتی جۆراوجۆر لەمەڕ کورد و کوردستان پێشکەش بە بینەرانی بکات. ئەو خاڵەی کە لە بەرنامەکانی ئەم کەناڵە ئاسمانییە کوردییە زیاتر سەرنجی منی بۆ خۆی ڕاکێشابێ، ماوە کورتی و تا ڕادەیەک هەمەجۆری و ڕەنگاوڕەنگی بەرنامەکانیەتی. کاک ئەمیری فندی کە یەکێک لە کارمەندانی کەناڵی ناوبراوە، زێدەتر لە بەشی عەرەبی ئەم کەناڵە کوردییەدا دەستبەکارە. ناوهاتوو، جگە لە خوێندنەوەی هەواڵەکان، جارناجار بەرنامەی تایبەتیش لەمەڕ پرسی کورد، بە زمانی عەرەبی، پێشکەش بە بینەران دەکات. لە یەکێ لەو بەرنامانەیدا کە نووسەر (عەبدولغەنی عەلی یەحیا)ی کورد تێیدا میوان بوو، باس لە بابەتی (دیالۆگی کوردی ـ عەرەبی) دەکرا. خوا هەڵناگرێ نووسەری ناوهاتوو قسەکانی لەجێ بوون و چ ڕەخنەیەکیشم لێیان نییە. ئەوەی کە زیاتر منی هان دا تا لێرە بێمە زمان و لەسەر بەرنامەکەش هەڵبدەمێ، هەمان شێوازی میدیا ـ تێڤێ بوو، کە ئەم جارەیان کوردستان ـ تێڤێ دەرهەق بە یەکێ لە بینەرانی خۆی ئەنجامی دا. لە کاتی پێشکەشکردنی بەرنامەکەدا بینەرێکی کورد لە وڵاتی نەرویژ تەلەفۆنێکی کرد و، لە کۆتایی قسەکانیشیدا هەندێ جوێنی سیاسییانەی ئاراستەی سەددامی ئەنفالچی کرد. بێگومان هەر کەسێ کە سەیری ئەم پڕۆگرامەی کردبێ، یەکسەر تێدەگا، مەبەست لە قوتکردنی پەیوەندییە تەلەفۆنییەکە پێشگرتن بوو لە برای بینەر تا چیدی هێرش نەکاتە سەر ڕژێمی ڕەگەزپەرست و کوردکوژی بەغدا! هەڵبەت قسەکانی کاک ئەمیری فندی، لە دوای پچڕاندنی تەلەفۆنەکە، بەڵگەیەکی ڕوونی بۆچوونەکەی بەندەیە. جێی خۆیەتی ئەوەش بڵێم گازندە و گلەیی سەرەکیم لە کاکی پێشکەشکەری بەرنامەکە نییە. کوردستان ـ تێڤێ کە دەزگایەکی سەر بە پارتی دیموکراتی کوردستانە، وەک هەر دەزگایەکی دیکەی حیزبی، سیاسەت و هێڵێکی دیاریکراوی بۆ کێشراوە تا لەسەری بڕوات. هەردوو حیزبە دەسەڵاتدارەکەی باشووری کوردستان کە بە شێوەیەکی فەرمی داکۆکییان لە کابرایەکی ئەنفالچی وەک نزار عەبدولکەریم ئەلخەزرەجی کردووە، ئەوا زۆر ئاساییە ئەگەر لە کەناڵە تەلەفزیۆنییە ئاسمانی و نائاسمانییەکانیشیاندا، ڕێ بە بینەران و کوردانێکی ئاوارە و دوورەوڵات نەدەن تا شتێ لەمەڕ دیکتاتۆرەکەی بەغدا باس بکەن.

ئەو کەسانەی کە لە بواری مەسمێدیا و ڕاگەیاندن و کاری تەلەفزیۆنیدا دەستبەکارن، بەر لە هەر شتێ، پێویستە حەوسەڵەیان درێژ و پشوویان فراوان و ئاسۆی بیرکردنەوە و تێڕامانیان لە دیاردە و شتەکان هەمەڕەنگ و هەمەچەشن بێ. دیسانیش ئەوە دووپات دەکەمەوە کارمەندانێک کە لە کەناڵە ئاسمانییە کوردییەکان و ئەم بوارانەدا کار دەکەن، هیچ گومانێک لە دڵسۆزی و دڵسووتاوییان بۆ دۆزی گەلەکەیان لە ئارادا نییە. ئەوەی هەیە و نییە وەها کەسانێک تەنیا تا ئەو جێیە دەتوانن پێ درێژ بکەن کە حیزبەکان و سیاسەتی حیزبەکانیان بۆیان دیاری کردوون.

ئەم دوو نموونەیەی سەرەوە شتێکی زۆر کەمن لە دنیای ڕاگەیاندن و بڵاوکردنەوە و پەخشکردنی کوردیدا. دەکرێ بە دەیان نموونەی تریش بێنینەوە. لە هەمان کاتیشدا پێمخۆشە ئەوە بڵێم وەها دیاردەیەک تەنیا گرفتی ئێمەی کورد نییە، بەڵکو سەرجەم گەلانی ڕۆژهەڵات و دەوڵەتە داگیرکەرەکانی کوردستان و زۆر لە دەوڵەتانی تری جیهانیش دەگرێتەوە.

من کە بە شێوەیەکی هەمیشەیی تەماشای کەناڵە ئاسمانییە کوردییەکان دەکەم، گەر لە دڵسۆزیمەوە بۆ ئەو کەناڵانە نەبا، قەت ئەم چەند دێڕەشم نەدەنووسی. مەبەستی سەرەکی من، هەروەک لە سەرەتاشدا ئاماژەم پێ کردووە، تەنیا پێشخستنی تەواوی کەناڵە تەلەفزیۆنییە کوردییەکانی ناوخۆ و دەرەوەی وڵاتیشە. ئەگەر ئەو کەناڵە تەلەفزیۆنییانە، ئامانجیان ڕاکێشانی بینەران بێ، ئەوا دەبێ گەلێ بە سنگفراوانیشەوە گوێ بۆ ڕا و بۆچوونی ئەوانیش شل بکەن. جا کەواتە سەرکەوتوویی کەناڵە ئاسمانییە کوردییەکان و هەر دەزگایەکی ڕاگەیاندنی دیکەش لەوەدا ڕەنگ دەداتەوە، کە زۆر بە جیدییەوە نرخ و بەها بۆ دید و بۆچوونە جیا جیاکانی بینەران دابنێن و، حیسابی تەواویشیان بۆ بکەن.

ستۆکهۆڵم ٢٠٠١/١٢/١٠

# ڕۆشنبیر لە تاراوگەدا:
# تەرەبووەکان و لە پەراوێزقەرارگرتووەکان

ئیدوارد سەعید Edward W. Said

مامۆستای زانکۆی ئەدەبیاتی دانیشگای کۆلۆمبیا ـ نیۆیۆرک (ئەمریکا)

ئاوارەیی یەکێک لە خەماویترین چارەنووسەکانە. ئاوارەیی، بەر لە دەورانی مۆدێرن سزایەکی سامناک لە قەڵەم دەدرا، چونکە نەتەنیا بە مانای ساڵانێک سەرگەردانی بۆ مەبەست و دووری لە زێد و مەکۆ و شوێنە خووپێگرتووەکان دادەندرا، بەڵکە بە مانای تەبدیلبوون بە نیفرەتلێکراوێکی هەمیشەییش بوو: کەسێک کە هەرگیز لەماڵەخۆیبوونی هەست پێنەکردووە، هەمیشە سەبارەت بە دەوروبەر خۆی بە غەریب زانیوە، سەبارەت بە ڕابردوو ناهێور بووە و، لەبارەی ئێستا و داهاتووشدا دڵسارد بووگە. هەمیشە لە نێوان فکری ئاوارەیی و ترسان لە گولیی، پەلەشتی کۆمەلایەتی و ئەخلاقی، پێوەندییەک و یەکجۆرییەک بەرقەرار بووە. لە سەدەی بیستەمدا، ئاوارەیی لە حاڵەتێکی سەخت و هێندێک جار دەگمەن، سزای تاکە شازەکان وەکوو شاعیری گەورەی یۆنانی ئۆڤید، کە لە ڕۆم بۆ شارێکی دوورەدەست لە دەریای ڕەش دوورخرایەوە، بووەتە سزایەکی زاڵمانەی گشت کۆمەڵگە و خەڵک. ئەو حاڵەتە ئەغلەب ئەتیجەی ناانقەستی هێزە ناشەخسییەکان وەک شەڕ، برسێتی و نەخۆشی یە.

لەو توێژبەندییەدا دەتوانرێ لە هەرمەنییەکان، خەڵکانێکی بە ئیستیعداد بەلام پەیتاپەیتا لە حاڵەتی دوورخراوەییدا کە لە پێوانەیەکی هەراودا لە ڕۆژهەلاتی مەدیتەرانە (بەتایبەت ئانادۆلی) ڕۆژگاریان تێدەپەڕاند، یاد بکرێ. کەچی دوای ئەوەیکە تورکان پەلاماریان دان و قەتڵوبڕی بەکۆمەڵیان تێخستن، بەرەو دەوروبەری بێروت، حەڵەب، بەیتولموقەددەس و قاهیرە هەلاتن و لە وێش لە دەورانی بزووتنەوە شۆڕشگێرییەکانی دوای شەڕی دووهەمی جیهانی، دیسان بۆ دەرەوە دەرپەڕێندران. ئەمن بۆ ماوەیەکی درێژ بە قووڵی جەزبی کۆمەڵگاکانی پەنابەر و دوورخراوە بووبووم کە ڕوانگەکەلی دەورانی جحێڵی منیان [لە فەلەستین و میسر] شکڵ دەدا؛ نەتەنیا بەشێکی زۆر لە هەرمەنییەکان، بەڵکە جوولەکەکان، ئیتالیاییەکان و، یۆنانییەکان کە زەمانێک لە دوروبەری مەدیتەرانەدا نیشتەجێ و لەوێ ڕیشەیان داکوتابوو، پشکێک لەو ڕوانگەیانە بەحیساب دەهاتن. بەهەرحاڵ، لە ناو ئەو کۆڕوکۆمەلانەدا، نووسەرانێکی درەوشاوە وەک ئیدمۆند جەبیز Edmond Jabes، گیزێپ ئونگارێتیGiuseppe Ungaretti و کونستانتین کاوافیConstantien Cavafi گولیان کرد کە دوای دامەزرانی ئیسرائیل لە ساڵی ۱۹٤۸ و دوای شەڕی کاناڵی سوئێز لە ۱۹٥٦دا ئەوانیان لە ماڵ و حاڵی خۆیان دەرپەڕاند. لە حکوومەتە تازە ناسیۆنالییەکانی میسر و عێراق و ولاتانی دیکەی عەڕەب، ئەو هەندەرییانەی نموودی دەستدرێژیی ئیمپریالیزمی ئورووپایی دوای شەڕ لە قەڵەم دەدران، بە تۆبزی لەو ولاتانە دەرکران. ئەو مەسەلەیە بەتایبەت بۆ کۆمەڵە دێرینەکان چارەنووسێکی دڵتەزێن بوو. بەشێک لەو کۆمەلانە، بە شوێنە تازە نیشتەجێبووەکانی خۆیان خوویان گرتبوو و، دەکرێ بڵێین کە زۆربەی ئەوان دووبارە دوورخرانەوە.

یەکێک لە پێشفەرزگەلی عەوامانە، بەلام تەواو هەڵە، ئەوەیە کە حاڵەتی تەرەبوون یانی جودابوون، هەلاوارەبوون و، نائۆمێدانە لە زێد پچڕان. ئەو پێشفەرزە زەمانێک دروستە کە ئێوە لانیکەم بەڕاحەتی بزانن کە ئەو شتەی لە پشت سەرتان جێماوە، تا ئەندازەیەک، فکرلێنەکراو و بەتەواوی قەرەبوونەکراوەیە. هەقیقەت ئەوەیە کە گرێی زۆربەی تەرەبووەکان تەنیا ئەوە نییە کە ناچاربوون دوور لە زێد و نیشتمانی خۆیان بژین، بەڵکە بەپێچەوانە، بە لەبەرچاوگرتنی دنیای ئەوڕۆ، دوورخراوە ناچارە لەگەڵ زۆرێک لە بیرەوەرییەکان بژی کە وەبیریدەخەنەوە لە ئاوارەیی دایە، ئەو هەقیقەتەی دە گوێیدا دەڵێنەوە کە ماڵە وی زۆریش دوور نییە، وە ئەو مەسەلەیە کە تێکەلاویی و هاتوچۆی ڕۆژانەی ژیانی ئێستە، ئەوی لە پێوەندییەکی هەمیشەیی بەلام بەرەنگاربووانە و ناواقیعی لەگەڵ شوێنی زێدەکەی ڕادەگرێ. لەم ڕووەوە، دوورخراوە لە حاڵەتێکی بەرزەخدا ژیان دەباتەسەر، نە تەواو یەکپارچە لە شوێنی تازە و سەر بە ئەوێ یە و، نە بەتەواویش لە بەندی شوێنی پێشوو ئازاد بووە. ئەو، نیوە خەریک و نیوە پچڕاوەیە؛ لە لایەک دڵتەنگ و هەڵگری هەستگەلی بریندارە و، لەلایەکی دیکەوە چاولێکەرێکی تەڕدەست یان تەرەکراوێکە بەنهێنی. بۆ وی بەدەستهێنانی لێهاتوویی لەپێناو مانەوە پێویستی پەیدادەکا و مەترسی حەوانەوە و ئاسوودەیی لە ڕادەبەدەر دەبێتە هەڕەشەیەک، کە دەبێ هەمیشە لە ئاستیدا پارێزگاری لە خۆی بکا.

لە نموونە بەرچاوەکانی ڕۆشنبیری ئاوارە، سەلیم، موسوڵمانێک بە ڕەگەز هیندیی ڕۆژهەڵاتی ئەفریقا و کەسایەتی سەرەکی نایپۆل V. S. Naipaul لە ڕۆمانی (*پێچی ڕووبار*)ە. ئەو، بە مەبەستی سەفەرێک بۆ لێوارەکانی ئەفریقا بەستێن جێدێڵێ و دوای تێپەڕین لە گەلێک مەترسی لە شوێنێک وەکوو زەئیری مۆباتۆ نیشتەجێ دەبێ. هەستی سەرسوڕهێنەری نایپۆل، بە عینوانی ڕۆماننووسێک، ئەو تواناییەی پێدەبەخشێ کە وێنەی ژیانی سەلیم لە (*پێچی ڕووبار*)دا وەک سەرزەمینێک کە تەقریبەن ئی هیچکەسێک نییە، بنەخشێنێ؛ شوێنێک کە ڕاوێژکارانی ڕۆشنبیری ئورووپایی (کە جێنشینانی ڕاگەیێنەرە ئارمانخوازەکانی دەورانی ئیستیعمار بوون)، سەربازە بەکرێگیراوەکان، بەرژەوەندخوازان و ئاوارەبووەکانی دیکەی جیهانی سێهەم پێیان تێدەنا و، سەلیم ناچار بە ڕابواردن لە گەڵ ژیان و تایبەتمەندییەکانی بوو. سەلیم، لە گێژاوێکی قووڵی پەرێشانی و ئاڵۆزیدا، بەرەبەرە ملکوماڵ و هەبووکی خۆی لە دەست دەدا. لە کۆتایی ڕۆماندا ــ وە ئەم نوکتە ئیدەئۆلۆژیکییەی نایپۆل جێگەی لێدوانە ــ بە خاتری پێکەنیناوی و سەرسەریبوونی هەوا و هەوەسەکانی ڕێبەر، گەورەپیاو، کە نایپۆل ئەوی وەک نموودێک لە ڕێژیمگەلی دوای ئیستیعماری دەناسێنێ، تەنانەت خۆماڵییەکانیش لە سەرزەوی خۆیاندا ئاوارەن.

ڕێکخستنەوەی سەرلەنوێ و هەراوی هەرێمەکان، لە دوای شەڕی دووهەمی جیهانی، ئاپۆرەیەکی زۆری لە خەڵک ئەملاو ئەولا کرد. بۆ نموونە دەکرێ لە موسوڵمانانی هیند کە دوای هەڵاواردن و جودابوونەوە لەساڵی ١٩٤٧ بەرەو پاکستان ڕۆیشتن و، یان فەلەستینییەکان کە لە زەمانی دامەزرانی ئیسرائیل و دابینکردنی تازەهاتووانی ئورووپایی و جوولەکەگەلی ئاسیایی بڵاو و پەراگەندە بوون، ناوببرێ. لە جێی خۆیدا، ئەو گۆڕانکارییانە شکڵ و ناوێتەی نەگونجاو و دووڕەگەی سیاسیان بەدیهێنا. لە ژیانی سیاسی ئیسرائیلدا نەتەنیا سیاسەتی بڵاوبوونەوەی جوولەکان هەستپێدەکرێ، بەڵکە سیاسەتی ڕقەبەرێتی و تێکئەڵقانی فەلەستینییەکانیش لە ئاوارەییدا بەرچاو دەکەوێ. لە وڵاتە تازەدامەزراوەکانی پاکستان و ئیسرائیل، پەنابەرانی تازەهاتوو بە عینوانی بەشێک لە خەڵک لە قەڵەم دەدران کە بوونە هۆی مامەڵە پێکردن؛ کەچی لە باری سیاسییەوە ئەوانیان بە کەمایەتییەک دەژمارد کە لە ڕابردوودا لە ژێر ستەمدا بوون و ئێستە، بە عینوانی ئەندامی زۆرینەی کۆمەڵگە، توانایی ژیان لە هەلومەرجی نوێیاندا هەیە. بەڵام بەبێ چوونە ناو باسی تاقمچێتی، دەبێ بگوترێ کە ئیدەئۆلۆژیی هەڵاواردن و جیاوازیی بارودۆخی نوێ، دیسان ئەوانی دەهارووژاند و ئەغڵەب ئەوانی تووڕە و قەڵس دەکرد. ئەوەی لێرەدا زیاتر مەبەستی منە، ئاوارەبووەکانی ناهەوساز و بێ ماڵن، وەک فەلەستینییەکان یا تازە پەنابەرە موسوڵمانەکان بۆ قارەی ئورووپا، یان هیندییە ڕۆژئاواییەکان(خەڵکی جەزایری کارائیب) و ئەفریقاییە قولەڕەشەکان بۆ ئینگلستان کە بوونیان یەکڕەنگیتی و یەکجنسێتی فەرزکراوی کۆمەڵگە شێواو و ئاڵۆز دەکا کە ئەوانی تێدا دەژین.

**بە خاتری پێکەنیناوی و سەرسەرییوونی هەوا و هەوەسەکانی ڕێبەر، گەورەپیاو، کە نایپۆل ئەوی وەک نموودێک لە ڕێژیمگەلی دوای ئیستیعماری دەناسێنێ، تەنانەت خۆماڵییەکانیش لە سەرزەوی خۆیاندا ئاوارەن.**

کەوابوو، ڕۆشنبیرێک کە خۆی بە بەشێک لە بارودۆخی گشتی دادەنێ کە لە سەر تاراوگە و جێگۆڕکێی کۆمەڵگەی نەتەوەیی تەئسیر دابنێ، نابێتە سەرچاوەی فەرهەنگوەرگریی و گونجان، بەڵکە بەپێچەوانەوە دەبێتە کانگەی توانەوە و ناپتەوی.

ئەو کارە بەهیچڕوویەک بەو مانایە نییە کە ئاوارەیی خوڵقێنەری پێکەوەسازانێکی سەرسوڕهێنەر لەگەڵ دەوروبەر نییە. وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا ئەوڕۆ لە هەلومەرجی نائاساییدا، خاوەنی دوو کەس لە درەوشاوەترین کارگێڕانی پێشوو لە کابینەکانی سەرۆک کۆماری دان؛ کیسینجر و برژینسکی کە ڕۆشنبیرانێک بوون لە تاراوگەدا (وە یا، لە چاو ڕوانگەی بینەرەوە، ئێستاش هەر هەن): کیسینجر لە ئاڵمانی نازی و، برژینسکی لە پۆلەندەی کۆمۆنیست. بێ لەوەش، کیسینجر کەسێکی جوولەکەیە کە بە پێی «قانوونی گەڕانەوە»ی ئیسرائیل، لە حاڵەتێکی تایبەتیدا، هەلومەرجی پێویست بۆ گەڕانەوەی ئیسرائیلیشی هەبوو. کەچی هەم کیسینجر و هەمیش برژینسکی، لانیکەم لەڕواڵەتدا، تەواوی ئیستیعدادگەلی خۆیان لە ئیختیار وڵاتێک ناوە کە ئەوانی بە هاووڵاتی خۆی قەبوڵ کردووە و، لە بەرانبەردا، جیالە کارتێکەرییەکانی جیهانی، باربووی پلەیی، پارەیی و نەتەوەییان وەرگرتووە کە ڕۆشنبیرە ئاوارەکان، لاوەیی و گومنێوەکانی جیهانی سێهەم کە لە ئورووپا و ئەمریکا دەژین بە قەرا ساڵانێکی نووری لەوانیان مەودا هەیە. ئەوڕۆ، دوای چەند دەیە خزمەتکردن لە حکوومەتدا، ئەو دوو ڕۆشنبیرە درەوشاوەیە ڕاوێژکارانی کۆمپانییەکان و حکوومەتەکانن.

ئەگەر تەماشاخانەی ئورووپایی شەڕی دووی جیهانی وەبیربخەینەوە، لەوانەیە لە باری کۆمەڵایەتییەوە و ئەوجۆرەی کە خەیاڵ دەکرێ، کیسینجر و برژینسکی ئاوارتە نەبن. لە چاو ئاوارەبووەکانی دیکەی وەک تۆماس مان، ئەو شەڕە خەباتێک لەپێناو چارەنووس و ڕووحی ڕۆژئاواییەکان دادەندرا. لەم «شەڕی باش»ەدا، ئەمریکا ئەخشی ڕزگارکەرێکی کایەکردووە و هەروەها بۆ ڕەچەڵەکێکی کاملی لە لێکۆڵەرەوان، هونەرمەندان و زانایانێک کە لە چنگ فاشیزمی ڕۆژئاوا بەرەو شارماکەی دەسەڵاتی سەرەڕۆیانە(imperium)ی تازەی وی هەڵاتبوون، پەناگایەکی پێکهێنا. لە قەڵەمڕەوی لێکۆڵینەوەدا وەک زانستگەلی ئینسانی و زانستگەلی کۆمەڵایەتی، گرووپێکی گەورە لە لێکۆڵەرەوانی نێویەدەر هاتنە ئەمریکا. بەشێک لەوان، وەک زماننناسانی گەورەی لاتین و لێکۆڵەرەوانی ئەدەبیاتی گونجێندراو، لیۆ شپیتزر Leo Spitzer و ئێریک ئورباخ Erich Auerbach، بە ئیستیعدادەکانی خۆیان و زانستێک کە لە دنیای قەدیمیان بەدەستهێنابوو، زانستگەکانی ئەمریکایان خەنی کردبوو. ئیدیکەش

**نەخشی سادقانەی ڕۆشنبیر ئاڵۆز و پێچەڵپێچتر لەو شتەبوو کە سەدساڵ بەر لە ئێستا تورگنێف بۆ بازارۆفی لەبەرچاوگرتبوو،**

کە لە ناویاندا دەکرێ لە پسپۆڕگەلێک وەک «ئیدوارد تالێر» و «ڤێرنێر ڤان براون» یادبکرێ، ئەوانە وەک ئەمریکاییگەلێک کە خۆیان بۆ سەرکەوتن لە پێشبڕکێی نیزامی[عەسکەری] و فەزایی لە ئاست یەکێتی سۆڤیەت تەرخان کردبوو، هاتنە ناو پێرستی شەڕی ساردەوە. هەروەها، ئەم جۆرەی کە لەم دواییانەدا ئاشکرا بووە، لە دوای شەڕ، نیگەرانی ڕۆشنبیرانی سەرشناسی ئەمریکایی لە زانستی کۆمەڵایەتیدا ئەوەبووە کە نازییە ناسراوەکان وەک بەشێک لە خەباتی گەورەی نیزامی و بە ئیعتیباری دژی کۆمۆنیست بوونیان بۆ کار لە ئەمریکا بە خزمەت بگرن.

لە تەک هونەری ڕازانەوەی سیاسیی ئاماڵ مەڕموز، تێکنیکێک کە بەبێ گرتنی لایەنێکی ڕوون و بەرچاو لە بەستێنی مانەوەیەکی دڵگیردا حەرەکەت دەکا، ئەوەیە کە چۆن ڕۆشنبیرێک دەتوانێ خۆی لە تەک دەسەڵاتێکی زاڵبووی تازە و یا لە حاڵی سەرهەڵداندا بگونجێنێ، ئەوە بابەتێکە کە من لە دوو باسی داهاتوودا قسەی لە سەر دەکەم. لێرەدا مەبەستی من لێدوان بەپێچەوانەی بابەتەکەیە؛ ڕۆشنبیرێک کە لە سۆنگەی ئاوارەییدا ناتوانێ، یا ڕاشکاوتر بڵێم، نایەوێ، خۆی لە گەڵ هەلومەرجەکەی بگونجێنێ و پێی باشترە کە لەبری خۆگونجاندن، لە دەرەوەی ڕەوتی سەرەکی، بە شێوەی ناهاوساز، ناهاودەست و، خۆڕاگر بمێنێتەوە. بەڵام پێش هاتنە ناو ئەم باسەوە ئیشارە بە چەند نوکتەی سەرەکی پێویستە.

هەوەڵ ئەوەیکە، بۆ مەبەستی من، ئاوارەیی سەرەڕای ئەوە حاڵەتێکی «واقیعی»یە حاڵەتێکی «ئیستیعارەیی»شە. مەبەست ئەوەیە کە بۆچوونی من سەبارەت بە ڕۆشنبیر لە ئاوارەییدا، لە مێژووی کۆمەڵایەتی و سیاسیی جێگۆڕکێ و پەنابەرێتی کەڵکی وەرگرتووە کە باسی ئەم دواییەی خۆم بەوی دەستپێکرد، بەڵام تەنیا بەم نابەسترێتەوە. بە واتایەکی تر، تەنانەت ڕۆشنبیرانێک کە بۆ ماوەیەکی درێژ ئەندامی کۆمەڵگەیەکن، دەتوانن بە خۆمانەیی و ناخۆمانەیی دابەش ببن: لەلایەک کەسانێک هەن کە بە کۆمەڵگە، هەر ئەم جۆرەی کە هەن بەستراونەوە، کەسانێک کە بەبێ هەستی نارێکی یا جیاوازیی عەقیدە تێیدا دەپشکوێن، کەسانێک کە دەتوانین بە هوڕیاکێش و بەڵێبێژ نێودێریان بکەین؛ وە لەلایەکی دیکەشەوە، دژبەران و نەئبێژان هەڵکەوتوون، کەسانێک کە لەگەڵ کۆمەڵگەی خۆیان لە دژایەتیدان و لەم ڕووەوە، تا ئەو جێیەی کە زیادەچێتی، دەسەڵات و ئیمتیازە شازەکان بگرێتەوە، ناخۆمانەیی و ئاوارەبووەکانی ئەو کۆمەڵگەیە بەحیساب دێن. هەلومەرجی دیاریدەر بۆ ڕۆشنبیری ناخۆمانەیی هەر ئەو هەلومەرجی ئاوارەبوونەیە، یانی هەلومەرجی ناسازکاریی کامڵ، هەستی غەریبایەتییەکی هەمیشەیی لە بەرانبەر دنیایەکی واگوتەنی خووپێگیراو کە بەهۆی دانیشتووانی خۆماڵی سازکراوە، وە مەیلی دوورەپەرێزبوون و تەنانەت بێزاری لە داوی سازان و خۆشیی میللی. لەم مەفهوومە مێتافیزیکییەدا، ڕۆشنبیر لە حاڵەتی بێقەراری، بزوون، بگرو هەڵلای هەمیشەیی و، تێکدانی هێمنایەتی ئەوانی دیکەیە. ئێوە ناتوانن بگەڕێنەوە بارودۆخی ئاماڵ پتەوی ڕابردوو کە تێیدا هەستتان بە غەریبایەتی نەدەکرد؛ وە مخابن کە هەرگیز ناشتوانن خۆتان لە تەک ماڵ و هەلومەرجی تازە بگونجێنن.

دووهەم ئەوەیکە، ڕۆشنبیری ئاوارە پێیخۆشە لە ناخۆشحاڵیی خۆی خۆشحاڵ بێ؛ وە من بۆخۆشم لە وەهابۆچوونێک، تەنانەت زەمانێک کە بیری لێدەکەمەوە، سەرم سوڕدەمێنێ. بەم واتایە کە خەرمانەیەک لە نارەزایی و بێوازی، جۆرێک ناسازگاری بەخیلانە کە دەبێتە هۆی تێکچوونی خواردن و هەزمکردن، نەتەنیا دەتوانێ بە شێوەی بیرکردنەوە، بەڵکە بە مەسکەن و مەکۆی تازەی وی، هەرچەند زووتێپەڕیش بێ، تەبدیل ببێ: ڕەنگە ڕۆشنبیر وەکوو هاتەرانبێژێکی پیس و بەدزمانی[1] لێببێ. یەکێک لە نموونە مێژووییەکانی بەر سەرنجی من سیمای دەسەڵاتمەندی سەدەی هەژدەهەم، «جاناتان سویفت»، کە لە دوای وازهێنانی ئەندامی حیزبی کۆنپارێزی ئینگلیس لە ١٧١٤ نفوز و ئیعتیباری خۆی لە دەست دا و هەرگیز نەیتوانی خۆی لە وەها داوەشانێکی ئیعتیباریدا ڕزگار بکا و، پاشماوەی تەمەنی خۆی لە ئیرلەند و لە حاڵەتی ئاوارەییدا بەسەربرد. ئەگەرچی سویفت لە ئیرلەند پەرێشان بوو، کەچی لە سەر ئەوحاڵەش بە عینوانی کەسایەتییەکی ئاماڵ ئەفسانەیی توند و هوڕووژاو، یا بە گوتەی خۆی خەماوی و تووڕە (نووسراو لە سەر کێلەکەی)، پارێزەری ئیرلەند لە ئاست زوڵم و ستەمی ئینگلیسییان بوو؛ مرۆڤێک کە نووسراوە گرینگە ئیرلەندییەکانی، ***سەفەرەکانی‌گالیڤێرو***، ***نامەگەلێک بۆ خەڵکی ئیرلەند***، جیا لە بەکەڵکبوونیان؛ نیشاندەری پشکوتنی ئەندێشەیەکە لە وەها هەلومەرجێکی ئاڵۆزکاویدا.

تاڕادەیەک دەکرێ بڵێین کە نایپۆلی لاو، وتارنووس، سەفەرنامەنووس، کەسێک کە هەمیشە لە حاڵی شوێنگۆڕکێدابوو و، هەرچەند جاری کە لە ئینگلستان نیشتەجێ دەبوو، لە سەرزەویی باب و ئەژدادی خۆی لە جەزایری دەریای کارائیب و هیندوستان دیداری دەکرد، شوێنەواری وێرانکراوەی ئیستیعمار و دوای ئەویشی شیدەکردەوە و، بەسەرسەختی ڕامان و بێدادگەرییەکانی دەوڵەتە سەربەخۆییەکان و باوەڕپێکراوانی ڕاستەقینە و تازەی ئەوانی داوەری دەکرد، سیمایەکی ڕۆشنبیری مۆدێرن لە ئاوارەییدا بوو. توندتر و ئاشکراتر لە ئاوارەیی نایپۆل، ئاوارەبوونی «تیۆدور ویزنگروند ئادۆرنۆ»یە. ئادۆرنۆ ئاوارەبوویەکی بێنەژمار وێچوو و، بۆ من، ویژدانی ئاگای ڕۆشنبیری هەرە بەرزی نیوەی سەدەی بیستەمە؛ کەسێک کە تەواوی ژیانی لە شەڕ و نەپرینگانەوە لە مەترسیی فاشیزم، کومۆنیزم و تێچوونخوازیی زۆروزەوەندی وڵاتی ڕۆژئاوا تێپەڕکرد. بەپێچەوانەی نایپۆل کە لە ناو خانووەکانی ڕابردووی خۆی لە «جیهانی سێهەم»دا سەرگەردان بوو، ئادۆرنۆ ئورووپاییەکی کامڵ و ئاوێتەیەک لە

بالاترینی فەرهەنگەکان بوو و، بەشێوەیەکی سەرسوڕهێنەر لە فەلسەفە، مووزیک (پێداهەڵدەری بێرگ و شوێنبێرگ)، کۆمەڵناسی، ئەدەبیات، مێژوو و شیکردنەوە و لێکدانەوەی فەرهەنگ پسپۆڕێتی هەبوو. ئادۆرنۆ کە لە بنەماڵەیەکی نیوە جوولەکە پێگەیشتبوو، لە نیوەی دەیەی ۱۹۳۰دا، کەمێک دوای ئەوە نازییەکان دەسەڵاتیان گرتەدەست، سەرزەوی ئەژدادیی خۆی ئاڵمانی جێهێشت: سەرەتا بۆ درێژەدانی خوێندن لە ڕشتەی فەلسەفە ڕۆیشتە ئاکسفۆرد، کە کتێبی زۆر دژواری خۆی سەبارەت بە «هوسرێل»ی لەوێ نووسی. واوێدەچێ کە ئادۆرنۆ، وێڕای جۆرێک دڵتەنگی «شپینگلێر»انە و دیالیکتیکی مێتافیزیکییانەی بەباشترین شێوە «هێگێل»ییەکەی، بە خاتری گەمارۆدران بەهۆی فەیلەسووفە پۆزێتیڤیستەکان و زمانی لە پێکەوتوو، لە ئینگلستان هەستی بە ناخۆشحاڵی دەکرد. ئەو، بۆ ماوەیەک گەڕایەوە ئاڵمان، بەڵام بە عینوانی یەکێک لە ئەندامەکانی ڕێکخراوی کۆمەڵایەتی فرانکفۆرت، وێڕای پێخۆشنەبوون و لە سۆنگەی هێمنایەتییەک کە لە وڵاتە یەکگرتووەکاندا هەبوو، بەرەو ئەوێ کۆچی کرد. ئەو، سەرەتا بۆ ماوەیەک (لە ۱۹۳۸ تا ۱۹٤۱) لە نیۆیۆرک و پاشان لە باکووری کالیفۆرنیا ژیا.

ئەگەرچی ئادۆرنۆ لە ساڵی ۱۹٤۹ بۆ درێژەی کاری پێشووی خۆی، یانی مامۆستای زانستگا، گەڕایەوە فرانکفۆرت، بەڵام ساڵانی ژیانی وی لە ئەمریکا، مۆری ئاوارەبوویەکی بۆ هەمیشە لەوی دا. ئەو لە مووزیکی جاز و فەرهەنگی مەردمی نیفرەتی هەبوو؛ بە هیچ ڕوویەک سەرنجی جوانکاریی و ڕواڵەتگەلی نەدەدا؛ وە لەم ڕووەوە، چونکە لە گەڵ نەریتی فەلسەفییانەی مارکسیسمی هێگێلی گەشەی کردبوو، هەرشتێک سەبارەت بە کارتێکەری جیهانیی فیلمگەل، سەنعەت، عادەتگەلی ڕۆژانە، ناسینی پاڵپشتکراو لە سەر واقیعییەت و، کردەوەچێتی [pragmatism]ی ئەمریکایی با، ئەوی تووڕە دەکرد. ئادۆرنۆ، بەر لە هاتنی بۆ ئەمریکا، لەو زەمینەیەدا کە تەرەبوویەکی مێتافیزیک بێ خاونبەش بوو: بەر لەهەرشت، سەبارەت بە زەوق و سەلیقەی بۆرژوازی لە ئورووپا بە چاوێکی قووڵی ڕەخنەگرانە دەینواڕی و، پێوانەکانی لەوبارەدا بۆنموونە مۆسیقا دەبێ چۆن بێ، لەپێشدا لە ڕێگەی بەرهەمە تابڵێی دژوارەکانی شوێنبێرگ دیاریکرابوو؛ بەرهەمگەلێک کە بە جەختکردنەوەی ئادۆرنۆ چارەنووسی ناویانگییان ئەوە بوو کە نەبیسراو بمێننەوە و بیستنیشیان نەلواو بێ. ئادۆرنۆ وێڕای ناکۆکییەکان، کینایەگەل و، ڕەخنە بێبەزەییەکانی، ڕۆشنبیرێک بوو ڕەسەن کە لە هەموو نیزامەکان، بە هەر چەشنە لایەنێک، بە یەک ئەندازە نیفرەتی هەبوو. ژیان لە حاڵەتی گشتیدابۆ وی گەورەترین درۆ بوو؛ جارێک گوتی: گشت(کۆ) هەمیشە نادروستە. وە ئەو باوەڕەی درێژە پێدا و، تەنانەت زەینیەت و ئاگایی تاکەکەسی لە بەرانبەر ئەمدا هان و پەرەپێدا — ئەو شتەی کە نەتوانێ دە گشتی کۆمەڵگەیەکی خاوەنشکڵ دەستەبەندی بکرێ.

بەڵام هەر ئەو دوورخراوەییەی وی لە ئەمریکا بوو کە بە خوڵقانی شاکاری گەورەی ئادۆرنۆ واتە Minima Moralia کۆتایی هات،

**ئەو نیازە ی کە تاک لە ئاست بەزەیی سەبارەت بە خۆی، پتەو و ڕاوەستاو دەکا، بەڵگەیەکی لەپاڵەوەیە بۆ پێویستبوونی تێکنیکی بەرەنگاری لەگەڵ هەرجۆرە ساوەساوێک لەمەڕ بیرکردنەوەی ڕۆشنبیری،**

ئەو بەرهەمە گوڵبژێرێک لە ۱٥۳ بڕگە لە ژێر عینوانی لاوەکی «ئاکامگەلێک لە ژیانی ئاسیب دیتوو» بوو کە لە ساڵی ۱۹۳٥ بڵاوبووەوە. لە حیکایەتگەل و شکڵی نائاسایی و ڕەمزاویی ئەو کتێبە، کە نە بیۆگرافی یە، نە وتارگەلی بیرەوەرانە و تەنانەت نە باسی سیستیماتیک لە سەر جیهانبینی نووسەریشە، ئێمە سەرلەنوێ دەکەوینەوە یادی تایبەتمەندییەکانی ژیانی بازارۆف، هەر بەو جۆرەی کە لە ڕۆمانی تورگنێف، ***باوکان و کوڕەیل*** و وەسفکردنی ژیانی ڕووسان لە نێوان ساڵانی ۱۸٦۰ دەربڕاوە. تورگنێف بۆ ناساندنی بازارۆف وەک نموونەی ڕۆشنبیرێکی پووچخوازی مۆدێرن، هیچ زەمینەیەکی چیرۆکیی ناداتەدەست؛ بازارۆف بۆ ماوەیەکی کورت دەردەکەوێ و پاشان ون دەبێ. ئێمە بۆ ماوەیەکی کورت ئەوی لە تەک دایکوباوکی پیریدا دەبینین، بەڵام ئەوە بەتەواوی ئاشکرایە کە ئەو بە ئانقەست خۆیان لێدەبوێرێ. ئێمە لەو ماجەرایە نەتیجە وەردەگرین کە ڕۆشنبیر، بە هەبوونی هونەری ژیان وێڕای ڕەوتگەلی جۆراوجۆر، چیرۆکێکی بۆ گوتن پێ نییە بەڵکە تەنسیری وی تەنیا جۆرێک بێسباتی یە؛ ئەو بەدیهێنەری لەرانەوەگەلی لەنەکاوە؛ ئەو خەڵک هان دەدا، بەڵام نە دەکرێ بە هۆی ڕابردووەکانی شیبکەینەوە و نە بە ڕێگەی هاواڵەکانی.

لە ڕاستیدا تورگنێف هیچجۆرە شتێک لەوبارەوە نائێژێ: ئەو ڕێگەدەدا ئەم ڕووداوانە لە بەر چاوی ئێمە ڕوودەن. بە شێوەیەک کە دەڵێی ڕۆشنبیر نە تەنیا بوونەوەرێکە جودا لە دایکوباوک و زارۆکان، بەڵکە شێوەی ژیان و چۆنێتی بەرەنگاربوونەوەی لەئاستیدابەپێویست ڕەمزاوی و کینایەدارە و واقیعییەتی وی تەنیا دەتوانێ وەک زنجیرەیەک نەخشگەلی پچڕاو دەربڕدرێ. هەرچەند لەپاش ئاوشویتس(Auschwits)[۲]، هیرۆشیما، سەرەتای شەڕی سارد و سەرکەوتنی ئەمریکا، نەخشی سادقانەی ڕۆشنبیر ئاڵۆز و پێچەڵپێچتر لەو شتەبوو کە سەدساڵ بەر لە ئێستا تورگنێف بۆ بازارۆفی لەبەرچاوگرتبوو، واوێدەچێ کە شاکاری ئادۆرنۆ Minima Moralia ش هەر لەو مەنتیقە پێڕەوی کردبێ. کاکڵی سەرەکی وێناندنی ڕۆشنبیر لە زەینی ئادۆرنۆ، وەک تەرەبوویەکی ئەبەدی، بە پێشبڕکییەک کە وێڕای شارەزایی هاوسان، هەم بۆ سەر ڕۆشنبیری سەردەمی کۆن و هەم بۆ سەر ڕۆشنبیری سەردەمی نوێ لێیدەدا، شێوە نووسینێکە خاوەن شێواز کە لە ڕادەی زێدەڕەویدا دووپاتەبووەتەوە. نووسراوەی وی بەرلەهەرشت بڕگەبڕگە، نارێک و پچڕپچڕە؛ خاوەنی هیچ جۆرە گەڵاڵەیەکی سەرەکی یا ڕێکییەکی لەپێش دیاریکراو نییە کە بکرێ درێژەی پێبدرێ. ئەو شێوە نووسینە، دەربڕی ئاگایی ڕۆشنبیر وەک کەسێکە

**ڕۆشنبیر وەک گەمییەکی شکاوە کە فێردەبێ چۆن لە هێندێک حاڵەتاندا لەگەڵ خاک و نەک لە خاکدا بژی؛**

کە لە هیچ جێیەک ناتوانێ ئارام بگرێ. هەمیشە لە بەرانبەر زمانلووسێتی سەرکەوتندا بەرگری لە خۆی دەکا، کە بە لای ئادۆرنۆی خوازەری ڕێونبوویی، بە مانای هەوڵێکی ئاگایانەیە بەرەو لایەک کە بە هاسانی و بەزوویی دەرک نەکرێ و، ئەم بوارەش دەست نادا کە بەرەو پەناگەیەکی تەواو پاشەکشە بکا. چونکە، بە قەولی ئادۆرنۆ کە دواتر خستیەڕوو، ئارەزووی ڕۆشنبیر ئەوە نییە کە تەئسیر لە سەر جیهان دابنێ، بەڵکە دەیەوێ ڕۆژێک و لە شوێنێک، کەسێک هەڵکەوێ کە ئەو شتەی ئەو نووسیویەتی هەر ئەو جۆرەی بخوێنێتەوە کە نووسیویە.

یەکێک لە بڕگەکانی Minima Moralia، بڕگەی ژمارە ١٨، مانای دوورخراوەیی بە ڕوونی دەخاتەڕوو. ئادۆرنۆ دەڵێ: «ئێستا مەسکەن بە مانای شیاوی وشە نامومکینە. نیشتنگە نەریتییەکان کە ئێمەی تێدا گەورەبووین بە شێوەیەکی تابوشنەهێن گەشەیان کردووە: لەواندا هەر نیشانەیەکی شاز لە ڕاحەتی، بە هۆی زانستێکی فریودەر و، هەر شوێنێک لە پەناگا بە هۆی پەیمانێکی پواو لە هاودڵێتی خێزانی کڕدراون». تا ئێرە مەبەست ژیانی بەر لە شەڕی خەڵکێک بوو کە پێش نازیسم گەشەی کردبوو. سۆسیالیزم و تێچوونخوازیی ئەمریکاییش دڵی پێ خۆش ناکرێ. لەوێدا: «خەڵک، ئەگەر لە گەڕەکەپیسەکانیش نەبێ، لە کۆمەڵەخانوویەکی سەربەخۆ دەژین کە لەوانەیە سبەی ببێتە چارداخی کەلا، خانووی ڕاکوێزراو، ئۆتۆمبیل، ئۆردوگا، یان هەوای ئازاد». لەم ڕووەوە، ئادۆرنۆ دەبێژێ، «خانوو لە ڕابردووی ئێمەیە [یانی ئیتر خانوویەک وجودی نییە]... واوێدەچێ باشترین ڕەوشت، بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی هەمووی ئەوانە، دوورەپەرێزی و قەبوڵنەکردنی ئەمەگداری یە... ئەوە بە بەشێک لە خولقوخووی تاک تەبدیل دەبێ کە لە ماڵی خۆی هەست بە هێمنایەتی نەکا».

بەو حاڵەش، هەرکە ئادۆرنۆ دەگاتە ئاکامێکی دڵخواز، ئەوی ئاوەژوو دەکاتەوە «بەڵام تێزی ئەو دووخوازیی(پارادۆکس)ە، واتە چاوپۆشینی خۆشلێنەهاتووی شتگەلێک کە بەپێویست دژی خەڵک ڕێچکەدەبەستن، بەرەو نەمان دەبا و؛ ئانتی تێزەکەشی، هەرلەگەڵ ئاشکرابوون، بە جۆرێک ئیدەئۆلۆژی بە دەست کەسانێک تەبدیل دەبێ کە بە ویژدانێکی وێرانکەرەوە ئەو شتانەی کە هەیانە ئارەزووی پاراستنی بۆ دەخوازن. ژیانی نادروست ناتوانێ بە دروستی درێژەی هەبێ».[٣]

بە واتایەکی دیکە، تەنانەت بۆ دوورخراوەیەک کە هەوڵی دوورەپەرێزی دەدا، هیچ ڕێگەی دەربازبوونێک نایەتە خەیاڵ؛ چونکە حاڵەتی نە ئەوە و نە ئەم خۆی دەتوانێ بە قووڵی ببێتە هەڵوێستێکی ئیدەئۆلۆژیک؛ یانی هەر ئەو جێگەیەی کە تێبەڕینی زەمان نادروستییەکەی داپۆشیوە و ئینسان دەتوانێ بە هاسانی خووی پێبگرێ. بەو حاڵەش، ئادۆرنۆ باسی خۆی درێژەدەدا؛ تەقەللا و توێژینەوەی گوماناوی هەمیشە بە کەڵکە،» بەتایبەت ئەو جێییەی کە پێوەندی بە نووسراوەی ڕۆشنبیرەوە هەبێ. لە کن ئینسانێک کە ئیدی سەرزەوییەکی نەبێ، نووسین حوکمی شوێنێک بۆ ڕابواردنی ژیان پەیدا دەکا؛ لە سەر ئەوحاڵەش ــ وە ئەوە نوکتەی دوایی ئادۆرنۆیە ــ هیچ ساوەساوێک لە سەختگرتنی خۆناسی یا لێکدانەوە و شیکردنەوەی خۆ ناتوانێ وجودی هەبێ:

> ئەو نیازە ی کە تاک لە ئاست بەزەیی سەبارەت بە خۆی، پتەو و ڕاوەستاو دەکا، بەڵگەیەکی لەپاڵەوەیە بۆ پێویستبوونی تێکنیکی بەرەنگاری لەگەڵ هەرجۆرە ساوەساوێک لەمەڕ بیرکردنەوەی ڕۆشنبیری، وێڕای لانی زۆری هۆشیاری و، هەروەها بۆ لەناوبردنی هەر ئەو شتەیە کە چەشنی توێکڵێکی ڕەق خەریکی داپۆشینی بەرهەم، یا هاوڕەنگکردن لە گەڵ کۆمەڵێکی هەڵقولاو لە بێدەردی ئەون، کە لەوانەیە لە ڕابردوودا وەک دەنگۆیەک لە پێناو بەدیهێنانی فەزایەکی خۆمانە و گونجاو بۆ گەشەکردن بەکار هاتبێ، بەڵام ئێستاکێ لە پشت سەری ئێمەوە داهێزێن و کۆنن. لە کۆتاییدا، نووسەر بۆی نییە لە نووسراوەی خۆیدابژی.[٤]

ئەوە نیشانەی لۆمەکردن، دڵتەنگی و خۆبەدەستەوەنەدانە. ئادۆرنۆ، ڕۆشنبیری دوورخراوە، پڕە لە قسەی تەشەراوی سەبارەت بەو ئیدەیە کە کاری خودی تاک دەتوانێ ڕازیکەر و شێوەی جێنشینکردنی ژیان بێ؛ شێوەیەک کە لەوانە تا ڕادەیەک لە دڵەڕاوکێ و دەردی «نەبوونی سەرپەنا» لە پەراوێزدا کەمکاتەوە. ئەو شتەی کە ئادۆرنۆ بەڕاستی لەبارەیەوە هیچ نادرکێنێ، بەرژەوەندییەکانی دوورخراوەیی یە؛ ئەو ڕێکی و تەرتیباتە جۆراوجۆرانەی ژیان و ڕوانگەگەلی دیتن و لێوردبوونەوەی نائاسایی کە جاریوایە لە تاراوگەدا پێکدێ و ڕەنگە بەبێ کەمکردنەوە لە دڵەڕاوکێ یا هەستی تاڵی تەنیایی، بووژێنەری کاری ڕۆشنبیرە. کەوابوو، هەرچەند بە دروستی دەتوانرێ بگوترێ کە هەلومەرجی تاراوگە دیاریدەری ڕۆشنبیر وەک کەسێکی پەراوێزە کە لە دەرەوەی ئاسایشتەکانی بەدیهێنەری ئیمتیاز، دەسەڵات و، هەست بە ماڵی خۆکردن قەراری گرتووە، جەختی ئەو مەسەلەیەش گرینگە کە وەها هەلومەرجێک هێندێک چاکە و تەنانەت، ئیمتیازگەلێک لەگەڵ خۆی دێنێ. لەم ڕووەوە، ئەگەرچی ئێوە وەرگری خەلاتێک نین و، بە ئێوە، لە سۆنگەی یادکردنەوەی شانازیی ئەوکۆمەڵگەیانەی کە خۆناسایی دژۆکە هرووژاوەکان کە لە ڕەوتی کۆمەڵدا هەنگاو هەڵناهێننەوە، هیچ بەخێرهاتنێک ناگوترێ، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا ئاکامگەلی باش لە تاراوگە و لە پەراوێزبووندا بەدەستدێن.

هەڵبەت، یەکێک لەو ئاکامانە، هەبوونی چێژوەرگرتن لە سەرسوڕمانە. ئەو چێژە کە کەس هەرگیز شتێک بەبێ بیرکردنەوە قەبوڵ نەکا؛ چێژی چارەسەرێتی لە بارودۆخی لەرزۆک و ئاڵۆزدا کە زۆربەی خەڵک گێژ و هەراسان دەکا. ڕۆشنبیر هەمیشە لە هەوارگەی

زانست و ئازادیدا دەخولێتەوە. لەگەڵ ئەوەشدا ئەو دوو بوارە مانای ئینتیزاعی بوون نادەن، هەر ئەو جۆرەی کە بۆ وێنە لە ڕستەیەکی لە پێکەوتوودا دەگوترێ: «ئێوە دەبێ چاک بخوێنن تا بتوانن لە ژیانێکی باش بەهرەمەند بن»، بەڵکە ئەزموونگەلێکن کە بە تابوشتهێنان و چەرمەسەری بەدەستهاتوون. ڕۆشنبیر وەک گەمییەکی شکاوە کە فێردەبێ چۆن لە هێندێک حاڵەتاندا لەگەڵ خاک بژی نەک لە خاکدا؛ نە وەک ڕابینسۆن کروزۆ کە مەبەستی ئاوەدانکردنەوەی دوورگە چکۆلەکەیەتی، بەڵکە وەک مارکۆپۆلۆ کە لە سایەی هەستی سەرنجدانە سەرسوڕهێنەرەکەی قەت تێنامێنێ؛ کەسێک کە هەمیشە ڕێبێو و میوانی تێپەڕە، نەک خۆبەسەردابڕ، والاتگر، یان هەڵمەتهێن. بەو هۆیە کە تەرەبوو مەسەلەکان هەم بە پێی ئەوەیکە چی لە پشت سەرەوە بەجێهێشتووە و هەمیش بەو پێیەی کە ئێستای واقیعی و هەستپێکراوە، خاوەنی ڕۆشنبینییەکی دووقاتە کە هەرگیز بابەتەکان لە قوژبندا نابینێ. لە نێوان هەر سەحنە یا بارودۆخێک لە وڵاتی تازەدا، بەپێویست لەگەڵ هاوتاکەی لە وڵاتی کۆرین پێوەند بەرقەراردەکا. لە ڕوانگەی ڕۆشنبیریدا، مانای ئەو قسەیە ئەوەیە کە ئیدەیەک یا ئەزموونێک هەمیشە لە بەرانبەر ئیدە و ئەزموونێکی دیکەدا قەراردراوە و، لەم ڕووەوە جاریوایە هەردووکیان بە شێوەی نوێ و ناپێشبینیکراو دەخاتەڕوو: تاک لە وەها بەراوردێک بە ئیدەیەکی باشتر و ڕەنگە جیهاندەبەرگرتردا سەبارەت بە بیرکردنەوە، بۆ وێنە لە بارەی مافی مرۆڤ لە دۆخێک بۆ دۆخێکی دیکە تەیار دەبێ. ئەمن هەست دەکەم کە، لە ڕوانگەی ڕۆشنبیریی، دەمەتەقێیە قووڵ و گێرەشێوێنەکان، بە مەبەستی بریندارکردنی بنەڕەتخوازێتی ئیسلام لە ڕۆژئاوا، خراپ و نیفرەتاوی یە، لەبەر ئەوەیکە لەتەک بنەڕەتخوازێتی جوولەکە و مەسیحی هەڵیناسەنگێن. بە پێی ئەزموونی خۆم لە ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست، ئەو هەردووک ڕەوتەی دوایی، بە جۆرێکی هاوتەراز شیاوی سەرکۆنەکردنن. ئەوەیکە خۆئاسایی لە ڕوانگەیەکی دووڵاڕوان یا دوورخراوەوە بە عینوانی بابەتێکی سادەی داوەریکردن لە دژی دوژمنی قەبوڵکراو سەرنج دەدرێ، ڕۆشنبیری ڕۆژئاوایی ناچاردەکا ئاسۆی دیتنی خۆی هەراوتر بکا و بە عینوانی جیهانباوەڕهێن (یا نا) هەڵوێستێک وەرگرێ کە تەواوی لایەنەکانی دینسالارانە لەبەرچاوبگرێ و، تەنیا بەرەنگاری ئەوانە نەبێ کە بە ڕەسمی گەلاڵەکراون.

باشییەکی دیکەی ڕوانگەی دوورخراوەیی کە بۆ ڕۆشنبیر هەیە، ئەوەیە کە ئێوە پێتان خۆش نییە شتەکان هەر ئەو جۆرەی کە هەن ببینن، بەڵکە سەرنجتان دەخەنە سەر دواهاتێک کە ئەوانی بەم شێوەیە لێکردووە. مەرج و بارودۆخەکان نەک بە شێوەیەکی نادوورەپەرێز بەڵکە مەرجدار لەبەرچاودەگرن؛ ئەوان بە بەرهەمی زنجیرەیەک هەڵبژاردەگەلی مێژوویی دادەنێن کە پیاوان و ژنان خوڵقاندوویانن؛ ئەوان وەک واقیعیەتگەلی کۆمەڵایەتی و، نەک وەک ڕاستییەکانی سروشتی یا خودادا و، لەم ڕووەوە، نەگۆڕ، هەمیشەیی و نەکەڕاوە، چاولێدەکەن کە ئینسانەکان خوڵقاندوویانن. نموونەی زۆرباش بۆ ئەو جۆرە هەڵوێستە ڕۆشنبیرییە فەیلەسووفی

**بۆ ڕۆشنبیر، جێگۆڕکێی دوورخراوە یانی ڕەهابوون لە کاری باو و خۆئاسا، کارێک کە تێیدا باشکارکردن و پێڕەوی لە ڕەوشتگەلی پەسنکراوی زەمان گرینگترین قۆناغی ژیان دەژمێردرێ.**

ئیتالیایی سەدەی هەژدەیەم «جیامباتیستا ویکۆ»، دەیخاتەڕوو کە ماوەیەکی زۆر قارەمانی من بە حیساب دەهات. بەشێک لە کەشفی گەورەی ویکۆ لە تەنیاییەکەی بە عینوانی مامۆستای گومناوی شاری ناپل مایەی وەردەگرت؛ ئەو بە سەختی ژیانی خۆی بەڕێوە دەبرد و لەتەک کلیسا و مەکۆی دەوروبەریدا دژایەتی دەکرد. ئەو کەشفە بریتی یە لەوە کە باشترین ڕێگا بۆ ناسینی واقیعیەتی کۆمەڵایەتی، تێگەیشتنی ئەم چەشنی داواهاتێک کە لە کاتی دەستپێکەوە بەدیهاتووە و ئینسان هەمیشە دەتوانێ ئەوی لە هەلومەرجێکی ناسراو و باودا دەیاری بکا. ئەو نوکتەیە کە ئەو لە کتێبی پڕبایەخی خۆی، *زانستی نوێ* ئیشارەی پێدەکا، بە مانای بینینی شتگەلی بەجۆرێکە کە لە سەرەتایەکی ڕوون و دیار دەستیان بە گەشە و پەرەسەندن کردووە؛ چەشنی ئینسانێکی باڵغ کە لە کۆرپەیەکی نابالغەوە پەرەی گرتووە و پێگەیشتووە.

ویکۆ پێیوایە کە تەنیا ڕوانگە بۆ دەرکی مەسەلەگەلی دنیایی هەر ئەوەیە؛ ڕوانگەیەک کە ئەو زۆرجار و گەلێک جار پێی لە سەر داگرتووە کە، وێڕای قانوون و دواهاتگەلی خۆی، نەک تەقدیری خودایی، بەڵکە مێژوویی یە. ئەوکارە وەڕووخەری خەخت و سەرنجە، نەک ڕێز و کڕنۆش سەبارەت بە کۆمەڵگای بەشەری. ڕوانینی ئێوە لە گەورەترین دەسەڵاتەکان بە پێی نوختەی دەستپێک و شوێنێکە کە ئەوان لەوانەیە بەرەولای هەنگاو بنێن. کەسایەتییە ناسراوەکان یا دامەزراوە شکۆدار و ڕازاوەکان ئێوە ناترسێنن. خۆماڵییەکان تەنێ شکۆ و گەورەیی دەبینن (وە لەم ڕووەوە کڕنۆشی بۆ دەبەن) و، ئەغڵەب لە بەرانبەر ئەودا ناچار بە ئوسکووت و بەراییکردنێکی بێزاوی دەبن و، بەپێویست لە پەیبردن بە سەرچاوەکەی کە ئەویش مرۆڤ بێ، خافڵ دەمێننەوە. ڕۆشنبیر لە تاراوگەدا بەپێویست تانەلێدەر، دڕدۆنگ و تەنانەت وازوازی، بەڵام سەکمەزەب نییە.

لە کۆتاییدا و، هەرئەوجۆرە کە شیاوی سەلماندنی هەر دورخراوەیەکی واقیعی یە، هەرکە ماڵوحاڵی خۆتان جێهێشت، لە هەر کوێیەک ئاقارتان گرت، ئیدی ناتوانن بە هاسانی سەرلەنوێ ژیان دەستپێبکەنەوە و ببن بە هاووڵاتییەکی دیکە لە وڵاتی تازەدا. یان ئەگەر واش بکەن، هەوڵتان خۆکردە و زۆرکەم بایەخێکی ئەوتۆی هەیە. دەتوانن کاتێکی زۆر بۆ خۆخواردنەوە بەفیڕۆ بدەن کە لە دەستتان داوە؛ بە دەوروبەرانی خۆتان ئێرەیی بەرن، کەسانێک کە هەمیشە لە ماڵی خۆیان و لە لای ئەوانەن کە خۆشیان دەوێن؛ لە شوێنێک دەژین کە لێی لە دایک بوون و تێیدا گەورەبوون. نەتەنیا هەرگیز لە دەستدانی ئەو شتانەیان تاقینەکردووەتەوە کە زەمانێک هی ئەوان بووە، بەڵکە لە سەرووی هەموویانەوە، بیرەوەریی تاڵی

ژیانی ڕابردووش، کە ئیدی ناتوانن بۆی بگەڕێنەوە، ئازاریان نادا. لە لایەکی تر، بە قەولی ریلکە[5]، دەتوانن لە بارودۆخی دەوروبەردا ببنە خۆڕاهێن و تازەکارێک و، ئەوە خۆی بۆ ئێوە شێوەژیانێکی نەزاندراو پێکدێنێ و بێ لەوەش ناچاردەبن ڕوو لە کارێکی جیاواز و ئەغڵەب نائاسایی بکەن.

بۆ ڕۆشنبیر، جێگۆڕکێی تاراوگە یانی ڕەهابوون لە کاری باو و خۆئاسا، کارێک کە تێیدا باشکارکردن و پێڕەوی لە ڕەوشتگەلی پەسنکراوی زەمان گرینگترین قۆناغی ژیان دەژمێردرێ. تاراوگە یانی ئەوە کە هەمیشە لە پەراوێز دادەندرێن و، ئەوەیکە شتێک بە عینوانی ڕۆشنبیر ئەنجام بدەن، دەبێ داهێنان بێ، چونکە ناتوانن لە ڕێگەیەکدا هەنگاوبنێن کە پاوان کراوە. ئەگەر بتوانن وەهاچارەنووسێک تاقیبکەنەوە ــ نەک بە عینوانی بێبەرییەک و شتێک کە بۆی بناڵێن، بەڵکە بە عینوانی جۆرێک ئازادی، دواهاتی دۆزینەوەیەک کە تێیدا کارەکان بە پێی نموونەی خۆتان ڕادەپەڕێن، ئەوجۆرە کە داخوازە جۆراوجۆرەکان سەرنجتان بۆ لای خۆی ڕادەکێشێ و، ئەوجۆرەی کە خۆتان بۆ گەیشتنی ئامانجێکی شاز ئامادەدەکەن ــ ئەوسا گەیشتوونەتە چێژێکی بێوێنە و دەگمەن. وەها چێژێک لە هیجرەتی «سی. ئێل. ر. جیمز»، وتارنووس و مێژووزانی ترینیداد[6] دەبینن کە لە ساڵانی نێوان دوو شەڕی جیهانی، بەعینوانی کایەوانێکی کریکێت[7] هاتە ئینگلستان؛ کەسێک کە ژیاننامەی ڕۆشنبیرانەکەی لە ژێر عینوانی ***ئەوبەری سنوورێک***، شەرحێکە لە ژیانی وی لە مەیدانی کریکێت و، سەبارەت بەو کایەیەی لە دەورانی ئیستیعماردا. کاری دیکەی وی، کتێبی ***شۆڕشگێڕانی ڕەش***، مێژووی ڕاچڵەکینی بزووتنەوەی دیلەکانی هائیتی یە، لە دواییەکانی سەدەی هەژدەهەم، بە ڕێبەرایەتی توسن لوورتۆر؛ ئەو، خەتیب و ڕێکخەری ڕێکخراوەی سیاسی لە ئەمریکاش بوو و، سەرەڕای کاروباری جۆراوجۆر سەبارەت بە یەکگرتنی وڵاتانی ئەفریقا و ژمارەیەکی زۆر وتار لەبارەی فەرهەنگ و ئەدەبیاتی گەلی، نووسراوەیەکیشی دەربارەی هێرمان مەلویل، لە ژێر عینوانی ***دەریاپێوەران، وەرگەڕاوان و تەرەبووان*** کێشاوەتە ڕشتەی هۆنینەوەوە. ڕێبێوانێکی نائاسایی و ئاڵۆز و، تەواو پێچەوانەی هەرشتێک کە ئێمە ئەوڕۆ بە کارێکی شیاوی متمانەی بزانین، کەچی لە هەمان کاتدا دەبەرگری دنیایەک شادی و کەشفی ناخگەلێکی لەکۆتایی نەهاتوویە.

ڕەنگە زۆرێک لە ئێمە توانایی دووپاتکردنەوەی چارەنووسێکی ئاوارەیی وەک ئادۆرنۆ و جیمزمان نەبێ، بەڵام گرینگیی ئەوان بۆ ڕۆشنبیرێکی هاوچەرخ زۆر بەجێ و گونجاوە. تاراوگە، نموونەیەکە بۆ ڕۆشنبیرێک کە لە ڕێگەی پاداشەکانی گونجێندراو لەگەڵ دەوروبەر، هوڕیاکێشان و نیشتەجێبوون، وەسوەسەکراوە و تەنانەت گەمارۆدراو و تێڕامێن بووە. تەنانەت ئەگەر ئینسان پەنابەر یا زێدتەرک کردوویەک نەبێ، دیسان ئەو بوارە هەیە کە وەک وی بیربکاتەوە، بەپێچەوانەی کۆسپە هەبووەکان خەریکی شیکردنەوە بێ و هەمیشە لە فەرمانە لیباولیپەکان بەرەو پەراوێز هەنگاو بنێ. لەو پەراویزییەدا شتگەلێک دەبینن کە خۆئاسایی لە زەینگەلێکدا ونبوون کە هەرگیز بەرەو ئەوبەری نەریتی باو و هێمنایەتی سەفەریان نەکردووە.

دۆخی پەراوێزێتی، کە لەوانەیە بێ ئەرک و مۆرلێدراو بێتەبەرچاو، ئێوە لە بەندی هەمیشەیی ئیحتیات لە پێشبردنی کارەکان، ترس لە شێواندنی دۆخی ئێستا و، دڵەڕاوکێ لە نارەحەتکردنی هاوکاران، قوتار و ئازاد بکا. هەڵبەت هیچکەس لە پێوەندارێتی و لاوازیی هەڵقولاو لە هەستونەست ئازاد نییە. ئەوەش کە ئێستا لە سەرم دایە مەبەست ڕۆشنبیری زارگوتەنی بێخەیاڵی ئازاد نییە، کەسێک کە شیاوبوونی شارەزاییەکانی لە پێناو ئیجارە یا فرۆشی خۆی بە هەرکەسێک کە بێتەپێشێ. ئەوەی من دەیڵێم ئەوەیە کە، بە لای ڕۆشنبیرەوە، لە پەراوێزبوون و نەبەزین بە شێوەی دوورخراوەیەکی واقیعی، یانی نواندنی کاردانەوەیەکی نائاسایی سەبارەت بە ڕێبوار و ڕێپێوێک نەک فەرمانەڕوایەکی بەهێز، یانی کاردانەوەیەکی کاتیی و پڕلەخەتەر، نەک هەمیشەیی و ئاسایی، واتە کاردانەوەیەک لە بەرانبەر نوێخوازێتی و ئەزموون، نەک پاراستنی فەرماندەرانەی دۆخی ئێستا. ڕۆشنبیری تەرەبوو وەڵامدەرەوەی مەنتیقی نەریتی باو نییە، بەڵکە وەڵامدەرەوەی جەسارەتی هەستان بە کارێکی بوێرانەیە، نیشاندەری گۆڕان و هەنگاونانە، نە وەستان و داوەستان.

**ژێرنووسەکان**

١) Therites سەربازێکی ناحەز و زمانپیس بوو کە بە دەستی ئاشیل قارەمانی داستانی ئێلیاد و هومێر، لە شەڕی ترۆڤا کوژرا.

٢) لە ئۆردوگاکانی کوشتاری بەکۆمەڵی ئاڵمانەکان لە درێژایی شەڕی دووهەمی جیهانی.

3- Teodor Adorno, minima Moralia: reflections fram damaged life, trans. E.F.N Jephcott (London: New Left Books, 1951), pp. 38-39.

4- Ibid, p. 87.

٥- ڕەینێر ماریا ریلکە Rainer Maria Rilke شاعیر و نووسەری خەڵکی(نەمسە)نوتریش (١٩٢٦-١٨٧٥).

٦- ترینیداد Trinidadدوورگەیەکە بە ویسعەتی نزیکەی ١٨٦٤ مایلی چوارگۆشە لە ئوقیانووسی ئەتڵەس و لە نزیکی وێنزوئێلا هەڵکەوتووە.

٧- کریکێت Cricket کەمەیەکی نەتەوەیی و لەسەردڵانی خەڵکی ئینگلستانە کە لە دەرەوەی هۆڵ و بە هۆی گۆپاڵێکی سەرخڕ و تۆپێکی گچکەوە کایەدەکرێ.

**تێبینی:** ئەو نووسراوەیە لە کتێبی *نقش روشنفکر*، **ادوارد سعید**، ترجمە و پیشگفتار: دکتر حمید عضدانلو، انتشارات آموزش، چاپ اول ١٣٧٧ (لاپەڕەکانی ٨٣ تا ١٠٣ ی کتێبەکە وەرگیراوە و لەلایەن گزینگەوە کراوەتە کوردی.

# بەیتی مام ڕێوی

## تەنزێکی بەهێز و سەرکەوتووی ئەدەبی کوردی

ناساندن و لەسەر نووسین:

سەید عەبدوڵڵای سەمەدی ـ مەهاباد

تەنز، وەک لایەنێکی ڕەنگین و کاریگەری وێژە، بە درێژایی ژیانی، چەکی دەستی چینی چەوساوە و بێدەسەڵاتی کۆمەڵی ئادەمیزاد بووە.
ڕاستەقینەکان تاڵ و تفتن و، ڕاستەوخۆ بۆ نەخۆش قوت نادرێن. تەنز ئەو توێژە جوان و شیرینەیە کە بە سەر کەکرەی دەرماندا دەکشێ و نەخۆش بێئەوەی بە خۆ بزانێ و بپرینگێتەوە، دەستی بۆ دەبا و ڕۆیدێڵێ.
هیچکام لە بابەتەکانی ئەدەبی هێندەی تەنز گرینگ و ئەستەم نین، چونکە ئەم، تیغی دوو دەمە و لەکارهێنانی بۆ شارەزا ناشێ. هەربۆیە تەنزی سەرکەوتوو کەمە و تەنزنووسی لێهاتووش دەگمەن.
سەرەڕای ئەمانەش، هەر بە هۆی ئەستەمی و دوودەم بوونی ئەو چەکەیە کە لە کۆمەڵگا دواکەوتووەکاندا بابەتی تەنز، یا بەبێ نێو بڵاودەبێتەوە یان خاوەنەکەی لە پشت پەردەی نێوێکی خواسراوەوە خۆ دەپارێزێ.
بەداخەوە وێژەی کوردی هەرچەند تەک و تەرا وردە بابەتی لەم چەشنەی هەیە. بەڵام لە تەنزنووسێکی پڕ بەهرە و بەرهەم فراوان، یا تەنزگەلێکی سنووربەزێن و نێوبەدەرەوە بێبەشە. بەڵام هەر ئەو وردە بابەتە نەغدانە، هی وا بە پێزیان تێدایە کە مزگێنی کرانەوەی دەرگایەکمان ڕووەو ئەو ئاسۆیە دەدەنێ و وامان لێدەکەن بە داهاتوو ئومێدەوارتر بین.
یەک لەوانە «بەیتی مام ڕێوی»یە، کە لە کۆتایی چلەکانی هەتاویدا دەبێ لە دایک بووبێ. هەر لەو ساڵانەدابوو کە ئەو بەیتە لە سەر شریت، بە خوێندنەوە و ڕاوێژی لەبار و وەستایانەی کاک «**ڕەشاد شەمسەددینی**» سەری هەڵدا و لە ماوەیەکی زۆر کورتدا، جێگەیەکی تایبەتی لە نێو توێژە جۆربەجۆرەکانی کۆمەڵدا وەدەستهێنا و لە دڵی هەموو کەسدا شوێنێکی گرت. هەرکەس لە ڕوانگەی خۆیەوە لێی دەڕوانی و پەسندی دەکرد. شوێنی پێهەڵگرتنی ئەم بەیتە ڕەخنەییە، تەنیا بوارێکی هەبوو، ئەویش ڕاستەوخۆ دەچۆوە لای کاک ڕەشادی خوێنەرەوەی بەیتەکە.
لە شاری بۆکان، ڕۆژی هەینی ۲۰ی خەزەڵوەری ۱۳۷۹(۲۰۰۰)، کاک ڕەشاد، دەفتەری هەڵبەستەکانی لە پێش دانام، کە بە خەتێکی زۆر خۆش نووسیبوویەوە و زۆر بە ڕێکوپێکی کۆی کردبوونەوە. کارەکان زۆربەیان هەر هۆنراوەی تەنز و ڕەخنەی کۆمەڵایەتی بوون. تەنانەت بەیتی «کیسەڵ و قالاو» لە هەمان مایەدابوو و، خزمایەتییەکی نزیکی لەگەڵ بەیتەکەی مام ڕێوی هەبوو. بەڵام سەرەڕای هەموو ئەوانە، نەمتوانی بەیتی مام ڕێوی نە لە باری نێوەڕۆک و نە لەباری بیر و ئەندێشە و، نە لەباری وشە و وردەکاری و وێنەی شێعرییەوە، لەگەڵ ئەوانی دی هەڵسەنگێنم. ئەمە لە کاتێکدا بوو کە بەشێکی زۆری شێعرەکانی کاک ڕەشاد ئەزموون و بەرهەمی تازەتر بوون، تەنانەت «کیسەڵ و قالاو»ەکەی نۆزدە ساڵ پاشی «مام ڕێوی»یەکە بوو!
پوختەی قسەکانی کاک ڕەشاد دانەری بەیتی «مام ڕێوی»دەربارەی خۆی و بەرهەمەکانی ئەوەبوو: **«ناوم ڕەشاد و کوڕی «شەمسولڵا»بەگ»، و، لە عەشیرەتی بەگزادەکانی بۆکانم. لە ساڵی ۱۳۱۸ ی هەتاوی (=۱۹۳۹) لە گوندی (عەیشابات)ی ناوچەی ئێڵ تەیمووری موکریان لە دایک بووم. زۆربەی شێعرەکانم تەنز و ڕەخنەن لە بیر و بۆچوون یا دابونەریتە دزێوەکانی کۆمەڵ. خۆشم لە ناو خەڵکدا بە قسە خۆش و نوکتەوێژ ناسراوم و لە باری شێعریشەوە جەماوەر بە شاعیری بەیتی «مام ڕێوی»م دەناسن. ئەو بەیتەم لە ساڵی ۱۳٤٥ (۱۹٦٦) داناوە و بە ڕای خۆم بە سەرکەوتووترین کارمی دادەنێم».**
شێعر یا هەر بەرهەمێکی هونەری و وێژەیی لە کاتێکدا بە هۆی کەسێکەوە لە دایک دەبێ، کە لە هەمان کاتیشدا خاوەنی سەربەخۆییەکیشە لە ژیانیدا، یانی ڕێگەی چارەنووسی خۆی دەبڕێ و دەوری خۆی دەبینێ. خاوەن بەرهەمیش لە ئاستیدا دەبێتە تاکێکی کۆمەڵ. هەر لەم ڕوانگەیەوە لێدوان و شیکردنەوەی بەرهەم بە گرینگتر دەزانم لە خاوەن بەرهەم، کە هەڵبەت ئەوە بە مانای پشتگوێ خستنی خاوەن بەرهەم نییە، چونکوو ئەوان بە ناوی خاوەن ئەندێشە لە مێژووی ئەدەبدا جێگە و پلەی تایبەتی خۆیان دەگرن و ئەو مافە دەبێ بپارێزرێ. بەڵام دەورێکی کە بەرهەمەکە دەیبینێ و شوێنێکی کە لە سەر کۆمەڵ دایدەنێ، شتێکی جیاوازە و گرینگایەتی خۆی هەیە.
دەکرێ بڵێین ژیانی مرۆڤ، لەو ڕۆژگارانەوە کە شارستانیەت و بیری نوێ توانیان ئاڵوگۆڕی بەرچاوی تێدا بەدیبێنن و هێمی پتەوی بۆ دارێژن، بوو بە مەیدانی بەربەرەکانی گەلێک دژایەتی ئاشکرا، کە ئاکامەکەی لە شەڕ، چەوسانەوە، زیندان و ئەشکەنجە و پێشێلکردنی مافی یەکتر و هەوڵ بۆ وەدەستخستنی دەسەڵات و فلیشانەوەی کۆمەڵێکی فەرمانبەر لە ژێر پێی تاقمێکی فەرمانڕەوادا، خۆی نواند.

دەسەڵاتداران بۆ پەسند نیشاندانی ڕێبازی چەوساندنەوەکەیان، باشترین پۆلیتیکیان دۆزییەوە. ئەویش کەڵکوەرگرتن لە بیر و مەکتەبە جۆراوجۆرەکانی ڕامیاری و فەلسەفی و زانستی و ئایینی بوو، بە چەشنێکی دەمامک و هەڵخەڵەتێنەر. چونکە زۆربەی هەرە زۆری ئەو بیر و مەکتەبانە ڕاستەوخۆ بۆ دابینکردنی بەختەوەری کۆمەڵگای ئادەمیزاد پێیان نابوە مەیدانی ژیانەوە.

سازکردنی شێوەیەکی «جەعلی» لە مەکتەبێکی ڕامیاری یا ئایینی، دەیتوانی مەڕامی تاقمی چەوسێنەر بۆ گەیشتن بە ئامانج، دابین بکا. ئەمە لەلایەک و، لەلایەکی تر هەڵبژاردەکانی کۆمەڵ بە هەمان شێوە کەوتنە بەربەرەکانی و لە هەمان چەک کەڵکیان وەرگرت بۆ پووچاندنەوە و لەکارخستنی ئەو میکانیزمە. یان ئەوانیش بە سازکردنی شێوەیەکی «جەعلی» بەرەیەکی ڕووبەڕوویان کردەوە. چەکی دستی ئەم تاقمە هەڵکەوتەیە «تەنز» بوو. بۆیە جەعل بوو؛ چونکە ڕاستەوخۆ پەنجەی نەدەخستە سەر ئەو بابەتانەی کە پلانیان بۆ دارێژرابوو و بە زیرەکییەوە جەماوەریان پێ وە سەما دەخرا. چون ئەگەر ئەو کارە بە شێوەی ڕاستەوخۆ کرابا، هەر خێلی فریوخواردووی جەماوەر هەڵدەبەزینەوە و ڕادەپەڕین و ئەرکی چینی فەرمانڕەوای هاسان دەکرد و، دەنگەکەی لە منداڵداندا دەخنکاند. مێژووش شاهیدی گەلێک لەم ڕووداو و کارەساتانەیە. ئەوەبوو کە پێویستییەک بە ناوی «تەنز» هاتە ئاراوە.

تەنز ڕاستییەکانی لە جلوبەرگی گاڵتە و جەفەنگدا دەخستەڕوو و، ڕووحی گریانی لە جەستەی پێکەنیندا بەرز دەکردەوە. لە پلەی هەوەڵدا، جەماوەر، کە خۆی مەترسی ڕێگای ڕەخنەگر بوو، بابەتەکەی بە پێکەنینەوە وەردەگرت، بە بێ ئەوەی بزانێ ئاکامەکەی چییە. لە پلەی دووهەمدا چینی حاکم و دەسەڵاتداریش بە سووکی لە بابەتەکە دەگوزەرا و بە جەفەنگێکی دوور لە مەترسی دادەنا، تەنانەت ئەویش بە پێکەنینەوە وەریدەگرت، بەبێ ئەوەی هەست بە بنکۆڵکردنی شوورەی دەسەڵاتەکەی بکا.

لەم ڕێبازی شارستانیەتە و لەم مەیدانی دژایەتییەدا، کەڵکوەرگرتن لە شێوەی «جەعلی»ی ئایین و ڕێبازگە، بە درێژایی مێژوو، ویستی تاقمی دەسەڵاتداری دابین کردووە و توانیویەتی لافاوی بە خرۆشی کۆمەڵ، لە چواردیواری گۆلێکی مەند و ئارامدا ڕام بکا و لە بەرانبەر دێوجامەیەکی ڕەنگاوڕەنگدا! کۆیان بکاتەوە.

لە ئەدەبی گەلاندا، بەرهەمی بە پێز زۆرە بۆ ئەم بەربەرەکانییە. لەوانە، ئەوی لە قالبی تەنزدا بووە، سەرکەوتنی پتری وەدەستهێناوە و تەمەنیشی درێژتر بووە و لە ناو جەماوەریشدا خۆشەویست بووە. بۆ وێنە ئاماژەیەک بە ئەدەبی فارسی دەکەین: «حافزی شیرازی هەرچەند تەنزی نەنووسیوە، بەڵام بە پشتیوانی چامە بە هێزەکانی، توانیویەتی زۆر ئاماژەی بە ئاشکرا لەم بارەوە بکا و، ئەم ئیشارە و ئامازانە لە کەم غەزەلیدا هەیە کە ڕاستەوخۆ نەگوترابێ، یا لانیکەم ڕەنگی نەدابێتەوە، وەک:

ای کبک خوش خرام، کجا میروی؟ بایست!
غره مشو که گربەی زاهد نماز کرد

**سازکردنی شێوەیەکی «جەعلی» لە مەکتەبێکی ڕامیاری یا ئایینی، دەیتوانی مەڕامی تاقمی چەوسێنەر بۆ گەیشتن بە ئامانج، دابین بکا.**

**ئەم باسە لە «کەلیلە و دیمنە»دا چەند ڕاستییەک دەردەخا، لەوانە: کۆنبوونی ئەم کێشەیە، قووڵبوونی ئەم برینە، هاتنە مەیدانی تەنز بۆ بەربەرەکانی.**

لە بەرهەمە فراوانەکانی ئەدەبی فارسیدا، ئەوی لەم ڕێبازەدا نووسرابێ، هیچیان تۆزی «گربە و موش (کتک و مشک)»ەکەی «عوبەیدی زاکانی» ناشکێنن. لە بەرەوە پێویستە ئەوە بڵێم، نوێنەری تاقمی دەسەڵات لە ئەدەبی فارسیدا «پشیلە»یە. چونکە ئەم زیندەوەرە بە سیما مەعسووم و بێتاوانە؛ بە شێوە، لەبار و نەرمونۆڵ و جوانە، بە خۆشەویستیش لە بەردڵان و خۆڕێکخەر و جێگای لای ژووری ماڵە. کەچی لە هەمان کاتدا، بە خوو و خدە، دز و تاوانکار و بێسفەتە. بەرژەوەندی خۆی لە سەرووی هەموو پێوەندییەکەوەیە و متمانە بە دۆستایەتییەکەی ناکرێ. ئەوەش هەڵبژاردنێکی بەجێ و سەرکەوتووانەیە لە ئەدەبی فارسیدا. تەنانەت لە کتێبی «کەلیلە و دیمنە»دا، کە لە سەردەمی «ساسانی»یەکاندا لە زمانی «سانسکریت»ەوە کرایە «پەهلەوی»، پشیلە کراوەتە نوێنەری «زاهید» و «تۆبەکار» و، لە سەر کورسیی شەرع دادی باڵندەکان دەپرسێ! ئەویش چ پرسینێک؟

ئەم باسە لە «کەلیلە و دیمنە»دا چەند ڕاستییەک دەردەخا، لەوانە: کۆنبوونی ئەم کێشەیە، قووڵبوونی ئەم برینە، هاتنە مەیدانی تەنز بۆ بەربەرەکانی.

«زاکانی» لە بەرهەمەکەیدا لە پشیلەیەک دەدوێ کە لە میحرابی مزگەوتدا بە سەر ڕوودا کەوتووە و چاوێک و هەزار فرمێسک دەگری و دەبارێنێ. لە بارەگای خودا دەپاڕێتەوە کە ئەگەر بێتوو تۆبە و پەشیمانیی ئەمجارەی لێ وەربگیرێ و ببەخشرێ، لە مەودوا هیچ مشکێک بە عەزمی خواردن ناگرێ. هەر وەکوو مام ڕێویش لەم بەیتەدا بە وەبیرهێنانەوەی «مردن» و ترس لە «لێپرسینەوە»ی دوا ڕۆژ بڕیار دەدا و دەڵێ: «بە عەزمی خواردن هیچ مەلێ ناگرم». پشیلەکەی زاکانی ڕوو بە ئاسمان دەمیاوێنێ و سینگ لە زەوی دەخا و پەنجەی پەژیوانی لە سەر دەدا و جێگای هیچ شک و گومانێک ناهێڵێتەوە بۆ ئەو مشکە ساویلکەیەی کە لە زارکی کونەکەیرا، لە قوژبنێکی مزگەوت، شایەدی ئەم ڕووداوە سەیرەیە و لە حاند پشیلە دڵی بووەتە ئاو! وەک بەیتەکەی خۆمان کە دەڵێ:

کە لەگلەک بیستی مەوعیزەی تەواو
لە حاندی ڕێوی دڵی بوو بە ئاو

بەم جۆرە هەواڵی ئەم تۆبە و شین و زارییە دەگەیەنرێتە خێلی

مشکان و دەبێتە قریوە و شادی. تەگبیر و ڕا دێتە سەر ئەوە کە حەوت مشک لە سەرۆک هۆزان و مەزنان هەڵدەبژێرن و بە سەوقات و دیاری هێژا و نایابەوە، بە نوێنەر بچنە لای پشیلە و پیرۆزبایی «تۆبە»ی لێ بکەن و دوعای بە خێری بۆ بکەن و، بناغەی دۆستایەتییەکی نوێ دابمەزرێنن. حەوت مشکی قەڵەو کە دەگەنە بەردەم پشیلەی تۆبەکار، وەک مێژووکە دەلەرزن، بەڵام تەسبێحی سەد و یەکدانە و بەرماڵ و ورتە ورتی ژێر لێو و سام و هەیبەتی میحراب و مزگەوت، هەندێ هێوریان دەکاتەوە و هەنگاو بە هەنگاو پێشتر دەچن و دیارییەکان پێشکەش دەکەن. پشیلە کە چاو هەڵدێنێ و ئەم دیمەنە شیرینە دەبینێ، بۆ گرتنی ئەوان، پشت بە بەڵگەیەکی شەرعی دەبەستێ و دەڵێ: خوا خۆی فەرموویە «ڕسقی ئێوە لە ئاسمانە». من گەلێکم برسێتی و بێخەوی کێشا. زۆر بە ڕۆژوو بووم. ئێستا ئەوە «زیافەت»ی خوایە و پاداشتی شەونخوونی و شەونوێژیی خۆمە. بەم چەشنە لە هێرشێکی کوتوپڕدا، دوو بە پێشوو، دوو بە پاشوو، یەک بە ددان دەگرێ و، دوو مشکیش دەرباز دەبن و ڕادەکەن تا هەواڵی کارەساتەکە بگەیەننەوە لای مشکان.

کەوایە، پشیلەیەکی لاواز و برسی کە ئەگەر بەخت هاوڕێیی بکردایە، تەنیا مشکێکی چنگ دەکەوت، ئەمڕۆ لە سایەی تۆبە و تەسبێح و نوێژ پێنج پێنجی دەست دەکەوێ. ئەویش بەبێ کوێرەوەری و خۆ لە مەترسی هاویشتن.

بەیتی مام ڕێوی، هەرچەند لەگەڵ «کتک و مشک»ەکەی زاکانی یەک ئامانجیان هەیە و یەک بەرهەمیش وەدەست دێنن، بەڵام لە بابەت چوونە ناو باسەکە و شێوە داڕشتن و ڕیزکردنی ڕووداوەکاندا زۆر جیاوازن.

لێرەدا هەڵسەنگاندن و لەبەریەکڕانانی ئەم دوو کارە سەرکەوتوویە نە بە پێویست دەزانم و نە بە ڕاست؛ بەڵام دەمەوێ هیمای هەندێ خاڵی زەق و بەرچاوی هەر دوو لا بکەم و سووکە ئاوڕێکیش وە لایەنە بەهێز و لاوازەکانیان بدەمەوە.

ئەگەر لە «کتک و مشک»دا پشیلە لەگەڵ مشک ئانبازە، لە بەیتی مام ڕێوی دا، ڕێوی لەگەڵ باڵندانی جۆراوجۆر ڕووبەڕوویە و هەر یەکە زمان و بۆچوون و بەڵگەی تایبەتی خۆی پێویستە. ڕێوی لەگەڵ «کەڵەباب» بە چەشنێک و لەگەڵ «لەگلەک» و «پەپوو» و «کەو» و «کۆتر»یش هەرکام بە چەشنێک دەدوێ. سەرەڕای ئەوە قورسی و گرینگیی کارەکە بەوە دوو قات دەبێ کە ڕێوی بۆ هەر کام لەم باڵندانە، دوو دەستە بەڵگەی پتەوی دژ بە یەکی پێویستە. یەکەم بۆ فریودان و سواری کەر کردنیان، دووهەم بۆ تاوانبارکردن و خواردنیان. وردی و ژیریی بابەتەکە لێرەدا پتر خۆ دەنوێنێ کە هەر ئەو مەبەستانەی لە قۆناغی هەوەڵدا بە تاریف و پێهەڵگوتن لە سەر باڵندەکان حیساب دەکرێن، لە قۆناغی دووهەمدا بۆیان بە تاوان و خراپە دەژمێردرێ و، پێی مەحکووم دەبن! لە ڕاستیدا لووتکەی ئەم شاکارە، هەڵسەنگاندنی ئەو لایەنەیە و، خاڵی بەرچاوی ئەم لووتکەیەش، هەڵسەنگاندنی ئەم دوو لایەنەیە لە باسی «بەپووسلەمانکە»دا. ڕێوی لە مەحکەمەی خۆیدا، لێکدا لێکدا لە وشەگەلی وەک: مورتەد، کافر، فاسق، بێدین، مەلعوون...، کەڵک وەردەگرێ، تەنیا بۆ ئەوەی دادگاکە پێوەند بدا بە لایەنی شەرعی و لە بازنەی مامەڵەی تاکە کەسی و کێشەیەکی ناوخۆیانەی دووربخاتەوە و گرێی بدا بە مەیدانێکی بەر فراوانی کۆمەڵایەتی و ئایینی!

بەڵام سەرەڕای ئەم خاڵە بەهێزانە، لایەنی لاوازی کارەکە بەر لە هەموو شت لەوەدایە کە دانەر، ئاگا یا نائاگا، ئاکامی داستانەکە لەم بەرفراوانییەدا دەبەستێتەوە بە کێشەیەکی زۆر بچووکی کۆمەڵایەتی و مەبەستەکە دێنێتە سەر «گرانفرۆشی»، هەر وەک وا نیشان بدا تەنیا مەبەستی هەر ئەوە بووە و بەس، داستانەکە بەم بابەتە بچووکەوە دادەکوژێنێ.

لاوازییەکی تر لەم کارەدا، هەندێ عەیبی شێعری و لەگەڵ یەکتر نەخوێندنەوەی کێش و سەروا و ڕەدیفە، کە ژمارەیان لە سەرجەمی داستانەکەدا زۆر نییە و تەنیا لە چەند جێیەکی بەیتەکەدا بە زەقی خۆ دەنوێنن.

ئەم دوو لایەنە لاوازە، لە بەرانبەر دوولایەنی بەهێزدا ڕاوەستاون. یانی ۱) کێشەیەکی گەورە و گرینگی کۆمەڵایەتی، وەک کەڵک وەرگرتن لە کەشیدە و نوێژ و ڕۆژوو، بۆ فریوی جەماوەر، کێشەیەکی بچووکی وەک گرانفرۆشی بۆ کراوەتە ئاکام؛ ۲) تێکەڵبوونی هەندێک دێڕی عەیبدار و لە ڕوانگەی شێعرییەوە لاواز و ناتەواو، بە سەدان شێعری پتەو و قورس و قایم و، لە لانی شێعرییەوە بێخەوش و سەرکەوتوو.

ئەم دوو خاڵە دەرگای هەندێ شک و گومان بە ڕووی ڕەخنەگری بابەتەکەدا دەکەنەوە و نەویستە هەندێ نیشانەی پرسیار دەخەنە ڕوو.

بەڵام با ئەوەش بگوترێ کە عەیبی شێعری لە ئاوەها بەرهەمێکی تەنزدا، کە ڕووی دەمی لە ڕەشایی جەماوەرە و، زۆر لە فۆلکلۆر نزیک دەبێتەوە، زۆر جێی سەرنج نییە و مامەڵەی عەیبی شێعریی لە گەڵدا ناکرێ. بۆ وێنە لە شاکارەکەی «عوبەیدی زاکانی»دا، سەر لە بەری دێڕەکان بە «ئەلف»ێکی بە زۆرەوە لکاو دوایییان پێدێ، کە ئەو «ئەلف»ە لە شێعری فارسیدا ـــ کە «ئیشباع»ی ناوە ـــ بە عەیبێکی نەک بچووک، بەڵکە ناشیانە و گەورە دادەنرێ. دیارە خەوشێکی بەم زلییە، ئەویش نەک جارێک و دووان وسێ، بەڵکە پتر لە نەوەد جار، لە وێژەوانێکی وەک «عوبەید» کە لە پلەی یەکەمی وێژەوانانی فارس دایە، بەهیچ چەشنێک چاوەڕوان ناکرێ. بەڵام شاعیر بە ئاگاداری و شارەزایی تەواوەوە ئەم کارە دەکا و دەیەوێ مەبەستەکە لە کۆڕی وێژەوانان و پسپۆڕانی ئەدەبی ڕاگوێزێ بۆ ناو کۆمەڵانی بۆرە خوێندەوار و نەخوێندەوار و کرێکار و فرۆشیار و، هەروەها بۆ ناو کۆلان و بازاڕ. چونکە ئەم کارە، بەم چەشنە سەرکەوتووترە.

نووسەری ئەم پێشەکییە، دڵنیایە کە بە بڵاوکردنەوە و ناساندنی ئەم تەنزە بەنرخە، هەم بۆشاییەکی ئەم مەیدانە لە زمانەکەماندا پڕ دەبێتەوە و هەمیش ئەم کارە بە نرخە جێگای خۆی لە ئەدەبی کوردیدا وەدەست دێنێ.

مەهاباد ـــ سەرماوەزی ۱۳۷۹

## بەیتی مام ڕێوی:

«بێبەش»

ڕۆژێک ڕێوییەکی پیری فێڵەباز
نەخشەی ئایندەی بۆ خۆی دەکرد ساز
دەیگوت من دەبێ دوو ڕێگا بگرم
یا ڕاوێ بکەم، یا بۆخۆم بمرم
ئەمجار دەیفەرموو فکرم بلاوە
ئەمە تەواوی خەیاڵ پلاوە
کوا تۆ بە پیری ڕاوت بۆ دەکرێ
ئەحمەق! ڕێوی پیر [هەر]دەبێ بمرێ!
چونکێن بەرەو ژوور، یا سەر بەرەخوار
کەوتووی، ناتوانی هەڵێی وەکوو پار
جا چون ئەمڕۆکە قەوەم نەماوە
ڕۆژی حیلەیە و کەڵەک و داوە
وا چاکە ئەلعان ببم بە حاجی
پەیدا کەم بەرماڵ، تەسبێحی ناجی
دەستکەم بە زیکر و بە نوێژ لە سەر بەرد
لە سەرمی بەستم کەشێدێکی زەرد
با بڵێم حاجیم و وا دەچم بۆ حەج
تۆبەم کردووە و ناگرم ڕێگای کەج
دەڵێم بەم شوکرەی حەج بۆم بوو مەوجوود
تۆبە لە زینا و درۆ و پوولی سوود
چون حاجی و قازیم، بەڵەدم، مەلام
هەژار و فەقیر هەستن بێنە لام
چۆن بڵێم: ها! کەنم بە پەنجا تمەن
ئەمجار ڕۆڵە گیان بیفرۆشە بە من
بۆت حیساب دەکەم بە پازدە تمەن
من دۆستی بابتم، چۆن دەبمە دوژمن؟
من تۆبە، حیلەی ئاوا ناگێڕم
من عاشقی دینم، کوا عاشقی ڕێڕم؟!
ئەو تەبلیغاتە کە بکەم تەواو
بیکەمە دەسماڵ بۆ بەستنی چاو
تەواوی مەلان فریو دەخۆن بۆم
ئەمجار دەتوانم یەک یەک بیانخۆم
مام ڕێوی فکری هێنا سەر ئەوە
کەرێک پەیدا بکا بەم نیوە شەوە
هەستا لە ڕێوە کەری پەیدا کرد
کەشیدەی زەردی بۆ سەری سازکرد
لێی سواری کەر بوو بە کەشیدەوە
کەڵەبابێک دیی، واقی بردەوە

وتی: عەجایب، باوەڕ ناکرێ
دەبێ بۆ کوێ بچێ بە سواری کەرێ؟!
کە لێی خوورت بۆوە و زانی ڕێوی یە
قاتڵی ئەوە و دەعبای کێوی یە
کەڵەشێر گوتی: چاکت دەناسم
گەرچی قاتڵمی و من لێت هەراسم
لە بۆ کوێ دەچی بەم کەشم و ئەشمە
تۆ و مام ڕێوی ئەم ڕیشو پەشمە؟!
بەم کەشیدەوە، بەرماڵ و تەسبیح
بەم زیکر و ویردەی دەیفەرمووی فەسیح
لە بۆ کوێ دەچی و مەقسوودت کوێ یە
ئەم کەشیدەیەت لەبەرچی پێ یە؟
وتی: خۆ ئەتۆ قورعان دەزانی
بەلای خۆت مەلا و ساحێب ئیمانی
چۆن تۆ عالم بی و شەرع بزانی
قەتت نەچووبێ نوێژی بەیانی
نازانی ئەمن دەچم بۆحەجێ
چۆن پیاوی عالم بە سەهوو دەچێ؟
تۆ ئەهلی عیلمی بۆ حەجێک ناکەی
خێر و سەوابێ بۆ خۆت پەیدا کەی
ئاخری و عاقیبەت مەلای هیچ نەزان
بە بارەقەڵلا و تەعریفاتی جوان
بێوەی هیچ بڵێ فریوی خوارد بۆی
چوو لە پشتەوە سواربوو وەکوو خۆی
ئەمجار مام ڕێوی زاڵمی دەرەبەگ
وەندە نەڕۆیی، گەیشتە لەگلەگ
بانگی کرد لەگلەگ: ڕێبوار لە بۆ کوێ
لە بۆ چ لایەک تەشریفو دەچێ؟
ڕێوی بانگی کرد: باکەکەم! حاجین
دەڕۆین بۆ مەکە و بە حەج موحتاجین!
با کەر ماندووبێ و جێگاش بگری
چونکی ئیسلامی و ئاخری دەمری
کە بۆ ئەم ڕێیە بێی بە دڵی کەباب
مەجبوورم دەتبەم، وەکوو کەڵەباب
وتی: مام ڕێوی تۆ زیدی منی
کوا جێی باوەڕی؟ بە من دوژمنی
کە بیانوو نەگری و قەسەم بخۆی بۆم
منیش دێم بۆ حەج، ڕەفیقی ئەتۆم

وتی: هەزار جار بەم حەجەی دەیکەم
هەتا بمێنم خەیانەت ناکەم!
بابم! بە قورعان تۆبەم کردووە
شوکر بۆ و لانەی، دڵم مردووە
من بۆیەت دەبەم بۆ ئەم ڕێگایە
یا سوارم کردووە نە ئەو مەلایە
من ئەو ڕێگایەم دوو جار بڕیوە
زۆر دەردی مار و بێ ناویم دیوە
تۆ بۆ شەڕی مار سەرنێزەت پێ یە
حاجی و غازی ڕێی، بەهەشتت جێ یە
ئەمجار کەڵەباب، کە ئەو عالمە
بۆیەم هێناوە بەم دەرد و غەمە
من لە خۆفی مەرگ یەکجار دڵتەنگم
بۆیە بە دایم کز و بێدەبگم
دەڵێم مەبادا بکەم وەفاتێ
لە کاتی گیاندان مەلام نەگاتێ
با ببێ عالم لە پشت سەرینم
تاکوو ئیشاڵلا مەحفووز بێ دینم
مەبادا شەیتان زەللە بکا پێم
ئاوری جەهەننەم بکا ماڵ و جێم
بە ئەم قورعانە مەنزوورم وایە
کە خوێندی مەلا و لە سینگی دایە
جا، گەر دێی بۆ حەج فەرموو سەرەولێژ
کە ئیمانداری و ئەهلی ڕۆژوو و نوێژ
کە لەگەڵگ بیستی مەوعیزەی تەواو
لە حاندی ڕێوی دڵی بوو بە ئاو
ئیدی خۆی نەگرت، یەکجار بە گشتی
لێی سواری کەر بوو خۆی خستە پشتی
ڕێوی، لەگڵەگی کە دی لە دواوە
زەردێکی بۆ گرت، ئاوڕێکی داوە
وتی: «لە خۆڕا کردم بە ڕەفیق
تا کەوڵی دەکەم، پێوەی دەکەم دیق!»
«گۆشتی لە کوێ بوو ئەم دار و بەردە
سەمی قاتڵە و سەبەبی دەردە!»
وتی: «ڕازی بە بە بەشی خودا
چی لەگەڵ دەکەی کە ئەوەش نەدا؟»
ڕێوی ئەو سەفەر ڕووی کردە لەگڵەگ
بە پۆزێکەوە، عەینەن وەکوو بەگ:
وا چاکە بڕۆین بۆ ماڵی مەکە
خودا! لەو ڕێیە، کۆمەگمان بکە!

• • •

وەندە ئەڕۆین، لە شاخ و بەردێ
کەوێک بانگی کرد لە پەنا زەردێ

وتی: فێڵەباز! پیری زەمانە
باڵندەت نەهێشت پار ئەو دەمانە
ئەلعان بۆ شێخی؟ چت لێ بە سەرهات؟
ئەو باڵندانە بۆ هاتوونە لات؟
وا چاکە بڕۆی، لە پێشیان لاچی
من کەوی ڕاو بووم لە لای قەرەچی
تۆ چەتە و دز بووی لە پشت چادرەکان
بۆ سیرمە کۆنێک ملی خۆت دەشکان[د]!
ئەمما کەشیدە یەکجار هەرزانە
لە بۆ ئیعتیبار فێڵێکی جوانە
ئەرێ مام حاجی کەشیدە پۆشی!
لە کوێیان دەخۆی، وا کەیف خۆشی؟!

• • •

ڕێوی هاتە جواب، وتی: مامە کەو!
ئازا و بەکاری فڕین و بدەو
توخودا ئەسووحیش خراپ نەبوو زوو؟
بێ ئیمان نەبوو وەک ئەرمەنی و جوو؟
بۆچی لە پاشان کە ڕجووع بۆوە
خواش لێی قەبوڵ کرد مسوڵمان بۆوە؟!
خودا فەرموویە: هەرگا مسوڵمان
لە پێش مردنی بخوازێ ئەمان
دەیبەخشم، فەوری ڕوحمی پێدەکەم
گوناهی پێشووی بۆ حیساب ناکەم
من تۆبەم کردووە، بەلای خۆی حاجیم
شاهیدی خەتمە، تەسبێحی ناجیم
نابینی حاجیم کەشیدەی سەرم؟
پێتوایە بۆ گۆشت ئیمانم بەرم؟
کەسێک دەست بگرێ بە قوفڵی مەکە
نەعوزوبیللا کاری وا دەکا؟!
تۆ بۆیە ئەلعان لە من زەنینی
نیشی ئەوەیە بۆ خۆت بێدینی
من لە بەر بابت، کە دۆست بوو بە من
دڵسۆزی تۆشم نابم بە دوژمن
بۆیەت پێ دەڵێین وەرە لەگەڵمان
چبکەین بە ئەتۆ، ڕوون دەبێ دڵمان
خوا لێخۆشبووی باوکت ئەماوە
ئەو وەسیەتنامەی بۆمن داناوە
نووسیویە: حاجی لە پاش مردنم
لە پاش ناشتن و تەڵقین کردنم
هەرکات بۆ حەجی سێوم ڕۆیشتی
کە ساحێب دینی و ئەهلی بەهەشتی
ئەو کوڕەی منیش بۆ حەجێ بەرە
ئیجازەی بدە سوار بێ لەم کەرە

ئاوای نووسیوه له کاتی ژیانی
خودا عەتا کا بە ئەو ئیمانی
چون خوالێخۆشبووی باوکت مردووه
ئەو وەختە عەهدم لەگەڵ کردووه
کە بچمە حەجێ، ڕۆڵە تۆش بەرم
ئەگەر دەرنەچێ و بتۆیێ کەرم
لە سەر ئەم عەهدەم ئەگەر بمێنم
وەسیەتی بابت بە جێ دەهێنم
تۆش ڕەفیقم بە لە حەج کردنم
کوڕی جوانچاکی خاڵ لە گەردنم
ئەجەل لە شوێنی هەموو کەس وێڵە
کێی مۆڵەت داوە بڵێ جحێڵە؟
ناتکەم ئەسیحەت بە کینە و دەهۆ
من قاتڵم سەگە و تۆ پیرە هەڵۆ
چون عاقیبەتی هەمووی مردنە
ڕۆژی تۆبەیە و پەنا بردنە!
ئێمە ساحێبی دوژمنی وابین
دەبێ بەدین و دۆستی خودا بین
جا تۆش بۆ نایەی بچین بۆ حەجێ؟
ببیە ڕەفیقمان، تاقەتمان ئەچێ
کەو فریوی خوارد سواربوو لە خۆوە
ئەوەی دەیزانی لە بیری چۆوە
حاجی بە حیلە و کەشیدەیی زەرد
کەوی هێنا خوار لە ڕەوەز و بەرد

• • •

کە سوار بوو، وتی: ڕۆڵەی شیرینم
ڕەفیقی حەج و ڕێگای یەقینم
وەختی نوێژ هاتووە، چبکەین لە بۆ ئاو؟
بگرین لە سەری دەستنوێژی تەواو
چون ڕۆژ درەنگە لە تاوان گێژم
دڵم دەتۆقێ بفەوتێ نوێژم
گوتی: دابەزن یەکجار ماندووبووم
کە ئاو نیە نوێژم بکەم بە تەیەمووم
ئەم سەفەر حاجی لە کەر هاتە خوار
هەڵیگرت بە خاک تەیەمووم دووجار
کە نوێژەکەی خوێند، ئاوڕی داوە
کەشیدەی سەری بە با کراوە
فەوردن کەشیدەی بەستەوە لە سەر
سازبوون هەموویان لێی سواربوون لە کەر
سەریان سوڕمابوو لە نوێژی ڕێوی
کە بە تەیەمووم دایبەست لە کێوی
وتیان بە یەکتر، ئێمە نەزانین
کوا خاوەن عەقڵ و ساحێب ئیمانین؟

بۆ دەبوو ئەوڵ باوەڕ نەکەین پێی؟
لەو زاتە گەورە ئەمین نەبین لێی؟

• • •

لە سەر ئەم ئەقڵە و ئەم بەحسە جوانە
بەرەو مەدینە، کە بوون ڕەوانە
وەندە ئەڕۆیین کە سواربوون هەموو
لە بن کەلەکێک بانگی کرد پەپوو
وتی: لە بۆ کوێ لێی سوار بوون بە ناز
ئێوە و ڕەفیقی ڕێوی حیلەباز؟!
نازانن ئەوە لە بنەوە بڕە
بێدین و مەلخۆر، جوجکە زگدڕە؟
وتیان: مام پەپووی وریای بە شعوور
وا بانگمان دەکەی دەخوێنی لە دوور
چ حەددت هەیە بڵێی بەم زاتە
کە کەوتنە شوێنی مایەی ئەجاتە
ئەعوزوبیللا بڵێی بێدینە
لە ڕێگای بوغز و حەسەد و کینە
پەپوو هاتە جواب وتی براکان
قەسەم بە شێخان، بە دەستەی پاکان
ناتانبەم ناتە حەج برای هاودینم
لە نیوە شەودا مەرگتان دەبینم
ڕێوی هاتە جواب وتی مام پەپوو
خۆ بابت وەک تۆ بێ ئیمان نەبوو!
من بابتم دیوە لە لای سولەیمان
زۆر مسولمان بوو، یەکجار بە ئیمان
هێند خۆشەویست و پایەی بەرز بوو
ئیتاعەی ئەبی لە لای فەرز بوو
حەزرەتی سولەیمان لە کاتی ژیانی
ــ ئەو پێغەمبەرە گەورە و نورانی ـ
کردی بە وەزیر، بۆ تەگبیر و ڕا
لە سەر باوکتی کرد ئەم تاجە پەڕە
زۆرم پێ حەیفە ئەڵعان نی تۆیە
چۆن پیشەت خواردنی سوێندی درۆیە
لە بیرمە بابت لە خزمەت ئەبی
یادی بەخێر بێ و عەفوو بێ، ڕەببی
ڕۆیشت لە بۆ حەج، بۆ کردنی تەواف
لە بەر خودای خۆی بە دڵی پاک و ساف
زۆر حەیفە ئەتۆ عەولادی ئەوی
چۆن تۆ بە جارێک شانت کرد ئەوی!
پێم بە تەما نی، ئەتۆ بمری
وا ڕێگای فەرز و تاعەت دەگری؟!
بۆ خاتری ڕەزای خواوەندی جەلیل
حەجمان لەگەڵ بکەی ببی بە دەلیل

کەچی جەنابت مانعی حەجی
نینشاللا نەتۆ بۆ بەهەشت ناچی
پەپوو کە بیستی ئەم نەقڵ و قسە
رووی کردە ڕێوی، عەرزی کرد بەسە!
وتی: دەتەوێ وەکوو ئەمانە
ڕەگەڵ خۆتم خەی، بەم بیانوە جوانە؟!
ئەوەدەم نیوەشەو بمبەیە کونێ
لە شاخ وکێو و چڕ و بەندەنێ
بیانووم پێ بگری و بمکەیە شامت؟
ئەوە ئەمن نیم بکەومە داوت!
ڕێوی پێکەنی قاقای بۆ کێشا
وتی: زۆر سەیرە قسێکی خۆشە!
تۆ باوەر دەکەی بە هەوای نەفسم
ببەم شەڕەف و ئابڕوو و نامووسم؟!
لەو ڕێگا پاکە، رەفیقانی خۆم
ئەعازە ئەڵلا، بچم بیانخۆم؟
ئەم فکرە قۆڕە دەربکە لە سەر
وەرە بۆ حەجێ و لێی سواربە لە کەر
ئەمەش بزانە چون ئاخری دەمرم
بە عەزمی خواردن هیچ مەلێ ناگرم
بۆیەت پێ دەڵێم تۆش تەشریف بێنە
بۆ ڕەزای خودا حەج بە جێ بێنە
دەزانم ئاخری هەمووی ئەمانە
کەوایە، ڕۆژی تۆبە و ئەمانە
دەخیل و ئامان! بۆ ئەو ڕێگایە
بە فریوی شەیتان خۆت مەخە دوایە!
بە حیلەی ڕێوی، ئاخری مام پەپوو
چوو لە پشتەوە وەک ئەوان سوار بوو
کە سواربوو پەپوو، ڕێوی بە گڕژی
گوتی: مام پەپوو! تۆ بۆچی قرژی؟
دڵی سافی تۆ بۆ حەج لە جۆشە
ڕەنگبێ ئی تۆ بێ ئەو بۆنە خۆشە!
وتی: «بە خۆڕا هێنام مام پەپوو
بەو بۆنە پیسەی مێشکی سەرم چوو!»
وتی: «ڕازی بە بە تۆزە بۆنێ
ئەوە چاکترە لە سیرمە کونێ!»

• • •

وتی: حاجییەکان با بەڕێ کەوین
نەک وەخت بڕوا و فریا نەکەوین
هەمووی سوارکردن لە کەر، بەجارێ
وەختی ڕۆژپەڕ و نیزیک ئێوارێ
لە هەورازی دا و لە کەل سەرکەوت
دوو کۆتر چاویان بە ڕێوی کەوت
پێیان سەیر بوو ئەو خێڵ و بارە
وا بە درەنگەوە و لەو لا ئێوارە
کۆترەکان وتیان: ماندوو نەبنەوە
بۆ بوونە دیلی دەستی ئەو جووە؟
وتیان: حاجی یە و تۆبەی کردووە
بۆ و لانەی (دەڵێن!)، دڵی مردووە
وتیان چۆن باوەڕ دەکەن بەم گورگە
تۆبەی بە ڕاستی ئەمان و مەرگە
نازانن ئەوە چەند قەتڵی کردووە
پەروەندەی هەیە چوار جوجکەی خواردووە
نازانن ئەوە قاتڵە بۆ ئێمە
چوار جوجکەی خواردووین، پەروەندەی پێمە

• • •

ڕێوی هاتە جواب، گوتی: کۆترەکان
بەم حەجەی دەچم، قەستەم بە قورعان!
بە درۆ پیاوی پاک نابێتە دوژمن
کەشیدەی سەرم شاهیدە بۆ من
قەلە سابوونی جوجکەی ڕفاندووی
خەجالەت نابی بە من دەڵێی جووی؟!
نیفتیراو پێم کرد بەم کەشیدەوە
ئافەرین! قاتڵی جوجکەو دیتەوە!!
قستەم بە خودا لە ڕۆژی مەحشەر
شکایەت دەکەم لەلای پێغەمبەر
گەر قاتڵی جوجکەم بە گفتی ئێوە
کە بوختان ناکەن لەم شاخ و کێوە
کوا شاهید بڵێ: «بە ملم وەبالی»
کوا سەری جوجکەت یا تووک و بالی؟
ئێوە دەفەرموون پەروەندەو هەیە
ئەگەر ڕاست دەکەن ویژدانو هەیە
کوا عەکس و مۆر و ئیمزای کاغەزم؟
بە چ دەلایل قاتڵ و دزم؟
گەرچی پەروەندەو زیندووکردەوە
لە پاش هەزار سوێند بە درۆ کەوتەوە
بۆ وەی لێو نەگرێ خودا غەزەب زوو
زەلیلو نەکا بە دەستی باشوو
کە بێنە حەجێ ئازادو دەکەم
هەرکتان دەبەخشم، روحمو پێدەکەم!
فەرمایشاتت،گوتیان زۆر جوانە
حازرین بۆ حەج.. لەگەڵ ئەوانە
عەتا و بەخشینی ئەتۆ تەواوە
ترسی عەزابی خودامان ماوە!
وتی: زامنم لە ڕۆژی مەحشەر
بۆخۆم دەتانبەم بۆ لای پێغەمبەر

دەڵێم ئەم دووانە مەنسووبی منە
وجوودی ئەمن بۆ وان زامنە
ئەمجار خۆ نیدی قسەو نەماوە
فەرموون تەشریفو سوارین لە دواوە!
کۆترەکان سواربوون لە دوای مام پەپوو
بە جووت پێکەوە دەگریان هەردوو

• • •

ئەمجار مام ڕێوی بەم کۆڵ و بارە
کەوتە خەیاڵ و غەم و پەژارە
وتی: من دەبێ کارێکی وا بکەم
ئەشکەوت وکونێک بۆیان پەیدا کەم
وتی: براکان ئەوە شەو داهات
ڕۆینمان پێ ناکرێ، ناگەین بە ناوات
وەرن بۆ ئەمشۆ جێیەک دەزانم
هێللانەی خۆم بووە و جێگەی شەوانم
با بچین بخەوین، سەرم دەکا ئێش
تاکوو سبحەینێ هەڵدەستین بۆ نوێژ
وتیان: زۆر چاکە، هەموو حازرین
بۆ تۆ موتیع و عەبد و نۆکەرین
تێکڕای وە پێش دان بۆ نێو ئەشکەوت
بردنیە لای ژوور و، لە دەرگا خەوت
لە نیوە شەودا کەڵەبابەسوور
بە عادەتی خۆی، خوێندی «قووڕە قووڕ»
ڕێویش کە لە خودای دەویست ئە ئەوە
بیانوێک هەڵکەوێ بەم نیوە شەوە
هاتە جواب وتی: مەلای بێسەواد!
گووم بە قەڵەم و شاقەلی کەوات!
بۆ بێدەنگ نابی قاتڵی گەند و گوو
بەم قووڕە قووڕە مێشکی سەرم چوو
نازانی شەڕە بانگی نیوەشەو
دووهەزار هەتیو هەڵدەستێ لە خەو؟!
شەرع نەزانی بێ ئاقڵی نەفام
ویژدان مەحکوومت دەکا بە ئیعدام
کە دای پەلامار و گرتی گەردنی
بوو بە قابیس و پەیکی مەردنی
حاجی بێ ئیمان، بەم شکڵ و وێنە
بە عومری مەلای دوایی پێ هێنا
لە پاش ئیعدام و هەرا و چەقەچەق
لەگەڵەگیش دەستی کرد بە تەقەتەق
کە حاجی زانی ئیعتیباری چوو
ڕۆژ مەعلووم بکا، هەڵدەفڕن هەموو
تووڕە بوو وتی: درێژی زەڵام
بۆ چۆکت دەگێم، پێتوا کەر وگام؟
نازانی شەرعەن ئەم تەقەتەقە
چەند لە بۆ ئیسلام مەکرووە و ڕەقە؟
مەخسووسەن خەڵک لە ئەم هاوینە
لە بەر چەتە و دز یەکجار زەنینە
ناترسی لە دێ هەڵبستێ هاوار
بێن دەسگیرمان کەن لە ئەشکەوت و غار؟
چون تۆ دەتەوێ بمدەی بە گرتن
بمدەی بە دوژمن بۆ ئیعدام کردن
خاین، بێشەڕەف، بێعەقڵی نەزان
ئەلعان مەحکوومی بە مەرگ و نەمان
فەوری پێیداهات، لە هەڵۆ گشتر
کەولی کرد لەگلەگ کردی بە وشتر

• • •

لە پاش خواردنی لەگلەگی برا
کەویش قاسپ و هۆڕکردی بە هەرا
کە ڕێوی بیستی قاسپەقاسپی کەو
بۆ بیانوو گرتن ڕاپەڕی لە خەو
وتی: ئەی زۆڵی قرتی بێشەرم!
بۆ بووکم بۆ دێ کردووتە بەزم؟
تۆ تەوهینت کرد بە ماڵی مەکە
ناکا بێیە حەج، خودا عەفووت کا!
حیزباب! قاسپ و هۆڕ لەم کونە بەردە
پێتوا بەندەن و ڕەوەز و زەردە؟!
ئەوە مەعلووم بوو بێ ئابڕووی لۆتی
هەزار حەجیش بکەی هەروەکوو خۆتی
چون هەرزە و سووکی، بە سەری بابم
مەحکوومی ئەلعان ببیە کەبابم!
کە تاوی دایە، سینگی کەوی گرت
بە دەم ڕێوییەوە گیانی دەرچوو مرد
لە پاش خواردنی خەوی خاکسار
پەپووسلەمانکەش خوێندی دووسێ جار
هەر وەندە بیستی بووبووبووی پەپوو
لەویش تووڕە بوو، لێی ڕاستەوەبوو
تووڕەبوو وتی: من بە هەق و مز
بۆیەم هەڵگرتی، باوک چەتە و دز
کە تۆیە بکەی لە شوێن و دابت
نەک بچیەوە سەر ڕەوشتی بابت
بابە سەگەکەت لە پێش تۆیینی
گووی سەگ بە گۆڕ و مەزهەب و دینی
لە بارەگایی ڕەسوولی خودا
یەعنی «سولەیمان» رووحم بێ فیدا
نەترسا لە مەرگ، ئەم تاجەی دزی
کە ئاخری تۆیی و لە گڵدا ڕزی

ئەلعان ئەو تاجە تۆ ناوتە لە سەر
بە قانوونی من، شەرعی پێغەمبەر
چون ئەلعان لە تۆ ئاشکرا بووە
باوکت دزیویە و ئەویش مردووە
بە جێگای باوکت ئیعدامت دەکەم
بەم مەکەی دەچم روحمت پێناکەم
کە تاوی دایە و هەڵمەتی بۆ برد
جەرگ و  ڕێخۆڵەی بە گوڕێ وەرکرد

• • •

ئەمجار مام ڕێوی بە کەیفی تەواو
بە خۆی گوت حاجی! ئاوا دەبێ ڕاو
ئەمجار کۆترەکان بە هەوای جاران
بە گمە و ناڵە فرمێسکیان باران[ د]
ڕێوی ڕووی کردە دوو کۆتری فەقیر
وتی: پێموابوو پێکراون بە تیر
بۆ بابو مردووە، بۆی دەگێڕن شین؟!
مەلعوونی مورتەد فاسقی بێدین
بۆ ناڵێن بە من چیو لێقەوماوە
کامەتان بابتان مردووە و نەماوە؟
وتیان: عەرزت کەین دەردمان تەواوی
دوو قەڵمان دۆستە، لەگەڵ مراوی
کە ئیجازە دەی بەوە بڵێم برۆ
من بارمتە بم لە خزمەت ئەتۆ
ئەلعان هەرسێکیان دێنێتە حوزوور
لە سایەی لوتفت کارمان دەبێ جوور
حاجی پێکەنی کەشیدەی دانا
وتی زۆر باشە! فێڵێکی جوانە!
ئیجازەی دەدەم پێی بڵێ برۆ
هەرسێکیان بێنێ بۆ لای ئێوەڕۆ
نێرە بە دزیەوە وتی بە مێوە
هەستە بگەڕێ لەم شاخ و کێوە
دەبێ تاجی و تولە بە ڕێوی فێرە
بە هەر نەوعێ بێ بهێنیە ئێرە
کە مێیە فڕی، دەرچوو لە تەڵە
بە ڕاوچییەکی دیی، دوو تاجی و توڵە
وتی: من دەبێ مەکری دەرێنم
تاجی و توڵە هەرسێک بکەونە شوێنم
دەستی کرد بە لاق و بە باڵ هەڵاتن
هەرسێکیان بە غار بە دوویدا هاتن
بەم جۆرە بردی سێ توڵە و تاجی
تا دەرگای ئەشکەوت، بانگی کرد:حاجی
وەرە رەفیقم هەرسێک لە گەڵە
نازانم بۆ بوون بە تاجی و توڵە؟!
وتی: براگیان! مەیانهێنە پێش
گلاومان دەکەن، دەمانبەن لە نوێژ!
وتی: ئەوەتا، واتدەکەن عەرز
بۆیەت پێ دەڵێم و لێم بۆتە فەرز
دەڵێن بێتەدەر، یا دێینە ژووری
یا توڵە دەنێرین، دەبێ ببووری
وتی: ئاکری دوور کەون کەمێ
ڕازی بن بەوەی نوشتەیان دەمێ!
کۆتر عەرزی کرد: کە ئەڵێی وەرن
یەکسەر دێنەژوور، هەرسێکیان کەرن!
کە زانی ڕێوی چارەی ناچارە
کەشیدەی نیدی بێ نیعتیبارە
دەسبەردار نابن دەکەونە شوێنی
بۆ وەی ئەیکوژن و ئەیرێژن خوێنی
بەرەو خوار هەڵات، وەندەی پێ نەچوو
گێڕایانەوە و ڕێوی دەرنەچوو
ڕێوی بە خۆی گوت: پیسم لێقەوما
ڕێگای خەلاسی و ئەجاتم نەما
زۆرم حیلە کرد بگەم بە مراد
لە ڕێگای حیلە ئاوام بەسەر هات!
کە تاجی لێی دا و توڵە گەییە سەر
جەرگ و ڕیخۆڵەی ڕێوییان هێنا دەر
فریا نەکەوت بڵێ: ئەشهەدوو
بە بێ ئیمانی وەفاتی فەرمووو!

• • •

تەواوی حاجیان ئەورۆکە ئاوا
حەجیان بۆ فێڵ و کەڵەک و داوە
تای قەند بە قەرز بە سێسەد تمەن
زۆر سەیرە حاجی ئیمانیش ببەن!
چۆن قەند بە دەتمەن؟ کاری وا بێجێ!
قەستەم بە خودا نەچوویە حەجێ
بڵێی وەک ڕێوی، عاقیبەت خودا
بە حیلەی حاجیان دوایی پێ نەدا؟
کەوایە «بێبەش» با هەڵیشکەوێ
قەت لە بۆ کەڵەک، کەشیدەت نەوێ.

تەواو

## کلاڤیای بەربەیان

زمکان عەزیز

دە پەنجەی باریک.. دە کیژۆڵەی بالاخۆر
ڕووت و ڕەنگاوڕەنگ لە ناو ئەم ئێوارە سەرمابردووە
لە سەر جەستەی تەزیوی کلاڤیایەک سەمادەکەن
دە ئەسپە شێی سەروگوێلاک تەڕی بەر نمەی بارانە
لە بەری ئەم خۆرنشینە.. سمکۆڵیانە و دەحیلێنن
ئەوە یەک و.. دوو هەر خۆم لەم دەوروبەرە
نازانم چەند دەروێشی تر، بۆ خەڵوەت دێن
چریەی پێت و.. شمشاڵەکەی دەمی گورگەبای پایزە
ئەم ئێوارەیە دەژەنێ!!
دێی.. سەدان چاو و گوێی
لە سەر پانتایی نۆتەکان دەڕژێی..
لێم گەڕێ ئەسپە شێتەکان بانگم دەکەن
تەپ و تۆزی زرم و کوتی ژێر پێی ئەوان
سەمفۆنیای پرسەی ئەم شەوە!
کە دێیت.. کاروانی قەرەج دەگات، دەتبەن و نایەیتەوە
لە دوات کۆڵەکەی کەپری چۆڵ دەشکێ و سێبەرێکیش نییە
بۆ شەونمی لێوی خرپن!

* * *

دەچاوی ڕەشی، بالاسپی ئەشمیلە
بە نوکی پێ.. لە سەر بەستەڵەکی دڵم گەمەدەکەن
دە سەرگۆی نوکتیژی شەرابی.. پەراسووەکانم دەڕنێ
لە سەر یاڵی شەکەتی ئەسپەکانی شەو

• • •

دە سۆلۆی پیری سەر شەقام خەڵوەتی چۆڵ، دەکەنەوە!
ئەگەر هاتی لە سەر نوکی پەنجەت وەرە،
پێ لە سەر جەستەی چەند ساڵی ڕزیوی بابردوو، دەنێی
لە دەرگا بە، خۆری قژنارنجی لەو دیوە.. ئێوارەش ناڕواتەوە
بەر لە شەو لە ڕووی ئاوابوونەوە وەرە
بە تەوقی سەرتەوە سەرە خرە هەناریبیەکەی خۆرە!!
لەم جێیەی هەموو جێ پێ یە! دەترسم لە ئاوابوونت
بێ من کەس ناتوانێ تاقانەتکا.. کەی دێی
کەس نەما، خۆریش ڕۆشتەوە
بوم و لێک.. لەشی کیژۆڵەڕووتەکان دەلێسێتەوە
بەیانی لەگەڵ کزەبای.. هەتیوی تۆم و جلەوەکانی دەستم
لە پێ چاڵی ئەسپەکانەوە.. سەرما دەمانباتەوە.

ئەڵمانیا ١٩٩٩

## چەند کورتە شیعر:

سەمیر دەسکۆ (سیان)

### گریان

هەنیسکە هەنیسکی کلارنێتم بیست
ڕۆڕۆی کەمان،
لار و لەنجەی پینۆ
خەفەتی شمشاڵم بیست
کە گوێیان لە گریانی من بوو
هەمووی بوون بە گوێبیست

### حەی ئامانە

حەی ئامان
شەوێ لە هاتنی گەرمە خەیاڵ و تایفە ئەستێرە شەرمەکان
ئاوازی هەناسەیەکی ناسکم لێوە نەهات
شەوێ لە هاتنی مۆمی ئۆقرە و شالاوی ملوانکی نێرگزان
زامی شەوەزەنگێکی غەزەبم لێوە نەهات
حەی ئامانە
یەخەی ووشکە پەرێکم
بالای پاڵەوانی کەسەر
دەمخاتە نێو کەلاوە و دەلاقەی گریان
حەی ئامانە
قەراغی سنووری پێشێلکەران
لە نەخشە تۆمارکەن
شادمان زولفیان لە پەرە پەرییەکان نەڕازێ
حەی ئامانە
لە چ ویستێکا داڵ دڵۆپە فرمێسکی
بۆ سارێژ ڕەوان دەکات
لە چی دەچێ زریان بانگە و
گورگیش بە دوایدا دەگەڕێ
حەی ئامانە، حەی ئامانە.

### هەموو ڕەنگەکان بێزارن

چەند ڕەنگت بۆ بێنم بۆ خۆشەویستی
زەرد و سوور یا هەموو ڕەنگەکانت بە سوجدە بۆ بێنم
یا تابلۆ نەخشینەکانت وەک تاخی سیوان بۆ بێنم
هەر هەموو بە گومانن
ڕەنگی قژی دایکم، سەوزەی گەلا و زەردەی خۆر
تەنانەت بێڕەنگیی هەوا و تاوبارانێ
نایانەوێ سێبەری تۆیان لێبئاڵێ.

• • •

# محەمەدی نانەوازادە.. تێکۆشەرێکی لەبیرکراو

نووسینەوە و ئامادەکردنی: جووتیار

محەمەدی نانەوازادە کوڕی میرزا عەبدوڵڵا و لە بنەماڵەی نانەوای شاری مەهابادە. پلەکانی خوێندنی لە مەهاباد لە نێوان ساڵانی ١٩٢٠ تا ١٩٣١ تەواو کردووە. چەند ساڵێک فەرمانبەری ئیدارەی فەرهەنگی مەهاباد بووە. ساڵی ١٩٣٧ چووە بۆ سەربازی و پاش دوو ساڵ ئازاد کراوە. ئینجا لە ئیدارەی ماڵییەی مەهاباد بووە بە فەرمانبەر. لە ساڵی ١٩٤٢ دەوە وازی لە کاروباری میری هێناوە و بە کاری بازرگانییەوە خەریک بووە.

محەمەدی نانەوازادە یەکێک بووە لە ئەندامە چالاکەکانی «حیزبی ئازادیخوازی کوردستان» (حوزەیرانی ١٩٣٨ - ١٦ئابی ١٩٤٢). کاتێکیش لە سەر بنەماکانی ئەم حیزبە لە ١٦ی ئابی ١٩٤٢دا کۆمەڵەی(ژ.ک) دامەزرێنراوە، ئەو یەکێک لە ئەندامانی دەستەی دامەزرێنەر بووە. پاشتریش لە نێو ڕیزەکانی کۆمەڵەدا چالاکانە تێکۆشاوە. لە کاتی دامەزراندنی کۆماری دیموکراتی کوردستان، لە ڕیزی سوپای کوردستاندا کراوەتە ئەفسەر و پلەی کۆلۆنێل(عەقید)ی دراوەتێ و کراوە بە فەرماندەی هێزی ناوەندی و یاریدەدەری سیاسیی وەزیری بەرگری.

لە مانگی نیسانی ١٩٤٦دا هێزێکی دەوڵەتی ئێران لە سەردەشت و بانە دەکەوێتە ئابلۆقەی هێزی پێشمەرگەی کوردستانەوە و خواردن و کەلوپەلیان ناگاتێ. دەوڵەتی ئێران بۆ ئەوەی خواردن و چەک و کەلوپەلی دیکە بگەیەنێتە سەربازە ئابلۆقەدراوەکانی، لەگەڵ حکوومەتی کوردستان و هێزی پێشمەرگەدا دەکەوێتە گفتوگۆ. سەرەنجام حکوومەتی کوردستان بڕیاردەدات ڕێگای ناردنی خواردن لەو سەربازانە نەگرێت و کارئاسانیی گەیاندنی خواردنەکە بکات. ڕۆژی دووشەممە ١٥ی تەمووزی ١٩٤٦ بۆ ئەنجامدانی ئەو ئەرکە، محەمەدی نانەوازادە و «حامیدی مازوجی» سەرۆکی دژبانی ناوەندی مەهاباد و چەند ئەفسەرێکی تری کۆمار، لە سەقز کۆدەبنەوە و نەخشەی کارەکە دەکێشن. پاشان نانەوازادە چەند جارێک لەگەڵ تیمسار هومایونی و سەرهەنگ ئایروم وتووێژ دەکات. ئنجا بە فڕۆکەی دەوڵەتی ئێران دەچێتە سەردەشت. بەیانی ڕۆژی سێشەممە ١٦ی تەمووز دەچێتە بانە و لەوێ لەگەڵ حامیدی مازوجی بە یەکدەگەنەوە و وتوێژ دەکەنەوە. دوایی نانەوازادە بە فڕۆکە بەرەو سەقز دەکەوێتەڕێ. پاش کەمێک فڕۆکەکە لە نزیک شاخی کەلیخان، لای گوندی (سونج)[1] کە دەکەوێتە لای بانەوە، گڕی تێبەردەبێت و دەکەوێتەخوارەوە. فڕۆکەوانەکە، کە بە سەروان «کەیهان» ناسرابوو، بە پەرەشووت [چەتر] خۆی هەڵدەداتەخوار و خۆی ڕزگاردەکات. بەڵام محەمەدی نانەوازادە هیچ جۆرە ئامادەییەکی بۆ ئەو حاڵەتە نابێت و لە فڕۆکەکەدا دەسووتێت. (بە پێی هەندێک بەڵگە دەتوانین بڵێین ئەم ڕووداوە پێشتر لە لایەن ئەفسەرە ئێرانییەکانەوە نەخشەی بۆ کێشراوە!).[2] دوایی چەند سەرباز و ئەفسەرێکی حکوومەتی ئێران دەچنە شوێنی ڕووداوەکە و تەرمی پارچەپارچە و سووتاوی نانەوازادە دەکەنە کیسەیەک و دەیبەن لە گوندی سەرای نزیک سەقز دەیدەنە دەست سەدری قازی و جەعفەری کەریمی و چەند ئەفسەرێکی تری کۆمار.

کاتژمێر ٧ی پاش نیوەڕۆی ڕۆژی چوارشەممە ٧ی تەمووزی ١٩٤٦ تەرمەکەی دەگاتەوە شاری مەهاباد و نزیکەی دەهەزار کەس لە هاووڵاتی و کاربەدەستانی کۆماری کوردستان لە مەراسمێکی پڕ شکۆدا لە گۆڕستانی مەلاجامی بە خاکی دەسپێرن.

مامۆستا محەمەدی شاپەسەندی سەبارەت بە محەمەدی نانەوازادە لە نامەیەکدا بۆی نووسیبووم: «نانەوازادە، گەنجێکی جوان، باڵابەرز، دەم بە پێکەنین، زیرەک و چالاک، خۆشەویستی خەڵک بوو، بۆیە لە ڕۆژی شەهیدبوونیدا سابڵاخ و هەرێمەکە هەمووی پەردەیەکی تەم و ڕەش و خەفەتی بە سەر داکشا. باشم لەبیرە کە وردو درشتی دانیشتووانی مەهاباد و قازی محەمەدی نەمر و ئەندامان و کاربەدەستانی حکوومەتی کوردستان، هەتاکوو دەرەوەی شار بە پیر تەرمەکەیەوە چوون.. بەڕاستی ڕۆژێکی تاڵ بوو».

مامۆستا قانعی شاعیر بە بۆنەی ئەو کارەساتەوە ئەم شیعرەی نووسیوە، وا لە خوارەوە دەقەکەی بڵاودەکەینەوە[3]:

**شینی قانع بۆ قارەمانی کۆچکردوو نانەوازادە:**

کـــــوردە وا دیـــــــــان شین و زاریمە
زایەڵەی چەمــــــــر بێ قــــــــەراریمە
قـــارەمـــانی کـــورد زادەی کـــوردســـتـــان
نانەوازادە شــێــری نیـــشـــتـــمــان
بۆ ئازدیی کـــورد، بە مـــیـــهـــرەبانی
گـــیـــانی شـــیـــرینی کـــرد بە قـــوربانی
هەر ئەو شـــەربەتە شـــێخ ســـەعـــید نۆشی
دوکـــتـــۆر فـــوئادی خـــســـتـــە ســـەر خـــۆشی
کـــە شـــێخ قـــادری نارده ناو مـــێـــژوو
ســـمـــکۆی کـــرد بە کـــان وەفـــا و ئابڕوو
ئەمـــیش ئەو پـــیـــاڵ، ئەو مـــەزە، ئەو مـــەی
ئەو بەزم، ئەو بەساط، ئەو شادی و هەی هەی
هـەروا ئـەو شـــــەربـەت ئـالی گـــــوڵناری
کـــرد بەنۆش گـــیـــانی، بۆ فـــیـــداکـــاری
بە ســـــووک نەڕۆیشت لاوچاکی پەســـــەند
پەترۆی زامـــــانی «خـــۆشـــەوی» هەڵکەند

له هەردوو چاوی کورد و کوردستان
فرمێسک ئەبارێ تا ئاخر زەمان
با وەجوود ئەمە پێی ناڵێن مردن
لە ڕێی ئازادی گیانبازی کردن
خوێنی شەهیدان بۆیە ناوەسێ
تەرەی ئازدی هۆزی ئەنووسێ
وەتەن مژدەبێ قوربانیت زۆرە
قارەمانانت ئەیکەن بە نۆرە
سەدهەزاران لاو فیدای ناوەکەت
هاژەی نەسیمی سەر کڵاوەکەت
مەترسە تازە شکا زنجیرت
پێشەوای مەزن کەوتە تەگبیرت
تازە بەسەرچوو دەورەی ئیستیعمار
مژدەبێ کەوا هاتینە سەر کار
بێمەوە سەرباس جوانەمەرگەکەم
زووخاوی دەروون کزەی جەرگەکەم
کاتێ تەشریفی برد بۆ لای یاران
بۆ سەربەستی هۆز خۆی کرد بە قوربان
وەتەن بۆ بەروار ساڵی نەمانی
ئەوی لە قەڵەم زۆر بە ئاسانی
بە پیتی ئەبجەد هاتە گفتوگۆ
(ئازیزا لاوچاک شێر شێران ڕۆ)
١٣٢٥

• • •

پەترۆ: قرقاغە

**پەراوێزەکان**

١) کورتەی ژیاننامەی محەمەدی نانەوازادە کە «سەید محەمەدی حەمیدی» نووسیویەتی، لە ڕۆژنامەی کوردستان ژمارە ٦٩، یەکشەمە ٣٠ پووشپەڕی ١٣٢٥ ـ ١٩٤٦/٧/٢١ دا بڵاوکراوەتەوە. ژیاننامەکەمان بە زانیاریی زیاترەوە سەرلەنوێ دارشتووەتەوە.

٢) سەید محەمەدی سەمەدی لە کتێبی: نگاهی به تاریخ مهاباد، انتشارات رهرو مهاباد، ١٣٧٣، (لاپەڕەی ١٨٤-١٨٦)، لە زمانی شاهیدێکەوە، ڕووداوی کەوتنە خوارەوەی ئەو فرۆکەیە و چۆنێتی شەهیدبوونی نانەوازادەی گێڕاوەتەوە و دەریخستووە کە پێشتر لە لایەن دەوڵەتی ئێرانەوە نەخشەی بۆ کێشراوە (ئەم باسە شایانی لێکۆڵینەوەی زیاترە، کەچی تا ئێستا وەکوو پێویست لێی نەکۆڵراوەتەوە). بۆ زانیاریی زیاتر دەربارەی محەمەدی نانەوازادە و چۆنێتی شەهیدبوونی بڕوانە:
چل ساڵ خەبات لە پێناوی ئازادی، د. قاسملوو. بەرگی یەکەم، چاپی دووەم، ١٩٨٨. ل ١٠١؛ کاروانێک لە شەهیدەکانی کوردستانی ئێران، کەریمی حیسامی، لە بڵاوکراوەکانی بنکەی پێشەوا، ١٩٧١، ل ١٧.

٣) ڕۆژنامەی کوردستان ژمارە ٦٩، شیعرەکەمان وەکوو خۆی نووسیوەتەوە، تەنها ڕێنووسەکەی کەمێک دەستکاری کراوە.

## نامەیەکی مامۆستا «هێمن»

برا بەڕێزەکانم،

نووسەرانی گەورەی ڕۆژنامەی خۆشەویستی کوردستان!

لە پاش سڵاوی گەرم و سپاسی زۆر، چەند ڕۆژ لەوەی پێش چوومە شاری مەهاباد لە ئاواڵێکی کۆن و لەمێژ و دۆستێکی نیزیک و بە ئەمەگم بیست، کە ئێوە لە نەگەیشتنی دیاری و نامەی من پەشێو و دڵگیر بوون. بەڕاستی زۆرتان سپاس دەکەم و هەتا دەژیم، مەمنوونتانم، چونکوو لەو کوردستانە دووروودرێژەدا، بەڵکە لەو دونیا پان و بەرینەدا هەر ئێوەن کە جار و بار یادم دەکەن و فەرامۆشتان نەکردووم.

لەوەی کە ساڵی ئەوساڵ هیچ دیارییێکم بۆ ئێوە نەناردووە، بەڕاستی شەرمەزارم، بەڵام بیرنەکەنەوە کە ئەمن لە خزمەتکردنی زمان و ئەدەبیاتەکەم دڵسارد بوومەوە هەتا ڕەگی تەڕم مابێ، هەرچی لە دەستم بێ کۆتایی ناکەم ئەمما داخەکەم سەرچاوەی تەبعم ویشک بووە، تەسدیق دەفەرموون: شاعیر ئینسانێکی عادی نییە؛ نازانم شێت و نەزانە، یا ژیر و، وریایە. هەرچی هەیە وەک خەڵکی دی ناچێ. هەست و بیری دەگەڵ مەردم جیاوازە؛ وە ئەگەر وەک خەڵک بیر بکاتەوە، ناتوانێ شوێنەواری بە کەڵک لە پاش خۆی بەجێ بهێڵێ. ئەمن جاران شاعیر بووم و هیچم وەک خەڵک نەدەچوو.

دینی دیمەنێکی جوانی تەبیعی، لەنجە و لاری کیژێک، سەیری هەڵپەڕین و ڕەش بەڵەک، تەماشای گوڵ و شینکە، تیشکەی مانگ، گزینگی هەتاو، گوێ لێبوونی ئاهەنگی مۆسیقا، قاسپەی کەو، وڕینگەی بولبول بۆمن ئیلهام بەخش بوون. وە هەروەها فرمێسکی ژنی زگ سووتاو، کوڕووزەی هەتیوی بێ باب، فیزی دەوڵەمەند، ناڵەی هەژار هەستی منیان دەهێنا جۆشەوە. بە کورتی بە هەموو شتی جوان و دزێوی ئەو جیهانە موتەئەسیر دەبووم، وە ئەو تەئەسورە بوو هانی دەدام هەستی خۆم دەربڕم و شێعر بڵێم. بەڵام بەداخەوە ئێستا پێی لێدەنێم کە بوومەتە پیاوێکی عادی و شاعیر نیم. نە دەتوانم پێبکەنم، نە دەتوانم فرمێسک هەڵوەرێنم. بۆچی وام لێهاتووە، نازانم؟ پیریی، دەستەنگی، لێ قەومان و تاڵیی ژیان، ناهومێدی بوونە هۆی ئەوە یا شتێکی تر، بۆم لێک نادرێتەوە.

خۆشەویستانم! ئینساف بدەن، کەسێکی مەجبوور بێ، لە گوندێکی چووکی ٢٠ ماڵییدا، کە تاقە خوێندەوارێکی تێدا نەبێ، بژی و هیچ دڵخۆشییێکی نەبێ، نەتەنیا هیچی تازە فێر نابێ، بەڵکە ئەوی دەشیزانێ، فەرامۆشی دەکا.

ئەوە حاڵی منی هەژارە، بەو حاڵەشەوە، هیوادارم لە دوارۆژدا بتوانم زیاتر خزمەت بە زمان و ئەدەبیاتی کوردی بکەم. ئەوە دەگەڵ ئەو نامە چەند پارچە هەڵبەستی کۆن و تازەی خۆمم بۆ ناردن.*

* ڕۆژنامەی کوردستان(چاپی تاران)، ژمارە ١٧٢، ساڵی چوارەم، ١٣٤١(١٩٦٢).

کورته چیرۆک:

# خێسه

نووسینی : مەرزە

حاجی ژن پێش و پاش هەر پێنج فەرزەی نوێژی خودای، دەبوایە سەر بە دەر یان بە مالی ئێمە داگرێ، هەوالێک بێنێ و هەوالێک بەرێ، دەنا دلی ئۆقرەی نەدەگرت. هەلبەت دایکیشم لەوی بێقەرارتر بوو، هەر کە دەیزانی حاجی ژن ئەمرۆ لە رۆژان کەمتر وەدەرکەوتووە، هەراسی بە ئێمە هەلدەگرت ئەوەندەی بلێ:

ـ رۆلە بچن خەبەرێکی ئەو ژنەم بۆ بێنن.

ـ ئاخر دایە خەبەری چی؟ لە کەنگێوە ئەتدیوە!

ـ رۆلە دروست نییە، ئۆمەتی مەحەمەدی بە تەنیا بێ! مردن لە بن گوێیانە.

هەرچەند ئەگەر حاجی ژن رۆژێک کەمتر هاتبا بۆ رۆژی دوایە تۆلەی دەکردەوە، یان زۆرتر دەهات و یان زۆرتر دادەنیشت و بە قەولی خۆی "ئەگەر نایەم هەر دەلێی شتێکم لێ وەنبووە". حاجی و حاجی ژن ماوەی چل سال زیاتر بوو پێکەوە دەژیان، هەرچەند هاوسەر و هاوژین بوون، بەلام لە هاودەمی و هاوکاریدا گەلێک لەیەک دوور بوون. حاجی پیاوەکی چوارشانەی ئەستوورەی هورگن بوو کە زۆربەی وەختی خۆی بۆ سەردانی ملکوماش و مەرومالات و شۆانکارەکانی تەرخان دەکرد، دەمێک لە کاسپی کردن نەدەوەستا، بە چەند رۆژ دەرۆیشت و نەدەهاتەوە مالێ. حاجی ژن کوتەنی:

ـ بۆخۆشی نازانێ بۆ کێی کۆدەکاتەوە؟ هەر بۆ برازا مل پانەکانیەتی.

حاجی ژن، یەکێکی کورتە بالای سەر و کەپۆ پان بوو. هەر بۆیە حاجی چ ئەودەم کە نازی حاجی ژنی دەکیشا و چ ئەودەم ئازاری دەدا، پێیدەکوت:

ـ حەک لە کەللە سەری ئەو کەپۆێت.. دەلێی قەیسی یە لەبن قوونی باخەوانی پان بۆتەوە.

دلخۆشی و خۆخافلانی حاجی ژن لە مالێدا بوونی سەرهەنگ و گۆی راگرتن بە رادیۆ کرمانشان بوو.

مالەکەیان خانۆبەرەیەکی گەورەی دوو نهۆم بوو، بێجگە لە ئەمبار و ژێرخان، دوو وەتاغی گەورەی هەبوو کە یەکیان دیوی میوانان بوو و بە سال دەرکەی نەدەکراوە. دیوەکەی دیکەش دیوی دانیشتن و خواردن و نوستنی حاجی وحاجیژن بوو. دوو پەنجەرەی گەورەی دوودەری روو بە کووچەی تێدابوو. لە لای پەنجەرەی سەرەوە، دەستە نوێنێک هەلپەساردرابوو و لە جاجمێکی تەخت سووری تازە وجوان پڕ لە نەخش و نیگار و گولینگەدار پێچرابۆوە و دوو سەرینی گەورەی بەرگ ئەتلەسی سەربەرگ مەلمەلشای گۆلدۆزیکراوی لەسەر بوو. دۆشەگەلەیەکی خوری ئەرمونۆل لە بەر دەستەنوێنەکە راخرابوو کە ئەمە جێگەی تایبەتی حاجی بوو. لە بەر دەستی حاجی مێزێکی کورتی چکۆلە داندرابوو، قورئانێک وچەند قووتو دەرمان و شەربەتی کۆخەی لە سەر بوو. لە لای خوارەوەش و لە بەر پەنجەرەکەی دیکە سەماوەرەکی نیگەلە[نیکۆلا]ی قەدیم کە هەر دەدرەوشاوە داندرابوو، چادانێکی چینیی لە سەر و کەشەفێکی زەردیشی لە بەرەوە بوو. حەوجۆشی مس و قەرتالەی پڕ لە ئیستیکان و ژێرپیالە و چارێز و قەندانی چینی لە پەنا ریزکرابوو. حاجی ژن، ئیستیکان و قۆشبابەکانی وەها دادەپۆشی هەروەک ئەوەی قۆلنجیان کردبێ. هەروەخت چای تێدەکرد زۆڕ بە ئەسپایی دەستی بۆ دەبردن، بەلام دیار ئەبوو لە ترسی شکانێ چۆنی دەشووشتن. حاجی ژن هەروەک حاجی جێگەی تایبەتی خۆی هەبوو، دۆشەگەلەیەکی ئەرمونۆلی لە بن بوو و پالەوپشتێکیش لە پشتی. لە ژێر دۆشەگەلەی حاجی چەند دەسرۆکە و لەبن دۆشەگەلەی حاجی ژنیش شوولکێک دانرابوو. رادێوکەش لە پەنای دەستی حاجی ژن بوو.

هەروەها لە خوارەوە لەبن دەرکەی سەوەتێکی دانابوو و کۆنە پەتوویەکی سەربازی تێدا راخستبوو، ئەویش جێگەی سەرهەنگ بوو. سەرهەنگ پشیلەیەکی تووکنی رەش و سپی، کلک ئەستووری چاوکەسکی ئەجیب بوو، کە دایک و ئەنکیشی هەر لەو جێگە ئەرمونۆل و گەرمەدا ژیانیان بەسەر بردبوو و، زۆر جەمان پلە گۆشتی سووریان تێدا خواردبوو و زۆر کەم شوولکیان وێکەوت بوو.

شێوەی رازاندنەوەی وەتاغەکە قەت نەدەگۆڕدرا، حاجی ژن جێگەی سەماوەرەکەی زۆر بە کەیف بوو، بەتایبەت کە چادانەکەی لەسەر دەبوو. شەوانە کە حاجی خەونووچکە دەیبردەوە، حاجی ژن دەنگی رادێوکەی کز دەکرد و گوێی لە رادێو کرمانشان رادەگرت. هەرئەوەندەی رادیۆ گۆرانی و یان ئاهەنگێکی گشتی بلاودەکردەوە، حاجی ژن شایی لە دلی دا دەگەڕا، بەلام داخی گرانی نەیدەتوانی هەلپەڕێ یان دەنگی رادێوکەی بەرزتر بکا، لەتاوان بە دەستێکی رادیۆکەی بە گوێوە دەگرت و بەدزی دەستەکەی دیکەشی لە پەنا کەپۆیەوە رادەگرت و سەبرسەبر دەستیدەکرد بە چەقەنەلێدان و بەزمی خۆی خۆشتر دەکرد، هەر وەخت حاجی بە چەقەنەلێدانی حاجی ژنی زانیبا لێی توورەدەبوو و دەیکووت:

ـ هەی کۆنە لۆتی، بۆ نایە مەیدانێ...

حاجی ژن خۆی شلوێ نەدەکرد بەلکو هەولی دەدا حاجی رام بکا تا لەگەلی هاوبەزم بێ و پێی دەکوت:

ـ حاجی، جار جارە شتی وا بۆ دەماخ باشە، لە دلی مردوو عەقل و ئیمان باردەکا.

سالێ جارێک حاجی ژن دوو ئەرکی تایبەتی دەکەوتە سەرشانی، یەک ئەوەیکە ماسی بدا بە پشیلەکەی تا تووشی سەر ئێشە نەبێ، دووهەم کەسێک پەیدا بکا تا بێچووەکانی "سەرهەنگ"ی بداتێ و یان خۆی لە تەلیسیان بنێ و بەشانی دادا و بیانباتە دەرەوەی شار و بەرەلایان بکا. ئەوێ سالێ وەک هەموو سالێک، سەرهەنگ ئاووس بوو و پێنج بێچووی دانا، لە پێنجان هەر دووی بۆمایەوە، کچێک وکوڕێک، دیمەن و یەمەن. حاجی ژن هەرچەند هەولیدا ئەکەسی وەگیرکەوت تا یەکێک لە پشیلەکانی لێوەرگرێ و نە خۆێ دەرفەتێکی وای بۆ رەخسا کە بیانبا و بەرەلایان بکا. هەر ئەوەندەی دیمەن و یەمەن چاویان پشکووت و لە بێچوویی هاتنەدەر و خڕەکە بوون، حاجی ژن هەستی کرد هەلەیەکی گەورەی کردووە و ئەدەبووایە ئەو دوو بێچوویانە یانی کچ و کوڕێکی جحێل پێکەوە راگرێ و دەیکوت:

ـ هەرچەند من و سەرهەنگ خوومان پێگرتون، بەلام چارم ناچارە، هەر

چۆنێک بێ، دەبێ ئەم دووانە لێک جیا کەمەوە! بە خۆم نییە پێم قەبوڵ ناکرێ.

هەربوویە حاجی ژن رۆژێکی بەیانی زوو بە دزی حاجی خۆی سازکرد و "دیمەن"ی لە تەلیسی نا و بەشانی دادا و بردی بۆ دەرەوەی شار و لەوێ بەرەڵای کرد وگەڕاوە ماڵ و کوتی:

ـ زۆریش ماندوو بووم، بەڵام چابوو شکور ئەو ئاڵۆزییەشم لە کۆڵ بۆوە.

لای ئێوارە بوو کە حاجی ژن دیسان پەیدابۆوە وکوتی:

ـ چم لێدەکەن؟ دیمەن ئەوە لە ماڵێ بۆی دانیشتووە، چی لەگەڵ بکەم!

دایکم بەحاجی ژنی کوت:

ـ خۆشکێ، تۆ یانی چەند ساڵ و ئەیامە پشیلەی رادەگری ئەوەندەی نازانی پشیلە خوو بە ماڵ و دەرکەو بان دەگرێ، دوامینی ئەوەش ئێستێ کە گەڕاوەتەوە، خێرت ناگاتێ دەریکەیەوە و لە دایک و برای هەڵیبڕی.

حاجی ژن ملی هەرنەدا و دوایین بڕیاری خۆیدا و کوتی:

ـ بێ فایدەیە، بەیانی حاجی دەڕوا و سەری شوانکاران دەدا و تا دوو رۆژان نایەتەوە، منیش بە دوای چوونی ئەودا، خۆم کۆدەکەمەوە و لە تەلیسی دەنێم، پێنج قرانی زیادیش بە کابرای شۆفیردەدەم، بە سواری مینیبووس بۆ میاندواوێی دەبەم و لەوێ بەرەڵای دەکەم.

حاجی ژن بە پێنج شەش تمەنان لەدەست دیمەن و مەترسی گوناحبار بوون نەجاتی هات. بۆ ساڵی داهاتوو، سەرهەنگ کە ئەوەندەی تر قەڵەو و تەمبەڵ ببوو، بە زۆری ئەبایە لە جێگەی خۆی نەدەبزوت و لە ئاکامدا دیسان دوو بێچووی هەڵێنا. لەو دووانە تاقە یەکێکی بۆ ماوە ئەویش نێر بوو. حاجی ژن ناوی دانا خێسە. خێسە بێچووە پشیلەیەکی زەردی باریکەڵەی مڵخواری وشیار بوو. رۆژێک بگر و هەڵلا لە کۆڵان پەیدا بوو، خەبەر هات کە سەرهەنگ لە کووچەی وەبەر تاکسی کەوتووە و مردووە. حاجی ژن و کابرای شۆفیری تاکسی و ژن و منداڵێکی زۆر لە سەر کەلاکی سەرهەنگ راوەستابوون. حاجی ژن لە گەڵ کابرای شۆفیر بەشەڕ دەهات کە چۆن سەرهەنگی نەدیوە و وەبەری داوە و ئێستێش داوای خوێنی لێ دەکرد. کابراش بە توڕەیی دەیکووت:

ـ دایکەکەم ئەوە تەتۆ دەڵێی چی؟ داوای خوێنی چم لێ دەکەی؟ سەرهەنگ و ئەرتەشی چت لێدانامەتەوە، لەوەی زیاتر بەدبەختمان مەکە، هەر ئێستێ بچم تاکسییەکەمت بۆ پڕکەم لە پشیلە بۆت بێنم و بۆت لێرە هەڵڕێژم!

ـ ئەوە پشیلەی خۆماڵی بوو، نە پشیلەی بەرەڵا... پارووی زاری خۆم لە گەڵ بەشکردووە.

ـ ئەمن بابم وەبەر سێ تەگەرەی کەوت دەوڵەت هەر جوابیشی نەداینەوە، کوتیان: " بۆ خۆی ئاگای لە خۆی نەبووە، رانەندە بڵێ چی! ئێستێش پشیلەی تۆ هاتۆتە سەر رێی من! ئەگەر پشیلەکەت خۆماڵێ بووە دەبوایە تەعلیمت دابایە بە قەراخ دیواردا رۆیشتبایە نەک بە نێوەڕاستی کووچەدا! ئەمن خەتام چییە؟

خەڵکەکە تکایان لە حاجی ژن کرد لە گەڵ کابرای شۆفیر پێک بێ، گەردنی ئازا کا و کەلاکی "سەرهەنگ"ی بداتێ تا لە دەرەوەی شاری فرێی دا، با کابراش بچێ وەدوای کار و کاسپی خۆی کەوێ. حاجی ژن کوتی:

ـ جا ئەوە هاتوو ئەمنیش لە گەڵت پێک هاتم، جوابی ئەو خودایەی چ دەدەیەوە؟

ـ ئەگەر تۆ لە گەڵم پێک بێی، غەمی جوابی خودای مەخۆ، ئەو لە سەر خۆم!

حاجی ژن بە گریان رۆیشت و تەلیسەکەی هێنا و کەلاکی "سەرهەنگ"ی تێهاویشت وکوتی:

ـ ئەوە لە رێی مەولوودی پێغەمبەری گەردنت ئازاد دەکەم، بەڵام دەبێ بیبەی لە دەرەوەی شار...

ـ شەرتە تەلقینیشی بدەم!

بە دوای بەرێ کردنی کەلاکی سەرهەنگ جەماوەر بڵاوەیان کرد و تا چەند رۆژان حاجی ژن پەرۆشی "سەرهەنگ"ی بوو. یەمەن و خێسە بێ دایک مابوونەوە. هێستێ حاجی ژن خەمی "سەرهەنگ"ی هەر لە دڵ دابوو کە بەیانەیەکی زوو بە شەمزاوی هات و کوتی:

ـ دڵم خۆشبوو و دەمکوت لە دەست دیمەن نەجاتیم هات، ئەمزانی تووشی بەدبەختییەکی دیکە دەبم.

ـ تووشی بەدبەختی نابی ئینشاڵا، چ قەوماوە؟

ـ بەڵێ، چ نەقەوماوە؟ حاشایەکی حازری، ئەو پشیلە ملخوارە فێعلی خراپی هەیە!

ـ ئەستەغفیرەڵا! خودایە تۆبە! چۆن شتی ئاوا دەبێ! جا ئەوە لەگەڵ کێ؟

ـ لەگەڵ یەمەنی برای.

ـ بۆ خۆت بە چاوی خۆت دیتت؟

ـ وەڵا، دیتنەکە دیتنێکی وەها نەبوو، ئەما چاکی تێگەیشتم! هەرچی هەیە و نییە لە بن سەری خێسەی دایە.

ـ جا چت لێکردن؟

ـ بەشوولکان زۆرم لە لاق ولەتەریان راکێشا، یەکیانم لە مدبەقێ و ئەوی دیکەشیانم لە خەڵوەتیدا زیندانی کردووە، تا فکرێکیان بۆ دەکەمەوە.

ـ ئاخر زەمانە، خودایە لە ئەولادی مەی بە دوور کەی.

ـ بیانکوژم گوناحە، بیانهێڵمەوە گوناحی دوو گوناحە! دەڵێن هەموو جارێ عەرز و ئاسمان وێک دەکەوێ...

ـ ئەو کابرایە هەموو کوێرەورییەکی ئەو ماڵەی لە سەر شانی من داناوە، ئاگام لە منداڵانی کووچەی بێ تۆپ لە دەرکە و دیوار رانەکێشن، پووڵی لە کرێگرتان بستێنم، دەردی ئەوانەش سەرباقی هەموو دەردێک.. رووم نییە پرسێکیشی پێبکەم. دەترسم بێتوو هەر ئاوایان زیندانی کەم بە جووتە لێم بێنە دەر و چاوم بکۆڵن.

ـ پشیلە زوڵمێ قەبوڵ ناکا!

ـ واباشترە هەر ئێستێ خێسەی لەساکی نێم، ساک باشترە لە تەلیسی، تاریکە، چاوی بە هیچ کوێ ناکەوێ و رێگای گەڕانەوە فێر نابێ، دەیبەمە پشت مەجبوورئاوایە و لەو دوورەپەرێزە بە جێیدێڵم و دێمەوە.

بۆ ئێوارێ حاجی ژن ماندوو، برسی و توونی پەیدا بۆوە، هەر دووک چاوی سوور ببونەوە. سۆراغی "یەمەن"ی گرت وکوتی:

ـ «تاقە نوێژێکم نەکردووە، هیچ کوێ نەماوە لیێ نەگەڕێم، دەڵێی بە نان و ئاودا خوراوە، ماڵی لێ چۆڵ و هۆڵ کردووم...».

# شاهۆ و دارگوێزەکانی

حەمە فەریق حەسەن

شاهۆ بە تەنگ باخە گوێزەکەیەوە بوو. لە کاتی خۆیدا دارگوێزەکانی ئاو دەدا. فەریکە گوێزەکانیش ڕۆژ بە ڕۆژ گەشەیان دەکرد.

ڕۆژێکیان شاهۆ بە خۆشحاڵییەوە لە دارگوێزێکی مەزن ورد دەبۆوە کە بە هەزاران گوێزی گرتبوو. لە ناکاو گوێی بە گلەیی زرنگایەوە. دەنگەکە لە لقێکی بەرزەوە دەهات و دەیگوت:

«شاهۆی باخەوان هۆو، ئەوە بۆچی سەرنجی ئێمە نادەی؟!»

شاهۆ وتی: «ئاگام لێتانە، بێچاوێنی بن.. ئەمساڵ لە سایەی ئێوەوە دەستکەوتێکی باشم دەبێ!»

گوێزێکیان وتی: «ئێمە سێلەقانەکەی زوور سەرتین. ئێمە جیاوازین!». دووەمیان وتی: «نابینی هەر یەکەمان دوو هەندەی گوێزێکی ئاسایی دەبین؟!».

سێیەمیان وتی: «نابێ ئێمە لە گەڵ گوێزەکانی دی حیساب بکرێین. ئێمە شای گوێزانین. هەروەکوو ناشبێ ئێمە بە نرخی ئەوان هەرزان فرۆش بکرێین!».

شاهۆ وتی: «چاوم لێتانە. ئێوە بە قەبارە گەورەترن. بریا هەموو ئەوانی دی وەک ئێوە گەورە بوونایە. بریا هەموو دارگوێزەکان سێلەقان و چوارلەقانیان بگرتایە!».

یەکەم وتی: «ئێمە تامیشمان خۆشترە!».

• • •

فەریکە گوێزەکانی دی، خۆ هەڵکێشانی ئەو سێ گوێزەیان لەبەر دڵ گران بوو. فەریکە گوێزێک نەختێ بە توورەییەوە وتی: «هەمووومان بەرهەمی یەک دایکەدارگوێزین و جیاوازیمان نییە!».

شاهۆی خاوەن باخ، هەر جارێک سەردانی باخەکەی بکردایە، گوێی لە شانازی و خۆهەڵکێشانی ئەو سێ گوێزە دەبوو. جارێکیان یەکێکیان وتی: «ئێمە وەک ئەوان گوێزە قراڵە نین. ئێمە شایانی خوانی مەزنە پیاوانین!».

فەریکە گوێزەکان کاردۆژە بوون.. پایز هات و توێکڵەکانیان وەری. هەندێ خۆیان دەکەوتنە سەرزەوی. هەندێ شەنیەر بە شەنەکەیان دەیانتەکاند. شاهۆ سێ گوێزەکەی دەناسییەوە. لە پەنایەکدا بە جیا دایانابوون.

• • •

شاهۆ بۆ بەرچایی ئارەزووی گوێزی کرد. سێ گوێزەکەی هێنایەسەر خوان. یەکێ بۆ خۆی، یەکێ بۆ خێزانەکەی، سێیەمیشی دا بە کیژەکەی. کاتێ گوێزەکانیان شکاند، چی ببینن باشە؟

گوێزی یەکەم پووچ بوو.

گوێزی دووەم پووچ بوو.

گوێزی سێیەمیش هەر پووچ بوو.

هەرسێکیان لە دیوی ناوەوە، ڕەش ڕەش وەک ڕەژوو وابوون.. لە سەر خوانەکە ژمارەیەکی زۆر گوێزی دی هەبوون. ئەوانیش لە سەر گوێز شکاندن بەردەوام بوون. بەڵام ئەم گوێزانە هیچ کامیان پووچ نەبوون..

شاهۆ وتی: «ئەوانەی خۆیان لە هاوتوخمەکانیان بە باڵاتر و گەورەتر دەزانن، هەمیشە ئاوا پووچن!».

٢٠٠١/٧/٨

**سێلەقان**: بەرەلەقان، سێ گوێز پێکەوە لە شێوەی هێشوودا. دوولەقان و چوارلەقانیش هەن.

**قراڵە**: قراڵی، بەو گوێزە دەڵێن کە هەر بەفرێکی سیس دەبێ و دەوەرێ.

**کاردۆژە**: دوای فەریک بوون دێ. ئەو گوێزەیە کە بە چەقۆ دەردێ و بۆ خواردن دەشێ.

**شەن**: دارێکی درێژە، سەرێکی کەمێ ئەستوور و ئەوسەری باریکە، بە زۆریی لە لقی چنار دروست دەکرێ و گوێزی پێدەتەکێنرێ.

**شەنیەر**: ئەو کەسەیە کە شەنی پێ یە و گوێز دەتەکێنێ.. ئەم زاراوانەش هەورامین.

**بێچاوێنی بن**: لە چاوی پیس بە دوور بن.

خوان: سفرە.

# «دەستنووسێکی ناکوردی!»
# و ڕاستکردنەوەی دوو هەڵە

ئەنوەری سوڵتانی

زۆرێک لە کتێبخانەناودارەکانی وڵاتانی ڕۆژئاوا بەشی ڕۆژهەڵاتی یا ئیسلامییان هەیە و لەو بەشە تایبەتەدا دەستنووسی چینی، ژاپۆنی، هیندی، ئێرانی، عەرەبی و تورکی... ڕادەگرن.

جگە لە کتێبخانەی بەرلین کە نزیکەی ١٠٠ دەستنووسی کوردی تێدا تۆمار کراوە و کتێبخانەی بریتانیا کە چوار «دەستنووسی کوردی» هەیە، لە هیچ کتێبخانەیەکی دیکەدا شوێنی تایبەت بۆ دستنووسی کوردی تەرخان نەکراوە و تاک و تەرای دەستنووسی کوردی لەگەڵ دەستنووسە فارسییەکان ڕاگیراون ـ واتە لێرەش ئێرانی لە کۆڵی کورد نەبوونەتەوە!

هەرکام لەو کتێبخانانە، کاتالۆگی خۆیان هەیە و خوێنەر بێ ئەوەی پێویست بە سەردانی شوێنەکە بکات دەتوانێ لە ڕێگەی کاتالۆگەکەیانەوە بزانێ چ دەستنووسێکیان هەیە و تەنانەت لە پوختەی ناوەرۆکی دەستنووسەکانیش ئاگادار بێت. جگە لەو کاتالۆگانە، کاتالۆگێکی گشتیش هەیە کە دەکرێ بڵێین کاتالۆگی هەموو کاتالۆگەکانە و کورتەی بابەتی هەموویانی تێدا چاپکراوە. ناوی ئەو کاتالۆگەش بەم شێوەیە: «توێژینەوەی جیهانی لە دەستنووسە ئیسلامییەکان».[1]

سەرەتای ساڵی ٢٠٠١ بوو، کە من لە ڕێگەی هەر ئەم کاتالۆگەوە بە هەواڵی دەستنووسێکی کوردیم زانی کە لە کتێبخانەی «چێستەر بیتی» شاری دوبلین پێتەختی ئیرلەندی خواروو پارێزراوە.[2] تایبەتمەندیی دەستنووسەکە بە گوێرەی هەمان سەرچاوە، بریتی یە لە وانەی خوارەوە: ژمارە Ms. K413، تحفة القادریە، نووسینی «ابوالمعالی مسلمی»، ژیننامەی عەبدولقادری گەیلانی [بە شیعر]، سەدەی ١٨، ٣٦٢ پەڕە [واتە ٧٢٤ لاپەڕە].[3]

لە ماوەی هاوینی ڕابوردوودا چووم بۆ دوبلین بۆ ئەوەی زیارەتی دەستنووسەکە بکەم و بزانم چییە. بەداخەوە لەو ڕۆژانەی وا من لەوێ بووم کتێبخانەکە داخرابوو، منیش نەمکردبوو پێشتر بە تەلەفۆن باس و خواسەکەیان لێ بپرسم. لە گەڕانەوەدا بە نامە ئاگادارم کردنەوە و خوازیاری نوسخەیەکی فۆتۆکۆپی دەستنووسەکە بووم، کە لە مانگی ١١دا گەیشتە دەستم.

لە یەکەم ڕوانین بە پەڕەکانی دەستنووسی گۆڕیندا تێگەیشتم کە کوردی نییە و شکی زۆرم بۆ زمانی پەشتوویی چوو. هۆی بۆچوونەکەشم ئەوەبوو هەندێ لە پیتەکانی لە زمانی عەرەبی، کوردی یا فارسیدا نەبوون و، لە لایەکی تریشەوە دەستنووسێکی گەلێک زۆری پەشتوویی لە کتێبخانەکانی ئەورووپی ڕاگیراون کە ژمارەیان سەدان قات زیاترە لە کوردی و، بەم پێیە دەکرێ گومانێکی ئەوتۆی لێ بکرێت.

لە قۆناغی دواتردا فۆتۆکۆپی چەند لاپەڕەیەکم نارد بۆ شەریکەیەکی کاروباری تەرجەمە لە لەندەن و داوام لێکردن لە ڕێگەی وەرگێڕە پەشتووەکانیانەوە بزانن ئایا دەقەکە بە زمانی پەشتوویی نووسراون یان نا؟ وەڵام درایەوە بەڵێ پەشتوویی یە! ئاو بێنە و دەستان بشۆ! بەم پێیە تاقە دەستنووسی کوردی «کتێبخانەی چێستربیتی» شاری دوبلین لە کوردبوون شۆرایەوە و بوو بە پەشتوویی!

بە نامەیەک ئاگاداری کتێبخانەکەم کردەوە و داوام لێکردن کاتالۆگەکەیان ڕاست بکەنەوە. دیارە ئەوان پێش ئەوەی هەنگاوێک لەم بوارەدا هەڵێننەوە، ڕاوبۆچوونی پسپۆڕانی خۆیان وەردەگرن، بەڵام ئەوەی هەر لە ئێستاوە ڕوونە ئەنجامی لێکۆڵینەوەکانە: دەستنووسەکە هەرچی هەیە، کوردی نییە.

لەم دەرفەتە کەڵک وەردەگرم بۆ ئەوەی هەڵەیەکی پێشووی خۆم لەمەڕ سەردەمی ژیانی شێخ عەبدولقادری گەیلانی ڕاست بکەمەوە. لە کتێبی «٢١ دەستنووسی کوردی(و فارسی سەبارەت بە کورد) لە کتێبخانەی بەریتانیا» لاپەڕەی ١٨٦دا، لەمەڕ، دیوانی شیعری فارسی «غوث اعظم» نووسیومە: "شیعری فارسی «حەزرەتی غەوس» شوێنی زۆری شاعیرانی «متصوف»ی ئێران بەتایبەت مەولەوی ڕۆمی لە سەرە و لە زۆر شوێندا «استقبال»ی حافظ و سەعدی کراوە". ئەوەش هەڵەیەکی زەقە کە یەکەم جار لەلایەن نەمر مامۆستا «جەمیلی ڕۆژبەیانی»یەوە[4] پێم ڕاگەیێنرا. غەوسی گەیلانی پێش سەردەمی ئەوان ژیاوە و قسەکانی من جگە لە کرچی و نەزانی هیچی تر نەبوون. منەتباری مامۆستای نەمرم بۆ ئەو گوێکێشانە و، هیوادارم هەڵەی وا زەق ئیتر بە قەڵەممدا نەیەت، با خوێنەری کتێبەکەش ئەو هەڵەیە ڕاست بکاتەوە.[5]

1. *World survey of Islamic manuscript*, Generel Editor: Geoffrey Poper, Al-Furkan Islamic Heritage Fundation, London 1992/93.
2. The Chester Beatty Library and Gallery of Oriental Art, Dublin 4, Ireland, Tel: 00353-1-692386.
3. Ms K413, Tuhfet At Qadiryeh, by Abûl-Ma´ali Muslimi *A biography of Abd al-Qadir Gilani,* 18 Century, 362 folios.

٤) مامۆستا جەمیلی ڕۆژبەیانی ساڵی ڕابردوو(٢٠٠١) لە شاری بەغدا تیرۆرکرا. بڕوانە: گزینگ ژمارە ٣١، ل ٤٧.

٥) ئەنوەری سوڵتانی، «٢١ دەستنووسی کوردی(و فارسی سەبارەت بە کورد) لە کتێبخانەکانی بەریتانیا»، کتێبی ئەرزان، ١٩٩٧، سوێد.

# دەنگێک لە کوردستانەوە

خالد القشطینی

وەرگێڕانەوە: نەورۆز

لە ڕووداوەکانی مێژووی زۆر لە میللەتان و لە قۆناغی دروستبوونیانەوە ئەوەیە کە گەنجێتی و پێگەیشتنیان لە ڕووی گڕ و کڵپەوە لەیەک دەچێ. بە هەمان شێوەش سەبارەت بە عەرەب لە سەرەتای ئیسلامەوە هەر وابووە. وە لە ڕەوتی پووکانەوەیدا، لە سەروەختی بێدەسەڵاتی و شکستیشدا هەر بە هەمان شێوەیە. خەڵکی کورد ئێستا لە قۆناغی لە دایکبووندایە، ئەویش لە دایکبوونی نەتەوەیەکی کوردستانی. هەرکاتێک دەچم بۆ سەیرکردنی ئاهەنگێکی کوردی، گڕ و کڵپەی کوردایەتی و، بڕوا بەخۆبوون و هیوا بە دوارۆژیان تێدا بەدیدەکەم.

هەر بە هەمان هەستەوە چووم بۆ ئاهەنگێکی مۆسیقا و گۆرانیی کوردی بە ناوی (گەڕانەوەی ئاگری زیندوو)، کە ئەم ناونیشانە وەکوو شارەزایانی زمانەوانی دەڵێن لە جێی خۆیدا بووە. ئەم ئاهەنگە لە حەوتووی ڕابردوودا لە لایەن گرووپی «زەهاوی»ەلەپێناو هونەری کوردییەوە و بە بەشداری کۆمەڵێک مۆسیقاژەنی تیپی مۆسیقای «کامکار»ەکان، لە هۆڵی شازادە ئەلیزابێت لە شاری لەندەن سازکرابوو. شایانی سەرنجە کە ئەم تیپە هونەرییە لە نەتەوەیەکی یەکگرتوو هەڵقوڵاوە، چونکە مۆسیقاژەنەکان لە کوردی عێراق و ئێران و تورکیا و سووریا پێکهاتبوون و بەهەمان شێوەش ئەو ئامێرانەی کە بەکاریان هێنابوو. [ئەم تیپە] چەند بەرهەمێکی هونەریی کلاسیکی و فۆلکلۆری پێشکەش کرد، کە هەندێکیان پێشکەوتنی بە خۆیەوە بینیوە بە هۆی ڕۆژگار و هاوئاهەنگی لەگەڵ پێشکەوتنی فەرهەنگییەوە، بەڵام ئاهەنگەکە بە هەموو شێوەیەکی کۆن و نوێ، سیحراوی و دڵخۆشکەر بوو، دەنگی مۆسیقاکان وەها کاریگەر بوو نەتەنیا وای لێکردین لە سەر کورسییەکانمان سەما بکەین، بەڵکوو هەندێک لە کیژان خۆیان پێڕانەگیرا و سیحری مۆسیقاکان وای لێکردن کە هەستن و لە سەر کورسییەکانیان و لە بۆشایی هۆڵەکەدا دەست بە هەڵپەڕکێی کوردی بکەن. ئاخ چەند بە ئاواتەوە بووم کە بچوونایەتە سەرشانۆکە و بەردەوام بوونایە لە سەماکردن بەرانبەرمان نەک لە پشتمانەوە.

لە دوای ئاهەنگەکە بەداخێکی زۆرەوە هاتمە دەرەوە چونکە دڵم دەگوشرا لە بەر ئەوەی لە قوتابخانەکانماندا لە عێراق وانەی فێربوونی کوردیمان نەبوو ــ کورد نەتەوەیەکن نزیکەی پێنج یەک، یان چارەکی دانیشتووانی عێراق دەبن. هەستم بە کلۆڵی دەکرد و خۆم بە کەمتەرخەم دەزانی لەوەیکە نەمدەتوانی لە گۆرانییەکانی گۆرانیبێژی لێهاتوو ناسری ڕەزازی بەهرەمەند بم و تێیبگەم، لەحاڵێکدا ئاوازەکانی کاریان لە ویژدان دەکرد و دەگەیشتە سەر ئێسکەوە. سەرکەوتوویی و لێهاتوویی ڕەزازی تەنها لە دەنگیدا نییە و، هەروەها لە ئاوازەکەشیدا نییە، بەڵکوو شێوەی دەربڕینی شارەزایانە و بڕوا بەخۆبوون و بە هونەرەکەیەتی. هیچ نیشانەی بێزاری و دڵەڕاوکێ و ترسی سەر شانۆی نەبوو لە بەردەم ئامادەبووان کە زۆربەیان بیانی بوون لەو هۆڵە شاهانەیەی بریتانی، کە ئەمەش جێی سەرسووڕمان نییە، چونکە دڵی کورد بە درێژایی مێژوو ترس و دڵەڕاوکێی نەزانیوە. سڵاوم هەیە بۆ هەموو ئەو مۆسیقاژەنانە و شاکارەکانیان. وە ناویش ناهێنم دەترسم لە ناوهێنانیاندا هەڵەبکەم و لە بیرم بچن.

ئاهەنگەکە نزیکەی دوو سەعاتی خایاند، دانیشتن بە بێدەنگی بە درێژایی ئەم ماوەیە، گوێگرتن بۆ هەمان گۆرانیبێژ بە زمانێک کە تێی ناگەیت و ئاوازێک بۆ یەکەمجار بەر گوێت کەوتبێت هەروا ئاسان نییە. وە کاتێک دەڵێم ماینەوە هەتا دوا کات، تامەزرۆی دەنگ و قورگی ڕەزازی و ئاوازی مۆسیقاژەنەکانی هاوڕێی بووین، ئەمە سەرکەوتوویی و لێهاتوویی و جوانی هونەرەکە دەسەلمێنێت. بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا هیوادار بووم بتوانرایە چەند زێدەکارییەکی پێویست بکرایە بۆ گۆڕانکاری و جموجۆڵ بۆ ئاهەنگەکە. مۆسیقاژەنەکان بە ڕیز دانیشتبوون هەروەکوو لە پرسەی مردوویەکدا بن و، ناسری ڕەزازیش لە ناوەڕاستیاندا وەک قورئانخوێنێک لە سەر کورسی دانیشتبوو. دیارە ئەگەر مەبەست هەر گوێگرتن بێت ئەوا پێویست بە ئاهەنگ ناکات و دەچین لە بازاڕ نەوار(کاسێت)ێک دەکڕین و لە ماڵەوە گوێی لێدەگرین. ئێمەکاتێک دەچین بۆ شانۆ کە چاویش وەکوو گوێ چێژ وەرگرێ. وە پەندێکی عێراقی هەیە دەڵێت: (چاویش پێویستی بە خۆراکە) ئەم تیپە هونەرییەش پێویستی بە دەرهێنانێک هەیە کە جووڵە و گورجوگۆڵی و گۆڕانکاری و سەرسووڕمان لە ئەهەنگەدا بەدیبێنێ. خۆزگە کۆمەڵێک کیژ و کوڕ بە جلی ڕازاوەی کوردی لە سەر شانۆکە هەڵپەڕکێیان بکردایە لە کاتی پێشکەشکردنی چەند پارچەیەک لە مۆسیقا فۆلکلۆرییەکان.

**سەرچاوە:**

الشرق الاوسط، ژمارە ٨٤٠٥، یەکشەمۆ ٢٠٠١/١٢/٢.

# هەورامان لە بواری مێژوودا

ئەحمەد شەریفی

هەورامان، یان ئەوجورەی دە فەرهەنگە فارسییەکاندا هاتووە: (اورامان) تا ئێستا مانایەکی زانستی و زمانەوانی بۆ لێکنەدراوەتەوە و نازانین بە مانای ڕاستەقینەی چییە؟

دە فەرهەنگە فارسی و کوردییەکاندا، تەنیا ناوە بۆ مەڵبەندێکی کوردنشین لە نێوان ئاستانی کرماشان و کوردستان(سنە) و سولەیمانییەدا و جگە لەوە باسێکی تری لێ نەکراوە.

جەماڵ بابان سەبارەت بەم وشەناوە دەنووسێ: وشەکە، وشەیەکی ئامێتە و تەرکیبی یە کە بریتی یە لە: «هاو» بە مانای شەریکی ڕێگا و بۆتە هەورامان، «هەور» و «ئامان» بە مانای هاتنی هەور، «هاوار» و «ئامان» بە مانای هاوارکردن و دەهاوارهاتن و ناوی گوندێکی کاکەیی یە. وە ڕەنگە لە «هەوار»یشەوە هاتبێ.

محەمەدئەمین زەکی بەگ لە سەر ئەم باوڕەیە کە وشەکە لە پێشدا «هاڵمان»بووە. مامۆستا جەمیل ڕۆژبەیانی دەبێژێ: وشەی هاڵمان، هەمان وشەی «حەلەوان»ی مێژوویی یە.[1]

ژاک دۆمورگان جوغرافیازانی فەرانسەیی وشەکەی بە دوو شێوەی «اورامان» و «اورومان» نووسیوە.[2]

هاوس کنشت Hawis Kinisht کە لە سالی ١٨٦٧ی زایینی لە سولەیمانییەڕا هاتووەتە سنە و ئەوسوود و بە کوێستانەکانی هەوراماندا تێپەڕیوە و شاخی شاهۆی دیوە، وشەکەی بە «اورامان»نووسیوە.[3]

لە کتێب و بەڵگەنامەکانی پێش ئیسلامدا، تووشی وشەیەکی ڕاستەوخۆ وەک هەورامان و «اورامان» نابین، بەلام وشەیەکی زمانە کۆنەکانی ئێرانی هەیە کە وێدەچێ پێوەندی لەگەڵ (هەورامان) و (اورامان)دا هەبێ. ئەم وشەیەش، واژەی (اور) یان (ئور)ە کە هێندێ لە زانایانی زمانەوان پێیان وایە وشەیەکی سوریانی و کەلدانی کۆنە بە مانای «شار»، وەک «ئورمییە»بەمانای شاری ئاو. بەلا ئەمن لەسەر ئەم باوەڕەم کە ڕەنگە ئەم وشەیە لە بنەڕەتدا هەر سەر بە زمانە ئێرانییەکان بووە. چونکە ڕەنگدانەوەیەکی زۆری دە زمانی کوردی و فارسی ئێستاشدا هەر هەیە.

وشەی «ئور» ڕەنگە سەرەتا «هور»بووبێ وپاشان دە زمانی فارسی و زاراوەی سۆرانیی کوردیدا بووەتە «خور» و«خۆر». دە زاراوەی هەورامیدا زۆر وشەی وا هەیە کە بە پیتی(ه)ێ دەستپێدەکەن و لە کوردی و فارسیدا (ه)ییەکە دەبێتە «خ». وەک: «هون» کە دەبێتە «خون»ی فارسی و«خوێن»ی سۆرانی.

کۆنترین شوێنگەی ئەم وشەیەش کە دەدەستدایە وشەی شاری «ئور- اور»ە کە یەکێک لە کۆنە شارەکانی ناوچەمان(بین النهرین»بووە و لە دەوروبەری (٢٥٠٠)ساڵ پێش زایینیدا، پایتەختی سومێرییەکان بووە وگۆیا حەزرەتی ئیبراهیمی خەلیلیش(د) هەر خەڵکی ئەو شارە بووە.[٤]

ئەم وشەیە بە شێوەی«ئورا ــ اورا»ش دە زەمانی یۆنانی کۆندا هەبووە کە ناو بووە بۆ یەکێک لە خواژنەکانی (الهە)یۆنانی کۆن و لەگەڵ ئافریدۆت خواژنی جوانی و قەشەنگی دا، ڕەقابەت و ملەی کردووە و بە دەستووری ئافریدۆت، دیۆنزیویس DÎyonziwîs شێتی دەکا و پاشان زیۆس Zios دەکاتە کانیاوێک.[٥]

«ئورتاکو ـ اورتاکو» کوڕی شای ئیلام بووە لە دەورانی ئاشوربانیپاڵ دا. «اورشی کوروماش ـ ئورشی کۆرۆماش» شای کاسی بووە لە پایانی سەدەی ١٧ی پێش زایین و «اورنامو ـ ئورنامۆ»شای شاری «ئور»بووە[٦] لە سالی (٢٢٩٠) پێش زایین کە لەگەڵ گۆتییەکندا جەنگاوە.[٧]

ئوروازیشتە، یەکێکە لە پێنج ئاوری پیرۆز و سپەندی ئایینی زەردەشتی.[٨]

لە سەردەمی ئاشوناسیرپاڵ دا، ئاشورییەکان کوێستانەکانی هەورامانیان داگیرکردووە و شاری «ئەتلیلا»یان ڕماندووە وشارێکی تریان بە ناوی «دوورئاشوور»لێ ساز کردووە.[٩] ئەم شارەی «ئەتلیلا»یان ئەتیلیل شارێک بووە کە کاسییەکان دە هەوراماندا سازیان کردووە و نیشانەی بوونی کاسییەکان لە هەورامندا ئێستاش دە وشەی «سریاس»دا هەر ماوە. «سریاس»یا «سوریاش» ناوی یەکێک لە خودایانی قەومی کاسی بووە کە گەورەترین خودای کاسیش «شێخو» بووە کە ڕەنگە گوندی «شێخان»هەر یادگاری وان بێ. کاسییەکان لە نیوەی دووهەمی هەزارەی دووی بەر لە زایینیدا پەلاماری «بابیل»یان دا وئەم شارەیان گرت. تاروونی یان تەتەرروونی سەرداری کاسی بە هۆی ئەم سەرکەوتنە نەخشی خۆی لە سەر بەردێک لە نزیک دێی هوورین ومەیدان دا هەڵکەندووە.[١٠]

بەمجۆرە دەردەکەوێ کە وشەی «ئور» بنەمایەکی کۆنی دە زمانە ئێرانییەکانی دێریندا هەیە. بەلام وشەکە دە شێوەی «هەورامان ــ اورامان»دا لە هیچ بەڵگە ودەساوێژێکی پێش ئیسلامدا نەهاتووە. بەبڕوای من هۆیەکەشی ئەوەیە کە هەموو نێوچەی هەورامان دەپێش ئیسلامدا سەر بە شارەزوور بووە. هەروەها یەکێک لە مەکۆ گرینگەکانی کوردان دە دورانی ساسانی دا بووە. ئەردەشیری بابەکان لە کارنامەکەیدا نەتەنیا ڕاستەوخۆ باسی شارەزوور دەکات، بەڵکوو باسی دوو سەرداری کوردی شارەزوور وسپای شارەزووریش دەکات کە دە جەنگدا یارمەتیان داوە. هەورامان ڕەنگە هەتا سالی ٣٠٠ی کۆچیش هەر سەر بە شارەزوور بووبێ. چونکە ئەبودۆلف جیهانگەڕ وگەڕۆکی بەناوبانگ کە لە سالی (٣٤١)ی کۆچیدا هاتۆتە شارەزوور نێوچەی هەورامانیشی هەر بە شارەزوور لە قەڵەم داوە.

ئەبودۆلف دەنووسێ: لە نێوان شاری «نیوەڕێ وپیر»دا (ئەمانە دوو شاری گەورەی شارەزوور بوون لە سەرەتای ئیسلامدا) شارێکی چکۆلە هەیە بە ناوی دزان. شێوەی ساختومان سازی ئەم شارە وەک شیز وایە (شیز ـ وێرانەکانی لە نزیک تیکاپ ماوە) لە ناوەڕاستی ئەم شارەدا کانیاوێکی گەورە و مزگەوتێکی خۆش هەیە. دەڵێن سولەیمان و داود بۆ خەلکی ئەم شارە پاڕانەوە هەتا لە دزی ڕزگاریان بێ... هەروەسا دەبێژن ئەم شارە لەلایەن دارابی کوڕی دارا ساز کراوە.[11]

پرۆفیسۆر مینۆرسکی کە لە ساڵی ١٩٥٩دا سەفەرنامەکەی ئەبودۆلفی لە لەندەن چاپکردووە، لە شەرح وڕاڤەیدا سەبارەت بە شاری (دزان)ی هەورامان دەنووسێ: شاری دزان کە ئەبودۆلف باسی کردووە شارۆچکەی «نەفسوود»ە کە جێوارگەی سەرۆکی هەورامانی ڕۆژئاوایی لەهۆنە. من لە ساڵی ١٩١٤دا میوانی جافرسان سەرۆکی وێ بووم. ئەم هێلانە هەڵۆیە کانیاوێکی گەورەی تێدایە... خەڵکی هەورامان بە نەبەردی و دلێری بەناوبانگن. هەر بەم هۆیەشەوە ناوی ئەم شارەیان ناوە دزان.[12]

ئەبودۆلف هەروا باسی کێوی «شعران» و«زلّم»لە شارەزووری کۆندا دەکات و مینۆرسکی دەڵێ لەسەر ئەم باوەڕەم کە «شعران»یان «شاران» بە مانای «تافگە و ئاوشار»، ئاوهەڵدێرێکە لە هەورامانی تەخت دا[ ڕەنگە مەبەستی مینۆرسکی راڤگەی بڵ بووبێ]، وە قەلای زلّم بە کۆنە قەلایەکی قایم دادەنێ.[13]

ئەبودۆلف لە سەفەرنامەکەیدا، هەروا باسی شارێکی تری هەوارامان بە ناوی «پیر» یان بیر دەکات. مینۆرسکی دەنووسێ ئەم کۆنە شارەی کە ئەبودۆلف باسی کردووە ڕەنگە (کۆسەی هەجیج) بێ کە یەکێکە لە ناوەندە پیرۆزەکانی ئەهلی حەق کە لە نزیک چۆمی سیروان هەڵکەوتووە.

مینۆرسکی هەروا لە کتێبی «گۆران» (ل ٨٣-٨٢)دا سەبارەت بە کۆسەی هەجیج دەنووسێ: کۆسەج وێدەچێ کاتی خۆی سەنگەر و مەتەرێزێکی قایم بووبێ کە لە ساڵی (٤٠٥)ی کۆچی و (١٠١٤)ی زایینی، حوسێنی کوڕی مەسعوود یان «ماسوود»ی تێدا بە دەستی حەسەنی کوڕی وەحیدی بەدرکوژرا.

پرۆفیسۆرکاتمر Katmeir لە کتێبی «العمری» (ل٣٠٨)دا بەرپێچی قسە و بۆچوونەکانی مینۆرسکی دەداتەوە دەڵێ: ئەمن لەگەڵ بۆچوونی مینۆرسکی سەبارەت بە کۆسەی هەجیج و شاری «پیر» یا سبیر»دا نیم. چونکە خەلکی وێندەرێ لە سەر ئەم باوەڕەن کە کۆسەی هەجیج ناوی عەبدوڵلا و برای« ئیمام ڕەزا»یە. ڕەنگ بێ کۆسەج یادبوودی خێڵی گەورەی «کۆسە»بێ کە پاش هێرش و پەلاماری مەغول چوونە میسر و سوریە. پێمواية قەوم و خێڵی گەورەی کۆسە کە کاتمر باسی کردوون، پاشماوەی قەومی کاسیی کۆن بوون کە هەتا دەورانی پەلاماری مەغول هەر لە هەوراماندا ماون.

بەناوبانگترین شوێن ومەکۆی هەورامان کە لە زۆربەی سەفەرنامە و کتێبە مێژوویی و جوغرافیاییەکاندا باسی کراوە، چۆمی سیروانە کە لانیکەم لە ٦٠ سەرچاوەی عەرەبی و فارسی و کوردیدا هاتووە و زۆر کارەساتی سەیر وسەمەرەی مێژوویی، لە سەر ئەم چەمە ڕوویداوە.[14]

لە ئاخرو ئوخری دەورانی ساسانیدا «باو»سپاسالاری لەشکری «یەزدیجورد/ یەزدیگورد»لە کاتی پەلاماری عەرەبدا، بە سپایەکی ٥هەزار کەسی و خەلات و دیارییەکی زۆر بۆ سەرۆک خێلاتی کورد هاتووەتە سەر ڕووباری سیروان. عەولای کوڕی عومەر و ئەبوعوبەیدەی ئەنساریش بە لەشکرێکی ٥ هەزار کەسیەوە هاتووەتە ئەم هەرێمە و عەولای کوڕی عومەر تەواوی بوتکەدە و ئاتەشگاکانی ڕامندووە و لە جێگەی وان مزگەوتی گەورەی سازکردووە و دوو مانگ پاشان چوون بۆ گرتنی پاوە.[15]

لێرەدا ئەوەمان بۆ دەردەکەوێ کە شاری «پاوە»پێش هاتنی «باو»ی سەردارسپای یەزدوگوریش هەر ناوی پاوە بووە.

بەڵام هەورامان یا«اورامان»بەم شێوەیە، کاتێ فرەتر کەوتە سەر زاران و مێژوونووسان و زمانەوانان بە گشتی باسیان کرد، ئەوکاتە بوو کە سێ کۆنە قەبالەی دەورەی ئەشکانییەکانیان لە چیاکانیدا دۆزرانەوە. هەر بەم هۆیەشەوە ئەم هەرێمە بە کۆنە نێوچەیەکی دێرژیی ئینسانی ئێرانی [16]لە قەڵەم دراوە و زۆر باس وخواسی تایبەت لە سەر ئەم کۆنە قەواڵانەکراون.

بەهەرحاڵ، وشەی هەورامان ئەگەرچی ڕاستەوخۆ بەم شێوەیە تۆمار نەکراوە، بەڵام لە دێرینەیی وکۆنیدا گومانێک نییە و ڕەنگە پێوەندی لەگەڵ دەورانی ڕۆژپەرستی و میترائیەتی گەلانی ئێرانی دا هەبێ!

دەکرێ ئەم وشەیە دە شێوەی: خورامان ـ خەورامان دا واژۆگ بکەین بە مانای سەرزەوی خۆر یان خۆر هاتن[17]، وەیا دە بیچمی «اورامان ـ ئورمان دا بە مانای «شاری مان» (شاری ئێمە) و زۆر شتی تر بێ.

لە کۆتاییدا سلاو لە ڕەوانی پاکی میرزا عەولقادری پاوەیی بێ، کە بوو بە هۆی نووسینی ئەم کورتە وتارە.


**دەساوێژ و سەرچاوەکان**

١) *اسما المدن و المواقع العراقيه*، **جمال بابان**، ص ٣٤١، ج١، بەغدا ١٩٧٦.

٢) *هيئت علمى فرانسه در ايران*، مطالعات جغرافيايى ـ **ژاک دو مرگان**، ترجمه دكتر كاظم وديعى، ص ٢٧٦، تبريز ١٣٣٨.

٣) *تحقيقات جغرافيايى راجع به ايران*، **آلفونس گابريل**، ترجمه فتحعلى خواجەنورى، ص ٢٧١، تهران ١٣٤٨.

٤) *فرهنگ فارسى*، **دكتر محمد معين**، ج٥ اعلام، ص١٩٤، تهران ١٣٦٠.

٥) *فرهنگ اساطير يونان و رم*، **پير گريمال**، رجمه دكتر احمد بهمنش، ج١، ص١٣٢، تهران ١٣٦٧.

٦) *ايلام و تمدن ديرينه آن*، **ايرج افشار سيستانى**، ص١١٦ و ٢٩٤، تهران ١٣٧٢.

٧) *ايران در سپيده دم تاريخ*، **جورج كامرون**، ترجمه حسن انوشه، ص٤٠، تهران١٣٦٥.

٨) *ايران باستان*، **م. موله**، ترجمه دكتر ژاله آموزگار، ص٧٦، تهران ١٣٧٢.

٩) *مادها بنيانگزاران نخستين شاهنشاهى در غرب فلات ايران*، **جليل ضياپور**، ص٢٢٥ـ٢٢٤، تهران، سال...؟

١٠) *سيروان در گذرگاه تاريخ*، **احمد شريفى**، واحد تحقيقات و مطالعات صدا وسيما، ص٣، تابستان ١٣٧٣.

١١) *سفرنامه ابودلف در ايران*، ترجمه سيد ابوالفضل طباطبايى با مقدمه مينورسكى، ص٥٦، تهران ١٣٥٤.

١٢) و ١٣) ________ ص١١٧.

١٤) *سيروان در گذرگاه تاريخ*...

١٥) *تحفه ناصرى در تاريخ و جوغرافياى كردستان*، تاليف **ميرزا شكراله سنندجى**(فخرالكتاب)، مقابله و تصحيح و حواشى و تعليقات دكتر حشمت اله طبيبى، ص٨٧، تهران ١٣٦٦.

١٦) *تاريخ زندگى اقتصادى روستائيان و طبقات اجتماعى ايران در دوران ماقبل تاريخ تا پايان ساسانيان*، **غلامرضا انصافپور**، ص٣١٦، تهران ٢٥٣٥.

١٧) *كردها، تركها، عرب ها*، **ج. ادموندز**، ترجمه ابراهيم يونسى، ص٣١٤، تهران ١٣٦٧.

## نامەیەک بۆ «کۆنگرەی نەتەوەیی کوردستان»

**ئەو نووسراوەیەی خوارەوە دەقی نامەیەکە کە بەڕێز «د. نووری تاڵەبانی» بۆ کۆبونەوەی جفاتی گشتی «کۆنگرەی نەتەوەیی کوردستان»ی ناردبوو کە لە ڕۆژی ١٥و ١٦/١٢/٢٠٠١ لە بێلژیک (بەلجیکا) بخوێندرێتەوە، بەڵام بەڕێوەبەرانی کۆبوونەوەکە نامەکەی دەخەنە پشت گوێ و نایخوێننەوە، هەربۆیە لێرەدا لە سەر داوای خۆی بڵاودەکرێتەوە. گزینگ**

لەندەن، ٢٠٠١/١٢/١٣

بۆ بەڕێزان بەشدارانی کۆبونەوەی جفاتی گشتی کۆنگرەی نەتەوەیی کوردستان / بەلجیکا

سلاو و ڕێزمان، ئۆمێدی سەرکەوتن بۆ کۆبونەوەکەتان دەخوازم.

بۆ یەکەم جارە لە کۆبونەوەیەکی جفاتی گشتی کۆنگرەدا لە گەڵتان نەبم. هەروەها پێشتریش پێش دامەزراندنی کۆنگرە، لە بەشی زۆری کۆبونەوەکانی کۆمیتەی ئامادەکار و کۆمیتەی ئامادەکردنی پەیمانی کۆنگرەدا بەشداریم کردووە. بە شانازییەوە دەتوانم بڵێم کە لەگەڵ هەڤالانی ئەندامی ئەم دواکۆمیتەدا، پەیمانی کۆنگرەمان ئامادەکرد و، جفاتی گشتی لە یەکەم کۆبونەوەیدا پەسندی کرد. وابزانم ئەم (پەیمانە) باشترین پلاتفۆرمە کە بەشی زۆری هێزە سیاسییەکان و ڕێکخراوە جیاجیاکان وکەسایەتییە ناودارەکانی هەموو بەشەکانی کوردستان کۆبکاتەوە.

لە سەرەتای هەوڵدانمان بۆ دامەزراندنی کۆنگرە وەکوو دەزگایەکی نەتەوەیی و بێلایەن، ئەم پرنسیپانەمان لە پەیمانی کۆنگرەدا چەسپاندووە و بە ئۆمێدی ئەوە بووین کە سەرانی کۆنگرە پەیڕەوی پێ بکەن. لەو باوەڕەشدام ئەگەر کۆنگرە بە پێی پرنسیپەکانی (پەیمان)ەکە کاری بکردایە، گەلێک دەسکەوتی بۆ گەلەکەمان بەدی دەهێنا. دوورکەوتنەوەی سەرانی کۆنگرە لە پەیمانەکە بوە هۆی ئەوە کە کۆمەڵێک لە ئەندامانی جفاتی گشتی لە پسپۆڕ و شارەزایان، خۆیان دوورەپەرێز بگرن، چونکە قایل نەبوون بەوەی کۆنگرە ببێتە واجیهەیەک بۆ هێزێکی سیاسی تایبەتی.

لە دوا کۆبونەوەی جفاتی گشتی کۆنگرە کە لە مانگی ئابی سالی ٢٠٠٠ هەر لە بەلجیکا بەسترا، ئەم بۆچوونانەی خۆم بە ڕوونی خستە بەرچاو، بە ئۆمێدی ئەوەی کە سەرانی کۆنگرە هەوڵی چارەسەرکردنیان بدەن، بەڵام هیچ جۆرە گۆڕانکارییەک نەهاتەدی و نەکرا.

ئەمڕۆکە ئەرکی سەر شانی ئێوەیە کە هەوڵی چارەسەرکردنی ئەم کەموکورتییانە بدەن، تاکوو کۆنگرە ببێتەوە بە دەزگایەکی نەتەوەیی و بە پێی پرنسیپەکانی پەیمانەکەی، ئەرکی سەرشانی خۆی جێبەجێ بکا. بەم شێوەیە دەتوانن خزمەتێکی چاک بە نەتەوە و کۆنگرە و کێشەی ڕەوای گەلی کوردستان بکەن.

جارێکی تریش ئۆمێدی سەرکەوتنتان بۆ دەخوازم

براتان: نووری تاڵەبانی ٢٠٠١/١٢/١٣




«گوڵبژێرێک لە شێعرەکانی سۆهراب سپێهری» (١٠٨ لاپەڕە)، کە لە لایەن نووسەری دەستڕەنگین کاک «عەلی نانەوازادە»وە وەرگێڕدراوەتە سەر کوردی، کەوتە بازارەوە و چاوی شێعردۆستانی پێ ڕوون بووەوە.

وەرگێڕ لە کورتە پێشەکییەکی کتێبەدا دەڵێ: «... هانەی سەرەکی وەرگێڕانی ئەم شێعرانەش هەوڵی سەرنەکەوتوانە و پڕ لە هەڵەی برایانی باشوور بۆ وەرگێڕانی شێعرەکانی سۆهراب بوو».

لێرەدا، وێڕای دەستخۆشانە لە کاک عەلی و هیوای سەرکەوتوویی، شێعرێکی کورت پێشکێشی خوێنەرەوان دەکرێ:

### لە سەوزەوە بۆ سەوز

من لەم تاریکییەدا
لە بیری بەرخێکی ڕوون دام
کە بن و گیای ماندوویەتیم بخوا.

من لەم تاریکییەدا
درێژەی تەڕی باسکەکانم
لە ژێر بارانێک دا دەبینم.

من لەم تاریکییەدا
دەرگام بەرەو مێرگە کۆنەکان کردەوە
بەرەو ئەو ڕێزنانەی، کە لە سەر دیواری ئەساتیر تەماشامان دەکرد.

من لەم تاریکییەدا
ڕیشەکانم دیت
بۆ پنچکی تازە پێگەیشتووی مەرگیش
ناوم مانا کردەوە.

# GZING

Cultural- Literary Kurdish Magazine

**Adminstrator& Editor**

Solaiman Chireh (Herish)

**Address**

**GZING / S. Chireh**
**Valstavägen 62 2tr**
**195 50 Märsta- Sweden**

**Tel/Fax** +46 - 08 59 11 36 50
**Mobile**: 070-2359687

**Postgironr**: 443 5022-1

No. 33 Winter 2002 Published in Sweden ISSN 1104-3473

# GZING

Cultural- Literary Kurdish Magazine

**NO 33 Winter 2002**



**Adminstrator& Editor**

Solaiman Chireh (Herish)

**Address**

GZING / S. Chireh

Valstavägen 62 2tr

195 50 Märsta- Sweden

**Tel/Fax** +46 - 08 59 11 36 50

**Mobile**: 070-2359687